# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٣٠) تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ زایینی - سەرماوەزی ٢٧٢٣ کوردی


## قەدەغەکردنی کتێب

ئازادیی یەکێکە لە پێوەرەکانی دیموکراتییەت، وەک چۆن بنەمایەکیشە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەوە ئازادییە وا دەکات مرۆڤ دەستی بە هەموو کتێبێک بگات و بیخوێنێتەوە و پرسیاری هەموو شتێکیش بکات، دواجاریش ئەوە تێگەیشتنی باڵایە دەتوانێ لە بەهای ئازادییەکان تێ بگات و بەرجەستەیان بکات، کە ئەمەش لە یەک کاتدا، هەم خۆی لە تێگەیشتنی تاکدا دەبینێتەوە، هەم لە تێگەیشتنی دەسەڵاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی.

فەراهەمکردنی ئازادییەکان بۆ هەمووان دەبێت بە یەک پێوەر بن، ئەگەرنا قورسە بتوانین داکۆکیکارێکی سەرسەخت بین.

دوای نزیکەی سی ساڵ، ئێستەش ئەو ڕستەیەی عەلی باپیر، کە ئەوکات یەکێک بوو سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی، لە بیرم نەچۆتەوە، کە لە دیدارێکیدا گوتی: تا ئەو شوێنە باوەڕمان بە دیموکراتییەت هەیە، تا دەسەڵات دەگرینە دەست.

ئەوە ئەگەر بۆ کەسانێکی ڕۆشەن فیکری ئەودەم جێگەی هەڵوەستە و ڕەخنە لێگرتن بووبێت، ئەوە بۆ ئێستە زۆر زیاتر، بەومانایەی ئازادییەکان بۆ هەمووان دەبێت ئەو چەترە بێ، کە لە ژێریدا بتوانین هەر کتێبێک بمانەوێت دەستمان بکەوێت.

لەوەتەی پێشەنگەی نێودەوڵەتی لە هەولێر و سلێمانی دەکرێنەوە، هەموو جارێک دەنگی نارەزایەتی لە کەسانێکی ئازادیخواز بەرز دەبێتەوە، کە گلەیی لە زۆروزەوەندی ئەو دەزگا چاپەمەنییانە دەکەن، کە بایەخ بە بەرهەم و بڵاوکراوە ئیسلامییەکان دەدەن، لەوەش زیاتر جەخت لە قەدەغەکردنی هەندێک کتێب دەکەنەوە.

ئەمسالیش بە هەمان شێوە، لە پێنجەمین پێشەنگەی نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی، کە لە ١١/١٣ کرایەوە، جارێکی دی گوێبیستی ئەو گلەییانە بووینەوە.

لە کاتێکدا باشتر وایە، جیاواز لەو بیرکردنەوەیە، تێگەیشتنەکان بە ئاراستەی فراوانکردنی ئازادییەکان و قسەکردن بێت لەسەر ئەو کەمووکورتییانەی هەن، لەوەی بۆچی هەوڵنەدراوە پێشەنگەکە لە ئاستێکی باڵاتر بێت و دەزگا چاپەمەنییە جۆراوجۆرەکان، لە ڕووی فیکریی و ئایدۆلۆژییەوە، بە شێوەیەکی هاوسەنگ بانگهێشت بکرێن، بۆ ئەوەی تەنیا بواری ئایینیی و لایەنی ئیسلامیی ڕووی زەقی پێشەنگەکە نەبن.

بانگهێشت و بەشداری پێکردنی دەزگا و چاپەمەنییە هەمەجۆرەکان، لە ڕووی فیکریی، ئەدەبیی، کۆمەڵایەتیی، پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی گشتیی، چەقی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی هەمووان بێ، چونکە دواجار ئەوە مۆزایک و مەعریفەی فرییەیە، سیمای هەموو شتێک جوان دەکات، نەک بیرتەسکیی و بینینی هەموو شتێک بە یەک ڕەنگ.

ئەوش ئەرکی ئەو کۆمپانیایە و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، کە پەیوەندداری سەرەکی کردنەوەی پێشەنگەی کتێبن.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە: (ئیسماعیل سەرهەنگ)**


١. ئیسماعیل سەرهەنگ (١٩٢٠ – ٢٠٠٠) ..... ٤
٢. سەرهەنگ، خەباتگێڕێکی شۆڕشگێڕ و گوڵناس / مام جەلال ..... ٥
٣. ئیسماعیل سەرهەنگ .. بلیمەت لە ناسینەوەی گژوگیا و جفرە / هیوا سەرهەنگ ..... ٦
٤. (ئیسماعیل سەرهەنگ) ئەو پیاوەی ماڵەکەی خۆی کردبووە گوڵدان / مستەفا ڕابەر ..... ١٠
٥. سەرهەنگی بلیمەت / کاکەمەم بۆتانی ..... ١٣
٦. مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ-م واناسی / جەوهەر کرمانج ..... ١٤
٧. ئیسماعیل سەرهەنگ: ٢٦ جۆر گوڵ و ڕووەک لەدونیادا، من دۆزیومەتەوە / عەبدولڕەقیب یوسف ..... ١٦
٨. مامۆستا سەرهەنگ، ئەو مرۆڤەی بۆ نیشتمانەکەی ژیا / فەرید زامدار ..... ١٩
٩. مامۆستا سەرهەنگ، هەر مامۆستای قوتابخانە بوو؟ یان! / ئیبراهیم جەلال ..... ٢١
١٠. چەند یادگارییەک / ئەمین فەقێ ئیسماعیل ..... ٢٣
١١. ئیسماعیل سەرهەنگ-ی پەروەردەکار و تێکۆشەر و ڕووەکناس / کەریم شارەزا ..... ٢٥
١٢. زۆر شت ... لە مامۆستا سەرهەنگ فێربووین / سەعدوڵلا پەرۆش ..... ٢٦
١٣. ئیسماعیل سەرهەنگ لە ڕۆمانی هەولێر چۆمان / شێرزاد هەینی ..... ٢٨
١٤. ئیسماعیل سەرهەنگ .. باخی گشتی ڕانیەی دروستکردووە / ئامادەکردن: محەمەد گۆران ..... ٣٢
١٥. ئیسماعیل سەرهەنگ .. خەباتگێڕو گوڵپەروەر! / خەلیل عەبدوڵلا ..... ٣٣
١٦. بڵێسە .. یەکەمین هەوڵی ڕۆژنامەوانیی لە ڕانیە / بەدواداچوونی: جێگر خدر ..... ٣٥
١٧. ئیسماعیل سەرهەنگ .. لە دەفتەری بیرەوەریی ..... ٣٧
١٨. بیرەوەرییەکی کورتی خۆش ..... ٣٩


*** مێژوو:**


١. لەڕووی ئابوورییەوە .. میجەرسۆن لە کتێبی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و ...) ژیلوان عەبدوڵلا هەڵەدنی ..... ٤٢


*** ئەدەب:**


١. سێ دیداری ئەدەبیی ..... ٥٢
٢. ژن وەک ڕەهەندێکی ژینگەیی لە شیعری کوردیی-دا / ئاشنا فەرزندە ..... ٦٨
٣. ئاماژە و چەمکی کرانەوە «مـانـا» عەلی شێخ عومەر ..... ٧١
٤. کتێبی فێستیڤاڵی گەلاوێژ و شیعری دوای ڕاپەڕین سەدیق سەعید ڕواندزی ..... ٧٨
٥. مردنی خوێنەری میللی / حەمە مەنتک ..... ٨٢
٦. تاسەت دەکەم شەهید / هەناسە مرگابادی ..... ٨٤
٧. بۆنی غوربەت .. لە نیشتمانی ئاودا / حەمە ئەحمەد جاف ..... ٨٥
٨. هایکۆی نوێ / موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی ..... ٨٨


*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**


١. زمانی کوردیمان لووتکەی شانازییەکانمانە / فوئادی تایـەر سادق ..... ٩٢
٢. تیۆری ئەدەبی مارکسیستی / ک ئەحمەد عەلەم – و: عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) ..... ٩٨


*** دیدار:**


١. عەباس عەبدوڵلا یوسف/ گفتوگۆی: سمکۆ محەمەد ..... ١٠


*** هونەر:**


١.ڕۆڵی سیناریۆی فیلمی قەرەج لە بونیادنانی فیلمی کوردیی دا / داستان بەرزان ..... ١١٨


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١. کتێبی .. ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا / ڕۆستەم خامۆش ..... ١٢٢
٢. هەوڵە هونەرییەکەی خدر عومەر کۆیی لە کتێبی حاجی قادری کویی / د. ئەحمەد حەمەدئەمین ..... ١٢٥


*** لەبری بیرەوەری:**


١. لەگەڵ ڕووداوەکان (بەشی سێیەم) دکتور جەمیل عیسا ..... ١٢٨


*** وێستگەی دیوان:**


١. (١) پرسیار (گۆران سەباح) ..... ١٣٦
٢. دیوانی هەولێر (شێمە قەساب-ی شیوعی) نازم دڵبەند ..... ١٣٩
٣. لە زمانی خۆیانەوە (سەهەند موحەممەد ئەحمەد) ئا: یووسف ئیسماعیل ..... ١٤٠
٤. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ئا: ڕەوەست نەوزاد ..... ١٤٢


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١. گۆڤاری دیوان چۆن دەبینم؟ / فەرەیدوون سامان ..... ١٤٤


# دۆسیە

# ئیسماعیل سەرهەنگ

## ١٩٢٠ - ٢٠٠٠/٣/١٩

ناوم بە ئەسڵ سمکۆ بووە، باوکم سەرهەنگ بووە، باپیرم ناوی حاجی بووە، چوار کوڕی هەبوو، بەناوەکانی (سەرهەنگ، سەرتیپ، یاوەر، تەیموورخان) خوشکێکیشی هەبووە بەناوی (مەحبووبە).

**ئیسماعیل سەرهەنگ**



# ئیسماعیل سەرهەنگ


# (١٩٢٠ — ٢٠٠٠)

سالّی ١٩٢٠ لە (شەمزینان) لە بنەمالّەیەکی تێکۆشـەری کورد پەروەر لەدایکبووە (سەرهەنگ)ی باوکی یەکێک بوو لە هاوکارەکانی (سمایل خانی شکاک) و پاش تێکشکانی بزووتنەوەکە (سەرهەنگ) دەچێتە ئیستامبۆڵ و پاشان خۆی دەگەیەنێتە لوبنان و دواتر بە خێزانەوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق.
(ئیسماعیل)ی کوڕی ئەم زاتە، سالّی ١٩٤١ لە بەغدا خانەی مامۆستایانی تـەواو کـردووە، سالّی دواتر بە



مامۆستایی لە (ڕانیە) دامـەزراوە. هەر لەوێش ژیانی خێزانی پێکەوەناوە، بە مامۆستایی لە ڕانیە و هەریر و هەولێر خزمەتی کردووە.

لەسەردەمی لاوێتیدا پەیوەندی بە حزبی (هیوا)وە، کـردووە، لە سالّی ١٩٦١ یەکەم فەرمانبەر بووە، کە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە. مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لە ڕووەک ناسیشدا زانایەکی کەم وێنە بووە. لە چیاکانی کوردستاندا زیاتر لە بیست جۆر ڕووەکی دۆزیوەتەوە و لە مۆزەخانەکانی (بریتانیا و نەمسا) بە ناوی ئەمەوە تۆمار کراون.
لێکۆڵینەوەکانی لە بـواری (ڕووەکنـاسی)دا لەسەر ئاستی عێراق و جیهان ناسراوە و بایەخیان پێ دراوە. داهێنانێکی دیکەیی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ، کە خزمەتێکی زۆری شۆڕشی کرد، دانانی جفرەی نهێنی و حـەلکردنی جفرە و مۆرسـەکان دوژمـن بوو. سەرکردایەتی شـۆڕش سوودێکی زۆریـان لەم شارەزاییەی مامۆستا سەرهەنگ وەرگرت. سەرەرای ئەمـانەش مامۆستا ئیسماعیل سـەرهـەنگ پیاوێکی ماندوونەناس و تێکۆشەرو هەڵکەوتوو بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و جێی متمانەی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان بـوو. مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ یەکێک بووە لە هاوڕێ نزیک و دێرینەکانی (مام جەلال) ئەم زانا بە توانا و لێهاتووە لە ڕۆژی ١٩/ ٣ / ٢٠٠٠ لە شـاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. بەڵام تا ئێستەش باخچەی ماڵەکەی وەک تاقیگەیەکی زانستیی وایە و مامۆستایان و خوێندکارانی کشتوکاڵ و ڕووەکناسی سوودی لێ وەردەگرن.



# سەرهەنگ، خەباتگێڕێکی شۆڕشگێڕ و گوڵناس

**مام جەلال**

خەباتگێڕی دلێر (ئیسماعیل سەرهەنگ) لە چلەکەیدا چەندین بیرەوەریمان دێنێتەوە یاد، ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرە لە کوردستانی تورکیا هاتووە بۆ کوردستانی عێراق. هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە بە بیرو باوەڕی کوردایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕانە فرچکی دراوە و مێشکی زاخاو دراوە، هەر بۆیەش هەر لە مەکتەبی (دار المعلمین)ەوە چۆتە کۆڕی تێکۆشەران و لە حزبی ڕزگاری کورددا و پاشان لە پارتیدا وەک ئەندامێکی چالاک و بە جەرگ خەباتی کردووە، واتە ئەو جوامێرە هەر لە سەرەتاوە بە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی حزبایەتیدا شانی داوەتە بەر ئەرکەکانی خەبات.

لەناو مامۆستایان و لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بێ وچان و بێ سڵەمینەوە لە دژی دۆژمنان و ناحەزان خەباتی کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران و خەڵکەکە و ڕاهێنانیان بە خەباتی حزبایەتی، واتە ئەو خەباتگێڕە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە خەباتی ڕێکوپێکی حزبایەتی هەبووە، نەک بە شێوە کۆنە خێڵەکییەکەی کوردەواری. هەربۆیەش هەر لە سەرهەڵدانی چالاکییە شۆڕشگێڕانەکانەوە خۆی گەیاندە شاخ و بووە کادرێکی سیاسی ژیر و هۆشیاری ناو (هـپ.ک) جگە لە کاروباری سیاسی و ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەش لەناو (هـپ.ک)دا ئەرکێکی زۆر بایەخدار و گرنگی گرتە ئەستۆ، ئەویش ئەرکی حەلکردنی شیفرەکانی میریی عێراق بوو، هی عەسکەری و ئیداری و .. هتد، لەو کۆڕەشدا بووە بە شۆڕەسواری شۆڕش، بەوەش کەڵکێکی زۆر زۆری بە شۆڕش گەیاند و دەورێکی دیارتریشی هەبوو لە ئاشکراکردنی پلانە عەسکەرییەکانی دوژمن و ئاگادارکردنەوەی (هـپ.ک) لێیان بۆ خۆسازدان و بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

(سەرهەنگ) پێشتریش گیاناس و گوڵناسێکی شارەزا بوو. چەندین گوڵ و گیای بۆ یەکەم جار لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستاندا دۆزیوەتەوە و بە ناوی خۆیەوە لە فەرهەنگی گوڵ و گیاناسیدا تۆمارکراون، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی بێ وێنەیە لەو بوارەدا و تا ئەمڕۆش لە کوردستاندا هەر خۆی تاکە شۆڕەسواری ئەو کۆڕەیە.

وەک ئینسان (سەرهەنگ) خەباتگێڕێکی مەبدەئی بوو، پێشکەوتنخواز، باوەڕی بە خەباتی هاوچەرخی شێوە نوێ بوو، باوەڕی بە حزبایەتی و سەرەتاکانی حزبایەتی هەبوو، جگە لەوە پیاوێکی سادەی، خاکی، جەماهیری و خۆشەویست بوو. زوو دەچووە ناو دڵی ناسیاوەکانییەوە. پیاوێکی بێ تەماح و خۆنەویست بوو، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین یەکێک بوو لە خەباتگێڕە گومناوەکانی کوردایەتی و شۆڕش، بەڵام لە دڵ و دەروونی ناسیاوەکانیدا، لە دڵ و دەروونی هەڤاڵەکانیدا، لە مێژووی ڕاستەقینەی خەباتی گەلەکەماندا جێگایەکی دیاری هەبوو.

ئەو جوامێرەش بۆ کوردایەتی ژیا و لە خەباتەکەیدا توایەوە و هەر بەو سەربەرزییەش ماڵئاوایی لێکردین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی.


*** لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە ٢١٣٢ ، ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٢٩ بڵاوکراوەتەوە بەبۆنەی ماڵاوایی**



مام جەلال و ئیسماعیل سەرهەنگ

## ئیسماعیل سەرهەنگ

# بلیمەت لە ناسینەوەی گژوگیا و جفرە



هیوا سەرهەنگ

مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) لەساڵی ١٩٢٠ لەشاری (شەمزینان) لەباکووری کوردستان لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەر و کوردپەروەر لەدایکبووە (سەرهەنگ)ی باوکی یەکێک بووە لەهاوکارەکانی (سمکۆی شکاک) پاش تێکشکانی بزووتنەوەکە (سەرهەنگ) چووەتە ئیستامبۆڵ، پاشان خۆی گەیاندۆتە لوبنان و دواتر بەخێزانەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان، خانەی مامۆستایانی لەشاری بەغدا تەواو کردووە.

لەساڵی ١٩٤٢ بەمامۆستا لە شارۆچکەی (ڕانیە) دامەزراوە و هەر لەوێ ژیانی خێزانی پێکهێناوە. لەسەردەمی لاویەتیدا پەیوەندی کردووە بەحزبی (هیوا) دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەتە ئەندامێکی چالاکی ئەو پارتە، چەندین پلەی لێپرسراویەتی وەرگرتووە.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦١ کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەریر و بەرپرسی ناوچەی پارتیش بووە، یەکەم فەرمانبەر بووە بۆتە پێشمەرگە، کە بۆ ماوەی حەوت ساڵ پێشمەرگە بووە.

داهێنانێکی دیکەی مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) کە خزمەتێکی زۆری شۆڕشی پێکرد، دانانی جفرەی نهێنی و کردنەوە و حەلکردنی جفرە و مۆرسەکانی دوژمن بوو، کە ئەمەش ڕۆڵی کاریگەر و ڕاستەوخۆی هەبووە لەئاشکراکردنی پلان و هێرشەکانی حکوومەت بۆ سەر بارەگە و هێزی پێشمەرگە لەهەموو بەرەکانی شەڕدا، سەرکردایەتی شۆڕش سوودێکی زۆری لەم شارەزاییەی مامۆستا (سەرهەنگ) وەرگرت، ئەمەش وایکرد ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان، کە دەهاتنە کوردستان چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەن.

دوای جیابوونەوەی لەنێو پارتی، مامۆستا سەرهەنگ لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی درێژەی بەخەباتی سیاسیی دا.

مامۆستا (سەرهەنگ) لەبواری گژوگیادا زۆر پسپۆڕ و شارەزا بووە، ساڵانە لەگەڵ پسپۆرە



ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: ئیسماعیل سەرهەنگ، بایزید سادق شەمزینی
دانیشتووان لە ڕاستەوە: جەیتۆ، هەگۆ؟ (بەجلی دیدەوانی لەخوێندنگە)

عیراقی و بێگانەکان دەچوونە چیاکانی قەندیل و هەڵگورد و ناوچە شاخاوییەکان بۆ دۆزینەوەی گوڵ و ڕووەک، کە پێشتر لەسەر ئاستی جیهان نەدۆزرابوونەوە.

زیاتر لە سێ سەد گوڵ و ڕووەکی دۆزیوەتەوە بەڵام تەنیا سی جۆری لەسەر ئاستی جیهان بەناوی (سەرهەنگ) تۆمار کراون و لەگۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.


ئێستەش ئەم سی ڕووەکە بەناوی (سەرهەنگ) لەمۆزەخانەکانی ڕووەکی لەندەن و ڤیێنا پارێزراون.

هەتا لەژیان مابوو باخچەی ماڵەکەیان وەک تاقیگەیەکی زانستیی وابوو، مامۆستایانی کۆلیژی کشتوکاڵ و خوێندکارانی ڕووەکناسیی سوودیان لێ وەردەگرت.

سەرەڕای ئەمانەش مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) خاوەن کەسایەتییەکی کاریگەر و بەهێز و جێی متمانەی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان بوو.

بەداخەوە لە ١٩-٣-٢٠٠٠ لەشاری هەولێر ماڵاوایی لەژیان کرد.

هەر سیستەمێکی حوکم لەعێراقدا حوکمی بکردایە، لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست، کورد لەڕووی دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانیەوە دەیڕوانیە ئەو ڕژێمانە و لەسەر بنچینەی ئەو دەستکەوتانە شێوازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا ڕێک دەخست، هەر بۆیە لەمەیدانی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر عیراقدا هاتن و ڕژێمی پاشایەتی نەما و کۆماریی جێی گرتەوە، خەونەکانی کورد نەهاتنە دی و گیانی نەتەوایەتیش کە لەکوردایەتیدا خۆی دەبینیەوە، بووە ڕێبازی شۆڕشی ئەیلول و هەزاران خەڵکی کوردپەروەر لە پاڵە و جووتیار و کرێکار و مامۆستا و خوێندەوار بوونە دینەمۆی هەڵگیرسان و چالاکییەکانی شۆڕش، مێژووی تەمەنی ئەم شۆڕشەش پڕ بوو لەخەڵکانی نموونەیی قارەمان و گیانفیدا. خەڵکانی کارامەی بێ وێنە و دەگمەن و داهێنەر، عەقڵی کوردیش بەتەنیا




هێزی ئەو داهێنان و بەرەنگار بوونەوانە بووە، لەبەرانبەر ئامێر و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی هێزەکانی ڕژێمی داگیرکەر، جا ئیدی هەر لە چەخماخسازییەکەوە بیگرە تا بە داهێنانێکی سەرەتایی بەرەنگاربوونەوە دەگات.

لەو نێوەندەدا کە پێداویستییە بابەتی و خۆییەکانی شۆڕش دەیویست دزە بکاتە نێو بڕیار و پلانەکانی دوژمنە، باشترین و گەورەترین سوود لەو داهێنانە وەرگیرا کە (جفرەکانی) سوپای دوژمن بەهۆیەوە دەکرانەوە و دەخوێندرانەوە، بەتایبەت ئەو کاتانەی پلانە ڤێزەونەکان بۆ سەر دێهات و دژ بەخەڵکی بێ چەکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە، هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە هێدی هێدی دەنگۆی بوونی پێشمەرگەیەک دەرکەوت، کە توانای خوێندنەوە و لێکدانەوەی جفرەکانی دوژمنی هەیە، کە لەڕێی بێسیمەوە وەردەگیرا، لەسەرەتادا بڕواکان لەدوورەوە لاواز بوون، بەڵام دواجار دەرکەوت مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) ئەو پێشمەرگە بلیمەت و شارەزایەیە، کە نەک تەنیا یەک شێوازی جفرە دەخوێنێتەوە، بەڵکو بەهەر شێواز و جۆرێک بیان گۆڕیبایە، هێندەی نەدەبرد شارەزایی تەواوی تیدا پەیدا دەکرد و شیتەڵی دەکردن و هەموو کلیلەکانی جفرەکەی دەدۆزیەوە و زانیارییەکانی دەدایە مەکتەبی سیاسیی.



لە ڕاستەوە ڕیزی پێشەوە: ئیسماعیل سەرهەنگ، ؟، ؟
ڕیزی دووەم لەڕاستەوە: ؟،؟، مام جەلال، ئیبراهیم ئەحمەد،؟- تاران ١٩٦٤




بەو جۆرە مامۆستا (سەرهەنگ)ی پێشمەرگە و پسپۆر توانی لەژیانی پێشمەرگایەتیدا خزمەتێکی زۆر بەشۆڕش بکات و گیانی چەندین سەرکردە و پێشمەرگە و هاوولاتییانی گوندنشینەکان بپارێزێت، لەکاتی بۆردومان و هێرشەکاندا، پلان و هێرشە دڕندەکانی دوژمن شکست و بێ بایەخ بکات.

ئەم پێشمەرگە تێکۆشەرە، یەکێک لەو مامۆستایانە بووە، کە شانبەشانی پیشەکەی مامۆستایەکی پڕ چالاکی و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بووە.

گەرچی منداڵ بووم بەڵام لەبیرمە ساڵی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ (کە دواجار خۆشی بۆی باس دەکردم) بە بڕیاری لقی پارتی لە هەولێر، بۆ چالاککردنی ڕێکخستنەکان گوێزیانەوە بۆ ناوچەی هەریر و وەک بەرپرسی ناوچەی هەریری پارتی دەستبەکاربووە، ئەوکات پێویست وابوو ڕێکخستنەکانی پارتی لەو ناوچەیەدا بەهێزتر و توندوتۆڵتر بکەن، لەڕێی ئەندامانی چالاک و بەتواناترەوە، هەربۆیە مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ گوێزرایەوە بۆ هەریر و کاریشی بۆ کرا، تا وەک پیشەی مامۆستاییەکەشی لە (ڕانیە)وە بگوێزرێتەوە و بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی هەریر.

مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لەشیکردنەوەکانی جفرە بەو جۆرە و لەو ئاستەدا، نەک لەنێو شۆڕشدا



لە چەپەوە: ئیسماعیل سەرهەنگ، زیرەک سەرهەنگ، هیوا سەرهەنگ

دەنگی دایەوە، بەڵکو وەک بلیمەتی پێشمەرگەیەک چەندین ڕۆژنامەنووسی بیانی، کە سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانیان دەکرد باسیان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە، زانیارییەکانیشیان لەڕێی ئەو ڕۆژنامەنووسانەوە وەردەگرت، کە دەهاتنە کوردستان و نێو شۆڕش و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ مامۆستا (سەرهەنگ)دا دەکرد.

وەنەبێت شارەزایی و خۆماندوو کردن و گەڕان بەنهێنییەکاندا تەنیا لەبواری جفرەدا بووبێت، بەڵکو بەنێو نهێنییەکانی سروشتیشدا ڕۆ دەچوو تا ببووە ڕووەکناسێکی شارەزا و وەک زانایەکی ڕووەک و گوڵناس بناسرێت. لەو بوارەشدا چالاکییەکانی لەدەگمەنەکان دەژمێردرێن، نەک بەتەنیا لەکوردستان، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش.

ئەرشیفەکانی دەزگای کشتوکاڵ لە بەغدا و مۆزەخانەی ڕووەکی زەعفەرانیە و نووسینەکانی (د. عەلی ئەلڕاوی) کە پسپۆڕی کشتوکاڵ بوو ئەو دەمە، گەواهی تەواو لەسەر دۆزینەوەی ڕووەک و گوڵناسیی مامۆستا سەرهەنگ دەدەن، سەرباری ئەوەی لە مۆزەخانەکانی ڕووەکی بەریتانیا و نەمساشدا چەندین ڕووەک و گوڵ کە لەچیاکانی قەندیل و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دۆزیویەتیەوە و بەناوی (سەرهەنگ)ەوە تۆمار




هەر چوار برا لە ڕاستەوە: تۆفیق سەرهەنگ، فەریق سەرهەنگ، ئیسماعیل سەرهەنگ، ئەحمەد سەرهەنگ، ئابی ١٩٧٨

کراون و لەگۆڤاری وەرزانەی FLORA OF IRAQ چاپی لەندەن بڵاوکراونەتەوە.

هەموو ئەوانەی وەک مامۆستا سەرهەنگ بوون مێژوویەکی پڕ خەبات، پڕ زانست و قوربانیدانیان تۆمار کردووە، ئەم کەسایەتییە ناوادارانە بەر لەوەی موڵکی نەوەکانی خودی خۆیان بن دەبنە موڵکی میللەت و بەشێک دەبن لە کلتور و مێژووی شارستانی ئەم میللەتە.

ئەوەندە هەق بەخۆم دەدەم، کە ئەم چەند دێڕە لێرەدا بنووسم نەک لەبەر ئەوەی کە من کوڕی ئەم کەسایەتییەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی لێوەی نزیک بووم و ئاگاداری بەرهەم و داهێنانەکانی بووم، ماوەیەکیشە سەرقاڵی کۆکردنەوە و دارشتنەوەی هەموو بەرهەم و چالاکی و داهێنان و ژیاننامەکەیم و بەم بۆنەیەشەوە داوا لەهەموو کەسایەتی و هاوڕێ و دۆست و هەموو ئەوانەی شارەزاییان لەسەر زانیارییەک هەیە، کە پەیوەندی بەچالاکی و بەرهەم و ژیانی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، پێشمەرگایەتی، ڕووەکناسی، سیاسی و هەر چیرۆکێکی تایبەتی بەم کەسایەتییەوە بێت ئاگادارمان بکەنەوە، هاوکاریتان دڵسۆزی و پەرۆشیتانە بۆ بەزیندوو ڕاگرتنی مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) ڕەنگە پرسیارێک بێتە ئاراوە لای کۆمەڵانی خەڵک، کە (ئیسماعیل سەرهەنگ) هیچ جۆرە پەیکەرێکی بۆ نەکراوە و هێشتە بەرهەم و خزمەتە بێ وێنە و دەگمەنەکانیشی لەجیهاندا نەنرخێنراوە، ئەی دەبێت ئەم پەیکەرە لەکوێ بێت، منیش وەک ئێوە بەدوای ئەو پەیکەرەدا دەگەڕێم، کە دەسەڵاتدارانی سیاسیی و حکومی بەتایبەت ئەوانەی لەنزیکەوە (ئیسماعیل سەرهەنگ) دەناسن. کەی خزمەت و لێهاتوویی و زانایی ئەم کەسایەتییە دەگمەنانە هەڵدەسەنگێنن و بەرهەم و خزمەتەکانیان بەرز دەنرخێنن و وەک بەشێک لەمێژووی زانستیی و بلیمەتی خەڵکی کورد بە نەوەکانی ئایندەی دەناسێنن.

هێشتە خۆی لەژیاندا مابوو دەمگوت ئەمڕۆ، یان سبەی (سەرهەنگ) لەژیانی خۆیدا خەڵات دەکرێت و نرخاندنی بەرهەم و خەبات و پسپۆری و




دۆزینەوەی ڕووەک و گوڵناسیی دەکەنە هێمایەک و وەک دیاری پێشکەشی دەکەن. بەداخەوە پاش کۆچی دوایی کردنیش هێشتە نە باخچەیەک، نە پەیکەرێک، نە خوێندنگەیەک نە شەقامێک بەناوی مامۆستا (سەرهەنگ)ی زانا نەکراوە، ئەوەی جێی پرسیارە، دەبێت کەی بێ وەک میللەتانی دیکە، کە بۆ هەر لایەک دەچیت پەیکەر، یان هێما و ناوی کەسایەتییەکی خۆیانیان بەرز نرخاندووە و بەنەوەکانی خۆیان و جیهانی دەناسێنن.

(لەساڵی ١٩٥٧ کە لەشارۆچکەی ڕانیە مامۆستا بووە، باخچەیەکی گشتی گەورە دروست دەکات، کە تا ئێستەش ماوە و تەنیا لەتابلۆی سەر دەروازەکەی نووسراوە لەلایەن مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ- ەوە دروستکراوە).

بەو هیوایەشم دەزگا پەیوەندیدارەکان کاربکەن بۆ بەزیندوویی هێشتنەوەی ناو و پێگەی ئەم بلیمەت و زانایە و وەک بەشێک لەمێژووی میللەت بەنەوەکانی ئەمڕۆ و ئایندەی بناسێنن و چالاکی و بەرهەمەکانی لەبواری ڕووەکناسیی و گوڵناسیی و داهێنانەکانی لەباخچەیەکی ئاشکرا کۆبکرێتەوە، بەتایبەت لەکۆلێژەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆکانی کوردستان.



لە ڕاستەوە: مەلا عەوڵا، ئیسماعیل سەرهەنگ، هۆشیار، د، ئەحمەد شاڵی- هەمەدان، ساڵی ١٩٦٥



# (ئیسماعیل سەرهەنگ) ئەو پیاوەی ماڵەکەی خۆی کردبووە گوڵدان

**نووسینی: مستەفا ڕابەر**



مامۆستا سەرهەنگ و مستەفا ڕابەر

ڕۆژێکیان لەگەڵ کاک جەعفەر عەبدولواحید ١٩٤٣-١٩٧٦ سەردانی دکتۆر سەید عەزیز شەمزینی (١٩١٨- ١٩٩٩)مـان کرد، پێشتر دەمانزانی دکتۆرای دەربارەی مێژووی کورد وەدەست هێناوە، چونکە وەختی خۆی بەشێکی لەتیزی دوکتۆراکەی بەزنیجیرە لەڕۆژنامەی خەبات لەبەغدا بڵاوکردەبۆوە.

خوالێخۆشبوو لەژێر کەپرێکی بچکۆلە لەنزیک ساباتی گشتی پێشمەرگەکان بەسادەیی دەژیا، زۆر حورمەتی گرتین. گۆتی پێمباشە سەردانی کەسێکی هوشیار و بلیمەتی خەڵکی لای خۆتان بکەن لەم ناوەیە ناوی (ئیسماعیل سەهەرنگ)ە.

زۆری نەبرد خوالێخۆشبو خالید دلێر (١٩٣٣ – ٢٠١١) کە سەرپەرشتی تایپ و ڕۆنیۆی دەکرد لە (م.س) لەدوای ناردم و بردمی بۆ بن کەپرێک لەوێ کاک (ئیسماعیل سەرهەنگ)م بینی سەرقاڵی خوێندنەوە و شێکردنەوەی بروسکەی بێتەلەکان بوو، پیاوێکی ڕووخۆش و پاکوخاوین بـوو، لەسـەرەخۆ و هێمن و زمانزان بوو، بۆ گاڵتە جاروبار خەڵکی لەخشتە دەبـرد، سەرپەرشتی بێتەلەکانی دەکـرد و شارەزایی زۆری هەبوو لەتەلەگراف و مۆرس و شیکردنەوەی جوفرە و بروسکە.

پێی گۆتم بۆ ئەوە لەدوامان ناردووی، دەبی ئەمرۆ و سبەی بەنهێنی و کەس نەزانێ چەند دانەیەک لەم خشتە و تابلۆیانەم چاپ بکەیت، ئەمانە کۆدی مۆرس و هێمان بۆ شیکردنەوەی بروسکە نهێنیەکانی سوپای دوژمن.

کاک ئیسماعیل سەرهەنگ، خشتەی بروسکەی




نهێنی لەنێوان لەشکری کوردستان، هەروەها کۆد و کلیلی شیکردنەوەی بروسکە نهێنییەکی دوژمنی دادەڕشت و ناوە ناوە دەی گۆڕین. نامە یان بروسکەی نهێنی بەرامبەر هەر وشەیەک دوو پیت و چوار پێنج ژمارە هەبوو، ئەگەر لەبروسکە بنووسرایە (خسائرنا ناقلە جنود واحدە) بەهێما و بەبێتەل دەیان نارد، بۆ نموونە دەنووسرا (اب ٢٣٣٢،دس ٤٥٤٥ ،ت ک ٦٧٨٩ ،س ل ٣٤٥٦) هەتا دوایی، ئیتر بەردەوام گۆڕانگارییان لەجوفرەکان دەکرد، شەو و ڕۆژ بێتەلەکان لەکار دابوون، بروسکەیان دەقۆزتەوە و دەیاننارد بۆ کاک سەرهەنگ، ئەویش خێرا حەلی دەکردن و دەیدایە (م.س).

من ناوە ناوە سەردانم دەکرد، ڕۆژێکیان کۆمەڵێک تفەنگ و سندووقە فیشەکم لەژێر کەپرەکەی بینی، منیش هەروا بەسەرپێوە پێمگۆت کاک سەرهەنگ ئەگەر دەکرێ دەمانچەکەم بۆ بگۆڕە، ئەویش بێ سێو دوو گۆتی «زۆر باشە، بەڵام ئەم چەکانە پێوەندی بەمامەوە هەیە، وا لەبن ئەو دارە دانیشتووە بروسکەکان دەخوێنێتەوە، فرسەتە بڕۆ پێی بڵێ هەتا ئێستا بۆت بگۆڕم». منیش یەکسەر چووم، مام سەری ڕاستکردەوە گوتی فەرموو بڵێ، منیش هەر باسی دەمانچەم کرد یەکسەر گوتی جاری پێم بڵێ کێ پێی گوتی دەمانچەمان هەیە؟ بەتەواوی ناوی سەهەرنگ/م نەهێنا کلاشەکەی سۆلانی بەسەر پێی وەکرد بەڕاکردن هاواری کرد کوا دەمانچەمان هەیە دەبیدێ ئەگەر ڕاست دەکەیت! دیار بوو کاک سەرهەنگ خۆی بۆ هێرشەکەی مام جەلال ئامادە کردبوو، یەکسەر هەڵات و خۆی شاردەوە!



لەڕاستەوە: مام ئەکرەم موحەممەد ساڵح، عەریف سلێمان، ئیسماعیل سەرهەنگ، وەستا ڕەحمان نەجار، مام واحد کاوانی- ساڵی ١٩٦٤



چەند ساڵێکی پێ چوو، جارێکی دیکە کاک (سەرهەنگ)م دیتەوە، ئەمجارەیان لەگەڕەکی شۆڕش لەشاری هەولێر، دیاربوو حەوشەکەی کردبووە گوڵدانێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ. میوان لەدوورەوە بۆنی عەتر و گوڵە مێخەکی دەکرد، دەیان جۆرە گوڵی موتوربە کردبوو، گۆڕانکاری بەسەر شێوە و ڕەنگیان داهێنابوو، ئەوەی دەیبینی سەری لەو گوڵپەروەرییە دەتاسا، ئەو هەمیشە حەزی دەکرد گوڵی باخەکەی خەڵک ببینن، گوڵەکان دانسقە بوون، لەهەموو باخێک نەدەبینران، کۆمەڵێک گوڵەکێوی لەناو ئینجانە ماڵی کردبوون، تەماشای هەر گوڵێکت دەکرد ڕاز و مانا و مەبەستێکی جوانت تیا دەبینی، ئەوەی سەیری دەکرد هەستی دەکرد لەپشت ئەو هەموو سروشت ڕازاندنەوەیە، گوڵ دۆستێکی شارەزا و هەست ناسک هەیە.

سەرهەنگ کەسێکی بەهرەمەند بوو، زۆر حەزی لەشاخ و داخ و ڕاو بوو، حەزی لەگژوگیا بوو، توانایەکی زۆری هەبوو لەگەڕان و پشکنینی گژوگیا و گوڵ و ڕووەک ناسین دا.

لەشەستەکاندا کتێبێکی دوو سێ بەرگی کە بەئینگلیزی نوسرابوو، بەدیاری بۆیان ناردبوو، لەو کتێبەدا بڕێک گیا بەناوی ئەوەوە تۆمار کرابوون و لەدۆزینەوەی (اکتشاف)ی ئەو بوون، کە لەهیچ شوێنێکی دیکە لەجیهاندا ئەو ڕووەک و گیایانەی شاخەکانی کوردستاندا پێشتر لەهیچ شوێنێکی دیکە نەدۆزرابوونەوە، بۆیە کاک ئیسماعیل سەرهەنگ بەدۆزەرەوەیەکی گوڵ و گیایی لەقەڵەم درابوو. نموونەی ئەو ڕووەکانە ناردرابوون بۆ مۆزەخانەکانی ڕووەکی ڤییەنا و لەندەن، نموونەیشی لەبەغدا لێ گل درابۆوە، نموونەی گیا و ڕووەکەکان خرابوونە نێو کاغەزی سلۆڤین. ئەو ڕووەکانەی کە ئەو دۆزی بوویەوە ناوی خۆیان لەسەر نووسرابوو. لە ٩٧٪ ئەو دۆزی بوویەوە ٢٣ ڕووەکیان لەدنیادا نەبوون، یەکیان (گەنم)ی کێوی بوو، لەبەرزایی (٣٥٠٠ م) لەسەر ڕووی زەریاوە هەبوو، گەنمەکە باریک و شووش و گەنمی دەستچێن لەوەوە وەرگیرابوو.

> **پیاوێکی ڕووخۆش و پاکوخاوێن بوو، لەسەرەخۆ و هێمن و زمانزان بوو، سەرپەرشتی بێتەلەکانی دەکرد و شارەزایی زۆری هەبوو لە تەلەگراف و مۆرس و شیکردنەوەی جوفرە و بروسکە**

کاتی خۆی باخی ماڵی خۆی کردبووە شوێنی کۆبوونەوەی خوێندکار و مامۆستایانی زانکۆی هەولێر/ کۆلێژی کشتوکاڵ، هەمیشە مامۆستایان سەردانیان دەکرد بۆ سوود وەرگرتن لەئەزموون و بیر و بۆچوونەکانی.

ئیسماعیل سەرهەنگ (١٩٢٠- ٢٠٠٠) لەبنەماڵەی خانەدانی (شکاک)ە، لەساڵی ١٩٤٧ ئەندامی حزبی هیوا بووە ، ساڵی ١٩٤١ لە (دار المعلمین)ی بەغدا خوێندنی تەواو کردووە، ماوەی چل ساڵ ماموستا بووە، دەیان ڕۆڵەی کوردی بەبیری نەتەوەیی و کوردایەتی پەروەردە کردووە، (سەرهەنگ)ی باوکی لەگەڵ سەید تەهای شەمزینی بەهۆی شکستی شۆڕشی شێخ عەبدوڵای نەهری لەزێدی خۆیان ئاوارە بوون و لەناوچەی ڕواندز و حەریر و باتاس گیرساونەتەوە. بەهۆی شێخایەتی و کارامەیی دەستەڵاتیان گرتووتە دەست و حوکمڕانیان کردووە، برا گەورەکەی بەناوی (ئەحمەد سەرهەنگ) لەشۆڕشی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆی شکاک ١٨٨٧- ١٩٣٠) بەشدار بووە. حەیف و مخابن بۆ ئەو جوامێرانەی ماڵ و تەمەنی خۆیان بەکوردایەتی بەخشی و لەڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا خوێنیان کردە بڵێسەی خەبات و تەمەنی خۆیان تاواندەوە و ماڵ و منداڵی خۆیان لەحەسرەت و بێنازیدا بەجێهێشت. مشەخۆرەکانیش بەرەنجی ئەوان خەنی بوون، تەنانەت هەوڵیشیان داوە پەردەی فەرامۆشی بەسەر ناو و خەباتیاندا بدەن، بەتایبەتی ئەو جوامێرانەی دوای خۆیان میراتگر و کەسێکی وایان لەحیزب و دەسەڵات نەبێ!

لەکۆتاییدا ئەگەر خوێندنگایەک، کۆڵانێک، شەقامێک، باخێک، بەشێک لەکولیژێکی کشتوکاڵ بەناوی ئەو بکرێت مانای جەختکردنە لەسەر بەردەوامی ڕێزگرتن لەخەباتی خەڵکی تێکۆشەرە بەدەر لەقاڵبی خزمایەتی و حیزبایەتی. ناپلیۆن پۆناپارت (١٧٦٩ - ١٨٢١) دەڵێ: ‹‹لەشۆڕشدا تەنیا دوو جۆرە پیاو هەن، ئەوانەی جێبەجێی دەکەن و ئەوانەش سوودی لێ وەردەگرن››.



# سەرهەنگی بلیمەت



کاکەمەم بۆتانی


کە ساڵی ١٩٦١ چوومە پەیمانگەی بەرزی دارستان ساڵی چەند جارێ دەبراینە نمایشگەی (المعشب النباتي) و سەیری گەڵا و گوڵ و بەری جۆرەها درەخت و گژوگیامان دەکرد، کە بە شێوەیەکی هونەری زانستانە وشک کرابوونەوە و لە چوارچێوە و جام گیرابوون و ناوی: زانستیی و ناوچەیی و دۆزەرەوەیـی و هێنەری لەسەر نووسرابوو. تا لێیان ورد بینەوە و شـارەزایـان بین. لەنێو نموونەکاندا ناوی (سەرهەنگ) سەرنجی ڕاکێشام. بەپێی شوێنی دۆزینەوەی گیا و گوڵەکە، دەبوو کورد بێ و دەرچووی خوێندنی باڵا بێ. منی سیاسەتباز و کوردایەتی بە شانازییەوە سەیری کارەکانیم دەکرد. پاش ئەوەی خاڵە تایەرم لە بەندیخانەی ڕومـادی بـەردرا، لەسەر داوای (عومـەر دەبابـەی خاڵم) دەربازبوون لە بڕوبیانووی دەسەڵاتی سیاسیی حکوومەت، دەرگای خانووی کەرکووک داخرا و خێزان چوونە کۆیێ. منیش بۆ سەردانی چەند ڕۆژێک گەڕامەوە لایان، زۆربەی کاتم لە دیوەخان بەسەر دەبرد. ئێوارەیەک پیاوێکی خڕیلەی قیت و قۆزی ڕووخۆش و چست و چالاک، ڕانکووچۆغە لەبەر هاتە لای (عومەر دەبابە) و بە دەم چرپەوە هەندێک نووسراوی دایێ. لامان دانیشت، لەگەڵ میوانەکانی تر کەوتنە دەنگ و باسی دانووستان، پەلار و توانج، قسەی خۆش و بە توێکڵ، پاش ماوەیەک زانیم ناوی (ئیسماعیل سەرهەنگ)ە. یەکسەر مەعشەبی نەباتیم وەبیرهاتەوە. چوومە خزمەتی و خۆم پێ ناساند و باسەکەم کردەووە. فەرمووی (بەڵێ منم) بە هەڵە نەچووبم وتی (هەشت – نۆ نموونەم لەوێ هەیە) کەوتە گێڕانەوەی گەڕان و سووڕان پەیداکردنیان و وشککردنەوەیان، بەڵام وابوو بەلانی کەمەوە دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ بێ و شتێکی لە کارە هونەرییەکانی خوێند بێ، بەڵام دەرکەوت مامۆستای سەرەتاییە و تەنیا ئارەزوومەندی ئەو جۆرە کارانە دەیبزوێنێ! زۆرم ڕێز گرت و شاگەشکەی قسەکانی بووم.

شـەو درەنگ لە خزمەت خاڵم دانیشتم و باسم کرد، بە زەردەخـەنـەی شانازییەوە بەسەریا هەڵدا. ئـەوەی لەبیرم مابێ فەرمووی: چیت بیستووە؟ ئەوە هیچ نییە پیاوێکی زۆر بلیمەتە. سەری لە هەموو شتێ دەردەچێ. لەو ڕۆژەوەی هاتۆتە نێو شۆڕش، سەرپەرشتی (لاسلکیەکان) دەکا و هەر (شفرەیەک) لە سوپاوە دەردەچێ لە ماوەیەکی کەمدا شی دەکاتەوە و نهێنیەکانی ئاشکرا دەکات. بە پێی زانیارییەکانمان ئەو (شفرە)یەی ئەو ئامادەی دەکات، تا ئێستە بە سوپاش نەکراوەتەوە.

پاش هـەرەسـە چاوەڕواننـەکراوەکـەی شۆڕشی ئەیلوول و نـووچـدانـی کـوردایـەتـی (بـزووتـنـەوەی ڕزگـاریـخـوازی کوردستان) دەیەها هەزار پێشمەرگەی دلێر و جوامێری بێ ڕابەر و سەرۆک و سەرکردە بە خۆمان و خێزانەکانمانەوە مـەڕەخـەسـکـراین و کـەس لێمانی نـەپـرسـیـیـەوە. سـەری نائومێدیمان شۆڕکرد و زۆر بە دوای بانگەوازی لێبوردنی گشتیی پازدە ڕۆژەی حکوومەتی عەرەبی بەعسی عێراقی کەوتین و ئـاوڕیـی پڕ قینمان لـە شـارەکـانـی دواوەمـان دەدایـەوە! کەممان هەبوو شەوانە سەرینمان بە فرمێسکی بێ دەسەڵاتی تەڕ نەکەین. بە کاروکردەووە پلانی خۆمان و سەرۆک و سەرکردەکانماندا نەچینەوە. بڕوبیانووەکانمان بەری یەک بەڵگەی مێژووی نەدەگرت! هەر ئەوەش وای کرد دەیەها ڕۆڵەی دڵسۆز و بە جەرگمان هەڵخلیسکێن.

کە بەماڵەوە گەڕامەوە سلێمانی خۆمان دایە دەست قەدەر. دوای یەک دوو مانگ حکوومەت کەوتە وێزەمان، هەر چەند فەرمانبەرێ ڕەوانـەی شار وشارۆچکەیەک کران، ئێمەش کەوتینە هەولێر.

پاش ماوەیەک بە پلانێکی تۆکمە و پشت بە نەبەردی گەلەکەمان، کاکی کاکان (دەبابە) و هاوەڵە شەهیدەکانی گەڕانەوە عێڕاق، دەبابە خانوویەکی لە بەغدا کڕی و ڕێکخستنی بە دۆستی دێرینی سەرهەنگی نەمر سپارد، ئەوەندە قەشەنگی دامەزراند، نەک هەر من حەیرانی بووم دەرودراوسێیەکانیشی دەستە دەستە دەهاتنە سەیری. خەزوورم ئەرزێکی لە نزیک ماڵی نەمری هونەرمەند (سەرهەنگ) هەبوو، بە یارمەتی برازای کەوتینە بیناکردنی. هـەر جـارێ ڕەحمەتی (سەرهەنگ) تێدەپەڕی وەک شارەزاییەکی بلیمەت تێیدا دەگەڕا و ڕێنمایی دەکردین، پێش تەواوبوونی فەرمووی ڕێکخستنی باخچەکە دیاری من دەبێ. وەک ئەندازیارێکی لێهاتوویی شارەزا، نەک مامۆستایەکی سەرەتایی نەخشەیەکی جوانی بۆ کێشا. شایەنی ئەوەیە قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵ لێوەی فێربن.



# مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ-م واناسی



جەوهەر کرمانج

سەرەتای ساڵی ١٩٦٧، تەمەنم حەڤدە ساڵان بوو، لاوێکی خوێن گەرم بووم، بە شەوقەوە کوردایەتیم دەکرد. ئەوسا ئەندامێکی سادەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم (باڵی مەکتەبی سیاسیی).

سەرەتا لەڕێی ڕێکخستن و دواتریش بە هۆی چالاکییە هونەرییەکانی قوتابیان (هیوا)ی کوڕیم ناسی. من و هیوا ساڵ لە دوای ساڵ هاوڕێیەتیمان توندوتۆڵتر دەبوو، لە هەموو چالاکییەکاندا بەشداریمان دەکرد، جاروبارێک لەگەڵ هیوا دەچووینە ماڵەکەیان و لەوێ ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ)ی باوکی پەیدا کرد. کە کوردپەروەرێکی پاک و ڕێنماییکارێکی دڵسۆزمان بوو، یەکەمین شت، کە لەنێو ئەو خێزانە ڕووناکبیرەدا سەرنجی ڕاکێشام و بۆ منێکی لادێیی تازە بوو، کۆبوونەوەی میوانەکانیان بوو لەگەڵ هەموو خاوخێزاندا لەسەر یەک سفرەی نانخواردن، دیارە ئەو کلتوورەش ڕەنگدانەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری سەرۆکی خێزانە، کە ئەندامانی خانەوادە لەوەوە فێردەبن! دووەمین شت، کە بۆ من تازە بوو، ئەو باخچە جوان و ڕازاوە بوو، کە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا هەبوو و بەردەوام دوای کۆتایی هاتنی کاری مامۆستایی ڕۆژانە وەک کرێکارێک پەپوولە ئاسا لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ بازی دەدا، کە لە ڕاستیشدا ئەو کرێکارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو پسپۆڕێکی گوڵناس بوو، زۆرێک لەو گوڵانەی لە باخچەکەی ئەودا هەبوون نامۆ بوون و لە لای خەڵکانی دیکە نەبوون. ئەو شارەزایی و گوڵناسییەی مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ)یشم هەر بە ڕواڵەت نەبینی، بەڵکو لەو کتێبە جیهانییەدا دیتم، کە فەرهەنگێکی گوڵ بوو، لەو فەرهەنگەدا چەندان گوڵ بە ناوی (سەرهەنگ)ەوە تۆمار کرابوون. بۆیە حەقی خۆیەتی بە (گوڵە سەرهەنگ) ناوزەدی بکەین.

ڕۆژگار هاتن و ڕۆژگار چوون، من و هیوای کوڕی بە حوکمی کاری سیاسیی و دواتریش ئەدەبیی و هونەریی وەک دوو برا بەردەوام و ڕۆژانە یەکترمان دەبینی، سەرەڕای جیاوازیی ژیان و گوزەرانمان، کە ئەو دەمە ئەوان خۆشگوزەرانتر بوون، من وەک ئەندامێکی ئەو خێزانەم لێهات و زۆر شت لەوانەوە بەتایبەتیش لە سادەیی، پاکی، لەخۆبووردەیی و نیشتمانپەروەری مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ)ەوە فێربووم.

لایەنێکی دیکەی ژیان و بەهرەی مامۆستا سەرهەنگ، کە تا ساڵی ١٩٧٤ دوای تێکچوونی ڕێکەوتننامەی ١١ / ی ئازار بۆ من شاراوە بوو، لایەنی شیکردنەوە و کردنەوەی (جفرە) بوو، ئەوەشم لەو ڕۆژەوە بۆ دەرکەوت، کە بە سەردانێک چوومە دیوی ئێران، کە ئەو کاتە وەک پێشمەرگەیەک لە بەشی ڕاگەیاندندا جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) بووم، لەو سەفەرەمدا وەک هەموو جارێک ماڵی مامۆستا سەرهەنگ، یەکەم قۆناخ و دوا قۆناخم بوو، لەو دەمیدا.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپا و لەشکری ڕژێمی بەعس ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبوو، لە زۆر لاوە هێرش و پەلامارەکان بەردەوام بوون، دیارە، کە لە شەڕشیدا بەکارهێنانی بێسیم یەکێک بوو لە پێداویستییەکانی ڕۆژانە و زانیارییەکان لە ڕێگای بێسیمەوە بە بەرەکانی شەڕ ڕادەگەیەندران.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، لە شاری شنۆیێ لە ماڵی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ دانیشتبووین (ئەو کاتە بەسەردان و پشوو هاتبۆوە شنۆ) لە دەرگا درا، کە کرایەوە پۆستێک

نامەی داخراو هاتە ژوورەوە و تەسلیم بە مامۆستا سەرهەنگ کرا، کردییەوە و گوتی ئەوە کۆمەڵێک (جفرە)یە و سەرکردایەتی شۆڕش ناردوویانە بۆ ئەوەی کۆدەکانیان بکەمەوە و ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا بکەم، کە سەیرمان کرد جگە لە سەدان ژمارەی حیسابی هیچی دی نەبوو، بۆ ئێمەمانان مایەی سەرسوڕمان بوو، چونکە هیچ سەرەدەرییەکمان لێی دەرنەدەکرد، کەچی مامۆستا سەرهەنگ ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی: وەرن کوڕینە ئێوەش هاوکاریم بکەن بۆ کردنەوەی جفرەکان، ئێمەش بە پێکەنینەوە گوتمان ئاخر ئێمە هیچی لێ نازانین! لە وەڵامدا گوتی: ئێوە بەس ئەو ژمارانەم بۆ دەربکەن کە زۆر دووبارە بوونەتەوە، بۆ نموونە ژمارە ٢١ کە لە جیاتی ئەلف و لامی عەرەبیی، یان ژمارەی دی، کە ئاماژە بوون بۆ ئەو پیتە عەرەبیانەی زۆرتر لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردێن. بەمجۆرە دەست بەکاربووین و تا درەنگانێکی شەو جفرەکانی کردەوە.

مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ، کە خۆی لە بنەچەدا لە بنەماڵەیەکی عەشیرەتی شکاک بوو، هەر لە سەردەمی باوکییەوە پێموابێ دوا بە دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی سمکۆی شکاک لێکدابڕابوون و کەوتبوونە کوردستانی باشوور. لەو ماوەیەدا، کە لە شنۆیە بوون سۆراخی بنەماڵەکەیانیان کرد و ئەوە بوو لە سنووری نێوان ئێران و تورکیا دۆزرانەوە و ڕۆژێکیان یەکێکیان پەیدا بوو، دوای بە یەکتر شادبوون چەند ڕۆژێک مایەوە و دواتر من و هیوای لەگەڵ خۆیدا برد و چووینە گوندەکەیان کە ناوی (ئیچکەسوو) بوو، کەوتبووە خۆراوای شاری ورمێ، ماڵێکی خانەدان و خاوەن دیوەخان و ڕەزوباخێکی زۆر فرەوان بوون، بۆ چەند ڕۆژێک میوانداریان کردین و دەرکەوت بن ئامۆزا و نەوەی یەکترن.


لە بواری گوڵناسیشدا یەکێک بوو لەو گوڵناسە ناودارانەی، کە هەمیشە باخچەکەی پڕ بوون لە گوڵی جۆراو جۆر و لە هەموو وەرزێکدا ماڵەکەیان باخی گوڵان بوو، زۆرجاریش ماڵە دەوڵەمەند و خاوەن باخ و باخچەکان، بەتایبەتی سەردانیان دەکرد بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکات لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی گوڵ و پاراستنی باخەکانیان.

لە کۆتاییدا دەخوازم ئەوە بڵێم لە دەستچوونی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لە دەستدانی مامۆستاییەکی بیری کوردایەتی و پسپۆڕێکی جفرە کردنەوە و زانایەکی گوڵناس بوو. دیارە لە دەستدانی سێ کەس لە یەک ماڵدا و لە یەک کاتدا کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموو کورد و کوردستان.





ئیسماعیل سەرهەنگ



## ئیسماعیل سەرهەنگ:

# بیست و شەش جۆر گوڵ و ڕووەک لە دونیادا، من دۆزیومەتەوە

***ئەگەر زانایەکی وەک تۆ، لەهەر شوێنێ هەڵکەوتایە دەبوو هەرچی زانا هەیە، لەبەر دەمتا بوەستایە کە تۆ زانای ڕووەکناس و گوڵ و گیای ئەم سروشتە بووی ئێستاش لەبن ڕەگ و ڕیشەی ئەوان نوستووی تا هەتایە کە تۆ یەکەم پێشمەرگە بووی لە ڕێی کورد و کوردستانت بە ئارامی بنوو، تاجی سەرفرازیت لەسەردایە***

**عەبدولڕەقیب یوسف**

(عەبدولڕەقیب یوسف، لەسەر جۆری گوڵ و ڕووەک، دیمانەیەکی (ئیسماعیل سەرهەنگ)ی کردووە و ئەمە پوختەی وەڵام و قسەکانی (ئیسماعیل سەرهەنگ)ە لەسەر شێوازی کارکردن و گەڕان و سوڕانی بەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا)

گوڵە زەنبەق لەوڵاتی ئێمە زۆرە، گوڵێکی سپی و پەمەییە لەحوزەیراندا دەردەکەوێ. کاتی خۆی کە لەهەولێر تا حاجی ئۆمەران سواری ئۆتۆمبیل دەبووم، ئەمبەر و ئەوبەر دەمزانی ناوی گوڵ و گیایەکان چین، زۆر ناوی ئەوانەم بەکوردی نووسیوە، ئەویش کاتێ لەو شوێنە تێپەڕیمە ئەوانەی ناویم نەزانی بێت لەخەڵکەکەم پرسیوە و ئەوانیش پێیانگوتووم. ئەو کەسانەی تایبەتن بەڕووەک و گوڵ ناویان دەزانن.

ماجد مستەفا، بەڕێوەبەری ناحیەی مێرگەسۆر بوو، گیایەکی دۆزیوەتەوە بەناوی خۆیەوە تۆمارکراوە، (عەلی ئەلڕاوی) یەک ڕووەکی دۆزیوەتەوە پێی دەڵێن (ا. ڕاوی) و هەر لە (رطبە)ە هەیە. منیش زۆر گوڵ و ڕووەکم دۆزیوەتەوە.

ڕۆژێکیان من ڕووەکێکم دۆزیبۆوە و بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ڕووەکی لەندەنم لەگەڵدا دابوو، پاش شەش مانگ لەمۆزەخانەی ئەبوغرێب ناوی (عەلی ئەلڕاوی)یان لەسەر نووسیبوو. ئەوەبوو بەڕێوەبەری مۆزەخانەی لەندەن بروسکەیەک بۆ دکتۆر عەلی دەنێرێ و پێی دەڵێت: «من لەو کاتە لەوێ بووم کە ئیسماعیل سەرهەنگ ئەم ڕووەکەی دۆزیوەتەوە، بۆچی خیانەتت کردووە؟ ئەمە خیانەتێکی زانستییە، دەبێ ناوەکە بگۆڕی»، دکتۆر عەلی لەوەڵامدا گوتبووی «سەهوم کردووە!».

زۆر جۆرە گەنم لەکوردستاندا هەن. هەموو گیاییکی کێوی هەیە، نیسک و نۆکی کێویش هەن. (سترۆبەری، توت الارچ فراولە و بەکوردی پێی دەڵێن چیلەک وەکو شاتووە، بەئینگلیزیش سترۆبەری) پێ دەڵێن و تووە سوورەکەیە و لەکوردستاندا زۆرە. سەرچیای هەڵگورد کانییەکی لێیە بەدۆڵێکی ڕوو بەباشووری خۆرئاوادا دێتە خوارێ، دەوروپشتی ئاوەکە هەمووی پیازە کێوییە، دەتوانی پیازی تەڕ بەبنەوە لێ بکەیەوە. سەلکی بەقەدەر گوێزێکە، سیری کێویش هەیە.

**«**

**لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا (معرض ازهار الزینە) کرایەوە، لە نێو هەموو گوڵە بیانییەکان لە جیهاندا، ئەو گوڵەی، کە من دۆزیبوومەوە لە پشتی حاجی ئۆمەران لە (پرژە) بە یەکەم دەرچوو**

**»**

بن شاخە بردراوەکەی گەلی عەلی بەگ هەمووی ترێی کێویە، دەنکی وەک نۆکە، لەجێگایەک هەیە لەبەرزی ٢٧٠٠ م لەسەر ئاستی دەریایە.

من جیهازێکم پێ بوو کە پێی دەڵێن ئامێری (ئاڵتیمەتر) بۆ دیاریکردنی بەرزی و پەستانی هەوای هەموو جێیەک بەکار دێت، دەبێ ئەو زانیارییانە بۆ هەر گیا و ڕووەکێک بنووسرێت، چونکە پەیوەندی بەژیانیانەوە هەیە. هەندێک گیا و ڕووەک هەن کە لەسفر – ١٠٠٠ پلەی پەستانی هەوادا دەڕوێن و دەژین و دوایی و دەمرن. ئەوانە سەرەتا باڵایان درێژ و دوایی وردە وردە بەژنیان کورت دەبێتەوە.

ڕووەکێک هەیە ناوی (گوێنی)یە و (جەوی، سریش – سەمغ)ی لێ دروست دەکەن. ناوە زانستییەکەی (ئاستەر گرووز)ە. لەدەشتی هەولێر و کەرکوک هەیە تا دەچێتە نزیکی دیانە بەرز دەبێ و پاشان دەست بەکەم کردنەوە دەکات وردە وردە کورت دەبێتەوە تا دەچێتە سەر چیای هەڵگوردی تا وەک مافووری لێدێت و بە زەوییەوە دەنووسێت. ئەمە لەبەر سەرما و بۆ خۆپاراستن تا بژی. ئەو گیایە باشترین گیایە بۆ مێش هەنگوین، گوڵەکەی شیرینی زۆرە. (گوێنی) زۆر جۆری هەن، ڕەش، زەرد و کورتە و خڕە وەکو ساجە، مانەوەی بەشاخەوە ڕێ خواردن و داڕووتانی شاخ و زەوی دەگرێ. شوان لەنەزانیدا پایزان لەبەر سەرما و خۆگەرمکردنەوە زیاد لەپێویست دەیسووتێنن، بۆ مەڕ و ماڵات زۆر چاکە.

لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٥٧ دا چووینە سەر سەری چیای هەڵگورد، لەوێ گیایەکم دۆزییەوە تەنها لەپێنج شەش شوێن لەهەڵگوردم بینی و لەهیچ شوێنی دیکەم نەبینیوە، ئەم گیایە لەسەر بەردی سپی، سپی دیارە، لەسەر خۆڵی سوور، سوورە لەسەر خۆڵی زەرد زەردە، دەرکەوت گیاکە وەک (حەربا) وایە ڕەنگی بەردەکە دەگرێ تا خۆی لەدوژمن بپارێزێ. شتێکی زۆر نامۆیە هەر دەڵێی مافوورە بەزەوی چەسپاوە. ناردرا لەندەن و لەوێش بۆیان ساغ بۆوە کە سروشتێکی وەک حەربای هەیە و ڕەنگی زەوی دەدات، هەر




**بیست و شەش گوڵ و ڕووەکیان لەدونیادا نەبوون، من دۆزیومنەتەوە، یەکیان گەنمی کێوی بوو**

بەناوی منەوە (سەرهەنگ) تۆمار کرا.

درەختێک هەیە گەڵاکەی مەیلە و مێوە و لقەکانی سوورە و زۆر ناسکە، گەڵای کەمن و هێشووی وەک ترێ دەگرێ، لەشەقڵاوە هەیە و (سۆربلەتی) پێ دەڵێن لەبەر ڕەنگی سووری، وەک گوێزێکی گچکەیە. گوندێکی نزیکی باکووری خۆرهەڵاتی سیدەکان هەیە پێی دەڵێن (قاسملی) درەختێکی (ژووژیلە) ناوی لێیە، وەک تووە و هەمیشە کەسکە، دارێکی بەسەرەوەیە ڕەگی نییە، واتە پێوەی نووساوە و مشەخۆرە (گفیلی) ئەو درەختە لەهیچ شوێنێکی دنیادا نییە. من و پوشۆ (شێخ محەمەد سدیقی سەید تەهای شەمزینی) کە نوێنەری پەرلەمان بوو، گوتمان بیهێنین، سەیرمان کرد یەک نین، گەڵای پانە، بەرەکەی



٢٦ی تەمووزی ١٩٩٨
لە ڕاستەوە: عەبدولڕەقیب یووسف، ئیسماعیل سەرهەنگ، خوالێخۆشبوو تۆفیقی مەلا سدیق
لەکاتی تۆمارکردنی باسی ژیانی خوالێخۆشبوو ئیسماعیل سەرهەنگ لەلایەن عەبدولڕەقیب یووسفەوە



ڕەنگاوڕەنگە و لەچلەی زستان کە بەفر دەبارێ ئەو هەر کەسک و سەوزە.

هەندێ ڕووەک و گیا ڕەنگە نامۆ بێت لای خەڵکانی ئاسایی، بەڵام لای زانایانی ڕووەک نامۆ نییە، چونکە ئەوان شارەزاییان هەیە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەشوهەوایەکەی وەک ئێرە بێت، لەئەمریکا و ئەوروپا بەشی زۆری ڕووەکەکان پۆلێن کراون، لەعێراق بەتایبەت لەکوردستان بۆ زانایانی ڕووەک ئەرزێکی خام و نەدۆزراوەیە.

جاران نموونەی گیا و ڕووەک دەخرایە نێو کاغەزی سلۆڤین و کەپس دەکران، بەفرۆکە دەنێردرانە مۆزەخانەی ڕووەکی ڤییەنا و لەندەن، نموونەیەکیشی لەبەغدا لێ گل دەدرایەوە. ئەو ڕووەکانەی کە من دۆزیومنەتەوە ناوی خۆمی (ئیسماعیل سەرهەنگ) لەسەر نووسرابوو، لەبەرزایی ئەوەندە لەسەر ئاستی دەریا و لەپاڵەپەستۆی ئەوەندە و لەو شوێنە و ئەم ڕووەکەی دۆزیوەتەوە. هەمووی تۆمارکراوە.

بیست و شەش گوڵ و ڕووەکیان لەدونیادا نەبوون، من دۆزیومنەتەوە، یەکیان گەنمی کێوی بوو، لەبەرزایی (٣٥٠٠ م) لەسەر ڕووی دەریاوە هەبوو، گەنمەکە باریک و شووش و گەنمی کێوییە و ئەسڵی گەنمی ئێستا لەوەوە وەرگیراوە، نموونەیان لێ ناردە مۆزەخانەی لەندەن. بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە زۆر سەرسام بوو بەناوی من، بروسکەیەک بۆ عەلی ئەلڕاوی بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ڕووەک لەبەغدا دەکات و دەڵێت: «بەپەلە کیلۆیەک لەو گەنمەمان بۆ بنێرن، عەلی ئەلڕاوییش بروسکەیەکم بۆ لێ دەدات و دەڵێت لەسەر داوای مۆزەخانەی لەندەن دەبێ هەر بەیانی بچی لەو جێگایەی ئەو گەنمەت لێ دۆزیوەتەوە، کیلۆیەکمان بۆ پەیدا بکەیت».

> **جاران نموونەی گیا و ڕووەک دەخرانە نێو کاغەزی سلۆڤین و کەپس دەکران، بە فڕۆکە دەنێردرانە مۆزەخانەی ڕووەکی ڤییەنا و لەندەن**

کاتەک چوومە ئەوێ سەیرم کرد مەڕوماڵات ئەو گەنمەکەیان خواردبوو، شەش ڕۆژ مامەوە تا نیو کیلۆم پەیدا کرد، ئەم گەنمەیان برد لەسویسرا چاندیان، دەرکەوت بۆ سەر چیا و ناوچەی بەرز باشە و یەکاویەکە. دوای ئەوە بووم بەپێشمەرگە و لێیان دابڕام. لەکاتی حکومەتەکەی (عەبدولکەریم قاسم) لەشاری بەغدا (معرض ازهار الزینە) کرایەوە، بەفەرمی منیان داوەت کرد، لەنێو هەموو گوڵە بیانیەکاندا لەجیهاندا، ئەو گوڵەی کە من دۆزیبوومەوە لەپشتی (حاجی ئۆمەران) لە (پرژە) وشککرابوو بەیەکەم دەرچوو. بەڵام دوای ئەوە لەمانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بوومە پێشمەرگە و لێیان دابڕام.

ئەمە دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە، کە کاتی خۆی عەبدولڕەقیب یوسف لەگەڵ ئیسماعیل سەرهەنگ-ی سازکردووە.

- لەساڵی ١٩٦٣ مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ )م لەنێو شۆڕشدا ناسی. مرۆڤێکی زۆر بەهۆش و بیر و زیرەک و قسەزان و بەتوانایە. مامۆستا ئیسماعیل زۆر حەزی لەشاخ و داخ و ڕاو بوو، حەزی لەگژوگیا بوو، توانایەکی زۆری هەبوو لەناسینی گیادا.
- جارێک کاک ئیسماعیل لەشەستەکان کتێبێکی دوو سێ بەرگی، کە بەئینگلیزی بوو، بۆی نێردرابوو پیشانی دام، کە تێیدا بڕێک گیا بەناوی ئەوەوە تۆمار کرابوون و لەدۆزینەوەی (اکتشاف)ی ئەو بوون، کە لەهیچ شوێنێکی دیکە لەجیهاندا ئەو ڕووەک و گیایانەی شاخەکانی کوردستان نەدۆزرابوونەوە. کاک ئیسماعیل بەدۆزەرەوەیەکی گیایی لەقەڵەم درابوو.
- زۆرجار داوام لێ دەکرد چ لەکاتەکانی یەکتر بینین دا و چ بەنامەش، فەرهەنگێکی گیایی کوردیی دابنێت، کە زۆر پێویستیمان پێی هەیە، چونکە ناوە کوردییەکانی گیاکان لەوڵاتی پڕ گیای کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو بزربوون و لەبیرچوون دەچن.
- لەلای لادێیەکانەوە، کە ئێستاش خەڵک ماون بەتایبەتی کەسانی تەمەندار ناوی زۆر لەگیاکان دەزانن و ئەو گیایانەی لەفەرهەنگە کوردییەکاندا نووسراون وەک فەرهەنگی مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ و فەرهەنگی کشتوکاڵی شێخ مەعروف قەرەداغی و جگەر خوێن) ناناسرێن، چونکە وەسفێکی زانستی گیایانە و وێنەیان تێدا نییە، تەنیا دەزانرێن ئەو ناوانە ناوی گیاکانە، لەگەڵ ئەمەش زۆر کەمن لەچاو گیا زۆرەکانی کوردستان.

**عەبدولڕەقیب یوسف**



# ئیسماعیل سەرهەنگ-ی
# پەروەردەکار و تێکۆشەر و ڕووەکناس

ئیسماعیل محەمەد سەرهەنگ، لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە (شەمدینان)ی کوردستانی باکوور لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شکاک لە دایک بووە. دوای خوێندنی قۆناخی سەرەتایی چۆتە بەغدا و لە ساڵی ١٩٣٨ لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە و دوای چوار ساڵ خوێندن بە پلەیەکی بەرز لە هاوینی ١٩٤٢ دەرچووە و بۆ پاییزەکەی لە قوتابخانەی سەرەتایی قەزای ڕانیە کراوە بە مامۆستا. لە ١٩٤٤/١٢/٢٤ ژنی هێناوە و خێزانێکی ڕێکوپێکی پێکەوە ناوە.

لە ژیانی مامۆستایەتیدا گەلێک پەروەردەکار بووە و نەوەی نوێی کوردی بە جوانی پێگەیاندووە و زۆر جار ڕێزوسوپاسی لە پەروەردەی هەولێرەوە پێدراوە و ڕاستترین ڕێگا گوتنەوەی وانەکانی قوتابیانی پەیڕەو کردووە و لێی سەرکەوتووە.

ئیسماعیل سەرهەنگ مرۆڤێکی نەتەوەپەروەری هەست ناسکی کورد بوو، لەگەڵ دامەزراندنی حزبی (هیوا)ی کورد بە سەرۆکایەتی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) وەک خۆی دەیگوت: لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە بووەتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە نەتەوەییەی کورد و، کاتێکیش کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ١٩٤٦/٨/١٦ دامەزرا بووە لایەنگیری ئەو حزبە و لە دواییدا وەک ئەندام کاری تێدا کرد و لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی تووشی گرتن و ڕاوەدونان و ئەشکەنجە بوو.

کاتێکش کە شۆڕشی ئەیلولی ڕزگاریخوازی کورد لە ١٩٦١/٩/١١ هەڵگیرسا ماوەیەک چووە پاڵ شۆڕشگێڕانی کورد و دەورێکی باشی بینی لە شیکردنەوەی شفرە و بروسکە نهێنیەکانی بێ تەلی سوپای عیراق و کاتێک لە ڕادیۆدا لەسەر شەپۆلی پەخشی ئەو بروسکە نهێنیانەی سوپا پەخش دەکران، دەقی ئەو بروسکانەی وەردەگرت، لێکی دەدایەوەو بە بیری تیژی شی دەکردنەوە و لەوەوە دەیزانی کەی هێزەکانی حکومەت هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و ئەوانیش خۆیان بۆ ئامادە دەکرد.

من لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥ دا، بۆ یەکەم جار مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ)م لە ڕانیە ناسی، کە ئەو سا من پێنج ساڵ بوو مامۆستای قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی کۆیە بووم، ئەویش مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکەی ڕانیە بوو، مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ هەر مامۆستایەکی پەروەردەکارو خەباتگێڕێکی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا زانایەکی ڕووەکناس بوو. یەکەم باخچەی لە ڕانیەدا چاند و تاکو ئێستاکەش ماوە و لە ماڵەکەیشیدا گوڵی هەمەجۆری دەڕواند و گەلێک تاقیکردنەوەی موتربەکردنی داری بە بەری ئەنجام دەدا.


جارێکیان شاندێکی وەزارەتی کشتوکاڵی عیراق لەگەڵ شارەزایەکی بیانی، دەیانگوت ئەمریکی بووە، هاتنە ڕانیە و بە دوای مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ دا گەڕان تاکو دۆزیبیانەوە و داوایان لێکرد لەگەڵیاندا بچێ بۆ چیای قەندیل و وەرزەکەش هاوین بوو، لەو گەشتەیاندا گەلێک ڕووەکی نەناسراویان لە قەندیل دۆزییەوە، کە هەندێکیان لە ڕەگەز و پۆلی ڕووەکەکانی چیای هیمالایا بوون و لەوانە دوو ڕووەکی تازە دۆزراوەیان بە ناوی (سەرهەنگ نەمبەر ١ و سەرهەنگ نەمبەر ٢) تۆمار کران و لە گۆڤاری (کشتوکاڵ)ی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لە ساڵی ١٩٥٧ دا ئەم دۆزینەوەیە بڵاوکرایەوە.

بە نەمانی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/١٩ نەتەوەی کورد مامۆستایەکی پەروەردەکارو تێکۆشەرێکی کاروانی خەباتی کوردایەتی و ڕووەکناسێکی زانای لە دەست دا.

**سەرچاوە: تۆماری بیرەوەرییەکانی کەریم شارەزا (دەستنووس)**



کەریم شارەزا



# مامۆستا سەرهەنگ، ئەو مرۆڤەی بۆ نیشتمانەکەی ژیا

(ئەو) لەبەر ئەوەی یەکێک بووە، کە بە هۆی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی هەڵۆی بەرزەفڕی کوردستان (سمکۆی شکاک) وەکو زۆر لە کەسوکار و خزم و عێل عەشرەتی (سمکۆ)ی نەمر لە باکووری کوردستانەوە پەڕاگەندەی باشووری کوردستان بووە.

(ئەو) لەبەر ئەوەی نەوەی شۆڕش و بەرخودان و سەرهەڵدان بووە، هەر لە سەرەتای گەنجییەوە لە باشووری کوردستان درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی داوە.

(ئەو) جگە لەوەی وەکو مامۆستایەک، چەندین نەوەی لە ڕۆڵەکانی کوردستان پێگەیاندووە و فێری ئەلف و بێی کوردایەتی کردوون، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ یەکێک بووە لە پێشمەرگە و کادیرە سیاسییەکانی شۆڕش.

لە ساڵی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ ئاشنایەتییم لەگەڵ مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) پەیدا کرد، کە من ئەوساکە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم لە هەولێر (باڵی مەکتەبی سیاسیی) لە هەمان کاتدا کوڕەکانی مامۆستا (هیوا و زیرەک) لە برادەرە نزیکەکانم بوون، دیارە ئاشنایەتی و دۆستایەتیم لەگەڵیدا بەردەوام بوو تا کۆچی دوایی لە ١٩ / ٠٣ / ٢٠٠٠.

مامۆستا سەرهەنگ، یەکێک بوو لەو سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرە کوردانەی هۆگری خوێندنەوە و کتێب بوو، برادەر و دۆستە نزیکەکانی نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانی کورد بوون، کتێبخانەیەکی گەورە و دەوڵەمەندی لە ماڵەکەیدا هەبوو، زۆرجار بەناو کتێبەکاندا دەگەڕام و لە بیرمە ساڵی ١٩٦٩کتێبی (ئینجیل)ی پیرۆز بە شێوەزاری کرمانجی بۆ یەکەمین جار لەو کتێبخانەیە کەوتە بەرچاوم و بردمە ماڵەوە و بە وردی خوێندمەوە، ئەوە جگە لە چەندین سەرچاوە و کتێبی دەگمەن (زانست، ئەدەب، هونەر، ئایین، پەروەردە، سروشت، گژ و گیا و بە دەیان سەرچاوەی تری ڕۆشنبیری و سیاسیی.

(ئەو) جگە لەوەش لە دوو بواری زۆر

**بێ ئەوەی هیچ بڕوانامەیەکی لە بواری کشتوکاڵیدا هەبێت، لە بواری زانستی ڕووەکیدا پسپۆڕ بوو، چەند جۆر گوڵ و ڕووەکی دۆزیوەتەوە، کە پێشتر لەسەر ئاستی جیهاندا نەدۆزرابوونەوە**



فەرید زامدار



**یەکێک بوو لە هاورێ و دۆستە نزیکەکانی سەرکردە ناودارەکانی شۆڕش و ڕێبازی کوردایەتی، مامۆستا برایم ئەحمەد، مام جەلال، عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و زۆرانی تر**

دەگمەن پسپۆڕ و شارەزا بوو:

١- خوێندنەوە و کردنەوەی (جفرە) کە جۆرە بروسکەیەک بوو لە ڕێی بێ تەلەوە وەردەگیرا، یان لە ئێزگەکان دەخوێندرایەوە و کەس تێی نەدەگەیشت تەنیا ئەوانەی پسپۆڕ بوون لەو بوارەدا، وەک لێی دەگێڕنەوە کاتی خۆی لە شۆڕشی ئەیلوول چەندین هێرش و پەلاماری سەربازیی ڕژێمی عێراقی ئاشکرا کردووە و هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی لێ ئاگادار کردۆتەوە و هێرشەکانی ڕژێم پووچەڵ دەکرانەوە.

٢ – بێ ئەوەی هیچ بڕوانامەیەکی لە بواری کشتوکاڵیدا هەبێت، لە بواری زانستی ڕووەکیدا پسپۆڕ بوو، چەند جۆر گوڵ و ڕووەکی دۆزیوەتەوە، کە پێشتر لەسەر ئاستی جیهاندا نەدۆزرابوونەوە. بەڵگەش بۆ ئەوە تا ئێستە لە چەندین مۆزەخانەی ڕووەکی وڵاتانی ئەوروپا، ناوی ئەو (گوڵ و ڕووەکانە) بە ناوی ئەو واتە بە ناوی (سەرهەنگ) تۆمار کراون.

(ئەو) لە ژیانی مامۆستاییەتیشدا لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستاندا مامۆستا بووە و چەندین لە ڕۆڵەکانی کوردی پێگەیاندووە.


(ئەو) یەکێک بوو لە هاورێ و دۆستە نزیکەکانی سەرکردە ناودارەکانی شۆڕش و ڕێبازی کوردایەتی، مامۆستا برایم ئەحمەد، مام جەلال، عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و زۆرانی تر.

لێرەوە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم خوێندنگایەک، شەقامێک، گۆڕەپانێک، باخچەیەک، یان بەشێک لە کۆلێژی کشتوکاڵ بە ناوی (سەرهەنگ) ناو بنرێت کە شایستەی ئەو کەڵە پیاوەیە بە هەموو ماناکانییەوە.

**سلێمانی – ٢٠٠٩/٠٧/١٨**




# مامۆستا سەرهەنگ، هەر مامۆستای قوتابخانە بوو؟ یان!



لەم دووهەفتەی ڕابردوودا بە سەرساميیەكی زۆرەوە هـەواڵـی كـۆچی دوایـی و مـاڵاوایـی سەربازێكی گومناوی كاروانی دوورو درێژی كوردایەتیم بیست. نەمدەویست بڕوا بە هەواڵەكە بكەم، بەڵام لە (سەكۆ)ی ژمارە (٤٣) دا دیسانەوە وئـەمـجارەیـان بـە چـاوی خـۆم چـەند دێڕێكی سەرەخۆشی سەكۆم خوێندەوە كە لە كاك هیوا سەرهەنگ كرابوو. ئیتر گومانم نەما كە ئەوە دوا ماڵئاوایی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییم و مامۆستای پێناساندنی یەكەم ڕێچكەی خەبات و كوردایەتیمە.

ساڵی ١٩٥٣ بوو، قوتابی پۆلی چواری قوتابخانەی سەرەتایی ڕانیە بووم، لاوێكی باڵا مام ناوەندی بـزۆز و پـڕ لـە جـوولـەو دەم بـە پێكەنین و ڕووخۆش یەكەم ڕۆژی دەستپێكردنی خوێندنی ئەو ساڵە بە زەردەخەنەیەكەوە خۆی كرد بە پۆلەكەماندا و بەڕێوەبەری قوتابخانە (كەمال ڕەشید حەوێزی) كە پاشان بەعس لە شاری كۆیە ساڵی ١٩٦٣ شەهیدی كرد، لەگەڵ بوو پێی ناساندین كە مامۆستای (الاشیاء والصحه) مانەو نـاوی مـامـۆسـتـا (ئیسماعیل سـەرهـەنـگ)ە لە بـەخـتـەوەری مـن دا خانوویەكیشیان دەست كەوتبوو، كە دراوسێ و بەرانبەر یەكتری بووین لە گەڕەكی قوولە.

لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بـووم، هەموو ڕۆژانێكی پێنج شەمووان بەیانی سەعات هەشت ئاڵای عێراقی هەڵدەكراو ئەوكاتە دوو سروودی باو و ڕەسمی هەبوو (علمی علمی علم العرب) و (ملكنا ملكنا نفديك بالارواح) دەبووایە لەهەڵكردنی ئاڵادا بووترایە. مامۆستا سەرهەنگ لە میانەی هاتوچۆكردنی هـەردوولا و تێكەڵاویمان فێری كردبووم، كە دەبێ لە كاتی هەڵكردنی ئاڵاكە گەر من سرووودەكەم خوێندەوە سروودێكی كوردی بخوێنمـەوە. سێ سـروودی بـۆ دەستنیشان



ئیبراهیم جەلال

كردبووم: (لە جێی تەیارە، كوردینە كڵاش ئەسپی سەفەرتانە) پێنج خشتەكی قانع لەسەر شیعرێكی حەمدی .

(ئودەبا چاكە لێم نەبن دەرهەم ـ لەو قسەو لەو حكایەتانەی دەیكەم)

حاجی قادری كۆیی (ئاگرێ بگری فەلەك ڕەبی ببێتە یەک شەڕێ) كە دوا بەیتی شیعرەكە:

***ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەكانی هەڵوەڕێ***

***هەركەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ***

من لە هەڵكردنی ئاڵادا (لە جێی تەیارە كوردینە)م خوێندەوە، كە لەسەر ئەوە لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە بیست داری هـەنـارم لە دەستان دراو هەموو دەستم و سەروچاوم هەڵمسابوو. مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ، نەک هەر لەوێدا پشتگیری كردم بەڵكو بۆ ڕۆژی دوایی كارێكی وای كرد، كە پۆلەكانی چوارو پێنج و شەش بە هۆی لێدانی منەوە، مان بگرن.

ساڵی ١٩٥٦ بوو شەڕی پۆرسەعید بوو لەنێوان وڵاتـی میسری عـەرەب و دەوڵـەتانی ئەوسای هاوپەیمانی ئینگلیز، مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ و مامۆستا شەفیق تایەر و مامۆستا ڕەسووڵ، ئێمەیان فێر دەكـرد، كە میسر لـەسـەر حەقە. ئەوكاتە لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا خوێندن و پەرتووكەكان هـەمووی بە زمانی عەرەبیی بوو، دەبوایە قوتابی بە عەرەبیی لە قوتابخانە بیخوێندبایە، بەڵام مامۆستا سەرهەنگ و شەفیق تایەر و مامۆستا ڕەسووڵ وانەكانیان بۆ دەكردین بە كوردیی و فێری ئەوەشیان دەكردین، كە دەبێ وەک قوتابی هەوڵ دەین بە كوردیی بخوێنین.

ساڵی ١٩٥٧ پۆلی شەشی سەرەتاییم تەواو كرد. مامۆستای كوردایەتیم سەرهەنگ ڕێنمایی كردم، كە لە قوتابخانەی ناوەندی بچمە ڕیزی یەكێتیی

قوتابیانی کوردستان.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت و مامۆستا سەرهەنگ لە ڕانیە نەماو گوێزرایەوە بۆ هەولێر، کە ئەوسا شاری ڕانیە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە هەولێر بوو.

شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو، ساڵی ١٩٦٣ لە ئەشکەوتی مالوومە لەگەڵ مامۆستای قوتابخانە و کوردایەتیم ئیسماعیل سەرهەنگ یەکمان گرتەوە، من وەک ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی و بەڕێزیشی وەک پسپۆڕی زانینی شیتەڵکردنی جفرەی بێ سێم (لاسلکی) هەر لەویش تێگەیشتم، کە مامۆستاکەم هەر مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و مامۆستای کوردایەتی نییە، بەڵکو مامۆستای جیهانی هونەری بێ سیم و ئیزگە و کارەباشە.

من کە منداڵ بووم دەمزانی، کە مامۆستام گوڵ دۆست و سەوزایی دۆستە، چونکە ماڵەکەیان حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، کە ڕەنگە ١٠٠ مەتر دووجا بووبێ هەمووی چیمەن و گوڵ و ڕووەک و چەندین جۆر درەختی بەردار بوو، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی کە مامۆستا سەرهەنگ پرۆفیسۆری ڕووەکناسی و خوڵقێنەری ڕووەکی نوێیەوە داهێنەری توخمی نوێی گوڵ و ڕووەکە، تا لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە گوندی (زەڵێ) لە نزیک بارەگای (ی.ن.ک)، کە نەخۆشخانەی شۆڕشی لێ بوو، چاوم بە گۆڤارێکی ئەڵمانی کەوت بە ناوی (Der spiegel) دێرشپیگڵ، کە ئەوکاتە دکتۆر فۆئاد تاڵەبانی تازە هاتبووە نێو شۆڕش و لە ئەڵمانیا گەڕابۆوە عێراق و دوایش دەرکەوت، کە ڕژێمی سەددام بۆ کوشتنی مام جەلال ناردبووی. لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. لە (دێرشپیگڵ)دا دوو وتاری سەرنج ڕاکێشی بۆ کەسێکی کورد تێدا بوو، یەکیان سەرکەوتنی فوئاد تاڵەبانی لە بەستنی خوێندا (تخثر الدم) و یەکی تریش باسی پرۆفیسۆر ئیسماعیل سەرهەنگ لە دۆزینەوەی (٢٩) توخمی نوێی ڕووەک دا. کە دکتۆر بۆی دەکردینە کوردی.

دوایین جار ساڵی ١٩٨٦، لە گوندی (یاخسەمەر) مامۆستا سەرهەنگ/م دیتەوە، کە هاتبوو بۆ لای کوڕە گەورەکەی (هیوا) کە ئەوکاتە هاتبووە ڕیزی شۆڕش.




**تێبینی: ئەم نووسینە سۆزێکی خۆشەویستی بێ بنەما نییە، پەخشانێکی کوردی ئەندێشەدارو وتارێکی پڕۆپاگەندەیی ئامێزیش نییە، بەڵکو ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەگەری دەرخستنی ڕاستی و ناساندنی ناودارێکی گومناوی کوردە بە خوێنەرانی ئازیز.**



**ئیسماعیل سەرهەنگ**

# چەند یادگارییەک



ئەمین فەقێ ئیسماعیل

من وەکو قوتابییەکی مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) کە لە سالانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، وانەی زانستیی بە من گوتووە لە (قوتابخانەی ڕانیە) لە شاری ڕانیەی ڕاپەڕین. ئەوەی کە ئەمن لە بیرم ماوە ئەو مامۆستا بەڕێزە وانەی زانستیی دەگوتەوە، ئەوەندە بە خۆشی هۆیەکانی فێرکردنی بەکار دەهێنا و بەباشی لە قوتابییەکانی دەگەیاند.

قوتابخانەکەمان باخچەی نەبوو. لە بەشی خۆرهەڵاتی قوتابخانەی ڕانیە (باخی گشتی ڕانیە)یە کە هەر مامۆستای بلیمەت خۆی دایمەزراند و دروستی کرد. پاش ئەوەی ڕەزامەندی قایمقامی وەرگرت بەشێکی لە باخەکە بۆ قوتابخانە تەرخان کرد، کە پاشان بە مۆرد و گوڵەباغ وەک پەرژینێک لە باخچەی گشتی جودا کردەوە، پاشان کێڵامان و ڕێکمانخست وەک خۆی دەیویست و ناوەڕاستەکەی کردە فریز و بە گوڵی ڕەنگاورەنک ڕازاندییەوە. لە بەهار و پایزدا وانەمان لەناو باخچەکە دەخوێند. خواخوامان بوو وانەی مامۆستامان هەبێ چونکە لێدانی نەبوو کە ئەوکاتە سەردەمی لێدان بوو. تەنیا بە قسەی خۆش و ئامۆژگاری و هۆیەکانی فێرکردن ئێمەی تێدەگەیاند و پێدەگەیاند.

ڕۆژێک لەناو باخچەکە وانەمان دەخوێند، قوتابییەکمان هەبوو ناوی (مراد) بوو خوالێیخۆش بێ، پشتی کووڕ بوو، کوڕی چاکبوو. لەناو باخچەکە گەڕابوو دیتبووی مریشکێک هێلکەی کردبوو، بە غاردان هات بۆ لای مامۆستا گوتی: مامۆستا هێلکەی کرد!! مامۆستاش بە پێکەنینەوە



مامۆستا سەرهەنگ لەگەڵ قوتابییەکانی

گوتی: کوڕە مراد چۆن مامۆستا هێلکەی کرد؟ بڵێ مریشک هێلکەی کرد. ئێمەش دامانە قاقای پێکەنین و مامۆستاش دەستێکی لە پشتی مراد داو گوتی: ئافەرین!.

هەرچەندە سەردەمی پاشایەتی بوو بەڵام مامۆستای بلیمەت، ئەو کاتە فێری سروودی شۆڕشگێڕی و نیشتمانیی دەکردین، ئەو مامۆستا کەڵەپیاوە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی زۆر بەهێز بوو، بۆیە دەیویست گیانی کوردایەتی لەناو دڵی قوتابییەکاندا بروێنێت و بۆ دوارۆژی نەتەوەکەیان ئامادەیان بکات.

مامۆستا سەرهەنگ زۆر ئاشنایەتی لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیم (مەئموری بەداله) خەزوورم (بەڕێوەبەری تەلەفۆن) هەبوو بە هۆی ڕەحمەتی (کەمالی خورشید ئەفەندی) یەوە.

ئێمە هاوینان باخچەمان هەبوو، تووتنمان دەکرد و هەموو شینایێکمان دەکرد. ئاشنایەتییەکی زۆرمان لەگەڵ ماڵی ڕەحمەتی (شێخ حەمید) و هاوسەرەکەی ڕەحمەتی (ڕەعبەخان) هەبوو. ڕۆژێک نا ڕۆژێک لە هەموو جۆرە سەوزەواتێکم بۆ دەبردن و هەفتەی جارێکیش ژێرچەنەمان لێدەناو بۆمان دەبردن. ڕۆژێک مامۆستا (سەرهەنگ) لە ماڵی شێخ حەمید دەبێ و پێکەوە ژێرچەنە دەخۆن، دیارە زۆری پێخۆش بووە، ڕۆژی پاشتر لە قوتابخانە پێی گوتم: ئەمین ژێرچەنەکەی دایکت زۆر خۆش بوو جار جارە ئاگات لە ئێمەش بێ. بۆیە لەبەر خاتری مامۆستا چەند جارێک لە باخچە مامۆستاکانمان دەعوەت کرد.




لە کۆتاییدا دەڵێم: هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەت مامۆستای خەباتگێڕ و بلیمەت و دڵسۆزی میللەت. هەتا لە ژیاندا بووی نموونەی بەرزی، زانست، زانیاری، ڕەوشتبەرزی، جەوانمەردی و پاکی بوویت. لە پەروەردەکردنی ڕووەک و گوڵناسیش داهێنەر و پسپۆڕ بوویت. ماڵەکەتان بەهەشتێک بوو، پڕ لە گوڵی دانسقەو دەگمەن.

کوردستانییەکی ئەوەندە پاک و بێگەرد بووی هەموو تەمەنی خۆت بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی کورد و خەبات و پێشمەرگایەتی و خزمەتی گەل و نیشتمانەکەت تەرخان کرد. بۆیە هەمیشە ناوت لەسەر زارانە.



مامۆستا  ئیسماعیل سەرهەنگ، یەکەم کەس لە لای چەپ



# زۆر شت ...
# لە مامۆستا سەرهەنگ فێربووین

سەعدوڵڵا پەرۆش


لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بەسەرچوو، کە جارێ تازە لە قۆناخی مێردمنداڵیدا بووم، ئەودەم بزوێنەری بزاڤی ڕۆشنبیری بە گشتی و بواری شیعر و ئەدەبیات و هونەری گۆرانی و موزیک، دوو سەرچاوەی گرنگ بوون، کە بریتی بوون لە دوو ئێستگەی ڕادیۆ. ئێستگەی ڕادیۆی کوردی کرماشان و ئێستگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا.

ئەوێ ڕۆژێ بۆ ئێمەمانانی جحێڵ و تازە چاوهەڵهێناو جگە لە دیوانە شیعرییە چاپکراوەکانی چاپخانەی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی و چەند دانە گۆڤارێکی لە دەرچوون وەستاوی وەک (گەلاوێژ، هیوا و هەتاو) کە تاکوتەرا دەست دەکەوتن هیچی تر لەبەر دەستدا نەبوو، کە تینوێتی حەز و ئارەزووی خوێندنەوەمان بشکێنین. بۆیە زۆرترین گوێگری ئەو دوو ڕادیۆیە بووین، شەوانە ڕادیۆی کوردی کرماشان بەرنامەی شیعری کلاسیک بە دەنگی ئاوازئامێزی شوکروڵڵای بابان و بەرنامەی چیرۆکی شەو. بەیانیانیش بەرنامە بە پێزەکانی ڕادیۆی کوردی بەغدا، کە بە نامەی گوێگران دەڕازاندرایەوە. لەوێوە بۆ یەکەم جار گوێم لە ناوی (هیوا سەرهەنگ) بوو، کە ئەودەم گوێگر و بەشدارێکی بەردەوامی بەرنامە هەمەرەنگەکانی بوو.

دواتر لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئەو زاتەم ناسی، وێڕای هاوڕێیەتی کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەیی، بووین بە ئاشنا و برادەری گیانی بە گیانی یەکتریش.

بێگومان دەبێ ئەوەش بڵێم من هەر لەگەڵ





بیستنی ناوی (هیوا) و گوێگرتن لە نامەکانی بۆ بەرنامەکان، کە بە کوردییەکی ڕەوان و زمانێکی پاراو دایدەڕشتن، مەزەندەم بۆ ئەوەچوو، کە ناوبراو پەروەردەی خانەوادەیەکی شارستانی و کوڕی باوکێکی هۆشیار و کوردپەروەرە.

بۆ؟! چونکە بۆ ئەو سەردەم هەڵبژاردنی ناوی (هیوا) دەلالەتی ڕووناکبیری و کوردایەتی خۆی هەبوو کە لە دواییدا مەزەندەکەم بە ڕاست دەرچوو. کە دوای ناسین و ئاشنایەتی پەیداکردن، بۆم دەرکەوت (سەرهەنگ)ی باوک، واتە مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) مامۆستایەکی بلیمەت، کوردپەروەر، زمانزان، ئەدەبدۆست، ڕووەکناس و ئاگادار لە کلتوور و مێژووی گەلەکەمان، وێڕای ئاوێتەبوونێکی درێژخایەن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلە ستەمدیدەکەمان.

ماڵی (هیوا سەرهەنگ) و دیدارەکانی (سەرهەنگ)ی باوک بۆ زۆربەی زۆری ئەوانەی، کە حەز و ئارەزووی ئەدەبیاتمان هەبوو، یان ڕاستتر بڵێم سەرەتای پرۆسەی شیعر نووسینمان بوو. ئەو ماڵە نەک هەر ساڵۆنێکی ئەدەبی بوو، بەڵکو قوتابخانەیەک بوو بۆ نەشونماکردنی هەستی نەتەوایەتی و چەکەرەکردنی بەهرەکانمان.

ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ و دواتریش بەردەوام هاموشۆی ئەو ماڵەمان دەکرد و دەچووینە خزمەت مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) ئەوانە بووین: (عەبدوڵڵا پەشێو، سامی شۆڕش، مستەفا ڕابەر، بەندە، جەمیل ڕەنجبەر، جەوهەر کرمانج، فەرید زامدار، کاکەمەم بۆتانی و هی تریش) کە بە داخەوە ڕەنگە ئێستە ناویانم بیر نەما بێ، چونکە نزیکەی ٣٥-٤٠ ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە. من بۆ خۆم بێگومان ئەوانی دیکەش زۆر شت لە مامۆستا (سەرهەنگ) فێر بووین، چونکە ئەو مرۆڤە لە ئینسکلۆپیدیایەک دەچوو، کە هەموو زانیارییەکی تێدا تۆمار کرابێ، لە سەرجەم بوارەکانی ژیان: مێژوو، جوگرافیا، زمان (کوردیی، عەرەبیی و فارسیی) ئەدەبیات (هی هەر سێ زمان) ڕووەکناسی بە گشتی و گوڵ بەتایبەتی، کەسایەتییە مێژووییە سیاسییەکانی شۆڕشەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئایین و سەرەتاکانی بە دیدێکی عیلمانی، پەروەردە، هونەرەکانی (موزیک، شانۆ، سینەما، شێوەکاریی) ئەمە هەمووی وێڕای زانستێک، کە تەنیا و تەنیا لە زیرەکیی و بیر تیژیی و بەهرەمەندی خۆی سەرچاوەی گرتبوو ئەویش زانستی خوێندنەوە و کردنەوەی جفرە بوو، بە پرۆسەیەکی ماتماتیکانە دەیدۆزییەوە.


لە کۆتاییدا دەڵێم: مامۆستای بلیمەت و زانا مامۆستا (سەرهەنگ) زۆر لەوە گەورەترە بەچەند دێڕێک و چەند لاپەڕەیەک باس بکرێ و بەهرە و زانیارییەکانی، خەبات و تێکۆشانی بنرخێندرێ، بەڵکو ئەو مرۆڤە ئەگەر بە وردی ژیان و بەهرە و خەبات و بلیمەتی و توانستە زیهنییەکانی تۆمار بکرێ چەند کتێبێکی پێدەوێ. هیوادارم براو برادەری دێرزەمانم (هیوا سەرهەنگ) پرۆژەی بە چاپگەیاندنی ئەم بیرەوەرییانە بگرێتە ئەستۆ و نەهێڵێت لەوە زیاتر ئەو ناوە پرشنگدارە لە مێژووی گەلەکەمان لەبیر بچێتەوە.

هەولێر- هاوینی ٢٠٠٩



ئیسماعیل سەرهەنگ لەگەڵ نەوەکەی بافڵ هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ

# ئیسماعیل سەرهەنگ لە رۆمانی هەولێر چۆمان





شێرزاد هەینی

لەو دۆسیەیە دەزانم هەموو بە جۆرێکی تر باسی کەسایەتی رەوانشاد مامۆستا «ئیسماعیل سەرهەنگ» دەکەن، بۆیە من ئەوەم بە دروست زانی، بەو شێوەیە، بە بڵاوکردنەوەی چەند برگەیەکی رۆمانەکە، کە بەشێکی زۆری تایبەتە بە کەسایەتی، خەبات و رۆژانەکەی، بڵاوبکەمەوە.

من لە سەرەتای هەفتاکان لەناو ماڵەکەیان، لەناو خانوویێکی گەورەی گەڕەکی «کانی»ی لە هەولێر، بە برادەرایەتی «زیرەک»ی کوڕی و قەڵەمی»هیوا»ی برا گەورەی باش و شیرین مامۆستام ناسی و خۆشمویست، زۆر کتێبە کۆنەکانی ماڵەکەی ئەوم خوێندیتەوە.

## گوڵەبەرۆژە ئاراستەی کردم

بەڵام وا لەو گوندە و زووتریش، لە شاریش، لە باخچە گەورەکەی ماڵی خۆشیان، بۆ حەزرەتی "ئیسماعیل سەرهەنگ" گوڵ، گوڵی ناوچەکە، گوڵەکانی تۆی لەدەرەوە دەهاتن، کرنۆش دەبەن. چونکە ئەو دروستی کردوون، ئەو خزمەتیان دەکات و دەستی نازیان بەسەردا دێنێت، ئەو دەزانی کەی ژووان بکەن!؟

ئەو دەڕۆیشت، ملی رێگایەکی بێ ناونیشانی گرتبووە بەر، تا لەوێ بە مامۆستا بڵێت:

لەودەمەی تۆ لەو دوو ژوورە، لەو گوندە لاچەپە دەژیت و کاردەکەیت، سەدان رۆژنامەنووسی بیانی پیاو و ژن، بە جلی کوردی و کامیرا بە دەست و جەمەدانی لە مل و لاوازی جانتا لە کۆڵ، هاتوونەتە لات.

ئەو لە گوڵێکی سووری دەم بچکۆڵانەی شەرمنی بن دیوارەکە دەپرسێت:

زەحمەت نەبێ، دەتوانم مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ ببینم!؟

گوڵ شەیدای کردووە. گوڵ لە نووسینی راهێناوە، گوڵە، کە قەڵەمی گەرم کردووە و دەنووسێت:

من یەکەم فەرمانبەر بووم، بوومەتە پێشمەرگە، هاتوومەتە ناو شۆڕش، لەجیاتی بڕنۆیەکی درێژ و فیشەکی زەرد، رۆژانە خەریکی گوڵ بووم. کە بەو کێوانە دەمامەوە، لە قەراخ ئاوەکان، مەست بە دیار گوڵاڵەکان حەیران دەبووم.

لە هەموو گوندێک گوڵێکی نوێم دۆزیوەتەوە، گوندەکەم بەو ناوە ناسیوەتەوە. شوانێک گوڵێکی بۆم دەدۆزیەوە، ناوی شوانەکەم بەناوی گوڵەکە گۆڕیوە. گوڵم چاندووە، لەبەر دەرگای بارەگای بەتالیۆن، لەنزیک جبەخانەکەی ناو ئەشکەوتەکە، بەرامبەر فڕنەکەی رۆژانە دووجار نانی بۆ پێشمەرگەکان دەکرد. ناردم لە شار بەرگێک بۆ رادیۆکەم بکەن، داوام کردبوو پێشەوەی بە گوڵ بنەخشێنن!

بەردەوام، لە بارەگەمان، لەناو بوخچە و کەلوپەلە شڕەکانی پێشمەرگەکان، لەتەنیشت خەریتەکانی فیشەک، سەندوقەکانی نارنجۆک، لەگەڵ بۆنی سابۆن و بۆنی تۆی وشکی سەر شەرواڵی پیاوەکان، لەو ژوورە تاریکە دەم بە دڵۆپەیە، چاو بە شێیە، بسکی کاریتە شکاوەکە.



لەوێ لەو ژوورەی چەند هەگبە گوڵی وشکراوەم هەبوو، گوڵی سوور وەک خوێن. زەرد وەک لێوی لقی شکاوی پێشمەرگە لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت لەگەڵ دەبابە و تەیارە و تۆپخانە. من هەموو رەنگەکانی گوڵم هەبوو. کە ساوەرە سپییەکەیان بۆمان تێدەکرد، بەر لەوەی ساوەرەکە بگاتە دەمە برسییە ماندووەکان، من ساوەرەکەم، قاپەکانم بە گوڵە وشککراوەکە، بە رەنگەکان، بە بۆنەکان دەرەشاند!

من هەموو بەیانییان، پەلکە گوڵ و خونچە گوڵم لەناو کترییە رەشە دەمشکاوەکەی چا دەکرد، بەوەش رەنگ و تامی سازگار دەبوو. گوڵم لەناو بالیفەکەم کردووە، بۆیەش ئەوانی تر پاڕاونەتەوە گوڵ و خونچەیان لەناو بالیفەکانیان بکەن. ئامێر هێزەکەمان، سەرلقەکان، هەموویان بالیفیان بۆنی گوڵی لێ هاتووە، تا رۆژێکیان پێشنیار دەکەن، ناوی لق و پەل و دەستە و ناوچەکان بەناوی گوڵەوە بکەن! ئەوەندە سەیری گوڵم کردبوو، گوڵاڵەکانیش فێرببوون، کە منیان دەبینی لاسک و مل و گەردەنیان درێژتر دەکرد، بۆنیان دەنارد، رەنگیان دەبەخشی!

لە جوانی گوڵ و رەنگی گوڵ و چاندن و چەمانەوە بۆ لقی گوڵەکان، ئیلهامێکم بۆ دروست بوو. بەهرەیەک، هەرگیز بیرم لێی نەکردبووەوە، هاتە ناو هزرم، شارەزای مۆرس بووم، بوومە "ساموئیل مۆرس"، پیاوە ئەمریکییەکەی لە نیگارکێشان، لەبەر برسیەتی و شەیداییەوە داهێنان بۆ هەموو دونیا پەیدا دەکات. تەلگراف درێژتر دەکاتەوە، تا بگاتە هەموو جیهان، لە ئەوروپاش بپەڕێتەوە.

من لە گوڵی بەیبوون فێربووم نهێنی چییە! لە گوڵەبەرۆژە ئاراستەکردنی دروست و راست فێربووم. لە بسکۆڵە، گوڵ هەیە ناوی بسکۆڵەیە سووڕانەوە فێربووم. لە گوڵی بەرکەمەر، پیتە بازنەیەکانی ناو بروسکەکان فێربووم. پشتیوانی لە بووکی پشت پەردە، گوڵەکەی ببووە بووکێک و لەپشت پەردەوە نازی دەکرد، ئەو گوڵە منی هەژاند.

لەبەر بۆنی گوڵ و رەنگی گوڵ، هەستم دەکرد، خەیاڵ ببووم، لەناکاو وەک جریوەی کانی، زیوین، سازگار بەهرەیەکم تێدا خوڵقاوە، بەڵام نەمدەزانی چییە، نەمدەزانی ژیانم لەگەڵ گوڵ، پەنجەم لەگەڵ قامک و باسکی گوڵ چی فێرکردووم!


نەمدەزانی، نەمدەزانی گوڵ، تا رۆژێکیان، لە گەرمەی گەڕانەوەی مەفرەزەیەکی ماندوو، هەڵخستنی دوو سێ جەمەدانی پڕ نهێنی، لەبەر چاوی گەشی هەتاوەکە، کردنەوەی پشدێنی لوولدراو و توندکراو، بە خەریتەی فیشەک. لەوێ لە ریزی نانخواردن، لەگەڵ برسیەتی، تینوویەتی، پەرۆشی هەواڵ و شەیدایی سەرکەوتن. دڵی خۆش بوو، کە پاتری جیهازەکەی پڕ دەبوو، سەرە سەعاتەکان دەهات و جیهازەکەی دەکردەوە، بروسکەکەی دەنووسیەوە و شەفرەکەی حەل دەکرد.

من لە گوڵەکان دوورکەوتبوومەوە، لەکن وەلی دانیشتبووم، جیهازە راکالە رەقم نۆیەکە چکەچکی نەمابوو، سەرە سەعات و نیوە سەعاتیش نەبوو. ئەو قاپە ساوارەکەی لەسەر رانێکی دانابوو، لەسەر رانەکەی تری بروسکەیەکی لەسەر پانکردبووەوە، سەیری دەکرد.

لەناکاو مۆرسەکە بۆم کرانەوە. مۆرسەکان هاتنە قسە، گوێم لێ بوو، گوتیان، زانیم نووسراوە، رەبیەکە لە گوندەکە بگوازنەوە، شەو خۆتان بپێچنەوە، بەیانی زوو زیلێک دەنێرین بتانگوازنەوە.


پیتەکان، مۆرسەکان بۆ من، لەبەر چاوی من، بوونە ئەو دوو سێ وشەیە! قسەکانم بە وەلی گوت، ئەویش قاپەکەی لەسەر چۆکی هەڵگرت، پارچە کاغەزەکەی پێچایەوە و رۆیشت!

بەیانی زوو زیلێک، وەک فیلێکی گەورە، لە رەبیەکە نزیک کەوتەوە، سەرباز و



کەلوپەلەکانیان بارکرد، لە ئێمە دیاربوون، بە دووربینیش هەموومان وردەکارییەکەمان بینی.

گوڵ دەبێتە دەرمان و دیاری و هەموو چالاکییەکانی هزریش. من لە هێمنی گوڵەوە فێر بووم، نهێنییە دوورەکان ئاشکرابکەم. لە گوڵەوە ناو و ئارەزووم گەیشتە بارەگای بارزانی، "باوەشینە گیا" منی هەژان، "بسکۆلە" ناسکەکە پیتە درێژەکانی ناو مۆرسی بروسکەکانی بۆم هێنایە قسە. "بەلاڵۆک"، "بەیبوون"، "بن بەردۆک"، "بەرکەمەر" خەیاڵی منیان هەژاند. هەستم کرد بەهرەیەکم تێدا تەقیوەتەوە.




قسەکانی دەکرد و ئازاد دەینووسی، وەک رۆژنامەنووسێکی بە ئەزموون فێر ببوو، سەرەدێر و ناو و رۆژ و رازەکانی دەنووسی. پرسیاری نەدەکرد، چونکە مامۆستا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، سەربردەکەی دووردرێژ و سیحراوی بوون.

سەری بەرز دەکاتەوە و گوێ لە قسەکانی مامۆستا رادەگرێت:

من هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە، رۆژێک بە دیار چوار پێنج جیهازی لاسلکی و چکەچکەکانی دابنیشم. بروسکەکان شرۆڤە بکەم، وەک خۆی، وەک چۆن:

ئەفسەرە عەرەبەکە، ئامیر لیواکە، قائید فرقەکە، سەرۆک جاشەکە، موتەسەریفەکە، قائیمقامەکە. نووسیویانە. بووە بە بروسکە، منیش رەمز و پیتە مۆرسەکانم کردۆتەوە نووسین، بەڵام بە کوردی، ئەوان نووسیویانە، من نووسیومەتەوە و بۆ ئیدریس بارزانی دەنێرمەوە، لەوێش:

هەواڵەکە، پەیامەکە. دەگاتە:

مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری و هێزەکان، عەلی شەعبان، فارس باوە، عەبدوڵا ئاغا، فەتاح ئاغا، مولازم بێستون، حەسەن بارزانی. بروسک و نهێنییەکە دەگاتە:

لقەکان، خورشید شێرە، فەرەنسۆ هەریری، شاخەوانی کۆمەڵایەتی و ... دارا تۆفیق و راگەیاندن و هەموو ئەمانەتەکان، کشتوکاڵ، پەروەردە، تەندروستی، کەمپی ئاوارەکان لە "نەلیوان"، "رەبەت" و ... زوو زووش و ماوەماوە مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ دەیگوت:

من لە گوڵ فێربووم.

بەڵێ من وادەزانم "مینا"، حاجیلەکەی خۆمان سەمام بۆ دەکات، "پەنجۆلەژەن" بۆ من پیت و ژمارەکانی سەر بروسکەکەی دەجوولاند. لەبەرچاوانم دەبونەوە وشەکەی لەوێ چۆن نووسرابوو، من بەهرەیەکم بۆ خولقابوو،

“هاز“ و “هەلز“ و “شەشپەڕ“، تۆ کەلیمات موتەقاتیعەی دوا لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دیوە!

نازانم، هەرگیز ڕۆژنامەیەکم نەکڕیبوو، نازانم کەلیمات موتەقاتیعە چییە.

چونکە نازانن، لەناو شۆڕش، شوفرەکانیان بە ڕەنگی گوڵ و دەستی نەرم گوڵزارێک دەخوێندرێتەوە. پیاوێکی ورد و نەرم، هەموو مۆرسەکان وەک پیتی نووسینەکان دەخوێنێتەوە و سەرووی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە!

**مۆرس**

چەند سەعاتێک، هەستکردن لە نهێنی مۆرس ڕایدەگرێت، گەڕانەوە بۆ سالانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، ریشی درێژی ساموئیل مۆرس، ئەو ناوەی ئیسلامەکانی پێی دەڵێن ئیسماعیل. مۆرس بە داهێنانەکانی ئێستاش ریشە پانەکەی ماوە و دەبریسکێتەوە.

بەڵام لێرە و لەو شۆڕشە، لەو گوندەی گۆمە فیلاوییەکە چەقاندویەتی، ریشە درێژەکەی تەسلیمی ئیسماعیلێکی تر دەکات، بەڵام لێرە بە ئیسماعیل دەڵێن، سمکۆ، وا گەمە بە مۆرسەکانی ئەو دەکات، مۆرسەکانی ئەو، بۆ جەنگێکی تر بەکاردێنێت، ئیسماعیل سەرهەنگ بە ساموئیلەکەی، لەنێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا زانستەکەی ماندووی کردبوو، دەڵێت:

من بەو مۆرسانەی تۆوە، کە کلیلەکانم لە بۆن و جوانی گوڵ دۆزیەوە! خزمەتی میللەتەکەم دەکەم!

ئەویش دەکرێ بەو رازەی خۆی وەڵامی بداتەوە، بە برسیەتی و پەڕینەوە لە دەریا و ئۆقیانووسەکە ئەوەم دۆزیوە! تۆش پیاوە عاشقەکەی گوڵ، بەوانە، بە مۆرسەکانم بوویت بە چ!؟

من گوندێکم لەبەردەستە! دوو ژووری خاوێن و چەند جیهازێکی ڕاکاڵ و ئاسمانێک و ڕووبەرێکی بەپیت، بۆ گوڵچاندن و کۆکردنەوەی ڕەنگی چاوی گوڵەکان!

ساموئیل مۆرس، پێیدەڵێت:

_ چیتر، چونکە من زۆر ماندوو بووم، زۆریش ئازارم کێشا کە لە ئەمریکاوە پەڕیمەوە! تا ئەو مۆرسانەم دۆزیەوە، تەلەگرافم کردە ڕاستی و هەردوو جیهانم گەیاندەوە یەکتری.

_ بە مۆرسەکانی تۆ، خوێنی ڕژاوی میللەتە داماوەکەم کەم کردیتەوە. نەوەکانی تۆ، دەزانن، چەند خوێنمان ڕشتووە و چەند ماندووین، چەندیش، فێڵیان لێ کردوین!

_ من شانازم! “پیاوەکەی شوفرەکانی دەکردوە بە ساموئیل مۆرس دەڵێت“.


_ بە چ؟ “ئەویش دیارە شانازە، بۆیە دەڵێت“.

بەوەی بە مۆرسەکانی تۆ، بەئاسانی و بەبێ ئەوەی گیانی کەس بکەوێتە مەترسی، کەس ڕەوانە بکەین، کەس ڕاسپێرین، هەموو نهێنییەکانی دوژمن دەزانین.

هەردووکیان ئیسماعیل بوون، بووبوونە قوربانی خۆپەرستی ئیبراهیمێک، لەوێ ئەوەی ناوی ئابراهام بوو، ئابراهام لینکۆڵن ڕیزی ناگرێت و دەربەدەری ئەوروپا دەبێت. دووبارە خوێن و ناو و ڕەچەڵەکەی دەگێڕێتەوە ئەوروپا. لینکۆلن گوێی لە مۆرسەکانی نەگرت، بەناچاری ئاوە بەرینەکەی ئۆقیانووسەکە دەبڕێت و دەگەڕێتەوە ئەوروپا.

تۆش، سەرۆکی وڵاتەکەتان، گوێی لە مۆرس و داوای ئێوە نەگرت و هاتوونەتە بەر سام و ترسی گۆمە فیلاوییەکەی ئەو گوندە. کەوتوونەتە ناو فێڵی ئێرانییەکان، کەرەج و جیهانی دەرەوە، بەڵێنەکانی کەس نازانێت چۆنە و ماوەکەی چەندە و بەندەکانی چییە!؟





چراکانی نیشتمان

# ئیسماعیل سەرهەنگ
# خەباتگێرو گوڵپەروەر!

خەلیل عەبدوڵلا

***شـــەمـــاڵ هـــات بـــەگـــاڵـــە گـــاڵ***
***هـــەور بـــوون گـــەواڵ گـــەواڵ***
***پـشـكـووت گـوڵـی گـــەش و ئـاڵ***
***بـلـبـل كـــەوتـــە نـــاڵـــە نـــاڵ***

**هێمن**

ئیسماعیل سەرهەنگ کەسایەتییەکی نیشتمانیی گەورە و خەباتگێڕێکی ئازا و جەسور بووە،




**ئەحمەد سەرهەنگ، برای ئیسماعیل سەرهەنگ و سمکۆی شکاک**

ئەو زۆربەی تەمەنی خۆی بەکاروانی تێکۆشانی کوردایەتی بەخشی.

کە ژیاننامەکەی و وتارێکی سەنگینی سەرۆک مام جەلال-م لەسەر ئەم تێکۆشەرە ماندوونەناس و هۆشیارە خوێندەوە، زۆر پێی سەرسام بووم. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام و سەرۆک مام جەلال-یش ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە کە ئەو پیاوە تێکۆشەرە لەپاڵ تێکۆشانیی سەختی کوردایەتیدا، بایەخی بەدۆزینەوەی گوڵ و گیای نوێ لە چیاکانی کوردستان داوە و لەو بوارەدا چەندین گوڵ و گیا و ڕووەکی نوێی دۆزیوەتەوە و بەشانازییەوە تۆماری کردوون.

ئیسماعیل سەرهەنگ ساڵی ١٩٢٠ لەشاری شەمزینانی باکوری کوردستان لەدایک بووە.

لەئامێزی خێزانێکی کوردپەروەر گۆش و پەروەردە بووە. باوکی پیاوێکی تێکۆشەر و هەڵکەوتوو و بەدیمەنی سەردەمی خۆی بووە. ئەو یەکێک لە هاوڕێ خەباتگێڕەکانی سمکۆی شکاک بووە و بەشداریی کاریگەری لە جووڵانەوەکەیدا کردووە. دوای شکستی بزووتنەوەکەی سمکۆ، سەرهەنگ بەنهێنی چۆتە ئیستانبوڵو لەوێوە بۆ لوبنان و پاشان بەخێزانەوە خۆی گەیاندۆتە باشووری کوردستان و لەوێ گیرساونەتەوە و جێگیر بوون.

ئیسماعیل خراوەتە بەرخوێندنو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی بەغدای بەدەست هێناوەو لەساڵی ١٩٤٢ لە شارۆچکەی ڕانیە بووە بەمامۆستاو بەگیانی نیشتمانپەروەری خوێندکارەکانی گۆشو پەروەردە کردووە.

مامۆستا ئیسماعیل لەهەرەتی گەنجیدا، تێکەڵ بە



دونیای سیاسەت بووە. لەنێو حزبەکانی هیوا، ڕزگاری و پارتی دیموکراتیی کوردستان خەباتی کردووەو ماوەی حەوت ساڵیش وەک پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە. مامۆستا سەرهەنگ شارەزاییەکی زۆری لە جیهاز و دانان و کردنەوەی جفرەکاندا هەبووە. هەر بەهۆی ئەو شارەزاییەوە توانیبووی بچێتە نێو جیهازەکانی دوژمن و جفرە و نهێنیی پلان و هێرشەکانیان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە ئاشکرا بکات، بەوەش وەک سەرۆک مام جەلال لەوتارەکەیدا باسی دەکات خزمەتێکی زۆری بە شۆڕشو پاراستنی هێزی پێشمەرگە کردبوو.

مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ سەرباری خەبات و تێکۆشانی پڕ سەروەریی، خولیایەکی دیکەی هەبووە ئەویش بایەخدان بە گوڵ و گیا و ڕووەک بووە، لەپاڵ تێکۆشانەکەیدا، چەند بواری بووبێ لەچیا و دۆڵەکانی کوردستان بەدوای گوڵ، گیا و ڕووەکدا گەڕاوە و شارەزاییەکی زۆری لەو بوارەدا پەیدا کردووە، بەوەش بووە بە جێگەی سەرنجی شارەزایانی ناوخۆ و دەرەوە، لەگەڵیدا چووبوونە چیاکانی قەندیل و هەڵگورد و دۆڵ و شاخەکانی دی، بۆ دۆزینەوەی گوڵ و گیا و ڕووەکی نوێ، ئەم پیاوە گوڵچن و گوڵپەروەرە زیاتر لە ٣٠٠ جۆر گوڵ وگیا و ڕووەکی نوێی تۆمار نەکراوی دۆزیوەتەوە، کە تەنیا ٣٠ جۆریان بە ناوی سەرهەنگەوە تۆمار کراون و لە گۆڤارە زانستییەکانی دونیادا بڵاوکراونەتەوە. ئەو ٣٠ جۆرە گوڵ و ڕووەکە لە مۆزەخانە ڕووەکییەکانی لەندەن و ڤییەنادا بەناوی سەرهەنگەوە تۆمار کراون و پارێزراون.

ئەوەش شانازییەکی گەورەیە بۆ خەباتگێڕێکی کورد، کە ئەو سەروەرییەی بۆ خۆی و گەلی کوردستان تۆمار کردووە.

ئەم پیاوە تێکۆشەر و گوڵپەروەرەی کوردستان، لە١٩ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ بۆ دوا جار لەشاری هەولێر چاوەکانی لێکنا و چوونە دنیای سەروەرانی نیشتمانەوە.

ئیسماعیل سەرهەنگ یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی سەرۆک مام جەلال و خۆشەویستی ئەو بووە. دوای کۆچی دوایی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ، سەرۆک مام جەلال وتارێکی جوانی لەسەر نووسیوەو لاپەڕەکانی تێکۆشانی و یاد و یادەوەری و یادگارییەکانی هەڵداوەتەوە و وەک خەباتگێڕێکی دلێرو جوامێر و مەبدەئی و هۆشیار و شارستانی و خاکی و خۆشەویست و بێ تەماع و خۆنەویست وەسفی کردووە.

سەرۆک مام جەلال گوڵناسینەکەشی بەرز دەنرخێنێ، کە چەندین جۆر گوڵ و ڕووەکی کوردستان لە فەرهەنگیی گوڵناسیی جیهانیدا بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون و لە کوردستانیشدا وەک شۆڕەسواری ئەو بوارە بەشانازییەوە ماوەتەوە.


لەکۆتاییدا درودی ڕێزو وەفاو ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ ئەو پیاوەی لەباکووری کوردستانەوە هات و باشووری کوردستانی کردە مەکۆی تێکۆشانی و گوڵە جوانەکانی کوردستانی بە جیهان ناساند و لە فەرهەنگ و مۆزەخانەکانی ئەوروپادا تۆماری کردن.

***وەفایی بۆ گوڵێکی سەر و باڵا شێت و شەیدایە***
***وەکو قومری دەناڵێنێ وەکو بولبول غەزەلخوانە***
***وەفایی***

*** زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی خۆشەویستم کاک «هیوا سەرهەنگ» کە وتارێکی خۆی و سەرۆک مام جەلالی لەسەر باوکی بۆ ناردم، بۆ ئەو گۆشەیە سوودی زۆرم لێوەرگرتن.**



**ئیسماعیل سەرهەنگ و مام جەلال**



# بڵێسە
## یەکەمین هەوڵی ڕۆژنامەوانیی لە ڕانیە

بەدواداچوونی: جێگر خدر

بڵێسە، یەکەمین هەوڵی ڕۆژنامەوانی بووە لە شاری ڕانیە و بیتوێن و پشدەر بەگشتی، ئەو ڕۆژنامەیە لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەری ڕانیە، کە خاوەنی بیری چەپ و نەتەوەیی بوون و بەشێکیان ئەندامی حزبی ( هیوا ) بوون، لە ساڵی ١٩٤٤ بە نهێنی و بە دەستنووس نووسراوەتەوە و پێنج ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و کۆتا ژمارەی پاشکۆیەکیشی لەگەڵ بڵاوکراوەتەوە.

بە پشبەستن بە زانیارییەکانی نیازی حەمە عەزیز، شاعیر و ڕۆژنامەوانی دێرین لە ڕانیە، کە چەند ساڵێکە بەدوای ڕاستیی و دروستی و وردەکاری چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی (بڵێسە) دا دەگەڕێت، هەروەها بە پشتبەستن بە توێژنەوەی ڕۆژنامەنووسی لۆکاڵی، ڕانیە ١٩٩١-٢٠١٥ کە لەلایەن هەردوو پسپۆڕی ڕاگەیاندن، دکتۆر هێرش ڕەسووڵ و دکتۆر ئاراز ڕەمەزان، ئەنجامدراوە و دواتریش لە ساڵی ٢٠١٨ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە شێوەی نامیلکەیەک بڵاوی کردووەتەوە.

زۆر لە سەرچاوەکان بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ساڵی ١٩٤٢ دەگێڕنەوە، بەڵام نیازی حەمە عەزیز دەڵێت: بەدواداچوونم کردووە و ئەوەی بۆم سەلمێندراوە، ڕۆژنامەکە لە بەهاری ١٩٤٤ لەلایەن چەند کەسێکی نیشتیمانپەروەر و خوێندەواری سنوورەکە، کە بەشێکییان مامۆستا بوون و خەڵکی ڕانیە نەبوونە و خاوەنی بیری چەپ و شۆڕشگێرانە بوونە، بەشێکیشیان ئەندام و لایەنگری حزبی (هیوا) بوونە، بە نهێنی دەرچوێندراوە و هەر بەنهێنیش بردوویانەتە شاری کەرکووک و لە ڕێگەی سندووقی پۆستەوە بۆ کەسایەتییە ناسراو و خوێندەوارەکانی شارەکانی کوردستانیان ناردووە.

»ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی سۆرانی نووسراوە و مانگانە بووە و پێنج ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، هاوکات لەگەڵ ژمارەی پێنج، کە هەر لەهەمان ساڵدا بووە، واتا ١٩٤٤، پاشکۆیەکیشی لەپاڵدا بڵاوکراوەتەوە.

(بڵێسە) بە دەستنووس نووسراوە، وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن، کاربۆن بەکارهاتووە بۆ زیادکردنی ژمارەی ڕۆژنامەکە و پێکانی ئەو ئامانجەی نووسەران هەیانبووە بۆ گەیاندنی بە شار و کەسایەتییە جیاجیاکان.

نووسەرانی ڕۆژنامەکە. بە وتەی نیازی حەمە عەزیز، کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە، یەکەمین کەس، کە بیرۆکەی دەرچوواندنی (بڵێسە)ی هەبووە و بە کارەکە هەستاوە، کەسێک بووە بە ناوی (میرزا عەبدولکەریم کۆیی) لە ساڵی ١٩١٧ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٨ لە ئەورووپا کۆچی دوایی کردووە، کاری ئەو لە ڕانیە (دادنووسی یەکەم) بووە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو.

کەسی دووەم، کە بووەتە هاوکاری میرزا عەبدولکەریم کۆیی و ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە دەردەکەن، کەسێک بووە بە ناوی (شووعە مەخلوف) ئەویان کوردێکی جولەکەی خەڵکی ڕانیە بووە، لە قوتابخانەی ڕانیەش مامۆستا بووە، کە ئەوکات تاکە قوتابخانەی شارەکە بووە.

پاشان (بڵێسە) هاوکارێکی دیکەی بۆ زیاد دەبێت بەناوی ئیبراهیم ڕەمەزان ئیبراهیم) لە ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووە، خەڵکی زاخۆ بووە و لە

ڕانیە بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانە، کەسێکی بیرکراوە بووە، خەڵکی ناوچەکەی هانداوە بۆ خوێندن، لەسەردەمی بەڕێوەبەرایەتی ئەودا، ژمارەی قوتابییان لە ٢٥ کەسەوە دەگاتە سەرووی ٦٠ قوتابی، هەرزوو دەبێتە هاوڕێی میرزا عەبدولکەریم و شووعە مەخلوف. لە ژمارەی (دوو) ئەویش دەبێتە یەکێک لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە.

پاشانیش، مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) بەهەمان شێوە، مامۆستای قوتابخانەی ڕانیە بووە و خەڵکی هەریر بووە و بە بنەچە کوردی شکاک بووە، کەسێکی ژینگە دۆست بووە و (باخی گشتی ڕانیە)ی ئێستا، کاتی خۆی ئەو بونیادی ناوە، وەک هاوکاری ڕۆژنامەی بڵێسە ڕۆڵی هەبووە.

هەروەها کەسێکی دیکە بەناوی (سەمەد حاجی محەمەد بەننا) ناسراو بە (سەمەدی حاجی مەنجەڵ) خەڵکی ڕانیە بووە، دەبێتە هاوکاری دەرچواندنی ڕۆژنامەکە.

هاوکات مامۆستا (مەلا عەبدولحەمید عەسکەری) کە بە حامیدی شاعیر ناسراوە، یەکێکی دیکە بووە لە هاوکارەکانیان.

ئامانجی ڕۆژنامەکە. دەربارەی ئامانجی دەرچوواندنی ڕۆژنامەکە، توێژینەوەی (ڕۆژنامەنووسی لۆکاڵی) کە لە لایەن دکتۆر هێرش ڕەسووڵ، هەروەها دکتۆر ئاراز ڕەمەزان، بە ئەنجام گەیەندراوە، لە زاری (ئیبراهیم ڕەمەزان) یەکێک لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەوە، ئەوە خراوەتە ڕوو، کە دەرچوواندنی (بڵێسە) دوو ئامانجی سەرەکی هەبووە. یەکەم: بڵاوکردنەوەی هەواڵە گرنگەکانی ئەوکات بووە، دووەم: ئاشکراکردنی دزی و ڕەفتارە دزێوەکانی، کاربەدەستانی دامودەزگاکانی میری، چونکە لەو سەردەمەدا، دزی و فروفێڵ و گەندەڵی گەیشتبووە لووتکە و دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیش، لە کوردستان بە مەبەست خۆیان لەو پرسە گێل دەکرد، و مەرامیان بوو خەڵکی تەنیا سەرقاڵی پارە و خۆشگوزەرانی و کاری تایبەتی ببن و بیر لە




سیاسەت و بیروباوەڕی کۆمەنیستی نەکەنەوە. بەگشتی گوتاری ڕاگەیاندن تێیدا گوتارێکی ڕەخنەیی بووە، ناوەڕۆکی بابەتەکانیش، تایبەت نەبووە بە ڕانیە و دەوروبەری، بەڵکو هەموو ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ناوچەکە و بەغداوە ڕوویان دەدا، لەوێدا بڵاودەکرانەوە.

سەرچاوەی بەردەست بۆ بوونی ڕۆژنامەکە. بڵێسە، ئەگەرچی چەندان سەرچاوە پشتڕاستی دەکەنەوە کە ڕۆژنامەیەکە لە ساڵی ١٩٤٤ پێنج ژمارە و پاشکۆیەکی لێدەرچوویندراوە، تەنانەت، ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە، تا لە ژیاندا بوون وتووێژی ڕۆژنامەوانییان لەگەڵدا ئەنجامدراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ کامێک لە ژمارەکانی بەردەست

**ئیسماعیل سەرهەنگ، مامۆستای قوتابخانەی ڕانیە بووە و خەڵکی هەریر بووە و بە بنەچە کوردی شکاک بووە، کەسێکی ژینگە دۆست بووە، وەک هاوکاری ڕۆژنامەی بلێسە ڕۆڵی هەبووە**

نییە و دوای چەندین گەڕان و بەدواداچوونی کەسانی مێژوویی و خەمخۆرانی بوارەکەش، هیچ نوسخەیەکی دەستنەکەوتووە. ئەوەی هەیە، ئەو کەسانە تەنیا بە زارەکی باسیان کردووە و لە گفتوگۆ ڕۆژنامەوانییەکاندا، زانیارییەکان ئاشکرا کراون و لە ١٩٤٤/٩/١٨ لە بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ کاف) ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی (بڵێسە) دراوە.

*** ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ / ژمارە ٨٢٩٧ لە ٢٤ / ٢ / ٢٠٢١**




ئیسماعیل سەرهەنگ ..

# لە دەفتەری بیرەوەریی

کۆلیژی زانستەکانی زانکۆی سلێمانی لە ٢٩/ ٣/ ٢٠٠١ بە ناوی مامۆستا (ئیسماعیل سەرهەنگ) پیشانگایەک و یادێکی سازکرد. وەک شارەزا و پسپۆڕ لە بواری ڕووەک و گوڵناسیدا و دۆزینەوەی چەندین گوڵ و ڕووەک، کە بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی جیهان لە چیاکانی قەندیل و هەڵگورد لە باشووری کوردستان دۆزیویەتییەوە.

تۆمارکردنی زیاتر لە سی و سێ گوڵ و ڕووەک بە ناوی (سەرهەنگ) خۆیەوە، کە لە مۆزەخانەکانی ڕووەکی لەندەن و ڤییەننا پارێزراون. لەم ڕۆژەدا چەندین سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و مامۆستاکانی زانکۆ و خوێندکار و جەماوەرێکی بەرچاو ئامادە بوون و سەردانی ئەو پێسەنگایەیان کردووە و لەدەفتەریی یادەوەییەکەی وتەیان یاداشت کردووە.

زۆر بەداخەوە من ئێستە تەنیا هەر دەقی چوار لەم وتانەم بە دەستخەتی خۆیان لەبەردەست دایە و لێرە بڵاویان دەکەمەوە:


یادی ئیسماعیل محمد سەرهەنگ
یادیکی پیروزە هەم لە میژووی خەبات و شورشدا
وهەم لە بواری گولزار و دوزینەوەی گولە
کیویەکانی کوردستان دا.
ئەو رولە دلیرەی کوردایەتی هەمیشە
بە پاکی و دلسوزی و سەروەری ژیا
یادی هەر نەمرە
مام جلال
٢٠٠١/٣/٢٩


PUKMEDIA

**(١)**


یادی (ئیسماعیل محەمەد سەرهەنگ) یادێکی پیرۆزە. هەم لە مێژووی خەبات و شۆڕشدا و هەم لە بواری گوڵزار و دۆزینەوەی گوڵە کێوییەکانی کوردستان دا. ئەو ڕۆڵە دلێرەی کوردایەتی هەمیشە بە پاکی و دڵسۆزی و سەروەری ژیا. یادی هەر نەمرە.

**مام جەلال**

**٢٠٠١/٣/٢٩**



## (٢)



ژیان بە دوو جۆر بەسەر دەبرێت، ژیانی ئاسایی کە هیچ کەلێنێکی بچووکی ئەم جیهانە بەشێوەیەکی بەرچاو پڕ ناکاتەوە، ژیانێکی کە جێی پەنجەکانی دیارە و بەشداری دەکات لە بەرەوپێشبردنی کاروانی پڕ جەنجاڵی سروشت و ژیان.


مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لە خانەی دووەمین مرۆیەکانی جیهانە، کە تا ژیا و زیندەگی مابێ ئەو هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی و سڵاو لەو هەموو هەوڵ و کۆشش و بەهرەمەندییەی، کە ناوی کوردیی لە بوارێکی ژیانەوە خستە ڕیزی بەهرەمەندەکانی جیهان. هەر بژین

**براتان ئەرسەلان بایز**

**٣/٢٩**

## (٣)




زۆر پێ خۆشحاڵم، کە لە کۆلیجی زانست، ناوی خوالێخۆشبوو ئیسماعیل سەرهەنگ-م دی. خۆی کە تێکۆشەرێکی دێرینی گەلەکەمانە، بەڵام لێرە یادی کراوەتەوە، وەک گوڵناسێکی ناسراوی کوردستان. بیرەوەری خۆم لەگەڵ ئەم پیاوە تێکۆشەر و عاشقی گوڵی جوانی وڵاتەکەمان جۆراوجۆرە، بەشێکی لەسەر ئەنواعی گوڵ و جوانی و گرنگی و تایبەتییەتی.

سوپاس بۆ ئەو خوێندکار و مامۆستایانەی یادیان کردۆتەوە. هەر بژین.

**عدنان مفتی**

**٢٠٠١/٣/٢٩**


## (٤)



لە کۆلیجی زانست سەردانی پێشانگای مامۆستای خوالێخۆشبوو ئیسماعیل سەرهەنگ-م کرد. مامۆستای نەمر لە بواری پێشمەرگایەتی و دۆزینەوەی شفرە و گوڵناسیدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو، هیوادارم نموونەی هەر زیاد بێت لە کوردستاندا.

**قادر عەزیز**

**٣/٢٩**



# بیرەوەرییەکی کورتی خۆش


**(١)**

ساڵی ١٩٦٣ بوو. لە پاریس گەڕابوومەوە بۆ کوردستان و بۆ ماوەی ساڵێک پێشمەرگایەتیم کرد، لەو ماوەیە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، یەکەم ئێستگەی شۆڕشی کوردمان لە ئەشکەوتێکی بناری چیای (گردە ڕەش) بەرامبەر بە گوندی (عیساوێ) دامەزراند.

لەو ماوە کورتەی ،کە لە کوردستان بووم ئاشنایەتیم لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تا بڵێی ڕوح سووک و قسە خۆش و خۆشەویستدا پەیدا کرد، ئیسماعیل سەرهەنگ، یادی بەخێر.

ئیسماعیل سەرهەنگ وێڕای کەسایەتییە دڵرفێنەکەی، وەک تەکنیککارێکی لێهاتووش لە کوردستاندا ناوی دەرکرد بوو. جفرەکانی سوپای عیراقی بەوپەڕی وەستاییەوە بۆ بەرپرسانی شۆڕشی کورد دەکردەوە.

هەر چەندە کە ماوەی دۆستایەتیمان زۆری


بیرەوەرییەکی کورتی خۆشی.

ساڵی ١٩٦٣ بوو. لە پاریس گەڕابوومەوە بۆ
کوردستان و بۆ ماوەی ساڵێک پێشمەرگایەتیم کردو
لەو ماوەیە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، یەکەم ئێستگەی
شۆڕشی کوردمان لە ئەشکەوتێکی بناری چیای گردە ڕەش
بەرامبەر بە گوندی عیساوێ دامەزراند.
لەو ماوە کورتەی کە لە کوردستان بووم ئاشنایەتیم لەگەڵ
پێشمەرگەیەکی تا بڵێی ڕوح سووک و قسە خۆش و خۆشەویستدا
پەیداکرد، ئیسماعیل سەرهەنگ، یادی بەخێر.
ئیسماعیل سەرهەنگ وێڕای کەسایەتیە دڵرفێنەکەی، وەک
تەکنیکارێکی لێهاتووش لە کوردستاندا ناوی دەرکردبوو. جفرەکانی
سوپای عیراقی بەوپەڕی وەستاییەوە بۆ بەرپرسانی شۆڕشی
کورد دەکردەوە.
هەرچەندە کە ماوەی دۆستایەتیمان زۆری نەخایاند و لە یەکتری
یەکتر دوورخراو و تووش لەگەڵ هاوڕێی نوێی عیراقیان دەکا
پێکرد) منیش گەڕامەوە بۆ سەر خوێندنی خۆم لە پاریس.
لەو ساڵەوە (پاییزی ١٩٦٤) ئیتر ئەو پیاوە ئێستگە
سووکەم نەبینییەوە تا هەواڵی مەرگیم زانی.
ئێستاش لە پاش تێپەڕبوونی ٤٥ ساڵ، ڕووی هەمیشە
بەخەندەو شێتانەی هەر لەبەر چاومدایە.
[illegible] دزەیی
ڤیەننا
٢٣/٧/٢٠٠٨

نەخایاند، کە بەعسی یەکەم ڕووخا و وتووێژ لەگەڵ حکومەتی نوێی عیراقدا دەستیپێکرد، منیش گەڕامەوە بۆ سەر خوێندنی خۆم لە پاریس. لەو ساکەوە (پایزی ١٩٦٤) ئیتر ئەو پیاوە ئێسک سووکەم نەبینییەوە تا هەواڵی مەرگیم زانی.

ئێستاش لە پاش تێپەڕبوونی ٤٥ ساڵ، ڕووی هەمیشە بە خەندە و پێکەنینی هەر لەبەر چاومدایە.

**هۆمەر دزەیی**
**ڤییەننا ٢٠٠٩/٠٧/٢٣**

### (٢)

ئەو بابەتەی کە دەینووسم من لەزاری خوالێخۆشبوو بیستوومە. گوتی: ئەو کاتەی بە هۆکاری سیاسیی لە ساڵەکانی شەستەکان ئاوارەی ئێران بووین، لەگەڵ هەڤاڵەکانم لە شاری هەمەدان جێگیر کرابووین ڕۆژێک سەردانی باخچەی ئاژەڵانی تارانم کرد (ئەوکاتە باچەکە باخچەیەکی پێشکەوتوو ناسراو بوو لەسەر ئاستی جیهان) سەردانی بەشی گوڵزارەکانم کرد، لەگەڵ لێپرسراوی بەشەکە کەوتمە گفتوگۆ لەسەر بابەتی گوڵ و گیا پرسیاری کتێبەکەی (د. علی الراوی)م کرد، گوتیان: هەمانە. چووینە نێو باسی کتێبەکە، ئەو پیاوە گوتی: کتێبەکە ناوی کەسێکی تێدایە خەڵکی ئێرانە ئەویش چەند جۆر گوڵ و ڕووەکی دۆزیوەتەوە لەگەڵیان، منیش گوتم: ئەو کەسەی تۆ باسی دەکەی خەڵکی ئێران نییەو فارسیش نییە. دیارە زۆری مشتومڕ لەگەڵ کردووە کابرا ئاماژەی بە ناوی (سەرهەنگ) کردووە، بەو مانایەی وشەیەکی فارسییە و ئەو ناوە تایبەتە بە خەڵکی فارس.

پێم گوت: دەکرێ سەیرێکی کتێبەکە بکەی، دوای دەست نیشان کردنی لاپەڕەی کتێبەکە، ناو و وێنەی منی تێدا بوو پێم گوت: تۆ سەیری وێنەکە بکە (دیارە هەموو گوڵە دۆزراوەکان لەگەڵ وێنەی مامۆستای لە تەنیشت بووە).

کابرا باوەڕ دەکا، کە ئەو کەسە خۆیەتی.

دوای گرنگی دانێکی زۆر بە مامۆستا و پێشکەش کردنی ئیمتیازات لە مووچە و شوێنی حەوانەوە بۆ کارکردن لەو بوارەدا، کە هەرچەندە لە بارودۆخ و گوزەرانێکی باشیش دا نەبووە، بەڵام داواکەی ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: من وابەستەی کارێکی سیاسیم بۆ بازرگانی و ئیمتیازات نەهاتووم.

**سەلاح جەمال خورشید**



### (٣)

ئیسماعیل سەرهەنگ لە کەسە هەرە دیارەکانی بزاڤی نیشتمانی و سیاسی کوردو ئەو دەستە ڕۆشنبیرو کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی ئەو سەردەمی، یەکەم هەوێنی کەرستەکانی شۆڕشی ئەیلول و هۆکار بوون کە ئەو شۆڕشە بتوانێ لە تەواوی ناوچەکانی پارێزگای هەولێرو شوێنی تریشەوە لە سەرپێ بوەستێت و بەردەوامی بە خۆوە ببینێ.

ئیسماعیل سەرهەنگ نەک هەر بۆ نەوەکەی جێگای شانازییە بەڵکو بۆ ئێمەش و تەواوی ناوچەکە، پێیەوە سەربەرزین و بەردەوام بوونی ئێمەش لەنێو ئەو ڕێچکە شۆڕشگێڕییەمان لە ڕێگای ئەو کەسایەتییە بەرزانەوەیە. بۆ خودی خۆشمان و تەواوی بنەماڵەی کاوانیان لە پێش هەموویانەوە باوکی شەهیدم حەمید کاوانی سەرەتاکەی لەو شوێنە دەست پێ دەکات، کە ئەو دوو بنەماڵەیە واتە بنەماڵەی ئیسماعیل سەرهەنگ و کاوانییەکان بوونەتە ئاشنای یەکتری بەهۆی ئەوەوە بووە، کە باوکم و ئیسماعیل سەرهەنگ و دوو هەڤاڵی سیاسیی و نیشتمانیی یەکدی بووینە.

**مەهدی کاوانی**



# ئیسماعیل سەرهەنگ..

## باخی گشتی ڕانیەی دروستکردووە

ئامادەکردن: محەمەد گۆران

هاوار جەلال بەگ، کە ئێستە نیشتەجێی شاری ڕانیەیە، سەبارەت بە (ئیسماعیل سەرهەنگ) و بەسەرهاتی پرۆفیسۆرێکی هیندی و دکتۆرێکی عەرەب، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «ساڵی ١٩٥٧ ئەو دوو کەسە، کە پسپۆڕ بوون لەبواری گژوگیا، لەگەڵ ئیسماعیل سەرهەنگ، کە ماوەکی زۆربوو لەناوچەکەی ئێمە دەژیا و پیاوێکی دیار و بەنێوبانگ بوو.

(گۆڕانکاری‌یەکی زۆری لەخەسلەتی گوڵ و گژوگیا کردبوو، چونکە حەزێکی زۆری بەو بوارە هەبوو) هەرسێکیان پێکەوە هاتنە دەرگەڵەی.

دکتۆرە عەرەبەکە ناوی (عەلی ڕاوی) بوو، دواتر لەسەردەمی بەعس بووە وەزیری نەخیل (خورما)

باوکم (جەلال بەگ) لەگەڵیان چووە سەر چیای هەندرێن، کۆمەڵەک گژوگیا، کە مەبەستیان بوو دۆزیبیانەوە. لەنێو دەرگەڵەش دووجۆر گیایان دۆزییەوە، یەکیان (زرگەنە) و ئەوەی دیکەشیان (ترێمار) بوو.

باوکم لەگەڵ پرۆفیسۆرە هیندییەکە بە ئینگلیزیی و لەگەڵ دکتۆر عەلی ڕاوی-یش بەعەرەبیی قسەی دەکرد. دواجار ئەو گیایانەی دۆزیبوویانەوە، لەنێو پەڕەی کتێبەک دایاننا و لەگەڵ خۆیان بردیانەوە. ساڵی دواتر دیسان هاتنەوە، بەڵام پرۆفیسۆرە هیندییەکەیان لەگەڵ دانەبوو، تەنیا عەلی ڕاوی و ئیسماعیل سەرهەنگ بوون. هەر بۆ هەمان مەبەست هاتبوونەوە دەرگەڵە و بوونەوە میوانی ئێمە.

هەر لەشاری ڕانیە (سەڵاح جەمال خورشید) ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی شارەوانی ڕانیە، کە هاوکات بەڕێوەری بانکی ڕانیەش بووە و لەئێستەدا خانەنشینە، دەڵێ: «ئیسماعیل سەرهەنگ دووجار بەمامۆستایەتی هاتووەتە ڕانیە، جارێک لەچلەکانم کە لە هەریر و باتاس ڕاژەکەی گواسترایەوە ڕانیە، جارێکی دیکەش دوای ڕۆیشتنی، کە جارێکی دیکە وەک مامۆستا گەڕایەوە ڕانیە» ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پێشووی ڕانیە ئاماژە بەوە دەکات کە (باخی گشتی ڕانیە) ساڵی ١٩٥٧ لەسەر دەستی ئیسماعیل سەرهەنگ دروستکراوە.

وەک (سەلاح جەمال) گوتی: ئیسماعیل سەرهەنگ لەقوتابخانە وانەی زانستی بەقوتابییان دەگوتەوە، زۆر لەوانەکانی بەشێوەیەکی عەمەلی لەو باخە بەقوتابییەکان گوتۆتەوە. دەشڵێ: بەو پێیەی باخی گشتی ڕانیە خۆی دروستی کردبوو و مام جەلالیش زۆرچاک ئیسماعیل سەرهەنگ-ی دەناسی، بۆیە لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی شارەوانی ڕانیە لەگەڵ مام جەلال پێشنیازی ئەوەم کرد، کە باخی گشتی ڕانیە بەناوی ئیسماعیل سەرهەنگ بکرێ، پێشنیازەکە قبووڵکرا و ناوەکەی لێنرا.

لەدوای ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ماوەیەک تابلۆی باخەکە بەناوی (ئیسماعیل سەرهەنگ) دەکرێ، هەر لەو ماوەیەشدا، کەسوکارەکەی (کچ و کوڕەکانی) ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن، کە لەسەر ئەرکی خۆیان هەندێک گۆڕانکاری لەدەروازەی باخەکەدا بکەن، بەڵام دواتر وەک (سەلاح جەمال) ئاماژەی پێدا: هەندێ کەس بەهۆکاری ئەوەی ئیسماعیل سەرهەنگ شەهید نییە و خەڵکی ئەسڵی شارەکە نییە، کەوتنە پەلپ و بیانوو و تەنانەت منیشیان تۆمەتبار کرد، بەوەی ناسیاویم لەگەڵ ئیسماعیل سەرهەنگ هەیە، بۆیە ئەو پێشنیازەم بۆ ناوەکە کردووە، ئەوە بوو ناوەکەیان گۆڕی و کردیانەوە بە باخی گشتی ڕانیە!



# مێژوو

- **لەرووی ئابوورییەوە .. میجەرسۆن لە کتێبی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا)**

ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی

# میجەرسۆن لە کتێبی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا)



ژیلوان عەبدوڵلا هەڵەدنی

**پێشەکی**

لە سەدەی هەژدە و نۆزدە و پێشتریش دەیان گەڕیدە و گەشتیار و قەشە و پیاوی ئایینی و سیخوڕی ئەورووپی ڕوویان لە ناوچە و ویلایەتەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیی کردووە، چ بە مەبەستی سیاسیی، سیخوڕیکردن و ئایینی، یان گەشتیاریی و بازرگانییەوە بووبێت. گەلێک نووسین و یاداشت و گەشتنامەیان نووسیوە و زۆربەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئەو مەڵبەند و ویلایەتانەی ڕوویان تێکردووە تۆمار کردووە، ویلایەتی مووسڵ و بەغدا و بەسرە-ش، کە دواتر عێراقی لێ پێکهێنرا، بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکانی ئەو ماوەیە بووەتە جێگەی سەرنجی خۆرهەڵاتناس و گەشتیار و گەڕیدە ئەوروپییەکان، کە لە دووتوێی بەرهەمەکانیاندا گەلێک زانیاریی بەسوودیان لە سەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی ئەو ویلایەتانە تۆمارکردووە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بووەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ توێژەر و مێژوونووسان، چونکە لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوسمانیی لە بواری ڕۆشنبیریی و خوێنەواریدا گەلێک دواکەوتوو بووە، گرنگی دەوڵەت زیاتر بۆ لایەنی سەربازیی و کۆکردنەوەی باج و خەرجکردنی لە شەڕە زۆر و زەوەندەکانی بووە لەگەڵ قاجار، ڕووس و ئەورووپییەکان و دامرکانەوەی هەوڵە جوداخوازی و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان.

زیاتر سەرقاڵی ئەو گیروگرفتانە بوونە، کە دەوڵەت لەدوای تێکشکانی لە شەڕەکانی تووشی هاتووە، واتە کەمترین بایەخ بە بواری ڕۆشنبیریی و خوێندەواریی دەدرا، هەربۆیە زانیارییە تۆمارکراوەکانی ئەو خۆرهەڵاتناسانە گرنگ و پڕ بایەخن.

مێجەرسۆن، یەکێکە لەو گەڕیدە سیاسییانەی، کە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیی سەردانی ناوچەکانی ویلایەتەکانی مووسڵ و بەغدای کردووە، و زانیاریی زۆری تۆمار کردووە، کە دواتریش بووە بە یەکێک لە کاربەدەست و ئەفسەرە بەناوبانگەکانی ئینگلیز لە ناوچەکە و بۆماوەیەکیش لە کوردستان، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، حاکمی سیاسیی بووە، ئەوە سەرەڕایی کاری سیاسیی گرنگی زۆری بە تۆمارکردنی زانیارییەکانی ئەو سەردەمە داوە.

یەکێک لەو پەرتووکە بەنرخانەی، کە بۆتە سەرچاوەی توێژەر و نووسەران، کتێبە بەناوبانگەکەیەتی بەناوونیشانی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا)

لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم کتێبە و زانیارییە ئابوورییەکانی لەسەر ویلایەتی مووسڵ و ناوچەکە، هەوڵمانداوە ئەو زانیارییە ئابوورییانە هەڵهێنجین، کە بۆ زانینی مێژووی ئابووریی و لایەنە جیاوازەکانی ئابووریی پڕ بایەخن.

**مێجەرسۆن کێیە؟**

ناوی تەواوی (ئێلی بانیستەر سۆن) لە ١٨٨١/٨/١٦ز لە (کنزنگتن) لە دایک بووە. ناوی باوکی (ولیام سۆن) و ناوی دایکی (ماری سیکل) بووە، باوکی زمانەوانێکی

(غجریا) قەرەج بووە. لە بنەماڵەکەیدا، پیاوەکانیان بە دانایی و کەشخەیی و قۆزی ولێهاتوویی و ئازایەتی بە ناوبانگ بوونە. سۆن لە تەمەنی (٢٠) مانگیدا باوکی دەمرێت و خۆشی دەکەوێتە لای ئافرەتێکی بێوەژنی هەژار.

سەرەتای خوێندنی لە ساڵی ١٨٨٩ لە قوتابخانەی بیشۆپی لاتیمە بوو. دواتریش لە ساڵی ١٨٩٥ دەچێتە قوتابخانەی لاتیمەری باڵا تا شانزە ساڵی هەر لەو قوتابخانەیە دەمێنێتەوە. دواتر پلەی شەرەف لە تاقیکردنەوەکانی (Cambirdge Local Janiar) ساڵی ١٨٩٦ و تاقیکردنەوەکانی (Senior Eyams) ساڵی ١٨٩٧ بەدەست هێناوەو، لە قوتابخانە چەندین جار مەدالیای سەوڵ لێدانی وەرگرتووە، کەچی هەرگیز هەوەسی بە یاریکردن نەدەهات، حەزێکی زۆری بۆ زمانی فەرەنسیی هەبووە، وەک ئەکتەر لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەوە دەرکەوتووە و بەهرەی زمانزانی و لاساییکردنەوەی تێدا هەبوو. سۆن لە تەمەنی شانزە ساڵیدا پلەی خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە، لەم ماوەیەشدا توانیویەتی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی لە زمانی فەڕەنسیی و ئاشنۆ و میوزیک دەربخات.

سۆن لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، لەکاتە بەتاڵەکاندا (ئالانکۆ-سکسون)ی خوێندووە، فێری ژەندنی پیانۆ و ئۆرگەن بووە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی نازناوی (مستەر سۆن)ی لێناوە و گوتویەتی منداڵێکی چالاکە و ئاوات و هیوای باشی هەیە و ئەمە (جنتڵ)مانە.

بەرلەوەی مێجەرسۆن دەست لە خوێندن هەڵبگرێت بڕیاری دابوو گەشتێک بۆ خۆرهەڵات بکات، بەڵام تاساڵی ١٩٠٢ ئەو هەلەی بۆ نەڕەخسا.

کوردییەکی باش فێر ببوو، هەروەکوو ئەمین زەگی بەگ لەبارەی کوردی زانی مێجەرسۆن دەڵێت: بەقەدەر کوردێک، کوردی دەزانی و لە عالمێکی کورد زیاتر شارەزایی زمانەکە بوو.

بەهاوڕێیەتی (سیبۆ ئەیبۆ بۆلبول) لە شێوەی دووکابرای فارس بە جلوبەرگی ئێرانییەوە، لەساڵی ١٩٠٩دا لە دیاربەکر بە سواری کەڵەک بە دیجلەدا چۆتە مووسڵ دواتر بەرەو هەولێر و کەرکووک دواتر بەرەو سلێمانی، کە نزیکەی شەش مانگ لە سلێمانی ماوەتەوە.

دوای ئەوەی بۆکاری زانیاریی کۆکردنەوە و گەڕان وەک فرۆشیاری گەڕۆک بەنێو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە، وەک هەڵەبجە، بیارە و هەورامان، لەم ماوەیەدا مێجەرسۆن بەخۆناساندنی وەک موسوڵمان، توانی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە



مێجەرسۆن

ناودار و سەرۆک هۆزەکان پەیدا بکات بەتایبەتی خێڵی جاف، ماوەیەکیش لە ماڵی (عادیلە خان) لە هەڵەبجە ماوەتەوە، لەو گەشتەیدا توانی شارەزایی و زانیاریی زۆر لەسەر کوردستان کۆبکاتەوە.

سۆن لەسەر پێشنیازی دەسەڵاتدارانی بریتانیا لەساڵی ١٩٠٢ز دەنێردرێت بۆ بانکی (شاهەنشایی) ئێرانی لە تاران، گەرچی پێشتریش نیازی سەفەری خۆرهەڵاتی هەبووە، بەڵام تا ساڵی ١٩٠٢ بۆی نەرەخسا. دوای بەسەربردنی ماوەیەکی کەم لە تاران دەنێردرێت بۆ (یزد) دوای یەک ساڵ مانەوە لە یەزد واتە ساڵی (١٩٠٣ز) دەست دەکات بە وەرگێڕانی چوارینەکانی عومەر خەیام.

لە ساڵانی ١٩٠٣-١٩٠٤ لە (بوشیر) دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی لە (شیراز) لە بانکی فارسیی شاهەنشایی دادەمەزرێت، گرنگیی بە دابونەریتی ئێرانیی دەدات و جلی ئێرانیی دەپۆشێ و دەچێتە مزگەوتەکان و

***مێجەرسۆن بەخۆناساندنی وەک موسوڵمان، توانی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە ناودار و سەرۆک هۆزەکان پەیدا بکات بەتایبەتی خێڵی جاف***

لەگەڵ ئاخوندەکان وتوێژ دەکات و ئیسلام دەکات بە ئاینی خۆی و دەبێتە (شیعە) لەساڵی ١٩٠٦ دەبێت بە بەڕێوەبەری بانک لقی (کرماشان) لەساڵی ١٩٠٧ بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی لەگەڵ قونسولی ڕووسی دەست لە کار دەکێشێتەوە و کۆچ دەکات بۆ (ئینگلتەرا) پاشان بە نابەدڵی دەیگێڕنەوە و بەناوی (میرزا غولام حوسێن)ی شیرازی گەشتێکی دوورودرێژ بەنێو میزۆپۆتامیا و کوردستاندا دەکات. لە ساڵی ١٩١٤ لە خانەقین بووە لە شەڕی گەورەدا بە ئەسیری نێردراوەتە میسر لەوێوەوە ساڵی ١٩١٦ هێنراوەتە بەسرە و بووە و بە یاریدەدەری حاکمی سیاسی (دز فول) و ساڵی ١٩١٧ لە هێزی ئەمەنی سوپای ئینگلیزدا ئیشی پێ سپێردراوە و لە دواییدا بە حاکمی سیاسیی لە (مەندەلی) و لە وێوەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩١٩گوێزراوەتەوە.

لەکاتی هاتنیشیدا بۆ سلێمانی ژمارەیەکی زۆر سوار و پیادە بە ڕیز لە پێشوازیدا وەستان و چادرێکی زۆر هەڵدراوە.

هەرچەندە ئەو بۆ نوێنەرایەتی کردنی سیاسەتی ئینگلیز هاتبووە ناوچەکە، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی وەک پیاوێکی وشک و ئاغایی هەڵکەوتبوو، لە بارەگای خۆی نەدەچووە دەرەوە، کەم دەردەکەوت، دەیویست سامێک بۆخۆی پەیدا بکات، کە دەریش دەکەوت و بە بازاردا دەرۆیشت دەبوو هەمووان بەجارێ لەبەری هەستنە سەرپێ، ئەو وەکو حکوومەتێک مامەڵەی دەکرد، ببووە کۆسپێکی گەورە لەڕێی ئاوات و ئامانجی پاشەڕۆژی دانیشتوانی شارەکە، هەندێک لە ڕووناکبیرانی کورد بە تێڕوانینی جیاوە دەیانڕوانیە کارەکانی لە باشووری کوردستان، زۆربەی کورد لەو باوەڕەدا بوون ڕاستەوخۆ و بەتوندی بەرهەڵستی دەسەڵاتەکەی بکەن، چونکە زیادەڕۆیی کردووە لە بەکارهێنانی هێز بۆ زاڵ بوون بەسەر ناوچە کوردییەکان.

لە ئەنجامی ئەو شارەزایی و لێهاتوویەی هەیبوو، سۆن توانی ببێتە فەرمانبەر لە کۆمپانیای (ئینگلیزی نەوت) لە وڵاتی فارس، دواتر لەسەر داوای کاربەدەستانی کۆمپانیاکە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە ناوچەی چیای سورغ لە نزیک خانەقین، بەمەبەستی گەڕان بەشوێن چاڵە نەوتەکاندا، بە هۆی ئەم توانا و لێهاتووییەوە توانی بگاتە پلەی یاریدەدەری کونسوڵی بریتانی لە ناوچەکانی قەسری شیرین، ئەوکاتەی جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد میجەرسۆن لەگەڵ نزیکەی بیست کەسی ئەورووپی دی، کە لە بەغدا بوون دەستگیرکران و نێردران بۆ مێرسینا لە ئەنادۆڵ، بەڵام دوای هەفتەیەک ئازادکران و گەڕایەوە سەرکارەکەی خۆی.

کەسایەتییەکی سەرسورهێنەر بوو، زیرەک، لێهاتوو، ژیر و ئازا بووە، پێشبینی ڕووداوەکانی کردووە، چالاک و خاوەن بڕیار بووە و یسامی هەبووە و توانیویەتی کاریگەریی هەبێت بەسەر کەسانی دیکەوە.

پیاوێکی کورتە بنە و تۆکمە و سیما باریکەلەی چاو ڕەشی تیژ بوو، لەبەر زۆری خزمەتەکانی بۆ حکوومەتی بریتانی یسامی (G.B.E) پێدەبەخشن.

لەکۆتایی ساڵی ١٩١٥ بەهۆی شارەزایی لەبارەی ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەسرە کرا بە نووسەر لەبەشی هەواڵگری بۆ ئیستخبارات بۆ تایمز، کە ئۆردووگای ئینگلیزی لێ بوو، پاشان لە تەمووزی ١٩١٦دا بووە یاریدەدەری کونسوڵی بریتانی لە دیزفول، لەوێ لەگەڵ خەڵکی ئەوەندە تێکەڵ بوو، دۆست و برادەرێکی زۆری بۆ پەیدابوو، دواتر بە کار نێردرا بۆ بەغدا، خانەقین و مەندەلی.

مێجەرسۆن شارەزاییەکی باشی لەبارەی جوگرافیای ئەو ناوچەیەوە هەبوو، دوای جەنگ و سەرکەوتنی بریتانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیی و شکستی عوسمانییەکان لە ویلایەتی بەسرە و بەغدا، دواتریش مووسڵ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئینگلیزەکان هاتنە ناوچەکانی باشووری کوردستان و حوکمداریی شێخ مەحموود ڕاگەیەنرا.

دوای تێکچوونی پەیوەندی نێوان شێخ مەحموود و مێجەر نوئێل، و مێجەرسۆن لەجێی ئەو دانرا، سۆن لەمارسی ١٩١٩ بووە حاکمی سیاسیی و چەندین گۆڕانکاریی لە پلەو پۆستەکاندا کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ مەحموود بەرەو خراپی بچێت، ئەوەبوو شێخ نامەیەکی نارد بۆ مەحموود خانی دزڵی، بە بیانووی زیارەت کردنی کاک ئەحمەدی شێخ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەک چەکدار بێن دەست بەسەر سلێمانی دا بگرن و لەدەست ئینگلیزەکان ڕزگاری بێت، ئەوەبوو مەحموود خان لە ١٩١٨/٣/٢١ گەیشتە سەرشاخی گۆیژەی سنووری سلێمانی، کاتێک سۆن بەمەی زانی نامەیەکی بۆ شێخ نارد، کە ڕێگە نەدات بێتە ناوشارەوە، بەڵام شێخ لە وەڵامدا بەسۆنی ڕاگەیاند: هەرگیز ڕووی نەداوە ڕێگا لەکەس بگرێت، کە بیەوێت سەردانی کاک ئەحمەدی شێخ بکات، هەرچەندە شێخ ویستی سۆن لە پێداگرییەکەی خۆی پەشیمان بکاتەوە، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ڕاکەی خۆی. ئەوەبوو سۆن بە بیانووی پێشوازی لە خێزانەکەی (لیند فالید) سلێمانی جێهێشت و بەرەو کەرکووک ڕۆیشت، میجەر دانلیسی لە جێگای خۆی دانا، دوای ئەو ڕووداوانەی کە لەشاری سلیمانی ڕوویاندا و حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە شاری سلێمانی بەرپابوو، مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩١٩ تاوەکوو تشرینی یەکەمی لە شاری سلێمانی حاکم بوو.

سۆن لە نیسانی ١٩١٨ تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی (دەردە باریکە) دەبێ، دوای چەند هەوتوو مانەوە لە نەخۆشخانە، لەسەر داوای خۆی بۆ چارەسەرکردن، ڕەوانەی ئوستراليا دەکرێ، لە تشرینی دووەمی ١٩٢٠ بەهۆی توندی نەخۆشییەکەیەوە پزیشکەکانی ئامۆژگاری دەکەن بۆ ڕاوێژی پسپۆریی، تا دکتۆری پسپۆر ببینێت و بگەڕێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگاتەوە ئەوێ هەر لەنێو زەریـا، لە ڕۆژی ٢٤ ی شوباتی ١٩٢٣ لە تەمەنی ٥٨ ساڵی مرد.

**گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا**

لەگەڵ تێبینییە مێژووییەکان لە بارەی تیرە و خێڵەکانی کورد و کلدانەکانی کوردستان، ئەم کتێبە لە (١٦) بەش و پاشکۆییەک پێک دێت:

***سۆن توانی ببێتە فەرمانبەر لە کۆمپانیای (ئینگلیزی نەوت) لە وڵاتی فارس، دواتر لەسەر داوای کاربەدەستانی کۆمپانیاکە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە ناوچەی چیای سورغ لە نزیک خانەقین، بەمەبەستی گەڕان بەشوێن چاڵە نەوتەکاندا***

لە بەشی شەشەمی کتێبەکەدا بەناوونیشانی (ڕووبارەکانی زاب، شارستانیی ئاشوور و ئەدیابین، ئەربیلاو کەرکووک) کاتێک باسی ئابووری ئەو شارە دەکات، نووسیویەتی: (کەرکووک وەک هەموو کوردستان، کاری سەرەکی دانیشتوانەکەی کوتاڵ و وشکە فرۆش و بازرگانەکان، بازرگانی لۆکە و قوماش و نەخشکردن بە تەواوی لە دەستیان دایە، لە ڕاستیدا برا موسوڵمانەکانیان لە بەغدا تا ئێستاش بەردەوامن، کە لۆکەی کوردستان لە مانچستەرەوە دابین دەکرێت لە لایەن جولەکە بەغداییەکانی کە لەوێ نیشتەجێن)

سەبارەت بە نرخی شتومەک و خواردن کە

ئەو لـەوێ کرێـیـەتی و ئـامـاژەی بـە نرخەکەی کردووە نووسیویەتی: ئەو بەیانییەی دەگەڕامەوە بیرمکـەوتـەوە هـەنـدێک کاهـوو لـە پـیـاوێکی پیر دەکڕی، ئەوەی بۆ مشتەرییەکانی پاکی دەکردەوە و دەیشتنەوە، نرخەکەی کە بیرێکی باشی دەدا لەسەر نرخی سەوزەوات و میوە، دوو کاهوو بە سێ (پول) کە حـەوت پـول دەکاتە (قەمەرییەک) کە یەکسانە بە سێ (فارییـنگ) کەواتە هەر کاهوویەک دەکاتە (٢٤)بـەش لە یەک پێنس، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دوو کەس بۆ ماوەی سەعاتێک لەسەر تێکی کەم نرخ کێشمەکێشیان بوو، بۆ ئەوەی (فاورینگێک) بەدەست بهێنن، واتە بەشێکی بەرچاوی ژەمە خواردنێکی بەدەست هێناوە.

کـاتـێـک بـاسـی داهـاتـی ئـەم نـاوچـەیـەش دەکـات زانیارییەکی نووسیوە، کە دەڵێت: لە دەروبـەری ساڵی ١٩٠٠ یان زووتر بە هاندانی شێخانی سلێمانی

**بەڕێوبەری قوتابخانەکەی نازناوی (مستەر سۆن)ی لێناوە و گوتویەتی منداڵێکی چالاکە و ئاوات و هیوای باشی هەیە و ئەمە (جنتڵمانە)**

و قـەرەداغ بێبەزەییانە دایـان بەسەر کاروانێکی حاجیانی ئێرانیدا لە نزیک کەرکووک، دووسەد لەو کولۆلانەیان لەناوبرد، تا ئەوکاتە سلێمانی، ڕەواندووز و کۆی سەنجەق داهاتێکی زۆریـان لە حاجییەکان دەست دەکەوت، کە لە ئێرانەوە بە سابڵاخدا بۆ بەغدا تێدەپەڕین، بەڵام دوای ئەوە ئیدی هاتووچۆ نەما و شێخەکانیش سەرچاوەی سامانێکی زۆریـان لە دراوسێیەتی خۆیان لە دەست دا لە پێناوی هاندانێکی دەمارگیری بۆ سەربڕینی موسڵمانە شیعەکان.

لەبارەی شێخانی سلێمانیشەوە نووسیویەتی: ( دوای کۆچی دوایی سوڵتان عەبدولعەزیز و پاش هاتنی سوڵتان عەبدولحەمید، ئەم شێخە زۆرزانە دەستیکرد بە پـرۆژەی خۆ زلکردن و دەوڵـەمـەندکردن، کە لـە کۆتاییی سـاڵـی ١٩٠٩ بـووە هـۆی کوشتنی، بینینی سوڵتانی گەندەڵ و چاوچنۆک و دەست و پێوەندەکانیشی نا ئاساییانە کاسەلێس و ناڕاست، گەشتێکی تری لەگەڵ شێخێکی ناوداری تر (شێخ قادر) بۆ ئەستەنبووڵ کرد، بەدیاری و باربوویەکی گەورەوە بەزەیی ئیمپراتۆری بۆ خۆی خێزانەکەی دابینکرد، هـەروەهـا بـەو دیـارییـە دەگمـەنـەوە شایستەی بڕوا پێکردنە و بەهاوکاری وابەستە و یاسای ئایینی کە هێناویەتی بۆ پشگیری هەموو بۆچوونەکانی، بەرکردەوە بوو بە ڕاوێژکاری ئایینی سوڵتان عەبدولحەمید، جەڵتەیەکی دەماغی کۆتایی و سەرکەوتنی بلیمەت بوو کاتێ شێخ سەعید و سوڵتان و عیزەت پاشا (لەبیرەوەری شەڕانگێزیدا) لە ڕاستیدا بازنەیەکیان بۆ چەوساندنەوەی ناوچەی سلێمانی پێکهانی، تێکەڵەیەکی سیاسی دەوڵەمەند بوون، عیزەت پاشا ئەفسەری بێ توانا و گەندەڵی بۆ حکوومەتی ناوخۆ دابین دەکرد، سوڵتانیش لە پاڵ باجەکانیدا دەرامەتی داهاتیشی کۆ دەکردەوە، شێخ سەعیدیش بێ ئـەوەی بەهیچ شێوەیەک بەفەرمی بەرپرس بێت لەو بارودۆخەی سلێمانی، ئازاد بوو لە پێشێلکردنی مافی میللەت و فشارخستنەسەر ناوچەکە تا ئاستی ئەوەی تەنیا خۆی و بنەماڵەکەی بمێنێت، تـەواو دەوڵەمەند بوو، تێفکرین لە شار و وڵات شەکەت و داڕووخاوە.

لـەچـرکـە سـاتـی گـەیـشـتـنـە دەسـەڵاتـی سـوڵـتـان عەبدولحەمید (١٧٧٦-١٩٠٨) سلێمانی زۆر لە ڕابردوو گرنگتر بوو، بوو بە بازاڕی ساخکردنەوەی هەموو بەرهەمی کوردستانی باشوور، فـەرش لە وڵاتـەکـەوە دەهـات بۆ ئێرە بۆ فرۆشتن، هەروەها گواستنەوەی بۆ مووسڵ و بەغداد، ڕوەکی کەتیرە لە بانەوە دەستی پێکرد و فرۆشتنی لێرە باشتر بوو وەک لە سنە، ژمارەیەکی زۆر لە کلدانەکانی مووسڵ بەکارێکی فراوان و سوودمەند لە جلوبەرگی لۆکە لە حەڵەبەوە و قوماشی ئەورووپاوە سەرقاڵن، کە لەسلێمانی دەفرۆشێت و دەنێرێت بۆ هەمەدان لە خۆراوای ئێران، هەندێک پیشەی دەستی شوێنی تایبەتی خۆی لە بازاڕەکاندا دۆزیوەتەوە، بەتایبەتی پێڵاو و زین دروستکردن و هەروەها دروستکردنی خەنجەر و تفەنگ، بـەگ و پاشاکانی خێڵی جاف کاروانسەرا و بازاڕیان دروستکردووە و کەوتوونەتە پەیوەندی لەگەڵ بازرگانەکانی سلێمانیدا و هەموو بەرهەمی ئەو خێڵە گەورەیە لە پێستە و خوری و

توتن و ڕۆن بەناو ئەو بازاڕەدا تێدەپەڕێت، کاروانی بەغدا هەموو دوو هەفتەیەک دەهات و بەهەمان ماوەش هاتن و چوون بۆ مووسڵ، جارجارەش، هەروەها کاروان دەچوو بۆبانە و مەریوان و سنە و سابلاخ-مهاباد، ئیدی پایەتی حوکم بەرزبۆوە بۆ موتەسەڕیف-پارێزگار و سەربازگەیەکی گەورەتر لە شوێنەکەدا جێگیر بوو.

دەنووسێت: پێموتراوە لە ساڵی(١٨٨٠)دا پەنجا کلدانیی مووسڵ و بیست بازرگانی هەمەدانی فارسی لێرە جێگیربوون، ئەوەی دوایان زۆر گرینگە وەک بەشێک لە ڕیکلامی بازرگانی دانیشتووان بۆ بەکارهێنانی کاروانسەرایەکی تایبەتی، کەناوی – خانی عەجەم-(کاروانسەرای ئێرانیان)ی بەسەردا براوە، ئەو ناوە تا ئەمڕۆش پارێزگاری لێکراوە و بەڵام یەک فارسیش لە سلێمانیدا نەماوە، نرخی ئەو بازرگانییە-کەکاری بازرگانی ناوخۆ ناگرێتەوە- ساڵانە دادەنرێت بە زیاتر لە نیو ملیۆن لیرە، واتە کۆی گشتی ئێستا هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستە، کاتێ کەبەرزترین بڕی ساڵێکی باش چوارسەد هەزار لیرەیە، کە بەردەوام لە کەمبوونەوەدایە.

لە ساڵی(١٨٨١) ستەمکاریی شێخەکان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حکوومەت، کەباجی زۆرە ملی بووە هۆی بەرپابوونی هەڵچوونی بەشێکی میللەت و داوایان لە هەمەوەندەکان کرد کە ئابلۆقەی شارەکە بدەن و موتەسەڕیف و شێخەکان دەرکران.

بازرگانەکان ئێستا دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندەش ئازاردەکێشن، ئەگەر کەلوپەلەکانیان لەسەر دەستی هەمەوەندەکاندا لەناونەچێت، لێپرسراوانی گومرگ، شێخەکان و فەرمانبەرەکانی شار بەکردەوە وێرانیان کردووە، بەردەوام داخوازی بە بروسکە لە سلێمانییەوە دووپات دەکرێتەوە و لەدواجاردا حکوومەت تێگەیشت کەبەکارهێنانی هێز مەحاڵە.

کاتێک باس لە گەندەڵی و وەرگرتنی پارە دەکات لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەنووسێت: ( دوای ئەوەی گیرفانی بەبڕێ پارەی زۆر پڕکرا (بەداخەوە من ناتوانم ئەو بڕە پارەیە دیاری بکەم، کە بەجیاواز پێنج، شەش، حەوت، دە، بیست و سی هەزار تمەنم داناوە (پارەی ئێرانی) لەوە دەچێت لەو بەڵگە باوەڕپێکراوانەوە بڕکە بریتی بوو لە دەوروبەری دەهەزار یان دوو هەزار پاوەند)

لە بەشێکی دا کاتێک باس لە شکستی بازرگانی لە سلێمانی دەکات نووسیویەتی: ڕێگاکان لە کەرکووکەوە بۆ بەغداد، کەرکووک بۆ سلێمانی و سلێمانی بۆ بەغداد، بەتەواوی داخرابوون و ئێستا سلێمانی تەواو هەژارە، نیوەی بازاڕ و دووکان داخراوە، چونکە شتومەکی نییە تا تێی بکەن و ژمارەیەکی کەم لە بازرگانەکان ئازایەتی ئەوەیان هەیە، کە نووسینگەکانیان بکەنەوە و لە ژووی بەتاڵدا بەبێ کار دانیشن.....

لەمانگی ئابی ١٩٠٩ کاتێک من سلێمانیم جێهێشت، لەوکاتەدا بازرگانەکان چاوەڕێی کۆکردنەوەی قەرزەکانیان بوون بۆئەوەی پارێزگاکە جێبهێڵن، کە دەبینن ئەو شارە هەرگیز چاک نابێتەوە تا بنەماڵەی

**میجەرسۆن لەگەڵ نزیکەی بیست کەسی ئەورووپی دی، کە لە بەغدا بوون دەستگیرکران و نێردران بۆ مێرسینا لە ئەنادۆڵ، بەڵام دوای هەفتەیەک ئازادکران و گەڕایەوە سەرکارەکەی خۆی**

شێخان لەوێ بن و دەسەڵاتی نادادوەرانەیان پێ درابێت، بازرگانی تا ڕادەیەکی زۆر سلێمانی جێهێشت، بازرگانەکان دەچن بۆ ئێران کە لە نالەبارترین کاتەکانیا هەرگیز ڕێی بەم جۆرە بارودۆخە نەداوە و کاروباری بازرگانی-کەم ولاواز دەبێت-هێشتا دەرفەت دەدۆزێتەوە، ئێستا باجەکانی گومرگ بەرزبۆتەوە بۆ بڕی لەسەدا پانزە و هاوکاریی تێکچوونی بازرگانی دەکات، کە هاوردەی بەرهەمەکان لە ئێرانەوە کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی کەتیرە و فەرش...)

بازرگانێک لەدەم دەرگای کاروانسەراکەدا خاوەنی نیوەی شوێنەکەیە، نووسینگەیەکی هەیە و هەندێک گەنجینەی جولەکەکان کە شتەکانیان لە دوو ژووردا داناوە، باقیەکەی بە بەتاڵی مابۆوە،

دیواره ڕووتەکانیش گەواهیی بارودۆخی سلێمانین، حەوشەکەش پڕ بووه له تەپوتۆز و پارچه کاغەز و حەوزێکی بۆگەن له ناوەندا، وێرانییەک نزیکی بوو، که له لایەن بریکارێتی شێخانەوه له کۆتاییدا خرابووه سەری.

سەبارەت به بەکارهێنانی دراوەکان له شاری سلێمانیدا باس لەوه دەکات که، سلێمانی پارەی ئێرانی بەکاردەهێنا، هەرچەند ماوەیەکی دوورودرێژ بوو سەر بەو میللەته بوو، پارەی کانزایی تورکی جگه له مەجیدی وەرنەدەگیرا، بەوشێوەیە پاره کۆنەکانی کانزایی هەر مابوون، لەهەمان کاتدا ناوه تورکیەکەی پارەش هەروەها بەکاردەهێنرا، که دەبوه هۆی سەرلێتێکچوون، سێ نیشانەی کرداری هەیە: مس (پوول) و زیو (بێچوو) یان بەفارسی (پێنج شایی) و پارچه ئاساییەکەش (دوو قڕان)ی

***دوای ئەو ڕووداوانەی که لەشاری سلێمانی ڕوویاندا و حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز له شاری سلێمانی بەرپابوو، مێجەرسۆن له ساڵی ١٩١٩ تاوەکوو تشرینی یەکەمی له شاری سلێمانی حاکم بوو***

ئێرانی بوو لێره پێی دەوترا (تارانی) بەڵام له پاڵ ئەوانەشدا ڕووبەڕووی ئەم ناوانەش دەبووینەوه، وەک چەرخی، جووت، ده پاره، غازی، قەمەری، قڕان و قڕانی ڕەش.. هەموو شت به قەمەری هەژمار دەکرا و ئەو پاره خەیاڵاوییەش بەهای چوار پووله و بێچووش (که مامەڵه لەگەڵ نیشانی کرداریيدا دەکرێت) بەهاکەشی حەوت پووله، بۆبڕێکی زۆر تارانی دەوترێت، که دەکاته پێنج بێچوو و پوولێک، یان نۆ قەمەری، خەڵکی بێگانه له بێ هیواییدا نقووم دەبێت، ئەوەش ناشاردرێتەوه که لەکەرکووک به بێچوو دەوترێت قەمەری و بەتارانی قڕان.

سەبارەت به بازرگانی و ئەو ڕەوشەی لەشاری کەرکووکدا هەبووه باس لەوەدەکات که، شتومەکی وەک قامیشه جگەره، لۆکه، نەخشکراو، خام و بلووری، قوماشی حەڵەبی، قوماشی هەرزان بەها و دوو کیسەی گەورەی بزمار، که له ئەورووپاوه هێنراوه، لێره بۆ فرۆشتن هەیە. هەروەکوو هەموو کاروانسەراکانی تری سلێمانی، ژوورەکان له ڕاستییدا هیچ نین، زیاتر له بۆشاییەکی قووڵ دەچێت و له پێشەوه دەرابەیەکی تەختەی له سێ بەش بۆ دروستکراوه، بەشەکانی دەرابەکه به خلیسکاندن دەکرێتەوه و به قوڵاپێکی ئاسن لەو ئاستەدا هەڵدەواسرێت به تلێشێکدا کاتێ که دەڕۆنەوه..

له وەسفی بازاڕی هەڵەبجەدا دەڵێت: له بازاڕی هەڵەبجەدا پەنجاو دوو دووکانی لەوانه تێدایه و لەوانەیە بیستیان بازرگانی کوتاڵ و جلوبەرگی کەتان بێت، زۆربەشیان جوولەکەن، که بەشی سەرەکی بازرگانەکانن، بازاڕەکه، هەموو هەواڵی شارەکه و ناوچەکەشی بۆ دێت... دەڵێت: له گۆڕەپانێکەوه بەدەرگایەکی نزمی پەرپووتدا که دەچووه سەر کۆڵانێکی بنبەست و لەوێشەوه بۆ شەقامێکی تەسک و پیسوپۆخڵ، ئەوەش گۆڕەپانێکه که له لایەکەوه ڕیزێک کۆشکه، کراوه به دووکانی کەباب برژاندن و مەڕ سەربڕین و میوه کڕین له جووتیاران که تازه له باخەکانیاندا هێناویانه، ئەوه بازاڕی خواردەمەنی بوو له هەڵەبجەدا، مەنسوور پێی گوتم ئەوه بەر له حەوت ساڵ ئێره شوێنی زبڵ و خۆڵ و خاشاک بووه، که ئێستا تا ڕادەیەک ناوەندی شارۆچکەکەیە.

له بەشی (ژیان له سلێمانیدا) وەسفی دووکان و بازاڕەکانی دەکات و باس لەو کەلوپەلانەدا دەکات که دووکاندارەکان مامەڵەی پێوه دەکەن، نووسیویەتی: بەو جۆره نرخی سێ شایی مێووژ، یان نرخی قڕانێک بادەم، که ورده فرۆشەکه دەیدا به کڕیارەکه له کەوچکێکی درێژدا، که دەگاته دووترین تەشت بێ ئەوەی پێویست بکات بۆی بجوڵێت، له هەموو دووکانێکدا له کوردستان، جگه له دووکانی داوو دەرمان و بەهارات فرۆشەکان، هەر شتێک دەپێچرێتەوه و ئەو نەریته دەستەسڕی کردووه به بەشێکی گرنگ له پێداویستی پیاو، بۆ شتومەک کڕین له بازاڕ کەسێک دەبێ بەلایەنی کەمەوه سێ دەستەسڕی پێ بێت، ئەگەر دوور بکەوێتەوه له تێکەڵکردنی خورما، گۆشت و میوه له یەک دەستەسڕدا.

سەبارەت به کێشانه و پێوانەکان نووسیویەتی: (ئینجا

کێشانەکان لە دەفتەرێکی بچووکدا تۆماردەرکرا، و ناوی کڕیار و فرۆشیارەکان و مادەکەش لە ژێریاندا، ئیدی ئەژمێرکرا و پارەی کێشانەی قەپانەکەی دا، هەر لایەک نیوەی، دانیشتن بۆ حسابکردنی ١٢٠٠ قڕان بە دووقڕانی، ئەو کارەش نیو سەعاتی دەخایاند، لەگەڵ گەڕان بەدوای پارەی شکاو و خراپدا، ....

کاتێک باس لە بارودۆخی ئابووری تکریت دەکات، دەنووسێت: (گەیشتینە تکریتی پیسوپۆخڵ، لەسەر لێژاییەک لە داوێنییدا ڕاوەستاوە، شارێکی بیابانییە، دەرکەنارە لە درێژ بوونەوەیەکی کاکی بەکاکی لەهیچ، لەبەر ڕووبارێکی ڕووبەر تەسک بە دڵنیاییەوە هەمیشە دەڕوات و دەکشێت، تکریتی پۆخڵ، لەگەڵ سیانزە دووکانەکەیدا کەپێی دەوترا بازاڕ و دوو قاوەخانە، یەکێکیان پڕە لە مشەخۆرە تورکەکان، کە لەتەلارێکی بەرزی بچووکدا لەسەر بەردێک دانیشتوون بۆ وەرگرتنی شنەبایەکی گەرمی ئێواران، خانووی نارێکی پیس، شارێکی ناشرین، پڕ لە عەرەبی پۆشتە کەلەبەر سێبەر دانیشتوون و هیچ ناکەن،- کە ئەوە هەوڵی دڵخوازی هەموو عەرەبە- ژنەکانیشیان ڕێچکە دەبەستن بۆ پڕکردنی گۆزە مل باریکەکان لە ئاو، کە ئەوە دەفری تایبەتی بەکارهێنانی عەرەبە لە مووسڵەوە بۆ کەنداو... ئەم تکریتە هێلانەی دووپشکی ژەهری عەرەبە، شاری تەپوتۆزە و لە تەپوتۆز بنیاتنراوە، نە پەڕە گەڵایەک، نە نیشانەی گەڵایەکی سەوز..) واتە شارێکی کشتوکاڵی نەبووە.

**دەرئەنجام:**

لە دووتوێی زانیارییەکانی ناو کتێبی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا)ی مێجەر سۆن، دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامانە.

١. ئەم کتێبە ئەو زانیارییانەن کە نووسەر خۆی بینیونی یاخود لە کەسانی ترەوە دەماودەم بۆیان گێڕاوەتەوە.

٢. ئابووریی ئەم ناوچانە بەهۆی شەڕی خێڵەکان و گرنگی نەدانی دەوڵەتی عوسمانیی بە ناوچەکە لەڕووی ئابوورییەوە لاواز بووە، بەتایبەت بواری بازرگانی، کە لەچەند شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات، ڕێگر و چەتە و تاڵانکردنی کاروانە بازرگانییەکان هەبوون.

٣. ئەم زانیارییانە لە لایەنی ئابوورییەوە کە لەم کتێبەدا تۆمار کراون،



ئەو دیاردانەن، کە نووسەر خۆی بینیویەتی، ئەویش تەنیا شارە سەرەکییەکان و ئەو ناوچەیە بووە، کە پیای تێپەڕیوە نەک پشت بەستن بە ئامار و داتای فەرمی.

٤. زانیارییەکان پچڕ پچڕ و لەیەک دابڕاون، ئەو زۆرتر بە مەبەستی سیاسیی و کۆکردنەوەی زانیاری هاتووە، ڕۆڵ بینینی دواتری مێجەرسۆن ئەو ڕاستییە باشتر دەردەخات.

٥. بۆمان دەردەکەوێت بەهۆی شەڕی خێڵەکان و ڕێگری و بوونی نا ئارامی و شێخەکان و ئاغاکان کە بەردەوام سەرانەیان دەسەند، و لەسەر حسابی خەڵکە جووتیار و هەژارەکە خۆیان دەوڵەمەند دەکرد، ئەمە و جگە لە لە گەندەڵیی ئیداری و دارایی دەوڵەتی عوسمانیی لەو قۆناغەی مێجەر سۆن سەردانی ناوچەکەی کردووە، باری ئابووری لە هەموو ڕووەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و ئاژەڵداری زۆر خراپ بووە و بەدەست دەیان کێشە و قەیرانەوە ناڵاندوویەتی.

**لەبڵاوکراوەکانی میجەرسۆن :**

١- کتێبی (القواعد اللغە الکردیە) لە ساڵی ١٩١٣

٢- کتێبی (غرام الکرد) تێیدا باسی شێوەزارە کوردییەکان دەکات

٣- دراسات قیمە عن اکراد السلیمانیە

٤- کتێبە بەناوبانگەکەی (رحلە متنکرە الی بلاد مابین النهرین و کردستان) دوو بەشە.

* ئەم کتێبە بە ئینگلیزی بە ناونیشانی( To Mesopotamia and Kurdistan in disguise، with historical notice of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan )

لە ساڵی (١٩١٢) لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە، و کراوەتە عەرەبی بە ناونیشانی (رحلە متنکرە الی بلاد مابین النهرین و کردستان، ترجمة: فؤاد جمیل، مطابع الجمهوریة، بغداد، ١٩٧٠).

لە ساڵی ٢٠١٨شدا (مینە)-محەمەد ئەمین حوسێن عەلی) لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و کتێبخانەی یادگار لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، بە قەبارەی (٤٠٠) لاپەڕە.

**لیستی سەرچاوەکان**


١. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس بیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣. افستا خان: میجەر سون و کوردستان،نبڑە مختصرە عن حیاتە، سایتی .WWW.Gilgamish Org

٤. ڕەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی دوەم، مطبعة المعارف، بغداد.

٥. سدیق ساڵح: حکوومەتی کوردستان١٩١٨-١٩٢٤، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦. عمر خیام: چوارینەکانی عمر خیام، وەرگێرانی،شێخ سلام، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠٠٧.

٧. عوسمان عەلی: چەند لێکۆلینەوەیەک دەرباری بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامران جەمال زادە، چاپخانەی ڕێ نویَ، هەولێر، ٢٠١٠.

٨. میجەر، ئی بی سون: چەند سەرنجێک دەرباری هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوللا ، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٥،

٩. نەجاتی عەبدوڵلا: بیبلۆگرافیای کوردناسی (کورد و کوردستان لەسەرچاوە ئینگلیزییەکاندا)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٠.

١٠. نیشتمان محەمەدئەمین عەبدوڵلا: مێجەرسۆن و کوردناسی، گۆڤاری (کەوانە) ژمارە (٢٤) تشرینی یەکەم ٢٠١٣.

١١. میجەر سۆن، گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا) لەگەڵ تێبینییە مێژووییەکان لە بارەی تیرەو خێڵەکانی کورد و کلدانەکانی کوردستانەوە، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨.

# ئەدەب

- **سێ دیداری ئەدەبیی**
- **ژن وەک ڕەهەندێکی ژینگەیی لە شیعری کوردیی-دا**

ئاشنا فەرزندە

- **ئاماژە و چەمکی کرانەوە «مانا»**

عەلی شێخ عومەر

- **کتێبی فێستیڤاڵی گەلاوێژ و شیعری دوای ڕاپەڕین**

سەدیق سەعید ڕواندزی

- **مردنی خوێنەری میللی**

حەمە مەنتک

- **تاسەت دەکەم شەهید**

هەناسە مرگابادی


- **بۆنی غوربەت .. لە نیشتمانی ئاودا**

حەمە ئەحمەد جاف

- **هایکۆی نوێ**

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

# سێ دیداری ئەدەبیی



شێرکۆ بێکەس



دانا عەسکەر




ئارام حاجی

# ئارام حاجی:

# ئێمە وەک شیعر تا بڵێی دەوڵەمەندین، بەڵام وەک سەرچاوە لەبارەی شیعرەوە هەژارین

(ئارام حاجی، شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ئەدەبیی. مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبییە، دانیشتووی دەربەندیخانە. تا ئێستە ئەو کتێبانەی چاپ کردوون: (پێکێ گریمانە) کۆمەڵەشیعر ٢٠٢٠ (سەکۆی پەرێزان) وتووێژی ئەدەبیی لەبارەی شیعرەوە ٢٠٢٢ (بەرگریی لە شیعر) وتووێژی ئەدەبیی لەبارەی شیعرەوە ٢٠٢٢ (وێژان) وتووێژی ئەدەبیی لەبارەی شیعرەوە ٢٠٢٣.

**ئەو خەڵاتانەشی وەرگرتوون:**

ـ خەڵاتی باشترین دەق بۆ شیعری (کۆچی کۆتا فریشتە بەرەو عەرعەر) لە فێستیڤاڵی ئەدەبیی گەنجان ٢٠١٧.

ـ خەڵاتی دووەم بۆ شیعری (نان بۆ من و شەراب بۆ هۆڵدەرلین) لە سێیەمین فێستیڤاڵی لەتیف هەڵمەت ٢٠٢١.

ـ خەڵاتی دووەم بۆ شیعری (مرۆڤی سوێر) لە هەشتەمین فێستیڤاڵی گوڵەهەنار ٢٠٢٢.)

**دیدار: مەدینە ئەحمەد**

**– ئەوەی شیعری داهێنا، دەیویست چی بڵێت؟**

+ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێ سەرەتا منی نووسەر بچمەوە هەوەڵین دەمی نووسینم و ئینجا بێمەوە، تا دەگەمە پرسیارەکەت. نامەوێ وەک قسەیەکی باو بێژم شیعر پەیامە، بەڵکوو ئێژم، هەموو شیعرێک پەیامێکی تێدایە بۆ وەرگر، مەبەستیشم ئەوە نییە شیعر ببێت بە کۆتری نامەبەر، یان شیعر ببێتە قوربانیی پەیامێک، زیاتر مەبەستم ئەوەیە، هەموو شیعرێک دەیەوێ شتێکمان پێ بێژێت.

هەر لە سەرەتاوە، کە دەست دەدەینە نووسین، ئەشێ ئەزموونێکی وەهامان نەبێت، کە وەڵامێکی چڕوپڕمان لا گەڵاڵە ببێت بۆ وەها پرسیارێک، بەڵام بێ ویستی خۆت ئەوەت بۆ گەڵاڵە دەبێت، کە نووسین هەڵوێست وەرگرتنە، هەڵوێست وەردەگری لە بەرانبەر ئەوەی دەیهێنیتە نێو شیعرەکەتەوە، ئیدی مەرج نییە هەموو هەڵوێست وەرگرتنێک دژبوون بێت، بۆنموونە، تۆ لەبارەی جوانییەوە دەنووسی، ئەوا هەڵوێستت نواندووە لەگەڵ جوانیت. یان لەبارەی ماڵوێرانی و جەنگەوە دەنووسیت، ئەوا خۆ ستایشی جەنگ ناکەیت، بەڵکوو هەڵوێستت نواندووە دژی جەنگ. کەوایە ئەوەی شیعر دادەهێنێت، بێگومان دەیەوێت بە زمانێکی دی هەڵوێست وەربگرێت لە بەرانبەر ئەویدییەکەدا.

واوەتریش بێینەوە ئەم پرسیارە ئاگاییمان بە دوو ئاراستەی دیکەدا دەبات. یەکەم ئەوە کێیە، کە هەڵوێست وەردەگرێت. بۆچی هەڵوێست وەردەگرێت؟

لە یەکەمیاندا مرۆڤێکە دەیەوێ تاکانە بژی، نایەوێ وەک زۆرینە بیربکاتەوە، نایەوێ ئەو قسانە بکات، کە زۆرینە دەیکەن، نایەوێت یەکێک بێ لە ئەوان و پەیامەکەیشی بۆ مرۆڤانێکە، کە بیر دەکەنەوە و لە زمانی تێدەگەن، ئەوان بانگ دەکات بۆ جیهانی ناوەوەیان، تا ناوەوەی

خۆیان بدوێنن، خۆیان بناسن و ئینجا ژینگەی دەوروبەر، لەسەر شتەکان پرسیاریان بۆ دروست دەکات، چارەیان بۆ دەدۆزێتـەوە، بـەڵام چارەسەرکردنیان بۆ خۆیان بەجێدێڵێت، فێری (نا)یان دەکات و بەڵێیش لە جێگەی خۆیدا، لەبارەی ئایندەوە ئاماژەیان بۆ دەکات. بۆ هەر شتێک بیەوێت ڕوودەکاتە ناوەوەی خۆی، ئەو تەنیاییەی زۆرینە لێی ڕادەکەن، ئەم داهێنانی تێدا دەکات و تێدا بیر دەکاتەوە، نایەوێت دیوەخان بونیاد بنێ تا گوێی بۆ بگرن، بەڵکوو دەیەوێ بیخوێننەوە و کاتی بۆ دابنێیت. وشەکانی دەنگی نییە، بەڵام هێزی هەیە، نەرم و هێواشن، بـەڵام بە بـەردەوامی ئیشی خـۆی دەکـات. واقیعت بۆ ناگوازێتەوە، بەڵکوو واقیعێکی دیکەت نیشان دەدات لەسەر جوگرافیاییەکی سپی، دیارە ئەمە بنووس نایکات؛ شاعیر دەیکات، ئەو کەسەی لە پرسیارەکەتدا وشەی داهێنەرت داوەتە پاڵی.

***لە ئەدەبی کلاسیکدا دەم لە کاتی گۆکردندا، بە گوڵێک چوێنراوە، کە دەپشکوێت. ئەم پشکوتنە وەک کۆدێک لای هەموو خوێنەرێک شکێنراوە، بۆیە دەبێت شاعیرێک ئەمجارە دەم لە کاتی گۆکردندا بە برینێک بچوێنێت***

هەرچی ئاراستەی دووەمیشە، پێش هەر شتێک شاعیر مرۆڤێکە لە بەرپرسیارێتی ڕاناکات، باجەکەی هەر ئازارێک بێ ڕووبـەڕووی دەبێتەوە. هەر شادییەکیش بێ لـە خـۆیـەوە پەخشی دەکـاتـەوە بۆ دەوروبــەری، پاشان دەزانـێ ئـەوەی درکی پێ کـردووە تەنیا چاوە هەستیارەکەی خۆی بینیویەتی، ڕاستیی بوونت نیشان دەدات لەسەر پەڕاو، تەنانەت کە ڕاستییەکی تاڵت نیشان دەدات، بۆت باس ناکات، بەڵکوو دروستی دەکات لە شیعرەکەدا، ئەو ڕاستییەت بۆ دانارێژێتەوە، کە مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی دایانڕشتووە، بەڵکوو ئەوەی لەوان جێماوە و نەیانتوانیوە دایرێژنەوە، یان هەر نەیان بینیوە، یاخود ئەسڵەن زمانی ئەوان لە قەرەی دارێژان و بە ڕاستیکردنەوەی ئەو بابەتانەیان نییە، تەنیا زمانی شیعر پێی دەوێرێت. بۆیە هەڵوێست وەردەگرێت، تا ئەو ڕاستییەت وا نیشان بدات بەرگەی بگریت، بتوانی خۆتی بۆ تەیار بکەیت. بتوانی تروسکایی بدۆزیتەوە. ئەمانەی وتم تەنیا شاعیرە پێی دەکرێت، بنووس نا.

**– لە بڵاوکراوەیەکتدا باسی نووسەری «دەستەکۆیی» دەکەیت و نەبنە مەدالیا بە کەمەری ئەم نووسەر و ئەو نووسەر، مەبەستت لەو دەربڕینە چییە؟**

+ پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەمەوێ شتێک ڕوون بکەمەوە. کاتێک کەسێک لە ترسی بەڵێنی خودا بە سـزای دۆزەخ، یـان بەهەشت، چاکە دەکـات، کەوایـە ئـەم مرۆڤە لە بنـەڕەتـەوە چاک نییە، بەڵکوو لەبەر شتێک، شتێک ناکات، بـەڵام گـەر ویستی چاکە لەنێو ئەو مرۆڤەدا هەبوو، یان چاکێتی لەنێویدا هەبوو، ئەوکات لەبەر پاداشت و سزا نییە، کە چاکە، بەڵکوو چاکە لەنێویدا هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەم چاکەیە ئەم گەورەییە، هەرگیز مرۆڤێک ناتوانێت بیکاتە مرۆڤێکی دیکە، ناتوانێت فێری ئەم جۆرەی بکات، چونکە شتێکە دەبێ لە خۆتدا بەرهەمی بهێنیت، نەک لەبەر شتێک، یان هێزێک لە دەرەوە پێت ببەخشیت.

لـەم نـموونـەیـەدا مەبەستم ئـەوەیـە شیعر وەک ئەو چاک(فەزیلەت)ە وایـە، ئەگەر خۆت تێتدا نەبێت، ئەوا هەرچی بکەیت ساختە دەردەچێت، وەک ئەو نموونەیە، کە لەبەر پاداشت و سزا، خراپە ئەنجام نادات. شیعریش وایە، ڕەنگە کۆمەڵێ ڕێسا و زانیاریی و ڕەگەزی شیعر فێر ببێت لـە کەسانێکەوە، ئەشێ فێری هەندێک لە شتە جێگرەکانی شیعر ببێت، بەڵام هەرگیز ئەو هێزە دەرەکییە، یان ئەو فێرکارە ناتوانێت خۆشاوی شیعر، یان ناوکی شیعر بخاتە تۆوە و فێرت بکات. بۆیە لەم باسەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، شیعر تا سەر ئێسقان پرۆژەیەکی تاقانە و ناوەکییە، پرۆژەیەکە هی خۆدە، نەک خۆتان، یان خۆیان، هی مرۆڤێکە، کە دەیەوێ لە ناوەوە ڕۆشن ببێتەوە، نەک یەکێکی دی ڕووناکیی تێ بگرێت و ڕووناکی بکاتەوە. چرای بۆ بگرێت و لایتی لێدا، بۆیە تۆ بۆ هەموو ژیانت، گەر ڕووناکییان تێ گرتی، دەبیتە بەرهەمهێنی زرەوێنە، نەک وێنە ڕاستەقینەکە، دەبیتە سـەراب نابیتە ئاوە ڕاستەکە، دەبیتە لە نووسەرچوو، نەک نووسەر(شاعیرم مەبەستە) تۆ بڕوانە هەموو ئەو کتێبانەی دەیخوێنینەوە، هەموویان زانیارین لەبارەی شیعرەوە، لـەبـارەی ڕەگـەزەکـانی شیعرەوە، هیچیان نانووسن شیعر ئاوا دەنووسرێت، یان ئاوایە. ئەبێ وا بنووسرێت و وا نەنووسرێت. بە واتایەکی دی هەموویان

زانیاری و هۆشداری و مەعریفەی شیعریمان زیاد دەکەن، نەک شیعرمان فێرکەن. تەنانەت هەموومان، کە لە سەرەتامانەوە کەڵکمان لە قسەو باسی ئەدەبیی نووسەرانێک وەرگرتووە کاتێک گفتوگۆی ئەدەبیمان لەگەڵدا کردوون، هیچیان شیعریان فێر نەکردووین، بە کورتی: زانیاریمان زیاد دەکەن و پێمان دەدەن لەبارەی شیعرەوە، نەک خۆشاو، یان گیراوەی شیعرمان بدەنێ، چونکە گیراوەکەی لەنێو خۆماندایە و نابەخشرێت.

کەوایە دوێتەشیعر و گەلەشیعر و خۆبەناوبانگکردن و خۆبەسێبەرکردن و خۆهەڵواسین، کوا لەگەڵ ئەم داهێنانە خودییەدا، کە ناوی شیعرە دەگونجێت و ڕەوایە؟

کەی ڕەوایە یەک مینی پاس نەفەر بکەی بە پەیژە بۆ شیعرێک یان کتێبێک؟ کەی ڕەوایە تۆ لەسەر بەرگی کتێبەکەت لە خوار ناوی خۆتەوە بێژی فڵان نووسەری زەبەلاح پێشەکیی بۆ نووسیوە. لەکاتێکدا ئەم نووسینە دەبێ لە ناوەوەی بەرگ بێ، نەک سەر بەرگ، کە خستتە سەر بەرگ، ئەوە بە ناڕاستەوخۆ بە منی خوێنەر ئێژیت: گەر زەبەلاح نەبم، ئەو زەبەلاحە پێشەکیم بۆ نانووسێت، یاخود ئێژیت: ئەو پێشەکیی بۆ نووسیوم و یەڵا بمکرن، خۆمم بە ناوبانگی ویدا هەڵواسیوە و خۆم ئەوەڵمە.




بۆیە ئەمە نووسەری دەستەکۆییە و لەگەڵ پرسێکی تاقانەی مەعریفی و هزری و مێژوویی وەک شیعردا یەک ناگرێتەوە.

**– بەدەر لەوەی شیعریش دەنووسیت، کاری ڕۆژنامەنووسی ئەدەبییش دەکەیت، چی خاڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەم دوانەدا و گرنگیی کاری ڕۆژنامەنووسی ئەدەبیی لە چیدایە؟**

+ سەرەتا، من کاری ڕۆژنامەنووسییەکەیشم گفتوگۆیە لەبارەی شیعرەوە، یانی هەر لە یەکەم هەنگاو، هاوبەشبوونێک هەیە لە نێوان ئەو دوو کایەی، کە من دەستم داوەتێ، هاوکات من-ە شاعیرەکە لەو نەوەیەیە، کە پێی ئێژن: نەوەی پاش دووهەزار، واتە پاش دووهەزار بڵاوکراوەم هەیە، دەی هەرچی دیداریشم لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا کردووە، هەموویان لەگەڵ نووسەرانی پاش دوو هەزارن.

پاشان ئەوەی من دەیکەم گەورەترین بۆشاییە لەنێو ئەدەبی کوردیدا، من و چەند کەسێک پڕی دەکەینەوە، کە ڕەنگە لە پەنجەی یەک دەست تێنەپەڕین. سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکەت، کە باسی گرنگیی کاری ڕۆژنامەنووسی ئەدەبییە، حەزەکەم سەرەتا بێژم: کورد ئەو گەلەیە، لە هەموو نەتەوەکانی دی نزیکترە لە مردنەوە.

بڕوانە هاوڕێم؛ ڕەنگە لەنێو مێژووی گەلاندا ئێمە زۆرترین ماڵوێرانی و ڕاکردن و ڕاگواستن و شەڕ و دەربەدەری و نەهامەتیمان بینیبێت، هەمیشە، یان ماڵبەکۆڵ بووین، یان لە نزیک ترسەوە نیشتەجێ بووین.

ئاخر ئەمانە دەبنە هۆی تیاچوونی فەرهەنگ و نووسراوی تۆ، گلێر نەبوونەوە و شپرزەیی تۆ، ئاخر لە وەها دۆخێکدا مرۆڤ هەبووە، منداڵی خۆی لێ جێماوە، یان جێی هێشتووە. نەخوازەڵا نووسین و بەڵگە و قسەوباس و مێژووی ئەدەبیی تۆ.

بۆنموونە ئێمە، کە ئەوەندە درەنگ ڕۆمانمان نووسیوە، یەک لە هۆکارەکان ئەوەیە، یان جێگیر نەبووین، یان بێ مەترسی نیشتەجێ نەبووین بۆ زەمەنێکی درێژ. هەروەها ئێژمییەوە: لە وەها دۆخێکدا ئەدەبییش لە نزیک مردنە، لە نزیک برینداربوون، لە نزیک کەمئەندامبوونە، لە نزیک ئاوارەیەیی و بێحاڵیدایە. ئەشێ، یان نەیپەرژێ، یان بمرێ و نەتوانێ دیدی خۆی لەمەڕ، بەنموونە شیعر بنووسێتەوە.

پاشان لە پێشەکیی کتێبی (سەکۆی پەرێزان)مدا گوتوومە،

چەند خۆش دەبوو ئێمە دیدی نالی، یان پیرەمێرد، یان هەرشاعیرێکی دیکەی کلاسیکمان بە نووسراو لە بەردەست بوایە. لەبارەی شیعرەوە، چەند بە بایەخ و مایەی شادی دەبوو، بمانزانیبا مەلای جەزیزی دیدی لەبارەی شیعرەوە چییە؟

بۆیە فرە بە دووری مەبینە ئێستەیش ڕاکردن و ئاوارەیی دیکەمان لە پێش بێت و ئەدیبەکانمان تیابچن، بۆیە من بە هەلم زانیوە قسە و باسی ئەدیبانی خۆمان لەبارەی شیعرەوە بگوازمەوە بۆ ئایندە، دیدارم لەگەڵ کردوون. دوور نییە ئێمەی کوردی نزیکەمەرگ، ئەدیبە باشەکانمان لێ نەڕوات بەهەر هۆکارێک بێت، لە دیدگەی ئەدەبییان بێبەش بین. پاشان ئێمە وەک شیعر تا بڵێی دەوڵەمەندین، بەڵام وەک سەرچاوە لەبارەی شیعرەوە هەژارین، بۆیە ویستوومە سەرچاوە زیاد بکەم. پاشان ئێمە، کە شیعری باشمان هەیە، بۆ گوتنی باشیشمان لەبارەی شیعرەوە نەبێ؟

**دیارترین گۆڕان، کە من پەیم پێ بردبێت، لەسەر ئاستی وێنەدا بووە. وەک گەورە فیلمساز ئەندرێ تارکۆڤیسکی دەڵێت: مرۆڤ تاقەتی وشەی نەماوە دەبێ ئیدی وێنەی نیشان بدەیت**

پاشان هەر ئەو دوو کتێبەم (سەکۆی پەریزان و بەرگریی لە شیعر) هەر لە دووهەزار و بیست و دوو، کە چاپ بوون، لە هەمان ساڵدا وەک سەرچاوە لە ماستەرنامەدا بەکار بران. کەوایە لە کارێکەوە گەیشتە زەرورەت و پێویستیی ڕەها.

لە ڕاستیدا ئەمەی من کردوومە لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا، بەتایبەت لە کتێبی (وێژان)دا ئیشی تاقە مرۆڤێک نییە، بەڵکوو ئیشی گرووپ و ڕێکخراو و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، بەڵام وەک چۆن چاوەڕێی سپاس نیم، چاوەڕێیش ناکەم لەم سەردەمی پارە و ناوبانگ چنینەوەدا، ئەوان بیکەن. بەڵکوو خۆم بە قەرزداری زمانی کوردیی و شیعری کوردیی دەزانم و زۆریشم لێ بکەی دەڵێم، ئەرکە و پێی هەڵدەستم، خزمەتکاری زمانی خۆمم و خزمەتی دەکەم. هەر هیچ نەبێ کارێکم بۆ خوێنەرانی ئایندە کردووە.

**- پێت وانییە نەبوونی لیژنەیەکی چاودێر وای کردووە، کە بە لێشاو دەقی لاواز و دیوانی شیعری لاواز بڵاو ببنەوە؟**

+ منیش دەپرسم ئاخۆ کام گرووپ، ڕێکخراو و وەزارەت ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵدەگرن، لەم سەردەمی بێ سەروبەرییەدا؟ وەک بۆچوونی خۆم، ئێژم: کە وتت شیعر ئیدی دەبێت بەهێز و باش بێت، ئەگینا ناونیشانی شیعر هەڵناگرێت، بۆیە نە شیعر و نە کتێبی شیعر بە لێشاو نایەن و لاوازیش نین. دیارە هەرچی بە لێشاو هات، هەر بە لێشاویش دەڕوات و بەسەر دەچێت. چونکە ئەوەی لێشاو دروست دەکات ناوی نانێم شیعر، ناوی دەنێم شتێک لە شێوەی شیعر، یان قسەی مزرو بەتام. ئەوەی بەم جۆرە دەنووسێت هەر ئەوانە دەیخوێننەوە، کە بە دوای وەڵامەوەن، نەک بەدوای پرسیاری قووڵ. شیعر وەڵامی تێدا نییە، تا مێشکت ئیسراحەت پاڵی لێ بداتەوە، شیعر پرسیارت بۆ دروست دەکات، تا مێشکت ژەنگ نەیگرێت. بنووسەکانیش ئەو شتانە ئێژن، کە خوێنەرەکانیان حەزیان لێیە و بێدڵیی یەکدی ناکەن. هەموو ئەوانەی بەم جۆرە دەنووسن، یەک تەمەن خوێنەر و یەک جۆر بیرکردنەوە و یەک جۆر چێژ و سەلیقە دەیان خوێننەوە. ئەوانەیشی، کە دەیانخوێننەوە بە دوو خەسڵەت بیانناسەوە:

یەکەم: ئەو خوێنەرانەن هەر یەک جۆر کتێب و یەک جۆر چێژ تاقی دەکەنەوە، هەر ئەو کتێبانە دەخوێننەوە.

دووەم: هەموو تەمەنیان ڕەنگە هەر سێ چوار کتێب بخوێننەوە و بەر ئەو جۆرە نووسینانە دەکەون، کە ئەو بنووسانە بەرهەمی دەهێنن.

من کێشەم نییە، ئەگەر هەموو دونیا بنووسێت، چونکە شیعر لای من بوونەوەرێکی زیندووە؛ مادەم لە ڕێگەی زمانێکی سەرەکیی هێمادراری نامۆی گۆڕانخوازەوە دەنووسرێت. زمانیش پرۆسەیەکە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەو جۆرانەیش، کە تانەمان لێدان لە سەرەوە، ئەم زمانە قووڵ و فرە واتا شک نابەن، بۆیە هەر زوو شیعر دەیانکاتە دەرەوەی خۆی و وەریان ناگرێت، هەرچەند تۆ بیکەی بە ناوی شیعریشەوە.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو هەبووە زیاتر لە دوو هەزار دانە لە کتێبەکانی فرۆشراوە، بەڵام دەپرسم ئەی کوا دەنگ و ڕەنگ و کاریگەرییەکەی لەسەر ڕەوتی ئەدەبیات؟ بۆیە نە مەترسین بۆ سەر ئەدەبی ڕاستەقینە

و نە جێگەیش داگیر دەکەن. ئەمانە نووسینەکانیان گوێ داگیر دەکات نەک ئەندێشە، باشترە ناویان بە کۆمەڵی نەڕە و شاشە ببەین، چونکە هەمیشە لە کۆڕدان و دەنەڕێنن، هەمیشە لەبەردەم شاشەدان، لەبەرئەوەی، کە ون بوون خێرا بیردەچنەوە.

**– چی شتێک لە بارەی شیعری پاش دووهەزار و پێش دووهەزار گۆڕاوە، یان جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو قۆناغە چین؟**

+ جارێک لە بەرنامەیەک گوتم ئێستەیش هەم شیعری باش هەیە، هەم شاعیری باش، تەنیا ئەوەیە ڕێگەکە کەمێک قەرەباڵغتر بووە، ئەویش بەهۆی ئەو جۆرەی، کە وتمان بە لێشاو دێن و دەچن، ئەویش حەقیقەتی تەکنەلۆژیایە زوو دەریان دەخات و زوویش لەبەرچاو ونیان دەکات. شیعر خۆیشی وەک (ئەنت)ییەک لەو ڤایرۆسانە دەدات و لەنێویان دەبات. بەڵام پاش دووهەزار، کە ئەدەبی کوردیی دوور بوو لە تەکنەلۆژیا، شیعرە باشەکان هەمیشە خۆیان وەک حەقیقەتێک دەسەپاند. دژە ناشیعرەکانیش نەدەگەیشتنە لای خوێنەران و توانایان نەبوو بە فلتەری ئەندێشەی ئەو هەموو خوێنەرەدا تێپەڕن.

بە کورتی، لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا بتەوێت و نەتەوێت، نووسینە خراپەکان هەر بۆ ماوەیەک خۆیانت نیشان دەدەن، دواتر نامێنن، بەڵام پێش تەکنەلۆژیا، لەبەر بێتواناییان بە ئەندێشەی خوێنەردا تێپەڕ نەدەبوون و لە بەین دەچوون.

بۆ بابەتی ئەوەی چی گۆڕاوە، ڕەنگە ئەگەر هەموویان باسکەین بە دەیان خاڵ تەواو نەبین، بۆیە بە کورتی باسێک لە خودی گۆڕانکاریی دەکەین، ئیدی بابەتەکەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە.

گۆڕانکارییەکان یەکێکن لە خەسڵەتەکانی شیعر، هەر بە ئاوڕدانەوە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئەو حەقیقەتە دەبینی، کە هەر لە کلاسیکەوە تا ئەمڕۆ، چەندە گۆڕان ڕوویداوە، چ لە سەر ئاستی ڕووخسار، یان ناوەڕۆک. ئەدەبێک نەگۆڕێت شیاوی ئەوەیە لە مۆزەخانەدا نموونەی لێ هەڵگری، نەک پەرەی پێ بدەیت. بۆنموونە لە ئەدەبی کلاسیکدا دەم لە کاتی گۆکردندا، بە گوڵێک چوێنراوە، کە دەپشکوێت، ئەم پشکوتنە وەک کۆدێک لای هەموو خوێنەرێک شکێنراوە، هەموومان دەزانین ئەم وێنە شیعرییە دەیەوێت چیمان پێ بڵێت. بۆیە دەبێت شاعیرێک ئەمجارە دەم لە کاتی گۆکردندا بە برینێک بچوێنێت، کاتێک دەم دەکاتەوە لە کاتی قەدماغ بەستن و وشکبوونەوەدا. بە کورتی دەبێ هەمیشە لە گۆڕاندا بێ و گوزارشتی نوێ و واتای نوێ بدات بە وشەکان. ئەمەیش بە شاعیر دەکرێت، نەک بنووس، بە خوێنەریش دەکرێت، نەک بخوێن.




دیارترین گۆڕان، کە من پەیم پێ بردبێت، لەسەر ئاستی وێنەدا بووە. بە بڕوای من دەبێ هەر وایش بێت. وەک گەورە فیلمساز (ئەندرێ تارکۆڤیسکی) لە ساڵی ١٩٧٤ گوتی: (مرۆڤ تاقەتی وشەی نەماوە دەبێ ئیدی وێنەی نیشان بدەیت) هەرچەند ئەمەیش کۆمەڵێک قسەی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەگەر شیعر هەر وێنە بێت، کەوایە بۆ بنووسین، دەچین سەیری پیشانگەیەکی فۆتۆ دەکەین و تەواو.

منیش ئێژم: خۆ لوقم و گەزۆ و شووتی و شەربەت و کاڵەکیش، هەموویان شیرینن، بەڵام ئایا یەک شیرینین و یەک چێژی شیرینین؟ بێگومان نەخێر. منیش ناڵێم شیعر هەر وێنەیە، لەوە تێدەگەم شیعر فرەڕەگەزترین ژانرە، بەڵام بەلای منەوە، ئەرکی وێنە لە شیعردا، لە ڕەگەزێک زیاترە. نامەوێ زیاتر بێژم ئەگەرنا خاڵی دی زۆرن لەم بارەیەوە.

**تێبینی/ وشەی بنووس و بخوێن پێچەوانەی نووسەر و خوێنەرن، یەکەمجار ئەو دوو چەمکە لای لێکۆڵەری بەڕێز: هەرێم عوسمان پێش چاوم کەوت و منیش بەکارم بردووە و بەکاریشی دەبەم.**

## دانا عەسکەر:

# من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە دەڵێ دەبێ زمانی نووسین هێندە سادە بێت، کەسانی ئاسایی لێی تێبگەن

(تێڕوانین و بۆچوونی نووسەران و قەڵەم بە دەستان لەبارەی زۆر بابەت و کایەی ژیان و سیاسەت و کۆمەڵایەتی بەلای زۆرینەی خوێنەوارانەوە گرنگ و پڕ بایەخن، هەریەکەیان بە جۆرێک بەپێیی خوێندنەوە و بیرو بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان لە بابەتەکە دەدەوێن.

لەم دیمانەیەدا گەرەکمە بۆچوونی دانا عەسکەر بخەمەڕوو سەبارەت بە خودی نووسین و پرۆسەی نووسین)

**ئا: هەڵمەت هۆشیار**

### لە بارەی نووسینەوە

**– نووسین لای تۆ چییە و مرۆڤ بۆ دەنووسێ؟**

+ نووسین هەم پرۆسەیەکی زمانەوانییە، هەم عەقڵییە.
زمانەوانییە :بەومانایەی زمان ڕەسمی نەخشەی بابەتێکت بۆ دادەڕێژێت، کە دەبێتە پرۆژەیەکی کردەیی، ئەوەی ئەم وەزیفەیە چالاکتر دەکاتەوە، تێڕامان و شۆڕبوونەوەیە بۆ نێو چالاکیی زمانەوانیی و پێشکەوتنی دەربڕینی زمانەوانیی.

کاتێک کایەی ڕۆشنبیریی گەشە دەکات، هەردووک فاکتەری زمان و فیکر دەبنە پاڵنەر و سەرچاوەی بوونیادی عەقڵیی.

لە گۆشەیەکی دیکەوە ئەگەر تەماشای قوڵایی زمان و فیکر بکەین، جەوهەری ئەفراندن لەم چەمکانەوە سەرچاوە دەگرێت، فەنتازیا، ئیستاتیکا، تەکنیک، شوێنکات، زمان و فیکر.

ئەو زمانەی ئێستە قسەی پێدەکەین، ئەو تێڕامان و بیرکردنەوە و تەکنیکە نییە، کە پێشتر بۆ نموونە لە حەفتاکان، یان شەستەکان قسەمان پێدەکرد و پێمان دەنووسی، ئەمە نەک بەو مانایەی ڕێساکانی زمانەوانیی تێکبشکێنین، کە بریتین لە (ناو، ڕاناو، بکەر، فەرمان و کردار)  ئەم ڕێسایە هەموو مەرجەکانی زیندوویی زمانەکانی لەسەر بوونیادنراوە، هەرکاتێک دەستکاریی ئەم ئەم ڕێسایانە کرا، ئەوا زمان تووشی ئەشکالییەتی گەورە دەبێت و فۆرمی تێگەیشتن لە مانا دەگۆڕێت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە میتافیزیک و بوونەوە هەیە، بۆ نموونە لیمۆ، کە پەیوەندی بە پێکهاتەی لیمۆوە هەیە جا چی ترش بێت، یان شیرین، پەیوەندی بەڕەنگەوە هەیە، پەیوەندی بە زەمەن و کاتی لیمۆوە هەیە، کە ڕاستەوخۆ ئەرکی زمانە.

عەقڵییە: بەو مانایەی فیکر لە بابەتەدا ئامانجە، بۆ ئەوەی بە بابەتێکی باش، تێگەیشتنێکی گشتیمان هەبێت، دەبێ ئاگاداری ڕەگەزەکانی زمانەوانیی و چەمکە زیندووەکانی دی بین، نووسین بە تێڕامانە ورد و سەرنجڕاکێشانەوە وێنا بکەین، وەک: فەنتازیا، ئیستاتیکا، تەکنیک، بابەت و شوێنکات، بۆ دەقی شیعریی دەتوانین بەم شێوەیە بینای زمان و فیکر بکەین، وێنەیەکی دی بۆ ڕۆمان، پەیوەندی لەگەڵ

ئەم چەمکانەدا هەیە،وەک: گێڕەرەوە، سایکۆلۆجیای کارەکتەر، حیکایەت، ئەفسانە و فلاش باگ، بەڵام ئێستە بەشێوەیەکی دیار گرنگیی بە خوێندنەوەی بابەتی ڕیالیستی ئەفسوناوی (واقیعی سیحریی) دەدرێت.

لێرەدا دەکرێت بە دوو ئاراستە قسەی لەبارەوە بکەین، یەکەم: ئەوەی دەکرێت نووسین ئیشکردن بێت لەسەر نووسینێکی دی، یان مێژوویەکی دی.

دووهەم: دەکرێت نووسین کەشفکردنێکی فیکری، یان مەعریفی جیاواز بێت، لەنێو قوڵایی شکستەکان، فیکر بەشێوەیەکی دیار گەشە بکات، هەر نووسینێک لەدەرەوەی ئەم تێڕوانینە بێت دۆخی ناجێگیر دروستی دەکات، لەتاکدا دۆخی سایکۆلۆجی ناجێگیر و لە کۆمەڵدا توندوتیژی بەرهەم دێنێ.


لە بەشی یەکەمی وەڵامەکەمدا، باسم لە هەڵوێستەکردن لەسەر مێژوویەکی دی کرد، بەڵام لە نووسیندا قسە لەسەر ئیشکردن لەسەر مێژوویەکی دی دەکەین، واتا هەم ڕەخنە لە مێژوو دەگرین ڕەخنە دەگرین، هەم ئەلتەرناتیڤ بۆ مێژوو دەدۆزینەوە، ئەوەی ئێمە لەسەری دەوەستین ئەو نووسین و ڕەخنەگرتن و ئەلتەرناتیڤانەن، کە بەشێکی مێژووی بەشەرییەتی لەسەر وەستاوە، لە وێنەیەکی دیکەدا، کە نامانەوێ دونیای کوردیی بخەینە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، قسە لەسەر چەند وێستگەیەکی فیکر و گوتاری ڕۆشنگەریی و زمان و دڵەڕاوکێی شیعری کوردیش دەکەین، کە لەڕاستیدا ئیشکردنی ئێمە لەنێو قورسایی ئەم بابەتە گەیشتنە بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی باو، کە لە ڕەحمی کلتوور و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

سەرەتا بە کورتی قسیەک لەسەر ڕەگی شیعریی لەنێو زمان و ڕوئیای شیعری کوردیی دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی لە قوڵایی شیعریی کوردیی تێبگەین پێویستە دیدێکی وردمان لەسەر دۆخی شیعری کوردیی لەقۆناغی کلاسیک هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە دێین قسە لەسەر زمان و ڕوئیای

**کاتێک کایەی ڕۆشنبیریی گەشە دەکات، هەردووک فاکتەری زمان و فیکر دەبنە پاڵنەر و سەرچاوەی بوونیادی عەقڵیی**

مەحوی دەکەین، دواتر قسە لەسەر ئەو فۆرم و زمانە شیعرییە دەکەین، کە دوای زیاتر لە سەدەیەک بەسەر زمان و دڵەڕواکێی شیعری کوردیدا هاتووە، لە خەون، زمان و فیکری شیعری کوردیی.

پێویستە قسە لەسەر مانا و دڵەڕاوکێی شیعر لای مەحوی بکەین، کە لە کلاسیکەوە تا ئێستە یەک جۆر تێڕوانین و فیکری تێدا بەرقەراربووە، دەبێت پرسیار لە مانا قوڵەکانی شیعر بکەین، ئەگەر لە سەد ساڵی ڕابردوودا زمان و خەیاڵ لای مەحوی گومان و دڵەڕاوکێی لەنێو ئیمان چڕکردووەتەوە، دەبێ ئێستە شیعر هەڵگری جۆرێک لە پرسیار و دڵەڕاوکێ و گومان بێت، دەبێ لەم دۆخەدا شیعر خەونێکی گەورەی لە گومان و دڵەڕاوکێ هەبێت، خەونێک ئینسان لەو سەرسامی و نائومێدییە بە ئیرادە بکات، ئەگەر گوناح لای مەحوی ڕەگێکی لەنێو سۆفیزم و ئاییندا بێت، دەبێت بۆ دۆخی ئێستە هەم لە قوڵایی مێژوییەوە، هەم لەنێو گەشەی زمانەوە قسە لەسەر توانای عەقڵیی و فیکریی هەبێت، دەبێ قسەمان لەسەر وەهم و



بچووککردنەوەی ئینسان لەنێو وەهمی کلتوری کۆنزێرڤاتیڤی هەبێت، ئەگەرچی ئەم خەونانەی ئێمە باسی لێوە دەکەین، لەنێو شیعردا خەونگەلێکن پەیوەندییان بە سروشتی بیرکردنەوەی ئێمەیە، بە هوشیارییەکی سیاسیەوەیە، دەکرێت قسە لەسەر چوارچێوەی ئەو خەونەش بکەین، کە لەنێو زمان و سروشت و بووندا سەرچاوە گرتووە، خەمێکی دیکەی ئێمە ئەوەیە، کە چۆن لەو فۆرمە ڕیالیستییە بیرکردنەوەمان بە بەشێکی گرنگ لەنێو خەون و دلەڕاوکێی شیعر و زمانی شیعریی زانیوە، کە ڕێگەی دیکەمان بۆ دەخاتە بەردەست، ئەگەر پرسیاری ئێمە لە زمانی شیعریی ئەوەیە، کە زمان و دلەڕاوکێی زمانی شیعریی لە قۆناغەکانی کلاسیک و ڕۆمانتیک و ڕیالیستدا لە هەناوی سۆفیزمی ئایینیی و خەونی عاشقانەوە بگوازرێتەوە بۆ تووڕەبونێکی ڕەها، ئەوا

***خوێنەر نابێت وابیربکاتەوە، کە نووسین دەبێ بەهەمان زمان و تێگەیشتنی بیست، یان پەنجا ساڵ بەر لە ئێستە بێت***

دەبێت ئەلتەرناتیڤی ئێمە ئەوە بێت، زمانی شیعریی زۆرترین پرسیار و نائومێدی لە هەناویدا هەڵگرتبێت، کە بریتین لە پرسیار لە وەهم و گوناحەکانی نێو قورسایی کلتور و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی لەسەرەتاوە لەبارەی نووسینەوە ئاماژەم پێدا، کە نووسین وێڕای ڕەخنەکردنی مێژوویەکی دی، ئیشکردنە لەسەر دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕەوینەوە لەو بەربەرییت و هەمجییەتەی، کە ئینسان لەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە، بۆ ئەوەی نووسین وەک چەمکێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی بخاتەڕوو. دەبێت چەند وێستگەیەکی گرنگ لە دونیا بە گشتیی و دونیای کوردیی بەتایبەتی وەربگرین، لە چەمکی خوێندنەوەدا قسەمان لەسەر شکستی عەقڵانییەتی خۆراوا کرد، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە دیاریکراوی لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی، کە تێیدا باسم لە هۆکار و کاریگەرییە نەرێینی و پرسیاری ڕۆشنبیرانی ئەو قۆناغە کرد، کە بەهۆیانەوە هەردوو بزووتنەوەی دادائیزم و سوریالیزم و گۆڕانکاری نەرێنی لە سایکۆلۆجییەتی تاک دەرکەوت .

لە وێستگەی یەکەمدا قسە لەسەر کاردانەوەی هایدگەر دەکەین بەرانبەر شکستی عەقڵانییەت لە خۆراوا، کە تێدا هایگەر سووربوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکی خۆراوا، کە عەقڵانییەتی خۆراوای لەسەر بونیادنراوە، وەک (ڕۆح، لۆژیک و عەقڵ) لەو سەروبەندەدا هایدگەر بەتووندی هێرش دەکاتە سەر پرۆژەی ڕۆشنگەریی نیوکانتیزم و قوتابخانەی ماربۆرگ، کە ئارنست کاسیرەر ڕابەرایەتی دەکرد، لەبارەی ململانێی نێوان هایدگەر و کاسیرەر، لەشاری زیورخ کۆنفرانسێک لەو بارەیەوە کرا، کە تێدا هایدگەر زۆر بەتووندی هێرشی کردە سەر پرۆژەی کانتیزم و قوتابخانەی ماربۆرگ، هایدگەر پێی وابوو دەبێ دەستبەرداری ئەو ترادسیۆنە عەقڵانییەتە بین، کە لە سەدەی هەژدەوە باڵا دەستە، لەم شەڕە فیکرییەدا هایدگەر بەسەر کاسیرەردا سەرکەوت، بەڵام شکستی عەقڵانیەت درێژەی دەبێت، ئەم جارەیان نازیزم و فاشیزم سەرهەڵدەدەن و شەڕێکی دی ماڵوێرانکار سەرهەڵدەدات، هەر ئەمەش وادەکات شەڕێکی فیکریی قووڵ لە دژی عەقڵانییەت سەرهەڵبدات، ئەمجارەیان تەواوی عەقڵ دادگایی دەکرێت، کە قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕابەرایەتی دەکات و هەریەک لە هۆرکایهمەر و ئادۆرنۆ ڕابەرایەتی دەکەن، دەرئەنجام لەترسی زەبروزەنگی نازییەکان هەریەک لە ئادۆرنۆ و هۆرکایهمەر ، ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ساڵی ١٩٤٧ کتێبێکی گرنگیان بە ناوی (دیالکتیکی عەقڵ) بڵاوکردەوە.

ئەوەی لەسەرەوە وەڵاممان داوەتەوە هەم پرسی نووسینە، هەم پرسی بۆ دەنووسینە، چونکە نووسین لەیەک کاتدا، هەم نووسینە بەمانا سادەکەی، هەم نووسینە بەمانا زمانەوانیی و فیکرییەکەی، بۆیە لە پرسیاری بۆ دەنووسیندا، مەعریفەی ناساندنی تێگەیشتن لە نووسین، ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت بۆ دەنووسین؟

**– نووسین هونەرێکی خواکردەیە، یان خۆ کردەیە؟**

+ هەر بوونی مرۆڤ خۆی هونەرێکی خودایە، خودا خوڵقێنەری مرۆڤە، مرۆڤ کە لەدایک دەبێت

خەڵقەندەیەکی بیرکەرەوەیە، خودا عەقڵی بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و لە ژیان و بوون بڕوانێت، ئەوەی مرۆڤ لە نووسین نزیک دەکاتەوە، بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە بەمانا فیکرییەکەی، هیچ کات بیرکردنەوە ناتوانێت خۆی لەدەرەوەی نووسین ببینێتەوە، کە دەڵێین بیردەکەنەوە، بەو مانایەی، کە دونیای نووسین بەبێ بیرکردنەوە و خوێندنەوە، دونیایەکی ناتەواوە، چونکە لەبنەڕەتدا پرسیارەکەی ئێوە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مەعریفەیە، مەعریفەش پەیوەندیی بە بیرکردنەوە و خوێندنەوەیە. عەقڵ، زمان دوو لەو تایبەتمەندییانەن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هونەری نووسینەوە هەیە، ئەوەی مرۆڤی بیرکەرەوە لە مرۆڤی نابیرکەرەوە جیادەکاتەوە، ئەو ڕەهەندە قووڵەیە، کە مەعریفە و فیکر بەرهەم دەهێنێت، هەر بیرکردنەوەیەک، ئەگەر ڕەهەندی فیکریی، فەلسەفیی و ئەدەبیی بەرهەم نەهێنێت، ئەو بیرکردنەوەیە دەپەڕێتەوە بۆ سیاقی دی، سیاقێک لەدەرەوەی مەعریفە. دیکارت دەڵێت: (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) ئەو بوونەوەی دیکارت باسی لێوە دەکات، بوونێکی مەعریفییە، بوونێک بەر لەدەق عەقڵ سەنتەرە، زمان و هەست و ئاگایی نووسین بەرهەم دێنین، ئەوەی ئێمە لێرەدا باسی لێوە دەکەین نووسین وەک فۆرمێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو نووسین بەگشتیی بەدەرنییە لە هوشیاریی و ئاگایی مرۆڤ بە مانا مەعریفییەکەی.

**– پەیوەندیی نێوان نووسین و نووسەر، لەگەڵ خوێنەر، چ جۆرە پەیوەندییەکە، چۆن ڕاڤە دەکرێت؟**

+ هەر جۆرە نووسینێک پەیوەندیی بە ئاگایی نووسەر و نووسین، بە خوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو نووسینێک سەرچاوەکەی هوشیارییە، ئەو هوشیارییە تایبەتمەندیی نووسین بەرهەم دێنێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکات، نووسین و نووسەر دووانەی هوشیاریی مەعریفین، کە سەرچاوەکەی عەقڵێکی بیرکەرەوەیە، ئەم هوشیارییە فیکریی، فەلسەفیی، ئەدەبیی، یان هونەریی بێت، هونەری نووسینەکە لەڕووی تەکنیک و فۆرمەوە لە نووسەرێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت، گۆڕین بەو مانایەی قۆناغی بیرکردنەوەی نووسەر لە قۆناغی بیرکردنەوەی نووسەرێکی دی جیاوازە، وەک چۆن، تا ئێستە شاعیرمان هەیە بە تەکنیک و فۆرمی ڕۆمانتیک دەنووسێت، بە پێچەوانەوە هەمانە بە فۆرم و تەکنیکی تازەگەریی دەنووسێت، هەر ئەوەیە خوێنەریش دابەش دەبێتە سەر چەند جۆر بیرکردنەوە و فۆرمێکی جیاواز، لێرەوە ئەو پەیوەندییە لەنێوان نووسەر و نووسین و خوێنەر دروست دەبێت، ئەوەی زیاتر گرفتی بۆ ئەدەب و دونیای ڕۆشنبیریی ئێمە دروست کردووە، نەبوونی ڕەخنەگر، بیرکەرەوەی جیدی، یان خاوەن مەعریفەیەکی قووڵی بواری ڕەخنەی گشتییە، ئەم دۆخەی دونیای ڕۆشنبیریی کوردیی لە دونیای ئەوی دی جیا کردووەتەوە و بووتە هۆی دواکەوتنی ئێمە لە ئەوی دی هوشیار و بیرکەرەوەی ئەکادیمیی، بۆیە کێشەی گەورەی ئێمە ئەو پەیوەندییەی نێوان نووسەر و خوێنەر نییە، بەڵکو گرفتی گەورەمان تێگەیشتنە بۆ نووسین و دونیای تازە و بیرکردنەوە لە فۆرمی دی نووسین، کە ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوەمان لە بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی دونیا دانەبڕێت، ڕاستە ئەو پرسە پەیوەندیی بە کلتوور، داب و نەریت و جۆری

> ***ئەگەر ئێمە گرنگیی بە گەشەی عەقڵ و زمان نەدەین ناتوانین خەونی گەیشتن بە دونیای نوێ بۆ نەوەکانی دی فەراهەم بکەین***

بیرکردنەوەمان هەیە و مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ زیاتر دەگەڕێتەوە، کە ئەستمە بتوانین لەم دۆخە قەیراناوییەدا بەسەریدا زاڵ بین، بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە، کە پەیوەندیی نێوان نووسین و نووسەر و خوێنەر، دەکرێ ئەو پەیوەندییە لە باخچە و خوێندنگە سەرەتاییەکانەوە تووندوتۆڵ بکرێن و ئاوەزی منداڵ و هەرزەکاران بەو دیدگا هوشیارییە ڕابهێنرێ.

**– زمانی نووسین دەبێ چۆن بێت؟ کە ئاشکرایە نووسینی ئەدەبیی و هونەریمان هەیە، هاوکات نووسینی زانستیی و تەکنەلۆجیمان هەیە، کە دوو دونیای جیاوازن؟**

+ بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕۆشنبیریی و هوشیاریی گشتیی پێش بکەوێت، دەبێت زمانی نووسین و فۆرمی نووسین جیاوازبێت لە بیرکردنەوەی کەسانی ئاسایی، من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە دەڵێ دەبێ زمانی نووسین هێندە سادە بێت، کە کەسانی ئاسایی

لێی تێبگەن، بەڵام بەو مانایەش نا، کە ئیدی هەرگیز لێی تێنەگەن، بەڵکو بەو مانایەی نابێ نووسین بەشێوەیەک دابەزێتە ئاستی تێگەیشتنی کەسانێک لەبارەی نووسین و زمانی تازەی نووسین تێناگەن، واتا دەبێ خوێنەر پەرە بە هوشیاریی خۆی بدات بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی تێگەیشتن لە نووسینی تازە، تازە بەو مانایەی لەگەڵ ڕەوتی مێژووی ڕۆشنگەریی دونیا هەنگاو بنێت، بۆیە خوێنەر نابێت وابیربکاتەوە، کە نووسین دەبێ بەهەمان زمان و تێگەیشتنی بیست، یان پەنجا ساڵ بەر لە ئێستە بێت، قۆناغی گەشەکردنی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە عەقڵ و زمانەوە، ئەگەر ئێمە گرنگیی بە گەشەی عەقڵ و زمان نەدەین ناتوانین خەونی گەیشتن بە دونیای نوێ بۆ نەوەکانی دی فەراهەم بکەین، لەنێو هەموو پرسیارێک جۆرێک لە ئاگایی و هوشیاری نوێ هەیە، ئەو هوشیارییەی

> **ئەگەر نەنووسین کارەسات ڕوودەدات، ئەو کارەساتەش سەرچاوەکەی هەژاریی عەقڵیی و ناهوشیارییە، لە ناهوشیاریشدا چارەنووسمان لەدەست دەدەین**

نێو پرسیار بەشێکی پەیوەستە بە گۆڕانکاریی، بۆیە ئێمە، کە دەڵێین دەبێ زمانی نووسین چۆن بێت؟ هەر ئەم پرسیارە خۆی گومانە لەوەی ئاخۆ نووسینی ئێمە دەبێ چۆن بێت! گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە، لە جەوهەری ئەو پرسیارکردنە تێناگەین، بەڵام خۆی هەڵگری فەلسەفەیەکی قووڵە و ناچارمان دەکات بە دووی شێوازێک لە نووسین بگەڕێین، کە ناکرێت کۆمەڵگەی کوردیی و زمانی نووسینی کوردیی لە دونیا دابڕاو بێت، ئەم دابڕانە لە نووسین، تەنیا دابڕان نییە لە دەقێکی ئاسایی، بەڵکو دابڕانە لە خودی ڕۆشنگەریی و لەبەرانبەر گەشەی عەقڵ و شارستانییەت تووشی ئیفلیجی بیرکردنەوەمان دەکات. لەبەشی دووهەمدا باس لە نووسینی زانستیی و تەکنەلۆجی دەکەی! لەڕاستیدا نووسینی زانستیی پەیوەندیی بە نووسینی ئەکادیمییەوە هەیە، ڕەنگە من نەتوانم لەوبارەیەوە قسە بکەم، بەڵام نووسینی تەکنەلۆجی بۆ خۆی زانستێکی نوێیە و ئێمەش لەگەڵ ئەو زانستە، تازە لە قۆناغیی سەرەتایی داین، ناکرێت وەک نووسین ئاماژەی پێبکەین.

**– نووسین چ دۆخێک دەخولقێنێ، چێژ، ئازار، یان هەڵچوونی دەروونیی؟**

+ لەڕاستیدا نووسین هیچ پەیوەندییەکی بەو چەمکانەوە نییە، کە لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێداون، نووسین پرۆسەیەکی عەقڵیی مەعریفییە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە هوشیاریی مرۆڤەوە هەیە، ناکرێت ئێمە نووسین وەک چێژ، ئازار، یان هەڵچوونی دەروونیی تەماشا بکەین، لە شوێنێک، نووسین چێژمان پێدەبەخشێت، کە عەقڵمان بە ئاراستەی کرانەوە و مەعریفە ببات، هیچ شتێک لە نووسیندا نییە ناوی هەڵچوونی دەروونیی بێت، بەتایبەت ئەگەر نووسین وەک چەمکێکی مەعریفیی تەماشا بکەین، ئەوەی پێی دەگوترێت هەڵچوونی دەروونیی، ئەو جۆرە دەربڕینانە کەپتی غەریزەیی ناچارت دەکات، گوزارشت لەو دۆخە دەروونییە بکات، کە مرۆڤ لە قۆناغیی منداڵیی و هەرزەییدا نەیچێشتووە، بۆیە لەو ڕێییەوە دەری دەبڕێت.

**– ژیان بەبێ نووسین چۆن دەبێ، ئەگەر نەنووسین چی ڕوودەدات؟**

+ ژیان بەبێ نووسین مردنێکی دیکەیە، مردن هەر تەنیا ئەوەنییە بە جەستە بمرین، ئەوەی ژیانی بە ئێمە بەخشی، ئەوەشی پێگوتین، کە چۆن مرۆڤایەتی لەڕێی خەیاڵ و نووسینەوە پێش دەکەوێت، خاڵی سەرەکی مانەوەی مرۆڤ و گەشەکردنی عەقڵ گرنگیدانە بە نووسین و خوێندنەوە.

گرفتی ئێمە هەر نووسین نییە، بەڵکو خوێندنەوە سەرەتایەکە بۆ نووسین و بیرکردنەوەیە، هەر میللەتێک گرنگیی بە خوێندنەوە و نووسین نەدات، دەچێتە خانەی نەبوونەوە، نەبوون بەمانای ئەوەی لەدەرەوەی هاوکێشەی ڕۆشنگەریی، بۆیە ئەگەر نەنووسین کارەسات ڕوودەدات، ئەو کارەساتەش سەرچاوەکەی هەژاریی عەقڵیی و ناهوشیارییە، لە ناهوشیاریشدا چارەنووسمان لەدەست دەدەین، بوونمان وەک بوونی بوونەوەرێکی بێ ئاوەز و بێ خەیاڵ و بێ فیکرە، هەموو شارستانییەتەکانی

دونیا لەسەر بنەمای هوشیاریی فیکریی و مەعریفیی بوونیاد نراون، سەرچاوەی هوشیاریش خوێندنەوە و نووسینە، بۆیە لە جەوهەردا ئەم پرسیارە خاڵی وەرچەرخانی ژیانی هەموو میللەتانی دونیایە، هەر ئەمەشە وادەکات هەرگیز ئەو پرسیارە نەکەین، ئەگەر نەنووسین چی ڕوودەدات؟

**– کرداری نووسین نووسینەوەی خودە، گێڕانەوەی ڕووداوگەلێکە، کە کارلێکت لەگەڵدا کرد، دنەی سۆزت دەدەن؟ بە کورتی ئایا خود نووسینەوە گرنگە؟ یان نووسینەوە دۆخێکە، کە هەندێک جار مەرج نییە لەگەڵ خوددا یەکانگیربن؟**

+ کرداری نووسین سەرچاوەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیە لە دونیا و میتافیزیک، هوشیاریی و ئاگایی کەسەکەیە لە ڕۆشنبیریی گشتیی، بەر لە هەر شتێک نووسین زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قووڵی مەعریفییە، لە هەندێک شوێندا بەر نووسینەوەی خود دەکەوین، دەکرێ ئەو جۆرە کەسانە بە کەسانی بێ خەیاڵ و بیرکردنەوە بناسێنین، ئەوە کارێکی دیکەیە بۆ ئەوانەی (یادەوەریی خۆیان) دەنووسنەوە، بەڵام بەگشتی نووسینەوەی خود لە کاری ئەدەبیی، بەتایبەت لە چیرۆک و ڕۆمان، نیشانەی خەیاڵ کورتیی و بێ مەعریفەییە، چونکە سەرچاوەی ئەدەب، خەیاڵ، فەنتازیا و زمانە، لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا چیرۆک و ڕۆمان پێیان ناوەتە قۆناغێکی دی، قۆناغێک جیاواز لەوەی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستە، قۆناغی ئێستەی نووسینەوەی ڕۆمان و چیرۆک، قۆناغی بەخەیاڵکردنی فەزایەکی جیاواز لە بوون و گێڕانەوەی ڕووداوگەلی نێو واقیعە، هیچ نووسینێک بەدەر نییە لە واقیع، بەڵام مانای ئەوە نییە، ئێمە بێین هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەمان بگێڕینەوە، بەپێچەوانەوە، نووسین بە فەنتازیاکردنی واقیعە، نەک بەواقیعی کردنی فەنتازیا، مێژووی ئەدەب بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، ڕۆمانگەلی زۆرمان خوێندووەتەوە، کە باس لە شۆڕش، نووشست و کارەساتی گەلان دەکات، ئەو جۆرە نووسینانە گوزارشت لە ڕووداوگەلێک دەکەن، کە مێژووی میللەتێک، گەلێکی پێدا تێپەڕیوە، ئەم جۆرە لە نووسینانە، کە بەئەدەبی ڕیالست ناودەبرێن، تیشک دەخەنە سەر دوو وێستگەی گرنگ، یەکەم: چاوچنۆکی مرۆڤی دوای مۆدێرنە و کوشتنی بەها جوانەکانی فیکر و فەلسەفەی خۆراوایی و ڕۆڵی نامرۆڤانەی پیشەسازی جەنگ دژ بە خودی مرۆڤ.

دووهەم: بیرهێنانەوەی ئەو کارەساتە مەرگدۆستییەی سیستەمە تۆتالیتاری و فاشیستەکانە، گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ خۆشەویستی و دیالۆگی نێوان میللەت و سیستەمەکان. ئەم جۆرە لە نووسین لە دوای جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانییەوە دەرکەوتن، بەڵام دواتر نووسین چووە قۆناغێکی دیکەوە، واتا ڕێبازی ڕیالیستی جادویی، بۆیە نووسینەوەی خود لە نووسینی ئەدەبیدا، جگە لەبێ خەیاڵیی، نەبوونی هوشیاریی و ڕۆشنبیریی، هیچی دی نییە.

**– نووسین چی پێبەخشیوی و چی لێسەندوویتەوە؟**

+ نووسین زۆر شتی پێ بەخشیم، بەڵام هیچی لێنەسەندم، من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم نووسین چی لێم سەندووە، بە پێچەوانە نووسین فێری کردم لە ژیاندا بەدوای خۆڕێخستنەوەدا بگەڕێم، فێری کردم مرۆڤ سەنتەری بوونە، عەقڵ سەرچاوەی گەشەکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، دۆزینەوەی خودە لەنێو جەنجاڵیی و بێ فیکریی، دۆزینەوەی ڕێگایەکە بەرەو شارستانییەت و مرۆڤدۆستیمان دەمانبات، لەوەگەڕێن لە کەسوکارمان دەکات، ئێمە لەنێو فیکر و ڕۆشنبیریی گشتییەوە کەسوکارمان دەدۆزینەوە، خۆشەویستی ئەوان لە نووسین و مەعریفەدا دەدۆزینەوە، نووسەر بوونەوەرێکی جیاوازە، ئەو بەنووسین و فیکر لەنێو خەڵکە، نەک بە جەستە، من پێویستم بەوەنییە بە جەستە لەنێو خەڵک بم، هێندەی پێویستم بەوەیە عەقڵ و دونیابینی بەوان ببەخشم، من کەس و هاوڕێکانم لەنێو چیرۆک و ڕۆمان و شیعر خۆش دەوێ، ئەوان بۆمن جەوهەری مەسەلەیەکی فیکرین، کاتێک لە بۆنەکانیاندا دەمبەخشن.

**نووسین فێری کردم لە ژیاندا بەدوای خۆڕێخستنەوەدا بگەڕێم، فێری کردم مرۆڤ سەنتەری بوونە، عەقڵ سەرچاوەی گەشەکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە**

# شێرکۆ بێکەس:

# ئەوە ئازادییە ڕێگا لەبەردەم بزاڤی وەرگێڕان لە جیهاندا دەکاتەوە

ئەگەر زۆربەی شاعیران لەماڵی شیعرەکانیان نیشتەجێ ببن، شاعیری کوردی عێراقی شێرکۆ بێکەس یەکێک لە شاعیرە هەرە دیارەکانی هاوچەرخی کورد، دوای ئەوەی پێشەنگی شیعری نوێ عەبدوڵڵا گۆران، هەروەها وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری لە حکومەتی کوردی، ئەو لەلای شیعر نیشتەجێیە، وەک چۆن لە ماڵی یەکەمی لە سلێمانی نیشتەجێیە. ئەو دەڵێت: «ماڵی یەکەم لە ئەوپەڕی دنیا لەگەڵم دایە و جێیناهێڵم، کە سەفەری دەرەوەش دەکەم، بۆ هەر شوێنێک بچم ماڵی یەکەم لە دڵمدا نیشتەجێیە».

ئەم هەیپەیڤینە دەربارەی وەرگێڕان و شیعر و ئەدەبی کوردی و ئەزموونی شیعر لە نووسینگەکەی خۆی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەگەڵی سازکراوە

**معد فیاض**

**وەرگێڕانی/ نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**– بە باوەڕی تۆ، کێشەی وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی چییە، ئەم کارە لەسەر شانی عەرەبە، یان کورد؟**

+ پردی نێوان تەواوی کولتورەکان لە جیهاندا وەرگێڕانە، گەیاندنێکی زیندوو بوونی نییە، ئەگەر وەرگێڕانێکی باش نەبێت، مێژووی ئەدەب لە هەموو سەردەمەکاندا پێمان دەڵێت، کێشەی سەرەکی بۆ نەبوون، یاخود کەمی وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمانی عەرەبی، یاخود زمانەکانی دیکە، لە نەبوونی قەوارەیەکی سیاسییە بۆ گەلی کوردستان، هەروەها پەیوەستە بە پارچەپارچەکرنی ئەو نیشتمانە، یاخود بە دەستەواژەیەکی دیکە، ئەوە ئازادییە ڕێگا لەبەردەم وەرگێڕاندا لە جیهان واڵا دەکات، بەبێ ئەو ئازادییە، کە زەمینەیەکی سەرەکییە، ئەو درەختە هیچ بەرهەمێکی نابێت، کە شایان بە باسکردن بێت، ئەمە حاڵی ئەدەبی کوردییە، ئەگەر ئەو ئەدەبە لە چوارچێوەی زمانەکەی بمێنێتەوە، وەک باڵندەیەکی زیندانیکراوی ناو قەفەسەکەیەتی! ئەوەی لە ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، بەتایبەتی «شیعر» بەشێکی زۆر کەمە لەو خەرمانە دەوڵەمەندەی کەلەپوور لەم ناوچەی جیهاندا. کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی میللی و فولکلۆر و ئەفسانە وێستگەیەکی زیاتر و ڕووناکترە لە هەندێک کەلەپووری نەتەوەکانی دیکە، لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا لە ئاوی لەگەڵ کەلەپووری دەوروبەر خواردۆتەوە، واتە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی، ئەو کاریگەرییەش لە ئەنجامدا گۆڕان و ئاوێتەبوون و کرانەوەی لێکەوتۆتەوە، کەلەپوورێکی کوردی گەورە و دەوڵەمەندی لێ لەدایک بووە، کە ئەگەر بە هەر یەکێک لەو کەلەپوورانە بەراوردی بکەین.


بۆ ئەوەی بۆ پرسیارەکەت بگەڕێینەوە لێرە و لەوێ کێشەی وەرگێڕان بە هەوڵی تاکەکەسی چارەسەر ناکرێت، بۆئەوەی زۆرترین نموونەی جوان لە زمانی کوردی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە پێشکەش بە زمانی عەرەبی بکەین، کە بریتی بێت لە کەلەپوورە هونەرییەکەی لە ئەفسانە و داستان و حکایەتەکانی میللی و ئەدەبی نووسراو لە شیعر و چیرۆک و پەخشان و نووسینە داهێنەرەکانی ئێستا لە شانۆ و کورتەچیرۆک و ڕۆمان و هتد، پێویستە چەندان دەزگامان هەبێت ئەو کارە گرنگانە بکات، ئەو ئەرکەش بریتییە لە وەرگێڕانی ئەدەبەکەمان بۆ زمانی عەرەبی، یەکەمجار لەسەر شانی ئێمەیە، بەڵام لە ڕێگای یارمەتی و کۆمەککردنمان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ نموونە وەک ڕێکخراوی یۆنسکۆ. ئێمە لە کاتی ئێستادا لە کوردستانی عێراق، بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی تاغییە هەناسە دەدەین و دەستمان بە هەنگاوی یەکەم کردووە، لێرە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، بەتایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری بە فیعلی دەست بە کارێکی جدی بکات بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی، هەروەها پێویستە ئاماژە بە چەند لایەنێکی دیکەی ئەو کێشەیە بدەین، نەبوونی وەرگێڕی شارەزا لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا، کە ئەو وەرگێڕانە بەرفراوانە دەیخوازێت، بە کورتی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی کاری چەند دەزگایەکە نەک تاکەکەس، ڕێگایەکی درێژ بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە پێشمانە.

*** دوای ماوەیەکی زۆر لە تاراوگەدا، بڕیارت دا لە سلێمانی نیشتەجێ**

## من شیعر تەنیا بە زمانی کوردی دەنووسم، پاشان بۆ زمانەکانی دیکە وەردەگێڕدرێن

**ببەیت، ئایا ئەمە گەڕانەوەیە بۆ یەکەمین ماڵ؟**

– من کوردستانم جێنەهێشتووە، تەنیا ساڵی ١٩٨٦ نەبێت چوومە شاخ بۆ بەرگری لە کورد، ئەوکاتە لە «یەکێتیی نووسەرانی کوردستان» کارم دەکرد، لە ناوچە ئازادکراوەکان دەسووڕامەوە و شیعرم بۆ پێشمەرگە و خەڵک دەخوێندەوە، ئەوکاتانە چێژێکی زۆرم وەردەگرت. مانگی دەی ساڵی ١٩٩١ بۆ کوردستان و بۆ شارەکەم سلێمانی گەڕامەوە، تا ساڵی ١٩٩٤ لەوێ مامەوە، دوایی بۆ سوید گەڕامەوە و چوار ساڵ لەوێ



**ئەو ساڵانەی لە تاراوگە بەسەرم برد، پڕ بوو لە ئازار و بەرهەم، لەوێ چەندان شیعری درێژ، یاخود ڕۆمانە شیعرم لە نزیک جەمسەری باکوور نووسی**

مامەوە. ساڵی ١٩٩٨ گەڕامەوە و لەگەڵ چەند برادەرێک «دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم»مان دامەزراند، تا ئەمڕۆ لەوێ کاردەکەم، کەواتە تاراوگەییم زۆر درێژەی نەکێشاوە. یەکەمین ماڵ لە دوورترین خاڵی


منتدى الكتاب

Issue 10151 العدد ،Wednesday 2006/9/13 الأربعاء

الشرق الأوسط

14

إذا كانت هناك غالبية من الشعراء يسكنون في بيوت أشعارهم، فإن الشاعر الكردي العراقي شيركو بيكه س، أحد أبرز الشعراء الكرد المعاصرين بعد جيل رائد الشعر الكردي الحديث عبد الله كوران، ووزير الثقافة سابقاً في الحكومة الكردية في السليمانية، يسكنه الشعر مثلما يسكنه بيته الاول في مدينة السليمانية، يقول ان «البيت الأول كان معي في أقاصي الدنيا ولم أغادره، رغم مغادرتي للوطن. البيت الأول كان يسكن في قلبي أينما ذهبت».

هنا حوار معه عن الترجمة والشعر والأدب الكردي وتجربته الشعرية حيث التقيته في مكتبه في مؤسسة سردم للطباعة والنشر:

الأدب الكردي والنشر والترجمة في حديث مع وزير الثقافة السابق في الحكومة الكردية

**الشاعر شيركو بيكه س: الحرية هي التي تفتح الطريق أمام حركة الترجمة في العالم**

لندن: معد فياض

«إن تراث الأدب الكردي وخاصة الشعبي والفلكلوري والأسطوري منه معطاء أكثر ومضيء أكثر من بعض تراث الشعوب الأخرى كونه قد شرب في الوقت نفسه من مياه التراث المجاور أي من الأدب العربي والفارسي والتركي معاً»

دنیا لەگەڵم دایە و لێم جیانەبۆتەوە، سەرەڕای دووریم لە نیشتمان، بۆ هەر کوێ چووبم یەکەمین ماڵ لە دڵمایە. ئەگەر درەختی زیندوو هەڵبکێشی و لە شوێنی دیکە بیچێنێت بە هیچ شێوەیەک ناڕوێت. ئەو ساڵانەی لە تاراوگە بەسەرم برد، پڕ بوو لە ئازار و بەرهەم، لەوێ چەندان شیعری درێژ، یاخود ڕۆمانە شیعرم لە نزیک جەمسەری باکوور نووسی، لە «دەربەندی پەپوولە» بۆ «خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک» تا «بۆننامە» و هی دیکەش. ئازارە دەروونییەکانم لە تاراوگە جوانترین قەسیدەیان ڕواند، گرنگ ئەوەیە شاعیر لە عەشق و سووتان دانەبڕێت. جەستە لەوێ بوو، بەڵام هەمیشە ڕۆحم بەسەر شاخەکانمان دەفڕی! بۆ من سلێمانی بێشکەی یەکەمین وشە و کانیاوی خەونەکانمە، شوێن لە شیعرەکانمدا پانتاییەکی گەورەی بۆ خۆی بردووە، ناتوانم بنووسم ئەگەر شوێن، بە تایبەتیش سروشت ئامادەییەکی بەهێز و بەردەوامی لەلام نەبێت.

*** ئایا کاریگەریی سروشتی کوردستان بەسەر شیعرەکانتەوە چییە؟**

– کە چاوم کردۆتەوە، من منداڵێک بووم لە ناوچەی «سورداش» نزیک بە شاری سلێمانی بووم، باوکم لەوێ مامۆستا بوو، ئەوێ بریتی بوو لە زنجیرە شاخی سەخت و خوڕەی ئاوی دۆڵەکان و ئەشکەوتی قووڵ، گوێم بۆ خەڵکی گوند ڕادەدێرا، کە حکایەت و ئەفسانەی کۆنییان دەگێڕایەوە، ئاماژەیان بە دیواری بەردینی لاپاڵ و دوندی شاخەکان دەدا، کە لە شێوەی جەستەی مرۆڤن، ئەمە ژنێکە، ئەمە منداڵێکە، هەروەها ئەمە ئەسپێکی باڵدارە، ئەمەشیان سەبەتەیەکی پڕ لە میوەی شاخانە، شەوان کە دەخەوتم، خەونم بەو شتانەوە دەبینی، کەواتە یەکەمین پێکهاتە لە بیرکردنەوە و خەونمدا لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ جیهانی شاخ و جادوو و نهێنییەکانی سروشت و هەروەها جوانییەکانیان دەستی پێکردووە.

نیوە لە خەیاڵدانی شیعرییەتی شاعیر بۆ جیهانی منداڵی دەگەڕێتەوە، ئەو پەیوەندییانەی لە یەکەمین پرسیار لە ژیانیدا دروست دەبن. سروشتی کوردستان سەخت و خۆشیشە لە هەمان کاتدا. سەختە لە زستان و ئاوهەوایەکەی، بەهارە جوان و شەفافەکەی، جوانییە سحراوییەکەی لە هاوین و لە پایزییدا.

ڕەنگەکانی گەمارۆنادرێن، زنجیرەی شاخەکان دەڵێی سیمفۆنیایەکی بەردینن سروشت بەردەوام دەیژەنێت. سروشتی کوردستان هەر لە منداڵییەوە ڕەنگ و ئاوازی بەهرەی شیعری پێداوم، پاشان دایکم لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ گەشە و دیارکەوتنی ئەو بەهرەیە، دایکم حکایەتە کوردییەکانی بۆ دەگێڕاینەوە، لە ڕێگای دەنگ و شێوازە جوانەکەی لە گێڕانەوەدا زمانی کوردیم خۆشویست و عاشقی شیعر بووم، هەروەها وێنە هەمەڕەنگەکانی گۆرانی کوردی، بوونە سەرەتایەک و یەکەمین دەستپێک، کە لە ڕۆحم ڕوا و لەگەڵ ئەزموون و ڕوانینەکانی شیعریم گەورەبوون و لەگەڵیان ژیام.

*** ئایا شاعیر دەتوانێت لەسەر بەرهەمە داهێنراوەکانی بژیت؟**

– باوەڕ ناکەم، زۆربەیان ئەگەر حکومەت و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان یارمەتییان نەدەن، پێویستە لەسەر گیرفانی خۆیان بەرهەمەکانیان چاپ بکەن، ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر کەم لە شاعیرە بەناوبانگەکان، کە جەماوەریان هەیە شتێک قازانج بکەن، بە باوەڕی من شاعیر ناتوانێت لەسەر ئەو قازانجە بژیت، یاخود بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتی پێ ببەستێت.

*** هەندێک کەس باوەڕیان وایە، کە بەرهەمی ئەفراندنی کوردی سنووردارە، هەروەها خوێنەرەکانیشی سنووردارن، چۆن سەیری ئەم بۆچوونە دەکەیت؟**

– ئەمە ڕاست نییە، لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا، بەرهەمی داهێنەران هەمیشە ژمارەیان کەمە، ئەگەر سەیری جیهانی عەرەبی بکەین، بە گوێرەی ئەو سەرژمێرییانەی، کە بڵاوکراونەتەوە، ژمارەی خوێنەران و ئەوانەی کتێب بەکاردەهێنن، ئینجا کتێبەکان شیعر، ڕۆمان یاخود توێژینەوە ئەدەبییەکان بن، ژمارەیان زۆر کەمە. تیراژی ئەو کتێبانەی چاپ دەکرێن، بۆ نموونە دیوانی شیعر، ژمارەی تیراژیان چوار هەزار، یاخود پێنج هەزار دانەیە، ئەمەش بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی عەرەب، کە چەندان ملیۆن کەسە ژمارەیەکە بە هیچ شێوەیەک شایان بە باسکردن نییە، بەڵام بۆ نموونە ژمارەی ئەو کتێبانەی ساڵانە لە ئیسپانیا چاپدەکرێن، دەجار بە قەد ئەو کتێبانەیە ساڵانە لە وڵاتانی عەرەبی چاپ دەکرێن، بە گوێرەی ئەم پێوەرە بێت، ئەگەر ژمارەی

**وەرگێڕانی ئەدەبەکەمان بۆ زمانی عەرەبی، یەکەمجار لەسەر شانی ئێمەیە، بەڵام لە ڕێگای یارمەتی و کۆمەککردنمان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ نموونە وەک ڕێکخراوی یۆنسکۆ**

دانیشتوانی کورد لە کوردستانی عێراق، بە ژمارەی خوێنەرانی عەرەب بەراورد بکەین، ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی خوێنەرانی کورد دەکەوێتەوە، بۆ نموونە ژمارەی تیراژی چاپکراوی دیوانی شاعیرێکی کوردی ناسراو بریتییە لە دوو، یاخود سێ هەزار دانە. وەک دیارە بەرهەمی داهێنان لە هەر زمانێکدا مەسەلەیەکی ڕێژەییە نەک موتڵەق، لە ئێستادا هەموو دیوانە شیعرە چاپکراوەکانی عەرەب بە دەستکەوتێکی داهێنان نادرێنە قەڵەم، یان هەموو ڕۆمانێکی چاپکراو کارێکی ئێزافە یاخود داهێنان بێت، بوارەکانی بەرهەمە داهێنراوە کوردییەکانیش بەهەمان شێوەیە.

*** ئایا شیعر بە زمانی دیکەش دەنووسیت، بۆ نموونە بە عەرەبی؟**

– نەخێر، من شیعر تەنیا بە زمانی کوردی دەنووسم، پاشان بۆ زمانەکانی دیکە وەردەگێڕدرێن، لە حاڵەتی دەگمەندا وتارم بە زمانی عەرەبی نووسیوە.

**سەرچاوە:**

پاشکۆی «منتدی الکتب»، ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط»، ژمارە ١٠١٥١، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٦/٩/١٣، ل ١٤

**دایکم حکایەتە کوردییەکانی بۆ دەگێڕاینەوە، لە ڕێگای دەنگ و شێوازە جوانەکەی لە گێڕانەوەدا زمانی کوردیم خۆشویست و عاشقی شیعر بووم**

# ژن وەک ڕەهەندێکی ژینگەیی لە شیعری کوردیی-دا

مرۆڤ و ژینگە هەر لە بنەچەوە وەک دوو بوونی سروشتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تەواوکاری و لێک دانەبڕاویان هەیە، کە هەر یەکێکیان ئەوەی دی تەواو کردووە، ئەم پەیوەندیەش تەنیا لە لایەنی فیزیکییەوە نەماوە، بەڵکو گەیشتووەتە نێو هونەری دەربڕین و تێکستەکانیش.

لەبنەڕەتدا ئاوێزانبوونی مرۆڤ و ژینگە لە دەربڕینەکان بۆ زمانەوانی دەگەڕێتەوە، کاتێک مرۆڤ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا زۆرجار بۆ پیاهەڵدان و وەسفکردن، یان دەلالەتدان لە مرۆڤانی دەوروبەریان ڕستە و دەستەواژەی بە ژینگە کردن بەکار دەهێنن، وەک گوڵ هات، ڕوومەت سێو، بەژن دارچنار، چاو مامز...هتد.

ئەدەبیاتش وەک ڕەنگدەرەوەی ژیان و کۆمەڵگە، بابەتێکی سەرەکی لێ هەڵگری، پرسی ژینگە بووە بەگشتی و ئاوێتەبوونی لەگەڵ مرۆڤ بەتایبەتی، بەڵام پەیوەندی نێوان ژینگە لەگەڵ ڕەگەزیەتی مرۆڤ، ژن زیاتر لەگەڵ ژینگە بوونەتە جێگەی تێڕامان و قسەگرتن، بەجۆرێک کە مەسەلەی پەیوەندی ژن بە چەمک و پرسە ژینگەییەکان لە ئەدەبیاتدا بەردەوام جێی سەرنجی تیۆرست و ئەدەبدۆستان بووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی ئەدەبیات (پرسەکانی ژینگەیی و مەسەلەی ژن) لە پاڵ کۆمەڵێ بابەتی وروژێنەری دیکە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، بۆ ئیلهامی هەست و بیری نووسەران و شاعیران، کە ئەدەبنووسان وەک دیوێکی ڕازاندنەوەی دەق و واتای دەقەکانیان ئەم دوو چەمکەیان تێکچڕاژاوی یەکدی کردووە و ژنیان بە ژینگە چواندووە، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە، بۆ وەسفکردنی جوانی سروشت، سروشتیان بە ژن چواندووە، ئەمەش پەیوەندی بە دوو هۆکاری نزیک بە یەکەوە هەیە.



ئاشنا فەرزندە

هۆی یەکەم: ژن زیاتر نزیکایەتی لەگەڵ ژینگە هەیە، وەک لە پیاو، بەمەش بایەخ و خزمەتکردن و ژینگەدۆستایەتی لای ژن زیاتر و زاڵترە «تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی زووش ئەو ساتەی پیاو خەریکی ڕاوکردن بوو، ژن لە ماڵەوە خەریکی کشتوکاڵی و چاندن بوو»

واتە ژنان زیاتر خەمخۆری پاراستن و ژینگەن، بەراورد بە پیاو. هۆیەکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ لێکچوونی نێوان ژن و ژینگە، کە نزیکایەتی زۆر لە مامەڵەپێکردنی تایبەتمەندییەکانی ژن و ژینگەدا هەبووە، چ لەڕووی وەبەرهێنان، چ لەڕووی سەرنجڕاکێشان و وجودیەتەوە، چ لەڕووی بابەتیەتەوە، نووسەران و شاعیران وەک پرسێکی تایبەتی و بەیەکەوە گرێدراو مامەڵەیان لەگەڵ ئەدەبیات دا کردووە.

بەجۆرێک، نووسەران و شاعیران لە چوارچێوەی بابەتیبوونی جیاوازەوە لە سەردەمی (کلاسیک و مۆدێرنیزم و هاوچەرخ) لە دەقەکانیان تیشکیان خستۆتەسەری، هەرچەندە قسەکردن لەسەر پەیوەندی ژن و ژینگە زێدە فراوانە، بەڵام لێرەدا هەر قۆناغێکی ئەدەبیی ئاوڕێکی بچووکی لێ دەدەینەوە.

پەیوەندی ژن و ژینگە لە قۆناغی کلاسیک، واتە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم لە چوارچێوەیەکی جوانیناسانە، وەسف و پیاهەڵدانەوە بەیەکەوە گرێدەدار، لەڕووی ڕەوانبێژییەوە ژن و سروستیان بەیەکەوە چواندووە، بەجۆرێک بۆ تەعبیرکردن لە جوانی ژن، بە سروشتیان چواندووە، یاخود تایبەتمەندی سروشت خوازراوە بۆ ژن، بۆ نموونە نالی دەفەرموێت:

***لەولاوێکە لەولاوە بە ئەم لاوە کشاوە،***
***یا یاسەمەنی خاوە بە ڕووی ڕۆژدا ڕژاوە؟!***

لەم دەقەدا نالی جوانی قژی یارەکەی بە گوڵی لاولاوە چواندووە. باس لە تایبەتمەندی گوڵی

لاولاوەی دەکات، تا وەسفی جوانی و شێوەی قژی یاری نیشان بدات.

ئەدەب-یش لە شیعرێکی دەفەرمووێت:

***چاوەکەت جامی شەڕاب و ماچی لەب، بادام و قەند***
***جامەکەت دا، یەک مەزەش لەو گوڵشەکەر بادامەکەت***

لەم دەقە (ئەدەب)ی شاعیر بۆ پیاهەڵدان بەسەر ئەدگاری یارەکەی تامی لێوی دەخاتە پاڵ تام و چێژی بادام و شەکر. بەمەش هزری ئیستەتیکایی وەسفی لەخۆ گڵاوەتەوەوە، ئەم جۆرە مامەڵەی وەسف و پیاهەڵدانە بە ژن و چواندنەی بە تایبەتمەندییەکانی سروشت لە شیعری هەموو شاعیرانی کلاسیک بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بەو مانایە نایەت، لە قۆناغی کلاسیک ژن بێ کێشە بووە و لە کۆمەڵگدا پێگەی بەرزی هەبووە، بەتایبەتی لای پیاوان.

هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنەماییکی گرنگی شیعری کلاسیکی ئیستەتیکا بووە، نیشاندانی جوانی بووە، پەردە بەسەر دیاردە دزێو ناشرینەکان دەدرا و لایەنی باش و جوانییەکان نیشان دەدرا، بوونی هەر پرسێکی نەگونجاو و ناشرینش، دەگۆڕدرا بۆ لایەنێکی جوانیی، بەمەش مەسەلەی پەیوەندی نێوان ژن و ژینگە لە چوارچێوەیەکی جوانیناسانە و چێژ و وەسف دەخرایەڕوو.

ئەم وێنەدانەوەیەیی پەیوەندی نێوان ژن و ژینگە لە چوارچێوەی جوانیناسیدا بەردەوام نەبوو، بەڵکو دوای سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم، واتە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە گۆڕانێکی گەورە لە دونیایی ئەدەبیات و قۆناغی پێش خۆی ڕوویدا، مۆدێرنیزم وەچەرخانێکی مەزن بوو بەرانبەر بە یاسا و فیکر و ئایدۆلۆژیای کلاسیک، بەڵام ئەم گۆڕانە بەتەواوی خۆی نەچەسپاند، بۆ دەربازبوونێکی تەواو لە کلاسیک.

دەرکەوتەی پەیوەندی ژن و ژینگە وەک بابەتێکی خزێنراوی نێو دەقە ئەدەبییەکان خۆی بە تەواوی دەرباز نەکرد لە هزری ئیستەتیکایدا، بەڵام ئیستەتیکایەتی دەقی قۆناغی مۆدێرنیزم بە شێوەیەکی زاڵ گەڕانەوە بۆ سروشت بوو، زۆرجارش وێنای سروشتیان ئاوێزانی مەسەلەی ژن کردبوو، بە بەستنەوە و گەیاندنی پەیامی ئازایەتی و شۆڕش و گیانی نیشتمانپەروەری...هتد.

هەروەک گۆرانی شاعیر لە شیعری (ئەنجامی ئەژدەهاک) دەفەرموێ:

***لەنجە مەکە بەژن و باڵای نەمامی،***
***ڕەشپۆشی جوانەمەرگیی چەند برامی***
***بە کەساسی کەچ بە، گەردنی بێگەرد!***
***سەرکوڵمەکان! بگرن ڕەنگی لیمۆی زەرد!***
***بۆ خۆشەویستی لێ مەدە ئیتر، دڵ!***
***لە ناو گۆڕی تەنگا با ببی بە گڵ!***
***کە ئازادی و باوک و برا لەکیس چوو،***
***کچە کوردێک چ زیندوو بێ، چ مردوو!***

لەم دەقەدا گۆران هاوخەمی ئافرەتێک دەکات بە چواندنی بە کۆمەڵێ وێنەی سروشتەوە، وەک ڕەواندنەوەیەکی خەمەکانی، کە بەهۆی شەڕ و جەنگەوە کەسانی نزیکی وەکو باوک و برای، کە لە بەژداربوونی جەنگ لەدەست داوە، بەڵام بە ئاوێزانکردنی ژن و ژینگە توانیویەتی وێنەیەکی ئیستەتیکایی بخاتەڕوو. بەڵام شۆڕشی مۆدێرنیزم بۆ ئازادی بیر و هەستی تاک و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان لە قۆناغی هاوچەرخدا ئامانجە بانگەشە بۆکراوەکەی بە تەواوی چەسپا و گەشەسەندنی بەخۆوە

> **ژن زیاتر نزیکایەتی لەگەڵ ژینگە هەیە، وەک لە پیاو، بەمەش بایەخ و خزمەتکردن و ژینگەدۆستایەتی لای ژن زیاتر و زاڵترە**

بینی، بۆیە لە قۆناغی هاوچەرخدا مەسەلەی پەیوەندی ژن و ژینگە تەنیا لە چوارچێوەی ئیستەتیکادا نەماوە، بەڵکو پەردە بە ڕووی ڕاستی و بابەتە شاراوەکانی واقعی ژیان و کۆمەڵگە هەڵدرانەوە، ئیدی پرسی ژن و ژینگە وەک دوو تیۆر هاتنە نێو دونیایی ئەدەبیات و سەرنجیان خرایە سەر، لەژێر ناوی تیۆری فیمینیستی و تیۆری ژینگەیی (ئیکۆلوژی) تیۆری فیمینیستی، کە لە ساڵی ١٩٦٠ سەری هەڵدا داکۆکییان لە مافە ڕەواکانی ژنان دەکرد، ئامانجی سەرەکیشیان تیشک خستنە سەر کێشەکانی ژنان بوو، تیۆری ژینگەیش تیۆرێکی نوێ بوو، کە بیرمەندانی ئەو تیۆرە تیشکیان دەخستە سەر کێشە و قەیران و پیسبوونی ژینگە، بە ئامانجی نیشاندانی کێشەکان و چارەسەری بۆ دانان. هەریەک لەم تیۆرانە کۆمەڵێ ئاراستەی لەخۆ گرتبوو، یەکێک لە ئاراستەکانی فیمینیست، فیمینیستی ژینگەیی بوو، ئەم ئاراستەیە، لە یەکگرتنی دوو چەمکی فیمینیست و ژینگە دروست ببوو، بۆیە فیمینیستی ژینگەیی ئاراستەیەک بوو دەگەڕایەوە نێو هەردوو تیۆرەکە. فیمینیستی ژینگەیی

یاخود ئیکۆفیمنیزم، «بۆ یەکەمین جار لەلایەن نووسەری فیمینیستی فەڕەنسی فرانسۆ دوبون، لە کتێبێک بەناوی (فمینیست، یان مردن) لە ساڵی ١٩٧٦ بەکارهێنرا.

فیمینیزمی ژینگەیی لە چەند دیدێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کلتوری و ئابوورییەوە دامەزراوە، لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە، پێیان وایە، کە ژن و ژینگە لێکچوون و پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە «ژن بە سروشت و پیاو بە کلتوورەوە گرێدراوە» لەو باوەڕدان ژن و ژینگە هەردووکیان لەسیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداریی چەوسێندراونەتەوە، پێیان وایە پیاو دەیەوێت دەست بەسەر ژن و ژینگەدا بگرێت.

«زاڵبوونی پیاو بەسەر سروشت هاوتەریبە لەگەڵ زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا» نانسی هۆویل هۆیێکی گرنگی سەرهەڵدانی فیمینیزمی ژینگەیی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕزگاربوونی ژینگە و سروشت، لە ماف زەوت کردن و هێنانە ئارای دادپەروەریی، بۆیە فیمینزیکی ژینگەیی داوای چاکسازی دەکات، لەوەی چیتر سروشت وەک ئامرازێک سەیر نەکرێت بەمەش وێنای کلتوری پیاوسالاری نیشان

**(ئەدەب)ی شاعیر بۆ پیاهەڵدان بەسەر ئەدگاری یارەکەی تامی لێوی دەخاتە پاڵ تام و چێژی بادام و شەکر**

دەدەن، وەک دارمانێکی کلتوری، پیاوان بەردەوام وەک ئامرازێک مامەڵە لەگەڵ ژن و ژینگەدا دەکەن، بۆ گەیشتن بە مەبەست و پێویستییەکانی خۆیان، بەمەش ژن و ژینگە خۆیان لە بێ بەهایدا دەبیننەوە، بۆیە فیمینیزمی ژینگەیی وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە بیری پیاوسالاری، دەیەوێت لەڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جێندەری، سیاسیی و ڕەگەزی کۆتایی بەو چەوساندنەوەیە بێنێت، لەژێر دەستی داگیرکاریدا، بەرانبەر بیری ژێردەستەیی ژن و ژینگە وەستانەتەوە.»

فیمینیزمی ژینگەیی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و داگیرکاریی بەرانبەر بە سروشت، کە هۆکارەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالار و کۆمپانیا نێوەنەتەوەییەکان و سەرمایەدارییە» بۆیە نووسەران و شاعیران لە قۆناغی هاوچەرخ پەیوەندی ژن و ژینگە لە دەقەکانیاندا لە چوارچێوەی کێشە و ململانێی بەرانبەر پیاو سالاری دەخەنە بەرباس، جیا لەوەش لێرە تەنیا دەنگی نووسەر و شاعیرانی پیاو نابیسترێ بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی پەیوەندی ژن و ژینگە وەک ئەوەی لە کلاسیکدا هەبوو، بەڵکو دەنگی ژن بەشێوەیەکی زاڵ دەرکەوتەی هەیە، کە لە ڕێگەی دەقەکانیاندا ڕووبەڕووی کلتوری پیاوسالاری دەوەستنەوە.

وەک کەژاڵ ئەحمەد، کە شاعیرێکی هاوچەرخە دەڵێت:»

***پیاو دەتوانێت***
***ئینجانەکان بشکێنێت و***
***گەڵا و گوڵ پانبکاتەوە،***
***بە پێڵاوی قوڕاوییەوە***
***بەناو ماڵدا بێت و بڕوا!***
***تۆ نازانیت چونکە وانیت***
***ژن دەگری و پیش دەخواتەوە.***

لێرەدا کەژاڵ ئەحمەد بە هزرێکی فیمینیزمی ژینگەییەوە تەعبیر لە چەوساندنەوە و پیسبوونی ژینگە دەکات لەلایەن پیاوان، بەڵام ژنان بە ڕۆحێکی خۆشەویستی مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا دەکەن. بەمەش بەستنەوەی ژن و ژینگە لە هاوچەرخی سەدەی بیست و یەک لە چوارچێوەی کێشەکانی ژن و ژینگە و چارەسەرکردن دەسووڕایەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زاڵی دەرکەوتەیی پەیوەندی نێوان ژن و ژینگە پەیوەندیەکی نزیکی پتەوە، کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیات بەیەکەوە بەستراونەتەوە و تەعبیری لێوە کراوە، بەڵام هەر قۆناغ و سەردەمێک لە چوارچێوەی تێڕوانینی جیاوازەوە قسەی لەسەر کردووە، هەرچەندە لە هەموو قۆناغەکاندا ئەم پەیوەندییە بەهای خۆی پێدراوە، بەڵام دەرکەوتەی دیوە دزێوەکان لە پەیوەندی ژن و ژینگەدا وەک ئامانجێکی هۆشیاری زیاتر دەرگا بەڕووی نائاگاییەتی مرۆڤ دەکاتەوە، لە پێناو چاکسازیکردن و گەڕانەوەی بەهای بنەڕەتی دادپەروەری بە هەردوو چەمکەکە، کە لە ژێر دەستی پیاودا زەوت کرابوو.

### سەرچاوەکان

١- سۆران مامند عبدالله (٢٠٢٣) ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە نموونەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر. نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢- مهدی أحمد محمود (٢٠٢٢) ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردە_ قەڵادزێ، بەشی کوردی.

٣- سورین ئەکرەم (٢٠٢٢) فیمێنیزم و جێندەرناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

٤- عەبدولڕەحمان سدیق (٢٠٢٠) ئافرەت و ژینگە، پڕۆگرامی بە کوردی، کوردستان٢٤.

# ئاماژە و چەمکی کرانەوە «مانا»



عەلی شێخ عومەر

وێناکردنی پەیوەندی زمان بە ئەدەبەوە پابەندە بە پێکهاتەی زمان، زمانی تێکست هەڵبژاردنی وشە دیاری دەکات، چۆن لە دارشتنی جوانناسیی، لە شوێن و کاتی خۆی، فرە مانایی، گونجاندن ئەنجام دەدات، درککردن بە بیرۆکەی گوێزانەوەی چەمکی تێگەیشتن بەتایبەت لە هونەری گێڕانەوەی چیرۆک لە مانادا، پابەندە بە ڕاڤە، هێما، لێکدانەوە و دژەوابوون لە ئامانجێکدا، دەتوانێ جۆرەها خوێندنەوەی ڕژد، ئەرکی بەشداربوون لە هەگبەی وەرگر بنێ، دەکرێ لە سنووری ڕێگەپێدراوی تێکست، وەک بوونێک لە پاتکردنەوە و ڕێکخستنی مانا، ڕۆڵی ئەرێنی، مانا و تێگەیشتنی نوێ بە دەستبهێنێت، وەرگر کاتێک «چیرۆکی وردوخاشبوونی سوراحییەک»[1] دەخوێنێتەوە، بەرکەوتن لەتەک بونیادی گێڕانەوەیەکی تۆکمەدا دەکات، پۆلگرتنی گرێچنی ڕووداوەکان بە ڕیزبەندییەکی وا دابەشبووەتە سەر جەستەی گێڕانەوە، وەرگر هەست بە هیچ لەتەر و درزێک ناکات، ئەوەندە سلسە، کۆتایی هەر پاژێک، سەرەتای پاژەکەی پاش خۆیەتی، نێرەری گێڕانەوەی پەیامێکی نوێیە، بە زمانێکی سادە و قووڵ، چڕبوونەوە لە کرانەوەی مانادا، خۆی لە کزربوون و گڕمۆڵەبوون، دەپارێزێ.

ڕستە لای محەمەدفەریق حەسەن کردارە، ڕووداو پێش وەسف دەخات، پێچەوانەی وەسفکردن، ڕستە دەکاتە پێوەری کردار، شێوازی نووسینی ئەم ئەزموونی فۆڕمێکە، تژییە بە وێناکردنی تیۆرێک، مەبەستێک لە پشتەوە دەدورێتەوە، وێنەی شقڵێکە بە ڕێکخستنی پێکهاتەی دەق، وەرگر قایل دەکات، وەرگر زۆر ئاسایی لە گەشتی تەواوکاری مانا، چ ئەبستراکت، یان بابەت بێت، نیشتەجێ و ئاشنای بابەتی دەق دەبێت، بەگشتیی «چیرۆکی وردوخاشبوونی سوراحییەک» یەکێکە لە چیرۆکە نایابەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی «کۆلارەی ڕەنگاو ڕەنگ» کە لە بیست ویەک چیرۆک پێکهاتووە.

گێڕەرەوە ناوی «چیا»یە، سەر لە بەیانییەک، لەکاتی چوونی بۆ کار، لە سێ شوێن دروشمی ڕەشی پرسە دەبینێ، بیر لە «چەتۆ»ی برا گەورەی دەکاتەوە، کە لە کەپکی حەمەد ئاغا عاسی ماوە «چۆلی» برا گچکەی «چیا»یە، بۆ بژێوی ژیان بە تەکسی بە خۆو دەهۆڵەوە «چیا» هەڵدەگرێ، دەچنە دوای «پیربال» کە هاوڕێی منداڵیی «چیا»یە و ماڵیان لە گەرەکی تەیراوەیە «پیربال» بە خۆی و زوڕناوە سەردەکەوێت، هەردووکیان بە جلی جوان و خاوێنەوە لە بەردەم چایخانەی مەچکۆ دادەگرێت.

بۆ بژێوی ژیان، دوو گۆڕهەڵکەنیش وەک ئەمان لەوێن، گێڕەرەوە تەزبیحە دەنک گەورە هەنارییەکەی چەتۆی برای پێیە، دواجار

که گەڕایەوە بۆ بەرەکانی جەنگ لەبیری کرد، ئەمان چاوەڕێی کەسێ دەکەن بیانبات بۆ زەماوەند، دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێ دەن، سەرنجیان لەسەر ئەو گەنجانەیە، کە کاتی هاوسەرگیرییانە، لە نەبوونی و بێکاری، بەخەیاڵ بیر لە سازدانی چەندەها شایی و زەماوەند دەکەنەوە، لە بەرانبەر ئەوەدا دوو گۆڕهەڵکەنەکە لەبەر زۆری مردن بەرناکەون، بە ڕادەیەک ئیشیان ئەوەندە گەرمە پێشوەختە گۆڕی ئامادەیان هەیە.

گێڕەرەوە بە «پیربال» دەڵێت با ئەم دەهۆڵ و زوڕنایە بە پاچ و خاکەنازێک بگۆڕینەوە و ببینە گۆڕهەڵکەن، نان لە گۆڕدایە «پیربال» دەڵێت ڕێک لە زەینی منداێ.

بۆ بەیانی «چیا» بە ڕێکەوت پێی لە سوراحە نازدارەی دایکی دەکەوێت، دەشکێ، دایکی دڵی دەداتەوە، دەڵێت بە قەزاو بەڵات بێت، ئەمجارە بە جلی کرێکارییەوە، بە هەمان ڕێرەوی جارانەوە، بە خۆی و پاچێکەوە

**پەرتبوونی ڕۆح، جیابوونەوەیە لە جەستە، ڕۆح هێز و بزۆینەری حەزە، داهێنەری ئەوینە، خەیاڵە، ئازادییە**

دەچنە دووی «پیربال» و خاکەنازەکەی بە سواری تەکسییەکەی «چۆلی» دێنە بەردەم چایخانەی مچکۆ، دوو گۆڕهەڵکەنەکەی دیکە مۆرە و خێسەیان لێ دەکەن، پیکابێ چەکدار، پیرەمێردێک وەک بابەت و پرۆژەیەکی مردن سەرنجیان ڕادەکێشێت، خەیاڵی بژێوی چەوری پیشەی گۆڕهەڵکەندنیان خۆش دەکەن، بە دەم ئەم بیرکردنەوە و خەیاڵەوە تەزبیحەکەی کاکی دەپچڕێت، کە دەنکەکانی کۆدەکاتەوە یەکیانی بۆ نادۆزرێتەوە، لەپڕ «چۆلی» بە خۆی و تەکسییەوە دەردەکەوێت، لەگەڵ گەیشتنیان یەکسەر پێی دەڵێت «چەتۆ» شەهید بووە، خێرا سواربن وەرن گۆڕی بۆ هەڵکەنن، دیسان دەنکەکانی تەزبیحەکەی چەتۆ بەردەبنەوە سەر جادە قیرە ڕەش داگەڕاوەکە و بەو ناوەدا بڵاودەبنەوە. ئەوەی جێی سەرنجە هانی بەرهەمهێنانی مانا دەدات، پرسیار لای وەرگر دروست دەکات، بونیاد و پێکهاتەی ناوونیشانی چیرۆکەکەیە، بونیادێکی وێنەخوازە، وردبوونەوەیە، هەڵبژاردن و بیرکردنەوەیەکە، دەبێتە بەشێک لە جومگەکانی نێو کۆی نووسینی دەقی چیرۆکی سەرکەوتوو، هەڵبەت ناوونیشانی دەستەبەر ئاستانەی کلیلی شیکردنەوە و بەدواچوونی هەڵگرتووە، تا ئاستێکی باش توانیویەتی یەکتایی ماناکەی بکاتەوە.

مەبەست و داگەڕانی وەرگر خۆی لە بژاردەی هاودژوابوونێکی زەق دەسوێ، خۆی لە بونیاد و تێکشکانێک دەردەخات، لە ئاستی یەکەم سووراحی ناوە، چوارچێوەیەکە زیاتر لە سنووری نەختینەیەکی ئاو بەکار دەهێنرێت، لە ئاستی دووەم وردوخاش بوون کردارە، لە گێڕانەوەدا لە چەند ئاستێک پێشبینی ئەوەی لێ دەکرێت ئاوێتەی ڕووداوەکان بێت، لە ئاستی سێیەم خەسڵەتی بەیەکدا چوونی ناو و کردارە، بە دیوێک کرداری وردوخاش بوون دەرئەنجامە، گەر سامپڵێکی نێو دەق وەرگرین، لە گرتەیەکدا، گێڕەرەوە ئاماژە دەخاتە پێش ڕووداو، لە فلاشفۆردێکەوە دەبینین وردوخاش بوونی سوراحی خورپەیەکە، کوژرانی کوڕە گەورەکەی دایکی هەڵدەگرێت، ئەمەش لە وێنەیەکی فراوانتر، دەرخەر و ئاماژەی جەنگێکە، کە چوارچێوەکانی خەسڵەت تێکدەشکێنێت، لە هاوشێوەبوونێکدا شکاندنی دڵی دایک سوراحی بەیەکەوە گرێ دەدات، ژێدەری هەستی دایکایەتی کاتێک ئاشکرا دەبێت، خورپەدەکات، کە «چیا» بۆ هەڵپەی ژیان، بەرێکەوت شەقی لە سوراحیەکە دا و وردوخاشی کرد، چۆن لە دیتگەیەکی ڕێکخەردا، دایکیان مانەوەی ژیانی برایەکیان، لە دەبێتگەراییەکدا دەکات بە ئاماژەی مردنی براکەی دیکەیان، چۆن ڕەنگدانەوەی ورد و درشتی ڕووداوەکان لە نەستدا، لە گشت ساتێکدا دەبنە دەرەتانێک و کۆیادی شەڕی براکوژی بە ئاگادێنێ، ئەزموونی شەڕی براکوژی بووەتە مۆرکێک نە لە ویژدانی دایکی، نە لە پانتایی نیشتمان، نە لە گرێچنی ڕووداوەکاندا، ناتوانێت جیاببێتەوە، جوولانی هەر ئۆبژەیەک بە ڕێکەوتیش بێت، بە ڕوونانی سروشتی پێدراوەکانی گێڕانەوە، دەچێتەوە سەر جوغزی ئەگەربینی هەمان هزری خۆداخستنی خود، کە لە تێکشکاندنی چوارچێوەدا دەکرێتەوە، هەوێنی مانا، هەستی پێشوەختە و خورپەی نەهامەتییەک دەکاتەوە، پێشگەرایی ئەم بۆچوونەمان بێ بنرێژ نییە، کردەی پارچەکانی گێڕانەوە، زەمینەیەکی باڵادەستە، ئەرکی لە جووڵەپێکردنی ڕەنگاڵەی کۆدەکان، پێکهاتەی چیرۆکەکە لە ئەستۆ دەگرێ، مانا دادەمەزرێنێ، لە لایەکی دیکەوە ڕێگە بۆ ئاماژەکان خۆش دەکات، ڕەهەندی پەیوەندی کەسایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر

وەرگر دیاری دەکات، پایگەی وەرگر لە پێکهاتە و دارشتنی چوارچێوەی بیرۆکەی دەق گرد دەبێتەوە، جەستەی دەق و پاژەکانی، سەرجەم لە ڕێگەی بابەتی خێزانێکەوە دادەکشێت، لە خۆنووساندنێکدا باس لە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابووریی، سەردەمێکی مێژوویی دەکات، کە شەڕی براکوژی پانتاییەکی ڕەشی خستبووە سەر سەرجەم دیاردەکانی ژیان، پێداگری ڕووداوەکان، ڕێرەوی گۆڕانکاری فەراهەم دەکات، لەتەک یەکەکانی هاودژوابوون، یەکیتییەک دەستەبەر دەکات، هەر یەکیان بە کۆد، هێما، سینبول و خوازەوە، دەکەوێتە گڕ، چونکە سینبول بەشێکی بنەڕەتییە لە بوونی مرۆڤ وەلی مەحەمەد لە شوێنێک دەڵێت: «سینبول بەشێکە لە بوونی مرۆڤایەتی، مەحاڵە لە هەڵوێستکی بوونی مرۆڤایەتی لە گێتیدا لەنێو بچێت»[٢]

لە ڕێچکەی ناوونیشانی چیرۆکەوە دژوار نییە، پەقرەجی تێڕوانینی خۆمان شۆڕکەینەوە بۆ نێو قووڵی بیری چیرۆکەکە، لە سەرەتاوە بۆ ڕوونکردنەوە، ڕووماڵکردنی ئاستەکانی گێڕانەوە، بە پرۆسەی هێنانەپێش بە نێوەندگیریی تەکنیکی گەمەکانی زمانەوانی لە وێنە و ئاماژەوە، هەوڵدەدەین بنەماکانی مانا و هێما و سینبولەکانی بدۆزینەوە.

## ڕەوتەکانی گێڕانەوە و کلیلی ئاماژەکان

«ژیانی مرۆڤ لە کەنارێکی دیکەی بێ هودەییەوە دەست پێدەکات»[٣] سارترە چیرۆک پێکهاتووە لە ڕووداو، شێواز، چۆنییەتی گێڕانەوە لە نێرەرەوە بۆ بۆنێراو، گێڕەرەوە ناوی «چیا»یە، بە ڕاناوی منی قسەکەرەوە ئاوێزانی بەسەرهاتەکەیمان دەکات، لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا زەمەن نادیارە، گێڕەرەوە پاژێکە لە کەسایەتییەکانی ڕووداو، گێڕانەوە کرنۆلۆجییە، بە هێڵێکی جێگیر لە بەراییەوە تا کۆتایی، شان بە شان ڕووداو ڕێ دەکات، هەر لە یەکەم بەرکەوتنی دەقی گێڕانەوە، لە دەرئەنجامی ئاماژەکردن بینینی سێ دروشمی ڕەشی پرسە لە سێ شوێنی جیاواز، ئاماژەپێکراو ڕووبەڕووی سێ لێکدانەوەی جیاوازمان دەکاتەوە، دەکرێت هەریەکەیان بە دیوێک هەڵگری سنبولی زەمەن و مێژوویەکی شەڕی براکوژی بێت، هەرچەندە شەڕەکان زۆرن، بەڵام وەک مێژووییەکەی نزیک دەکرێ ئاماژە بە شەڕەکانی ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و چوار، هەشتاو دوو، نەوەدو چوار، بکەین، بە دیوێکی دی گەر بە زەمەنی ئێستەی ڕووداوەکاندا بگەڕێن و ئاماژە بە قورسی شەڕی براکوژی بکەین زۆری کوژراو بەدەستەوە دەدات، هەر لە میانەی دەقەوە، لە پێڵێنانی «چیا»ی قسەکەردا، لە گرتەیەک، دروشمە ڕەشەکان دەبینێ، بە فلاشباک «چەتۆ»ی برا گەورەی دێتەوە یاد، ئەوە مانگێک زیاترە بە کەپکی حەمەداغاوە عاسی ماوە.

چۆن شێوازی گێڕانەوە بە کورتبڕییەک هاوتەریبی خەمی دوو برا، لە دوو شوێنی جیاواز زەق دەکاتەوە، بە ڕێگەی دروشمە ڕەشەکانەوە، ئاماژە بە دوو جۆرخەبات دەکات، برا گەورەکەی لە کەپکی حەمەداغا عاسی ماوە، شەری ئازادیی نیشتمان دەکات، خودی گێڕەرەوەش لە شاردایە گیریخواردووە، خەباتی بژێوی ژیان دەکات، چۆن هەردووکیان لە خەباتی نان و ئازادیی، وەک شوێن خۆیان لە دوو ئاراستەی جیاواز بەدی دەکەن، کەپکی شاخ و تەختایی شار، دەبینین پاوانخوازیی کەپکی شاخ، کە خۆی لە خەباتی ئازادیی نمایش دەکات، زاڵە

**ڕستە لای محەمەد فەریق حەسەن کردارە، ڕووداو پێش وەسف دەخات، پێچەوانەی وەسفکردن، ڕستە دەکاتە پێوەری کردار، شێوازی نووسینی ئەم ئەزموونی فۆڕمێکە، تژییە بە وێناکردنی تیۆرێک**

لەسەر شوێنی تەخت کە بە خەباتی نانەوە تێگلاوە، لە دەمکرانەوەی ماناکانی شوێن، پێشبەندی بە ئازادیی دراوە، نەک بە نان، «چۆلی» کارەکتەرێکی لاوەکییە برا گچکەکەی «چیا»یە، تەکسییەکی بەرازیلی شڕی هەیە، سەر لە بەیانیان «چیا» بە دەهۆڵەکەیەوە هەڵدەگرێ، دەچنە تەیراوە، «پیربال»ی زورناژەن هەڵدەگرێ دەیانباتە بەردەم چایخانەی مەچکۆ، بەکارهێنانی ناو لە قاڵبی خۆیدا تاکاندنی کێشانی وێنەی کەسایەتییەکان، لە وێنەی ئەدەبدا پێکهاتەیەکی ئاماژەدارە، داگەڕانێکی بنەڕەتییە بۆ مانا، ڕووبەری کرانەوە خۆش دەکات، وشە و ناو، خەسڵەتی تاک مانایی هەڵناگرێ، بەڵکو لەنێو پلۆرالیزم و ئانتاگۆتێستدا گەمەی خۆی دەکات.

محەمەدفەریق حەسەن وەک چاودێرێکی وریای دەرەوەی دەق، سەنگی زیرەکی خۆی بە تەنیا نەخستووەتە سەر جووڵاندنەوەی کارەکتەرەکان، بەڵکو لە وابەستێیەکی

ئەرێنی، ناوی کارەکتەر و شوێنەکان بە خەسڵەتی کەسەکانەوە گرێ دەدات، ناو لای ئەم سیمبولە، لەتەک ئاسۆی چاوەڕوانیی وەرگر یەکی دەخاتەوە، کارەکتەر چەمکی بوونێکە، وێنەیەکی ئاشکرا ئاراستەی دونیای دەرەوەی خۆی دەکات، لێزانانە پەیوەندی بە هەبوون و بایەخی هەستی وەرگرەوە دەکات، هەر لە گۆشەنیگای ئەو هەستانەوە دەکرێ لە ڕیزبەندییەک، ئاماژە بە ناوی کارەکتەرەکان، لە خەسڵەتەوە پەی بە خەسڵەتکراو بەرین

«چیا» وەک کەس ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێ، چۆن گێڕەرەوە دۆستی ڕاستەقینەی ماڵ و ناسنامەی دەقە، بەهەمان شێوە چیا وەک شوێن، تەنیا پەناگەی خەباتی نەتەوایەتی دۆزی کوردە، بە دیوێک چیا و دەق، بە دیوێکی دی مانا چیاو کورد دووانەیەکە لەیەک نابنەوە، هەر لە دێرزەمانەوە گوتویانە «تەنیا چیاکان دۆستی کوردن» گەر لە شقڵی وێنەیەکی پانۆڕامییەوە سەیری بکەین، دەبینین کارەکتەر لە شوێنێک تواوەتەوە،

***گێڕەرەوە بە «پیرباڵ» دەڵێت با ئەم دەهۆڵ زوڕنایە بە پاچ و خاکەنازێک بگۆڕینەوە و ببینە گۆڕهەڵکەن، نان لە گۆڕدایە***

شوێنیش بووەتە ناسنامەی کارەکتەرەکە، ناسنامەی چیایی هەڵگرتووە، چیا وەک شوێن و ناوی کارەکتەر شایەد حاڵی گێڕانەوە و مێژووی ڕووداوەکانن.

یەکەمیان بە پڕاکتیکی لە زەمینەی شوێن لە تەک خەباتی نەتەوایەتیدا کۆکە و یەکدێتەوە، دووەمیان وەک گێڕانەوە لە دووتۆی تێکستدا جێگیرە.

کارەکتەری دووەم ناوی «چەتۆ»یە، خەسڵەتە بەمانای ئازاو نەبەرد دێ، بە پۆلبەندی برا گەورەیە، پیشمەرگەیە، لەسەرکەپکی حەمەداغاوە گیری خواردووە، ناوی کەپکی چیاکە لە مانایەکدا ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە بزاڤی کوردی بە دەست دوژمن و چینی کەمینەخوازی دەرەبەگی و هاوپێچەکانی گیری خواردووە، ئەمەش لە دەرئەنجام ئاکامێکی نەرێنی لەسەر چارەنووسی بزاڤی شۆڕشی کورد تۆمار دەکات، لە بەرژەوندی چینی جووتیار و سیڤیڵ و چەوساوەدا نییە، لەگەڵ ڕەهەندی ڕزگاریخوازی کوردایی یەکنایەتەوە، هەر فاکتەرەکانی ئەو جیاوازییە چینایەتییە، بە کۆمەکی داگیرکەر برای کردووەتە دوژمنی برا، نانی کردووەتە دوژمنی ئازادیی.

سێیەم «چۆلی» براگچکەیە خاوەن تەکسییە ناسەقامگیرە، وەک شۆفێری تەکسی لەنێو جەرگەی شوێن، بژێوی لەسەر گوێزانەوەی کەسانێکە، لەگەڵ گۆڕینی کەسەکان شوێنەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە، لە ماڵەوە بۆ تەیراوە، بۆ چایخانەی مچکۆ، لە ئاست ناسنامەی شوێن دەکرێ بڵێین بێ لایەنە، لە چەمکی شوێن ڕاگوزەرە، ناوئاساکەی لە پڕکردنەوەی شوێن وەک تەکسی خاڵییە، هەرکێیەک بەکرێی بگرێت پڕی دەکاتەوە، ئەمانە هەرسێکیان کوڕی دایکێکن، نیشتمانێکن، ئەم دایکە چۆن لە جەستەی گێڕانەوە وەک بوون ئامادەیی هەیە، وەلێ بە ناو فەرامۆشکراوە، لە شەقڵێکی فراوانتر، لە نەخشەی جوگرافیایی دونیاشدا ناوی هەرێم و شوێنێک هەیە فەرامۆشکراوە، لە سەروبەندی هەستێکی نامۆبوون، ئەم دایکە بە ناچاری لە دیتگەیەک، بە کردەی خستنەسەر، خەسڵەت، پێکهاتە و چوارچێوە لە پیادەڕۆی سنبولێکەوە گرێ دەدات بە مێژوورییەک، بە سوراحییەک، دوالیزمەی ماناکانی مانەوە و تێکشکان و مردنی کوڕەکەی تێدا یەق دەداتەوە، لە ئاستی چڕبوونەوەیەکی هێما ئامێز، پەلی بۆ ناسنامە و تایتڵی چیرۆکەکە هاوێشتووە.

چیرۆکنووس بە تێڕوانینێکی قووڵترەوە گەمەی سنبولەکانی فراوانتر دەکات، لە پێگری کلتوورەوە، تەسبیحێکی دەنک گەورەی سووری ڕەنگ هەناری دەکاتە ڕێڕەوی هەبوولای گەوهەری پڕۆسەیەک، تژی بە مانا و لێکدانەوە، پێداگری لە قەبارە و لێکچوواندنی بە ڕەنگی سووری هەنار، بێ مەرام نییە، لە شیکردنەوەی مەبەستگەراییدا، دەشێ ڕەنگی سوور ئاماژە بێ بۆ خوێنی شەهیدان، گەورەیی دەنکەکانی هێمایە بۆ گەورەیی و سەنگینی شەهیدان، لە ڕووی فۆڕمەوە لێکچوواندنی ڕەنگ بە قەبارەی هەنارەوە، پێدراوەکانی دەق بە زانستی ئەفسانەناسییەوە بارگاوی دەکات، گەڕانەوەیە بۆ ئایینی زەردەشتی، کە هەنار شەهیدئاسا هێمای پیرۆزییە، گەر لە ئاستی نەگوتراو، لە کرانەوەی کۆدەکان تەسبیح ڕووبەری بەشێکی لە فۆلکلۆر و کلتوور گرتبێت، ئەوە شاری هەولێر وەک شوێن، لە ئاست فۆلکلۆر و کلتوور، تەواو کۆی کردوونەتەوە، لە سەکۆی ئاستێکی نزیک ڕووداوەکانی براکووژیی، لە پەیوەنییەکی هاودژبوون، لە سامپڵێکی بچووکی شوێن، بە دیوێک لە چایخانەی

مەچکۆ ئاهەنگگێڕ و گۆڕهەڵکەن کۆدەکاتەوە.

دەرکەوتنی کارەکتەر لە دوو پیشەی دژبەیەک، فاکتەرێکی بەهێزی مانەوەی دەسەڵاتە، ئانهۆرن بێتنگەر شتێهەر دەڵێت: «خودی فەرد دەرکەوتێکی سەرەتایی دەسەڵاتە»[٤]

بە مانایەکی فراوانتر، چایخانە دەسەڵاتی دۆگمایە، سیستەمێکی دووڕووە، بە لایەک وای نیشان دەدات پەیامی ژیان هەڵدەگرێت، بەڕوویەک بە مردن دابڕان لەتەک ژیان دەکات، بە دیوێکی شاراوەش براوە و دۆڕاو لەسەر مێزێک دادەنیشێنێ، سوراحی شووشە و وردوخاش بوون، لە ماڵێکی هەژارنشین وێنا دەکات، بە تێڕوانینێکی جوودا ئامێز، ژانوژۆی شار و ڕەهەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە مەگیزی چایخانەی مچکۆ-ی نێوەندی شار لەت لەت دەکات، لەتێکیان دەمکرانەوەی نامۆبوونە، نەختینەی پێگەی دەنگو زەنای خۆشییە، دەهۆڵ و زوڕنایە، لەتەکەی دی چەپکردن و کەرکردنی دەنگی خۆشییە، ئاماژەکانی ماتەمینیە، بووژانەوەی پیشەی گۆڕهەڵکەندنە، لەبری دەهۆڵ و زوڕنا، پاچ و خاکەنازە، گێڕەرەوە هەر لە سەرەتاوە بابەتی حیکایەتەکەی لە وێنەی ڕیالیستییەوە دەگوازێتەوە بۆ زمانی گەیاندنی بیرۆکەیەک، لە تاوتۆی مانایەکی چڕدەکاتەوە، ڕەگەزەکانی دەقییەتی بە جومگەکانی چەمکی ئاماژەوە پەیوەست دەکات، هەڵبەت بەم کردەیەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی نێوان نێرەر و بۆنێراو تەقڵێژ دەکات، لە ڕیزبەندییەک شێوازەکانی وێنە چەندین تێگەیشتن دیاری دەکات.

یەکەم لە وێنەی سێ دروشمی ڕەشی پرسە، ئاماژە بە سێ مێژوو دەدات. دووەم لە ئاست شوێندا دەبینین سێ شوێنە، دەرچەی ڕووداو ماڵە، تەواوکەر گەڕەکە، تەیراوەیە، دەرئەنجام بەردەم چایخانەی مەچکۆ-یە. سێیەم سێ بران «چەتۆ، چیا، چۆلی» هەرسێکیان گیریان خواردووە، یەکیان بە کەپکی حەمەد ئاغاوە، دوانەکەی دیکەش بە ژیانەوە، چوارەم تەسبیح وەک ئامرازێک، بەلای کەمەوە لە سێ ئاماژەدا جووڵە بە مانای جیاواز دەکات.




یەکەمجار «چەتۆ» لە بیری دەکات، چۆن لە پەیامی شەهادەت مردن لەبیر دەکات، ئاوهاش لە گەڕانەوەی بۆ بەرەکانی جەنگ شکۆی نەرسیسی خۆی لەسەر تێکشکانی مەرگ، ژیانی ڕابردووی خۆی لەبیر دەکات، لە گرتنەبەری هەمان ڕێگە ئەم دەکات بە شوێنگری خۆی، دووەم جار کاتێک «چیا» پیشەکەی گۆڕی بۆ گۆڕهەڵکەن، لە حیرسی چاوەڕوانی و بێکاریی، لە جەختی خەیاڵکردنێکی سەیر تەسبیحەکە دەپچڕێ، دەنکەکانی لە دڵۆپە خوێنی ڕژاو دەچوون، هەمووی کۆ کردەوە، ژماردی، یەکیان دیار نابێ، خوێنی ئەوەی لەشەڕی براکوژیی ڕژابێت، ون دەبێت، دیار نامێنێ، سێیەم جار کاتێک هەواڵی مەرگی «چەتۆ»ی بۆ دەهێنن تەزبیحە ڕەنگ هەنارییەکە دەڕژێتە سەر شەقامە ڕەش داگەڕاوەکە، دەنکەکان، بەو ناوەدا بڵاودەبنەوە، ئەم گرتەیە لەکۆتایی ئاماژەکانی گێڕانەوە دایە، وێنەی پەیوەندییەکی دی دەخاتە ڕوو، ڕادەستی سەرەتاکانی گێڕانەوەمان دەکات، ئەگەری بۆچوونەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە، لە دەستپێک گردبوونەوەی نێگاکردنی دروشمی ڕەشی پرسە براکەی بیر دەخاتەوە، لە کۆتا تراژیدیای گێڕانەوەکە، بڵاوبوونەوەی نیگاکردنی شەقامێکە، لە مێژووی شەڕی براکوژی، ڕەش داگەڕاوە، لکاندنی سەرەتای گێڕانەوە دروشمی ڕەش بە کۆتایی تراژیدی بە شەقامی ڕەشداگەڕاو، گردبوونەوە لە یەکەمدا و بڵاوبوونەوە لە دووەمدا، لە هەردوو وێنەکەدا دەلالەتی وێنەی مردنی براکەیەتی، لەیەکەمدا فلاشباکە، لە دووەمدا سەلماندن و بەدیهاتنە.

پێنجەم لە سێ گەشتدا دەچن بۆ کار، یەکەم جار خۆی بە دەهۆڵ و»پیربال» بە زوڕناوە دەچن بۆ بەر چایخانەی مەچکۆ، بێهوودە، ئیشیان دەستناکەوێت، دووەم جار

«چیاو پیربال» بریاردەدەن پیشەی خۆشی بگۆڕن بۆ ماتەمینی، ببنە گۆڕهەڵکەن، دیسانەوە بێهوودەیی، سێیەم جار «چیا» لە یەکەم کاریدا، دەبێت بە خێرایی گۆڕ بۆ»چەتۆ»ی برای هەڵکەنێت، کەپکی بێهوودەیەکی دی، پێشتر گوتمان کۆتایی هەر پاژێک سەرەتایی پاژەکەی پاش خۆیەتی، بە هەمان تێڕوانین سەرەتای بێهوودەیی یەکەم، کۆتای گۆڕینی بێهوودەیی دووەمە، تەواوکەری بێهوودەیی سێیەمە، چەکەرەکردنی بێهوودەیی لە بێهوودەیی دیکەدا تەواو دەبێ، لە دوای کوژرانی براکەی هەموو ئومێدێک دەکوژێت.

### کردەی گێڕانەوە و پۆلگرتنی چەمکی هاودژەکان

پانتایی گشتیی چیرۆکەکە، تراژیدیایی خەمێکی نەتەوایەتی، سیمای شارئاسا خەونی چینی بڕجوازی بچووکی هەڵگرتووە، بەپێی زانستەکانی دیاردەناسی، ئەم چیرۆکە

> ***کاتێک «چیا» پیشەکەی گۆڕی بۆ گۆڕهەڵکەن، لە حیرسی چاوەڕوانی و بێکاریی، لە جەختی خەیاڵکردنێکی سەیر تەسبیحەکە دەپچڕێ، دەنکەکانی لە دڵۆپە خوێنی ڕژاو دەچوون***

دەرخەری کۆژانی چینی ژێرەوەیە، خەونی بچووک و داوای بچووکیان هەیە، لە هاوکێشەی دژەوابوونێکدا، محەمەدفەریق حەسەن لە ڕێگەی بگێڕەرەوە، وەک کامیرامانێک لە دەرەوە وێنەی دیاردەکان دەگرێت، بەپێی پێناسەی وێنەکان، جووڵە دەکات، خەون و خەیاڵ دەکات، لە بەردەم چایخانەی مەچکۆ، دەبینین «چیا» هەر لە دەرکەوتن تا ئاوابوون، هەر گەنجێک بەوێدا تێپەڕێ، دیقەتی دەدات، لە تاقیگەی فلاشۆرد، ڕاستەوخۆ بە ئەبستراکت بێ، یان بابەت، دەبێتە ڕازگر «وەڵا بابە تۆ وەختی ژن هێنانتە» چیرۆک، فەرموو بیهێنە تا من و «پیربال» شاییەکەت بۆ گەرم بکەین، خەرجییەکمان دەسکەوێت، خۆ ئەگەر کیژێ بێت وێنەکە لە ڕیز و حورمەتێکدا ڕتووش دەکات، لە وێنەی بێهوودەیی خۆی نزیکی دەخاتەوە، وێنەی شکستهێنان دەخاتە پێشهاتەکانی فلاشۆردەوە، لەوێوە هەستەکان هەڵدەگەڕێنەوە بۆ

فلاشباک لە هەنگاوی یەکەم «چیمەنی خوشکم گەلەک لە تۆ منالتر بوو، وەختێ بابم بە مێردی دا» چیرۆک، لەبێ ئیشی، لە هەنگاوی دووەم، دوورتر دەکەوێتەوە، خۆزگە بە کاتی منداڵی دەخوازێت، بێ پرس بە دومبەڵەکەکەی منداڵانی گەڕەکی لە خۆی کۆ دەکردەوە، هەر لە ڕوانگەی میتۆدی دیاردەناسییەوە، لەنێو پەرتبوونێک، دیقەتەکانی دەگوازێتەوە بۆ دوو گۆڕهەڵکەنەکە، کە پیشەکەیان، خۆی لە پاشماوەکانی کارگەی جەنگ و مردن دەبووژێتەوە، گەر ئەمان وابن، ئەی دەبێ بکوژەکان لە ڕووی داهات و پارەوە چەند خەنی بن، چۆن چۆنی ئیش بۆ کوشتن و مردن بکەن، ئەوەی ئیشی هەبێت خەیاڵی نییە، پیشەی ئەوان لە گۆڕنانی خەیاڵە، مردوو مردوو بەرهەم دەهێنێ، مردووتان بینیوە خەیاڵی هەبێت، خەم لە پیشەی ئەمان ناخ و ناوەڕۆک نییە، توێژاڵی خەمێکی چاوخەڵەتێنە، کرێیەکەی وەردەگرن، ئەو دوو گۆڕهەڵکەنە وەک من و»پیربال» نییە، بەرەی قەدوباڵی ئومێد لە قەدوباڵای کوڕ و کیژی دڵ مردوو نادوورنەوە، پیشەی ئەوان لە شاردنەوەی مردنی جەستەدا گەشە دەکات، پێچەوانەی «چیا و پیربال»ە لە مردنی ڕۆح پیشەکەیان کەنار دەکەوێت. لەوێ جەستە، لێرە ڕۆح مردووە، پەرتبوونی ڕۆح، جیابوونەوەیە لە جەستە، ڕۆح هێز و بزوێنەری حەزە، داهێنەری ئەوینە، خەیاڵە، ئازادییە، لە داکەوتەکانی جەنگ و کەسەر، دەسەڵات دەبێتە بارێک بەرۆکی بوغز و کینە لەسەرجەستە بەرنادات، جەستە زیندانێکە، گۆڕستانێکە، لە ئاست دەرهاویشتەی نامۆبوونە، ڕۆح تێیدا گرژومۆنە، ساردوسڕە، لە ئاستێکی دیکەدا، یاخیبوونە، تووڕە و تەوسنە، گەرنا، مردووە.

مردن بە تەنیا بە لایەک بە نامۆبوون و یاخیبوونەوە یەکسانە، بە لایەکەی دیکەدا، دەرئەنجامێکە بە دیوێکی خودگەرایی بوونێک دیاری دەکات، نەک چیپایەتی، بەدیوێکی بابەتگەرایی، نەبوونی ئاشتی، دەرخەری جەنگ دۆزێکە، بەر لەوەی مرۆڤەکان بکوژێت خەیاڵ و جوانییان تێدا دەکوژێت، خۆشییەکانی ژیان ڕەش دەچێتەوە، وادەکات، خەیاڵ و جوانییەکانی «چیا و پیربال» بکوژێت، دەهۆڵ و زوڕنا بگۆڕنەوە بە پاچ و خاکەناز، لە بری پۆشینی جلوبەرگی جوان، ڕدێن تاشین، بۆن لەخۆدان شایی و زەماوەند، بۆ پیشەی گۆڕهەڵکەندن جلی پەڕپووت دەپۆشن، گەیشتن بە بۆنە خۆشەکان دەبێتە خەونێک، لە دامرکاندنەوەی خەیاڵێکی مەحاڵ، ئاهێک بەدویی خۆیدا دێنێ، ناتوانێت هیچ بۆ چەتۆی

برای بکات، شایی بۆ بگێڕێ، تا ئەم جەنگە بمێنێ، ڕەزێی کچی مام قادرۆکی کۆڵانی ئەودیوی بە نسیب نابێت، ئەمان بە خەیاڵیش بێ، هێنانەدی تاقە حەزێک بووەتە لەمپەرێک، پیشەکەیان ناتوانێ تێپەڕێنی، لە کاتێکدا دوو گۆڕهەڵکەنەکە بازاڕیان ئەوەندە گەرمە، بەرناکەون، هەمیشە کەباب دەخۆن، چایەکی خەستی بەسەردا دەکەن، گۆڕی ئامادەیان هەیە.

«چیا و پیربال» برسی، کە لە ململانێیەک ئەمە دەبینن، دەگەنە ڕاستینەیەک، چۆن پێداویستی ژیان، پیشەو پرنسیپ دەگۆڕێت، لە دژەوابوونێک پێ لە بیرۆکەیەک گیردەکەن، کە هەوێنی هاودژەکەی هەڵگرتووە، ئەویش پیشەی گۆڕهەڵکەندنە، لە گۆڕنانی برسێتیە، گریمانەی ئیشی تازە، بیرۆکەی هاودژ، خەیاڵ و لێکدانەوەی هاودژ بەرهەم دەهێنێ، جاران سەرنجیان لە ڕووخساری گەنجەکان کورت دەبووەوە، چۆن دڵیان خۆشکەن، بە دەهۆڵ و زوڕناوە شاییان بۆ سازکەن، بەڵام ئێستە لە چاوەڕوانی هەڵکەندنی گۆڕێکدا، لە گرتەیەکدا سەرنجەکانی لە پیرەمێردێک کۆ دەکاتەوە «بەم پاچ و خاکەنازەوە خۆمان گۆڕێکی بۆ هەڵدەکەنین» چیرۆک کاریگەری لەنێوان بیرۆکە و هاودژەکەی فاکتەرەکانی بەرەو پێشچوون مسۆگەر دەکات، وێناکردنی خەیاڵەکان فراوانتر دەکات، لەبەر خواستی پیشەکەی، سەرنجەکانی لە گۆڕهەڵکەندنی پیرەمێردەوە بۆ گەنج، وێناکردنی داکەوتەکانی بەردەست بەرجەستەبوونی بیرۆکەیە، دروستە چ دەسکەوتێکە لە فلاشۆردێکەوە دەڵێت: «پەلەمان نییە ئەمڕۆ بێت، یان سبەی من و پیربال گۆڕێکی قشتیلە بۆ یەکێک لەم دە پانزە چەکدارە تووڕە و لەسەر چزە هەڵدەکەنین» چیرۆک کۆتایی چیرۆک لەسەر پایەکانی هاودژییەک بەندە، گوزارشت لە تراژیدیایەک دەکات، لە دوانەیەکی دژ وەرگر تووشی شۆک دەکات، ئاسۆی چاوەڕوانی لەق دەکات، خەیاڵی گۆڕی قشتیلەی یەکێک لە چەکدارەکان بە تەکنیکی ڕەگەزی لەناکاوی «جی دی موپسان»ەوە ئاوەژوو دەبێت بە ڕاستییەک، بە گەیاندنی هەواڵی مردنی «چەتۆ»ی برای یەکەم گۆڕ هەڵدەکەنن، لە شەڕی ناوخۆییدا برا بە خۆڕایی گۆڕ بۆ برای خۆی هەڵدەکەنێ، چۆن لە گێڕانەوە بە وشە وێنە دەکێشێت، خەیاڵ و جوانیش لە تراژیدیایی جەنگ وشە لە دەق تێکدەشکێ، وەک سوراحی وردوخاش دەبێت ئیدی هیچ نامێنێتەوە بۆ گوتن، بۆ تەواوکردن، محەمەدفەریق حەسەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لە بەرکەوتنی دوو پیشەی جیاوازی چینی ژێرەوەی کۆمەڵگە، لە گوتن و ناگوتن، مانایەک لە چەمکی هاودژەکان فەراهەم دەکات، چۆن چینی هەژار هەوڵ دەدات جیاوازیی دروست بکات، مانا بگۆڕێت، لێکەوتەکانی دەسەڵاتی عەسکەرتاری چۆن خەونی سادەی چینی ژێرەوە لەبار دەبەن، لەبری ئەوەی لەتەک ژیان ئاشتیان بکاتەوە، لەگەڵ خەم و بێهوودەیی لە پێدراوەکانی دەق یەکیان دەخات «چیا و پیربال» بۆچی چوون، چییان بەسەرهات، لە داخستنی دەق ئەم پرسیارە بە کراوەیی ماوەتەوە، دەقی بەرهەمهاتوو خۆی لە قەرەی سێنترالیزم، نادات، لە میتافیزیک گەمەی خۆی ناکات، بونیادی چیرۆکەکە لە پۆست مۆدرن خۆی دەبینێ، کارەکتەرکان پەراوێزخراون، خەونی سادەیان هەیە، زۆربەی کات دۆڕاون، خاوەن دیاردەیەکی تایبەت و بیرۆکەیەکی جێگیر نین، دیاردەی هەر بیرۆکەیەک لە ناخ دژوازی بوونەکەی هەڵدەگرێت، شایی لە پرسە،

> ***محەمەدفەریق حەسەن وەک چاودێرێکی وریای دەرەوەی دەق، سەنگی زیرەکی خۆی بە تەنیا نەخستووەتە سەر جوڵاندنەوەی کارەکتەرەکان، بەڵکو لە وابەستێەکی ئەرێنی، ناوی کارەکتەر و شوێنەکان بە خەسڵەتی کەسەکانەوە گرێ دەدات***

سوراحی لە وردوخاش بوون، کەپکی چیا لە چایخانەی شار، لە مەچکۆ، جێکەوتی ئەم بەرکەوتنە وادەکات «چیا، پیربال، چۆلی، دایکیان» چۆک بە هەقیقەتی ڕەها دادەن، دەرچەی بێهوودەیی لە ڕادەستبوون بە هەقیقەتی ڕەها کۆتایی پێبێنن.

**کەرکوک- جۆزەردانی ٢٠٢٣**

**ژێدەرەکان**


١. محەمەدفەریق حەسەن، کۆلارەی ڕنگاوڕەنگ، چیرۆکی وردوخاشبوونی سوراحییەک، چاپخانەی سەردەم ساڵی ٢٠٢٢ کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ل٨٢

٢.الولی محمد، صوره شعریه فی خطاب بلاغی النقدی، مرکز الثقافی العرب، صحرا شارع جان دارک، الطبعه اولی ١٩٩٠ ـ ص ٢٠٣

٣.ریتشارد شاخت، ترجمه کامل یوسف حسین، الاغتراب ـ مؤسسه العربیه للدراسات والنشر، الطبعه اولی، ص٥٣

٤. بەختیار عەلی، سێوی سێهەم، چاپخانەی کارۆ، پەخش و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپی یەکەم، ل٣٨

# کتێبی فێستیڤاڵی گەلاوێژ و شیعری دوای ڕاپەڕین



سەدیق سەعید
ڕواندزی

دەستەواژەی شیعری دوای ڕاپەڕین، کە چەند ساڵێکە بەشێوەیەکی فراوان هاتۆتە نێو ئەدەبی کوردیی و بە بەردەوامی دەگوترێتەوە و ئاماژەی پێ دەدرێت، بە بڕوای من گوزارشتێکە، جۆرێ لە گیروگازی زەمەنی و مێژوویی تێدایە. بەو مانایەی ئەو چەمکە، لە ڕووی دەربڕین و ئاماژەوە، قۆناغێکی گەورەی ئەدەبی کوردە، کە سێ دەیە دەگرێتەوە. بۆیە لە ناساندنی ئەو قۆناغەدا، لە بەرایی هەموو شتێک، ئەوە گرنگە قۆناغبەندییەکی مێژوویی و زەمەنی بکەین و لەو چوارچێوەیەدا، ئەدگار و سیماکانی هەریەک لەو دەیانە لە یەکدیی جیا بکەینەوە، چونکە سی ساڵ بەسەر ڕاپەڕین تێپەڕیوە، لەماوەی ئەو سی ساڵەدا، چەندان دەقی شیعریی و شاعیری جیاواز، دەرکەوتوون، هەمووشیان زادەی قۆناغی دوای ڕاپەڕینن، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە شاعیرانی قۆناغەکانی دیکەی بەر لە ڕاپەڕینیش، لە دوای ڕاپەڕینەوە شیعریان هەیە و بەردەوامن.

بۆیە دەبێ ڕوونی بکەینەوە، کە مەبەستی ئێمە لە شیعری دوای ڕاپەڕین تەنیا تێکستی شیعرییە، بەبێ لە بەرچاوگرتنی نەوە جیاوازەکان، یاخود ئەو نەوەیەی، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە دەرکەوتووە؟ کە ئەوەش ڕووبەڕووی پرسیاری دیکەمان دەکاتەوە.

ئایا شیعری دوای ڕاپەڕین، لەو سی ساڵەدا، شیعری کام دەیەیە؟ چونکە شیعرێک کە لە سەرەتاکانی ڕاپەڕینەوە نووسرابێت و ڕەنگدانەوەی ئەو کەشە ئازادییەی دوای ڕاپەڕین و نەمانی ستەمی سیاسیی و نەتەوەیی بێت، زۆر جیاوازە لە شیعرێک، کە ئێستە دەنووسرێت، کە بەها و پیرۆزییەکانی ڕاپەڕین و ئازادیی کاڵ بوونەتەوە.

قسەکردن لەسەر شیعری دوای ڕاپەڕین بەبێ پۆلێنکردنی زەمەن و قۆناغە شیعرییەکە، جۆرێک لە تێکەڵاویی ئەزموونە شیعرییەکان و نەناسینەوەی خاسیەتی هونەریی شیعری دوای ڕاپەڕین دروست دەکات. بۆیە باشترین هەڵسەنگاندن بۆ شیعری دوای ڕاپەڕین ئەوەیە، لەڕووی زەمەنەوە شیکاریی قۆناغی دوای ڕاپەڕین بکەین، بە جۆرێک شیعری هەر دەیەیەک، لە چوارچێوەی قۆناغێکی دیاریکراوی شیعریی ببینین. بۆ نموونە:

قۆناغی یەکەم، شیعرەکانی نێوان (١٩٩١ - ٢٠٠١)

دووەمیان: شیعرەکانی نێوان (٢٠٠١ -٢٠١١)

سێیەمیان: شیعرەکانی نێوان (٢٠١١ – ٢٠٢١)

بەڵێک جیاکردنەوەی ئەو دەیانەی دوای ڕاپەڕین، ئاسانکارییەکی زۆر ورد، لەبارەی ناسینەوەی شیعری هەریەک لەو قۆناغانە، لە ڕووی ناوەڕۆک و گوتاری شیعرییەوە بۆ توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری شیعری دەکرێت.

ئەمە وێڕای ئەوەی باشتریش سیماو ئەدگارەکانی شیعری دوای ڕاپەڕین و جیاوازییەکانیان دەردەکەون، چونکە لۆژیکی و مێژوویی نییە، شیعری سی ساڵی دوای ڕاپەڕین، تەنیا لە یەک کۆنسێپتی مێژوویی و زەمەنی ببینین. ئەگەر بەوردیش بە مێژووی شیعری کوردیی دابچینەوە، دەبینین شیعری کوردیی لە میانەی هەر دە ساڵێکدا، خراوەتە قۆناغێکی مێژووییەوە، وەک شیعری شەستەکان


**نووسەر بابەتەکانی: ئایین، سیاسەت و سێکس، بەتایبەتی و تابۆشکێنی بە گشتیی، بە سیمای هەرەدیار و داهێنەرانەی نەوەی دوای ڕاپەڕین دەناسێنێت**

و هەفتاکان و هەشتاکان، کە بێگومان نیوەی هەریەک لەو دەیانەش، لە یەکدی جیاوازن.

شیعری چوار ساڵی سەرەتای هەفتاکان، کە قۆناغی ئازادیی و گەیشتنە بە مافێکی سەرەتایی نەتەوەییانە، زۆر جیاوازە لە شیعری نیوەی دووەمی هەفتاکان، کە قۆناغی داڕووخان و ڕەشبینی و هەرەسی شۆڕشی کوردە. لەو سۆنگەیەوە، ئەگەر هەمان قۆناغبەندی بۆ شیعری دوای ڕاپەڕین بکرێت، ڕووبەڕووی گیروگازی زەمەنیی و مێژوویی شیعرەکان نابینەوە، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا، دەستەواژەی شیعری دوای ڕاپەڕین، چەمکێکی فراوانە و شیعری سی ساڵ لەخۆ دەگرێت، بەهیچ جۆرێک شیعری ئەو سی ساڵە، هاوشێوەی یەکدی نین، تاکو بە سەریەکەوە وەک شیعری دوای ڕاپەڕین بیانناسێنین. لەلایەکی دیکەوە، ئایا مەبەست لە شیعری دوای ڕاپەڕین، نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕینە؟ کە شیعر دەنووسێت، چونکە ئەگەر بەو مانایە بێت، دەستەواژەی شیعری دوای ڕاپەڕین، لەجێی خۆی نییە، چونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە، شیعری شاعیرانی بەر لە ڕاپەڕینیش هەیە، ئەمەش تێکەڵبوونی چەندین نەوەی جیاوازی شیعریی دێتە ئاراوە. بۆیە باشرین شێواز بۆ دیاریکردن و ناسینەوەی شیعری دوای ڕاپەڕین، لەسەر ئاستی زەمەن و مێژوو، جیاکردنەوەی کۆی ئەو شیعرانەیە.

بۆ ئەوەی ڕوونتر ئەدگارەکانی شیعری هەر نەوەیەکیش دیاری بکەین. گەڕانەوەیە بۆ کتێبی (فێستیڤاڵی گەلاوێژ و شیعری دوای ڕاپەڕین) کە لە پەراوێزی بەڕێوەچوونی بیست و پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بڵاوکرایەوە.

کتێبێکە لەبارەی شیعری دوای ڕاپەڕین و دیاریکردنی مۆرکە هونەریی و شیعرییەکانی ئەو قۆناغەیە. ئەگەرچی نووسەری کتێبەکە، ئەو قۆناغبەندییەی شیعری دوای ڕاپەڕین، ڕەت دەکاتەوە و بڕوای وایە، کە دەبێ شیعری ئەو قۆناغە هەمووی لە چوارچێوەی یەکەیەکی گرێدراو بخوێنرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەمە لۆژیکی نییە، بەڵکو شیعری دوای ڕاپەڕین، دەبێت لە ڕووی مێژوویی و زەمەنەوە دیاری بکرێت. بەو مانایەی، کە مەبەستمان کام قۆناغە لە شیعری دوای ڕاپەڕین، چونکە بەهیچ شێوەیەک



شیعری سەرەتای ڕاپەڕین، وەک شیعری ئێستەی سەردەمی تەکنەلۆژیا نییە، جونکە ئەدگار و سیمای شیعری هەر دەیەیەک لەودەیانە، لە یەکدی جیاوازن.

بە بڕوای من، دابەشکردنی شیعری دوای ڕاپەڕین بەپێی مێژوویی و کرنۆلۆژییەوە گونجاوترە.

نووسەری کتێبەکە، بە هێنانەوەی چەند تایبەتمەندییەکی شیعریی، لە ئەزموونی ئەو شیعرانەی لە فێستیڤاڵەکە پێشکەشکراون، دەیەوێت خەسڵەت و تایبتمەندییەکانی شیعری دوای ڕاپەڕین، لە شیعری پێش ڕاپەڕین جیا بکاتەوە، بەڵام وەرگرتنی چەند دەقێکی شیعریی ئەو فێستیڤاڵە و نیشاندانیان وەک گوتاری شیعری دوای ڕاپەڕین هەڵەیە، چونکە، بۆ نمایندەی سەردەمێکی شیعری دیاریکراو، بەهیچ شێوەیەک چەند دەقێکی شیعریی ناکرێنە پێوەر، لەبەرئەوەی ئەزموونەکانی دیکەی دەرەوەی فێستیڤاڵیش دەبێت لە بەرچاو بگیرێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. بەو مانایەی ڕەنگە شاعیرێک هەبێت، بەشداری فێستیڤاڵی گەلاوێژی نەکردبێت، بەڵام وەک دەنگ و شوناسی شیعریی، ئامادەیی هەیە و نابێت ئەزموونەکەی لە بەرچاو نەگیرێت. بۆیە وەرگرتنی شیعرەکانی فێستیڤاڵ و گشتاندنیان بۆ کۆی شیعری دوای ڕاپەڕین بە جیاوازی تەمەن و نەوەی شیعرییەوە، پێوەرێکی ئەدەبیی و لۆژیکیی نییە.

**"شیعری چوار ساڵی سەرەتای هەفتاکان، کە قۆناغی ئازادیی و گەیشتنە بە مافێکی سەرەتایی نەتەوەییانە، زۆر جیاوازە لە شیعری نیوەی دووەمی هەفتاکان"**

نووسەر لەو کتێبەیدا، بە هێنانەوەی چەند خاسیەتێک هەوڵی ناسینەوەی سیما و گوتاری شیعری دوای ڕاپەڕین دەدات، لەو سۆنگەیەوەشە، چەند بنەمایەک وەک شوناسی جیاکردنەوەی ئەو شیعرانە لە شیعری پێش ڕاپەڕین دیاری دەکات، بەڵام کاتێک بە وردی سەرنجی ئەو تایبەتمەندییانە دەدەین، دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە شتێک نییە، بەنێوی جیاوازکەوتنەوەی شیعری دوای ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕین، چونکە هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی، نووسەر وەک نموونە دەیانهێنێتەوە، لە شیعری پێش ڕاپەڕینیش دەبینرێن، بەڵام بە جیاوازیی فۆرمی شیعرییەوە.

نووسەر بابەتەکانی (ئایین، سیاسەت و سێکس) بەتایبەتی و تابۆشکێنی بە گشتیی، بە سیمای هەرەدیار و داهێنەرانەی نەوەی دوای ڕاپەڕین دەناسێنێت.

لە ڕوانگەی نووسەرەوە، نەوەی دوای ڕاپەڕین، بە کارکردن لەسەر ئەو چەمکانە و ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنیان لە شیعردا، توانیویانە خۆیان لە نەوەی پێش ڕاپەڕین دابڕن و ببنە خاوەن سیما و شوناسی شیعرییانەی خۆیان، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا کارکردن لەسەر ئەو ڕەگەزانە، لە شیعری پێش ڕاپەڕین نەبووە؟

بۆ نموونە: ئەگەر باسکردن لە سێکس و جەستە لەلایەن بەشێک لە نەوەی نوێ دوای ڕاپەڕین بە داهێنان بزانین، ئەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی سەدەیەک لەمەوبەر، زۆر ڕاشکاوانە و بە ڕوونی و بەبێ ڕتووش، باس لە سێکس و ئەندامە سێکسییەکانی مرۆڤ دەکات.

مەگەر قوبادی جەلی زادە، دەیان ساڵە کار لەسەر جەستە و لایەنە ئیرۆتیکییەکانی شیعر ناکات؟ ئەگەر ڕەخنەکردنی ئایین و ڕەتکردنەوەی بە داهێنانی شاعیرانی نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین بزانین، مەگەر حاجی قادری کۆیی، دووسەد ساڵ لەمەو بەر ڕەخنە لە فیگەرە ئایینییەکان و دەسەڵاتی ئایینی ناگرێت؟ مەحوی و بێکەس-یش

به هەمان شێوە.

ئایا ڕەخنەکردنی ئایین و نیشاندانی وەک سەرچاوەی دواکەوتوویی هزریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێمە، لە شیعری زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکان، بە نموونە بێکەس نابینرێن؟ ئایا سیاسەت و ڕەنگدانەوەی بە دیوێکی نەرێنی لە شیعردا و وێناکردنی، تایبەتمەندییەکی شیعریی نەوەی دوای ڕاپەڕینە؟

بێگومان هەموو ئەو چەمکانە، ڕەنگدانەوەیان لە شیعری دووسەد ساڵ لەمەوبەر هەبووە، بۆیە دیاریکردنیان وەک سیمای شیعری نەوەی دوای ڕاپەڕین و هەوڵدان بۆ بونیادنانی شوناسێک، کە لە بنەڕەتدا نییانە، بە بڕوای من بێ ئاگاییە لە مێژووی شیعری کوردیی. خاڵێکی دیکە، کە نووسەر وەک تایبەتمەندیی داهێنەرانەی شیعری ئەو نەوەیە دەیناسێنێت، ئەو ڕەهەندە خودگەرایییە، کە لە شیعری ئەو نەوەیەدا دەبینرێت. بێگومان نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە شیعری نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین و بە تایبەتیش دەیەی دوو هەزارەکان، شیعرێکە بە ئاراستەی چوونە نێو خود و بابەت وەک پەیام و گوتاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی، کە پێش ڕاپەڕین ئامادەیی لە شیعری کوردیدا هەبوو نامێنێت، بەڵام خودگەرایی لە شیعردا، بە تەنیا سیمایەک نییە لە شیعری نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین ببینرێت، بەڵکو بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی مەحوی، گۆران، حەمە عومەر عوسمان و سەباح ڕەنجدەر، کە شاعیرانی پێش ڕاپەڕینن، کارکردنە لە سەر خودی شیعریی، بە ئاراستەیەکی قووڵتری شیعرییانە، لە نەوەی ئێستە.

بیرمان نەچێت ئەگەر خود لە شیعری نەوەی پێش ڕاپەڕین، چەقی تێڕامان و پرسیار و چوونە نێو لایەنە پەنهانییەکانی ڕۆح و ژیان بێت، ئەوا نەوەی دوای ڕاپەڕین، ئەو خودە وەک کەرستەیەکی سادەی شیعریی دەبینێت و بە زمانێکی سادە و میللییانە دەیکاتە تیمەی شیعریی، کە بە داخەوە زۆرجار بەو خودکردنەی شیعر، بە جۆرێک لە مانا و شیعرییەت دووردەکەوێتەوە، کە هیچ جوانیی و چێژێک بۆ شیعر ناهێڵێتەوە، بەڵکو شیعرەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەرەو زمانی سادە و بێ ماناییش دەبات، ئەزموونی بەشێکی زۆری شیعری نەوەی دوای ڕاپەڕین لەو بازنەیەدا دەخولێنەوە. ئەگەر شیعرناسانەش بیربکەینەوە، بڕواناکەم شوناسێکی دیار و داهێنەرانەی جیاواز، لە شاعیرە گەنجەکانی دوای ڕاپەڕین ببینین و هەستی پێ بکرێ.

> دەستەواژەی شیعری دوای ڕاپەڕین، چەمکێکی فراوانە و شیعری سی ساڵ لەخۆ دەگرێت، بەهیچ جۆرێک شیعری ئەو سی ساڵە، هاوشێوەی یەکدی نین، تاکو بە سەریەکەوە وەک شیعری دوای ڕاپەڕین بیانناسێنین

هەڵبەتە تیایاندایە ئەزموونەکەی جوانە، بەڵام بە تێکڕایی، ناتوانین شوناسێکی جیاواز بە شیعری ئەو نەوەیە، بۆ نموونە وەک شوناسی ڕوانگەییەکان، یان تەلیعییەکان، یان زناک بەو نەوەیە بدەین، چونکە هێشتە نەیانتوانیوە شوناسێکی جیاواز لە ئەزموونی شیعرییانەی خۆیان بونیاد بنێن.

نووسەر لەسەرەتای کتێبەکەیدا، دەنووسێت: (شیعرەکانی فێستیڤاڵ لە ڕووی گوتار و جیهانبینییەوە وەک یەک و هاوشێوە و زۆر لە یەکتری نزیکن) ئەمەش مانای وایە، کە ئەزموونی ئەو نەوەیە، هاوشێوەیە و ئەزموونی هاوشێوەش، واتا بەدەر لە دەنگی جیاواز و داهێنەرانە، کەچی دواتر لە درێژەی نووسینەکەیدا، هەر خۆی ئەو بۆچوونەی خۆی ڕەت دەکاتەوە، ئەمجارەیان شاعیرانی ئەو فێستیڤاڵە، بە کۆمەڵە شاعیرێکی دیار و داهێنەر، کە داهێنانی خۆیان هەبووە و خاوەن دەنگ و ڕەنگی جیاوازی خۆیانن دەناسێنێت.

ئەمەش دوو بۆچوونی دژ بەیەکن، کە ئەوە دەردەخەن، نووسەر ورد نەبووە لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی شیعرەکان، تەنیا مەبەستی بووە، گوزەرێک بەنێو شیعرەکاندا بکات و شوناسێکیان بۆ دابتاشێت، کە لە بنەڕەتدا نییانە.

*** ناوی کتێب: فیستیڤاڵی گەلاوێژو شیعری دوای ڕاپەڕین، نووسینی: خەسرەو میراودەلی، بڵاوکراوەی بیست و پێنجەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ - ٢٠٢٢**

# مردنی خوێنەری میللی

لەناو ئەدەبیاتی هەر میللەتێکدا کاتێک چەمکەکان، خوێندنەوەکان، توێژینەوەکان فۆرمێکی میللیانە وەردەگرن، چەمکەکان زۆر ڕووکەشانە و دۆگمایانە قسەیان لەبارەوە دەکرێت. ماوەیەکە لەنێو سۆشیال میدیا قسە و باسی زۆر لەبارەی دزی ئەدەبییەوە دەکرێت. کاتێک وەها بۆچوونگەلێک دەخوێنیتەوە، تێدەگەیت کولتووری شکاندنەوە و تاوانبارکردن بە دزیی ئەدەبیی هێشتە بە هەڕمێنە. دەمێکە ئەمە کولتوورە: جنێو بدە، هاوار بکە، دەنگەدەنگ دروست بکە، بەناوبانگ دەبیت. هێشتە بۆچوونگەلێک هەن، کار لەبارەی کوشتنی فرەیی، دایەلۆگ دەکەن. ئەم عەقڵی سێنتەرخوازییە و خۆداخستن بەسەر دونیادا نیشانەی ئەوەیە، زۆرێک لە چەمکەکان لە ئەدەبی کوردیدا پێویستیان بە پێناسەکردنەوە هەیە. دەبێت چەمکی ڕەخنەی ئەدەبیی لە ئەدەبی کوردیدا سەرلەنوو پێناسە بکرێتەوە و لەو تێگەیشتنە سێنتراڵ و میللییەی هەیە، دابماڵدرێتەوە. ڕەخنە بە کوتەک نییە، بەڵکوو دایەلۆگە لەگەڵ دەق. ڕەخنە توێژینەوەیە، نەک قسەی ڕەها و نەسەلمێندراو. بەهەمان شێوە دەبێت ئەو تێگەیشتنە میللییە لەبارەی چەمکی دەقەوە هەیە، هەڵوەشێندرێتەوە. لێدان لەو سێنترالانە، لەو پیرۆزییانە بە هێنانەپێشەوەی کولتووری دایەلۆگیزم دەبێت. چەمکێکی میللیانەی وەک دزی ئەدەبیی، چەمکێکی هێند عەوامانەیە، کە بەردەوام لەسەر زاری هەموو کەسێکە. بەختیار عەلی دزی لە فلان نووسەر کردووە، تەلعەت تاهیر لە فیسار شاعیر دزی کردووە. بیرۆکەی فلان نووسەری ئینگلز، لەنێو دەقی فیسار نووسەری کورد دەبینینەوە. دەبێت لە دونیادا دەقێک هەبێت لەخۆوە لە دایک بووبێت؟ ئەرێ ئەگەر دانتێ، قورئان و چیرۆکی شەوڕۆیی پێغەمبەری ئیسلامی نەخوێندایەتەوە کۆمیدیای خواوەندی دەنووسی؟ ئەرێ دەقەکانی هۆمیرۆس کاریگەریان لەسەر دەقی چەند نووسەر هەبووە؟ هەموو ئەو هاوڕێیانەی ئەم و ئەو بە دزی لە قەڵەم دەدەن، ئاگەداری ئەوە نین، هەموو دەقێک لە دونیا لە ئەنجامی دایەلۆگی دەقەکانی پێشوو دێنە بوون. ئەرێ هیچ دەقێک لە دونیادا هەیە، ڕیشەی بە دەقی دیکە تێکەڵ نەبووبێت. ئەمە واتای ئەوە نییە، لە ڕێی ڕەخنەوە توێژینەوە لە دەقی ئەمانە نەکرێت. بە بۆچوونی ئەو هاوڕێیانە بێت، نووسەر و شاعیرەکانمان دەبێت دەرکە و پەنجەرە لەسەر خۆیان دابخەن و هیچ شتێک نەخوێننەوە، نەوەک

**نووسەر و شاعیرەکانمان دەبێت دەرکە و پەنجەرە لەسەر خۆیان دابخەن و هیچ شتێک نەخوێننەوە، نەوەک خوانەخواستە بیرۆکە، تەکنیک، وشەیەکیان لە نووسەر و شاعیرێکی دیکەی غەیرە کورد بچێت**



حەمە مەنتک

خوانەخواستە بیرۆکە، تەکنیک، وشەیەکیان لە نووسەر و شاعیرێکی دیکەی غەیرە کورد بچێت. تۆ سەیرکە، تیۆریزانانێکی وەکوو: باختین، ڕۆلان بارت، ژولیا کریستیڤا بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە هەموو دەقێک لە ئەنجامی دەقی دیکەوە هاتووە. جیرار جینێتیش بڕوای وایە هەموو دەقێک بە نهێنی، یان ئاشکرا لەگەڵ دەقی دیکە لە پەیوەندیدایە. ئاخر ناکرێت لە سەدەی بیست و یەکدا بژیت و باوەڕت بە دایەلۆگ، بە فرەیی ڕەنگ و دەنگ نەبێت! دەقی داهێنەرانە، دەقێکە جوینەوەی دەقی پێش خۆی نییە، بەڵکوو کردنەوەی دەرکەی دایەلۆگە لەگەڵ دەقەکانی پێشووتر، ئەوە نووسەرە سەرلەنوو، بە جیهانبینییەکی تازەوە، ئەمانە دادەڕێژێتەوە. ناکرێت دەق لە کارتێکردنی دەقەکانی پێشوو دابڕیت و بەسەر خۆیدا دایبخەیت و دادگەیەک بۆ دەق و نووسەر دابنێیت. دەق شتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو تۆڕێکی پێوەندییە لەگەڵ کۆی دەقەکانی دیکە. من لەگەڵ دزیی ئەدەبیی و کوشتنی دایەلۆگدا نیم. دەبێت بەردەوام لەو سێنترالیزمەی باوەڕی بە دۆگمای ئەدەبیی هەیە بدرێت، تۆی خوێنەر/ ڕەخنەگر، دەبێت دایەلۆگ لەگەڵ دەقدا بکەیت، نەک دەق دادگەیی بکەیت. جۆرێک لە خوێنەر پەیدابووە، کە من ناوی دەنێم خوێنەری میللی، ئەم جۆرە لە خوێنەر دایەلۆگ ڕەت دەکاتەوە، بە شێوەیەکی ڕەها بڕیار دەدات. باوەڕی بە فرەیی و دانووستان نییە. بەبێ توێژینەوە و سەلماندن بڕیار دەدات، کە خەڵکی فلان شار لە فیسار شار ڕۆشنبیرترن، فلان گرووپ ڕۆڵیان لە پاشەکشێی ڕۆشنبیریی فیسار شاردا هەبوو. ئەم خوێنەرە لە ڕێی ئەنجامدانی کام توێژینەوەی سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی، کولتووری و ڕۆشنبیرییەوە بەوە گەیشتووە؟ هیچ داتا و ئامارێکی ئەنجام داوە؟ نەخێر. پێویستە مەرگی بیرکردنەوە و مێتۆد و جیهانبینیی ئەم خوێنەرانە ڕابگەیێنین.

ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەی خوێنەرە میللیانە، جۆرێک لە فاشیزمی تێدایە، بەوەی هەرچی لەگەڵ بیرکردنەوەی تۆ نەگونجێ دەیسڕیتەوە. ئەوان نایانەوێ جیاوازیی هەبێت، چونکە ناتوانن لەنێو جیاوازییەکان دایەلۆگ بکەن، ئەو زمانەی ئەم خوێنەرانە بەکاری دەهێنن، زمانێکی یەکڕەنگی دۆگمای سڕینەوەیە.

ڕاگەیاندن، سۆشیالمیدیاش بەردەوام دەنگی ئەوانە دەگەیەنن و جۆرێک لە دەنگەدەنگ دروست دەکەن، وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی شوێنپێیەک بکەنەوە. کاتێک دەڵێن ئێمە مۆدێلێکی نوێی ڕەخنەمان پێیە و باوەڕمان بە جیاوازیی هەیە، کەچی هەموو هەوڵ و جووڵەیەکیان پێچەوانەیە، ئەمانە جگە لە دروشم شتێکی دیکە نین. دواجار ئەم مۆدێلە جاڕی مەرگی خۆی دەدات، وەک چونکە ناتوانێت دایەلۆگ بکات، ناشتوانێت جیاوازییەکان بسڕێتەوە،

> **لەگەڵ دزیی ئەدەبیی و کوشتنی دایەلۆگدا نیم. دەبێت بەردەوام لەو سێنترالیزمەی باوەڕی بە دۆگمای ئەدەبیی هەیە بدرێت، تۆی خوێنەر/ ڕەخنەگر، دەبێت دایەلۆگ لەگەڵ دەقدا بکەیت، نەک دەق دادگەیی بکەیت**

# تاسەت دەکەم شەهید


هەناسە مرگابادی

که بیرەوەرییەکانت وەک قەتارەی مەلی کۆچەری
بە ئاسمانی یادمدا تێدەپەڕن
باڵ دەگرم، دەفڕم، دەفڕم لەگەڵیانا هەتا شەکەت دەبم
کفت و ماندوو
ئێشتاش پێەوی هەنگاوەکانت سەغڵەتی ڕێگا دەخواتەوە
ئێشتاش شوێن هەنگاوەکانت
پڕن لە تاسەی مەندی بەرەو پێشچوون
ئەمشەو
خۆم دەدەمە بەر تاڤگەی یادەکانت
کە لەگەڵی شین دەگێڕم
کە تێکەڵی ڕێبازت دەبم
هێز و نەبەزی هەموو دونیام دادەگرێ
بەڵام دیسان تامەزرۆی دیدارتم
یەکجار تاسەت دەکەم شەهید
یەکجار تاسەت دەکەم  نەمر




# بۆنی غوربەت .. لە نیشتمانی ئاودا

حەمە ئەحمەد جاف



نۆی نۆ
لەبالکۆنی ئوتێلی سێ ئەستێرەی
(ئیلیت پلازا)ی ئەکسەراوە
لە زوومی نیگا و زەردەخەنەی ئەندێشەوە
دەڕوانمە شام شەکری ولات
لە دڵی سپی هەوریشەوە
دەڕوانمە ڕەوتی باخیرەکانی دەریا
لار و لەنجەی ماسیەکان
هاوار و هاژەی شەپۆلە شێتەکانی نیشتمانی ئاو
هەرلەو بالکۆنەوە
لەگەڵ کۆچی تریفەی ئەستێرەی کاروانکوژە و
جریوەی چۆلەکەکانی گوێسوانەی
تەمەنی خنکاوی هەتاودا
دەگریم
بەچاوی پڕ فرمێسکەوە
دەڕوانمە سیمای پڕشنگی،سۆمای نەسیمی سەحەر و
سەمای نەورەسەکانی ڕۆخ دورگەی ئیمراڵی
*    *    *
لێرە
بۆنی غوربەت
مەستم دەکا
نرکەی ئاوازی
شەپۆلە تورەکانی دەریا
سەدای ئەدای شیعرەکانی (نازم حیکمەت)
دێنە بەرگوێم
پەیامی گمەی گوڵەگەنمیش
لە (گۆگچەلی یەشار)ەوە
دەگاتە نەورەسەکانی کەنار
کۆترە شاباڵ سپییەکانی، سەر گومەزی مزگەوتی سوڵتان ئەحمە
*    *    *

من لێرە
لە چاوەڕوانی قیتار و میترۆکانی ئەستەمبوڵدا
دەکەومە داڵغە و خەیاڵی پیاسەی ئێوارانی
قەیرە کچەکانی مەیدانی (تەقسیم)
هێور هێور
لە هەناسەبڕکەی هەنگاوی خاک و
نیشتمانی ئاو دا ڕەمەلە دەکەوم
لەچەمی چاوی ژنەکانی، بازاڕی (یووسف پاشا) و
جگەرەی سەرلێوی شەقامەکانی شاردا دەتوێمەوە
ئێستە لرفەی شەپۆل، شنەی خاک و هەناسەی ساردی نیشتمانی ئاو
سەما بە پرچی خاوی، کچە مەکتەبلیەکانی گەڕەکی فاتیح و
تەنوورەی کورتی قەیرە کچەکانی ئەکسەرا دەکا
لە گێژەنی پێکی پڕ و
ئەڵقە دوکەڵی جگەرەی سەر لێوی ژنە سۆزانییە نەوسنەکانی
بەر باڕ و سەرشەقامەکانی ئیستامبوڵدا وندەبێ
* * *
کە نەورەسەکانی دەریا
لە کەنارەوە لە شەقەی باڵدەدەن
خەون و خەیاڵی قەیرەکچەکانی ئێرە
پردەکەن لە فڕین
فڕین بۆ ژیان و ئازادیی
ئەو ژیانەی
ساڵانێک لە تەمەن و
لوێچێ لە زەردەخەنە
دەکاتە دیاری
سروودی نیشتمانی
سەرلێوی منالانی قوتابخانەکانی شار
ئێستە لێرە
سەگ لە دڵی سپی شەقامەکانەوە
پەیامی وەفا و
پشیلەکانیش
پەیامی سپڵەیی
بە بڵندگۆی گەڕەکەکانی شاردا بڵاودەکەنەوە
بۆن جگەرەی لێوی ژنە سۆزانییە نەوسنەکانیش
پیاو پڕ دەکەن لە گەمەی شەهوەتی عەورەتی ئاو
لە دوکەڵ، دوکەڵێکی هەوەسباز و جنسی چڕە دوکەڵێک
دەواری سپی پڕ شەهوەتی حەزێکی ڕۆمانسی
بەسەر باڕ و دیسکۆ و یانەکانی شەوانەی
پیاوە هەوسباز و چڵێسەکانی سوڵتان پاشای ئەنادۆڵدا هەڵدەدا



شەقامەکانی شار دادەپۆشێ
ڕێژنەبارانی سۆز و محیبەت
بەسەر چپەی ماچی ژوانی  کوڕ و کچە نەباڵقەکانی
ئێوارانی (تەقسیم) دادەکا
بۆنی پیاو دەگەیەنێتە
لوتی ژنە نیو ڕووتە سۆزانییە نەوسنەکانی
بەردەم باڕ و دیسکۆکانی  ئەکسەرای
ئێستە شنەی نەسیمی سوبحانەی  ئیستامبوڵ
پرچی رەشی ئاڵۆزکاوی ژنە سۆزانییەکانی
یانەی شەوانەی دورگەی (سۆفالی) شانە دەکا
*          *          *
من  لێرە، بێرە نامۆم
لەگەڵ هاواری سەعاتی تەوقیتی شەوی پازدەی تۆدا
لە مەتاڕی سەبیحەوە، دەگەڕێمەوە نیشتمان
ئەو نیشتیمانەی بۆنی هەناسەی خاک و
خەبات، ئازادیی  و جورئەتی  پیاوانەی  لێدێ
*          *          *
کە چوومەوە
باوەشێک لەکتێبەکانی بێشکچی و
چەند وێنەیەک
لە بەندیخانەی ئیمراڵی و
سەمای وردە ماسییەکانی دڵی دەریا و
نەورەسەکانی کەنار و
پشیلە دەستەمۆکانی شار
شووشە شکاوەکانی بیرە و
قونچکەجگەرەی لێوی قەیرە کچەکانی ئیستامبوڵ
لە ئەلبوومی مێژووی شیعرێکی تورەدا تۆماردەکەم
بەخامەی خاک
شوناس و ناسنامەی  لەتێ  لە دڵی کوردستانی ون
لە لاپەڕە سووتاوەکانی  نیشتمانی بریندا
بۆ  مێژوو دەنووسمەوە
جارێکی دی ناهێڵم
حەزرەتی نالی و حاجی و پیرە مێردی نەمر
بچنەوە باوەشی پەیکی غوربەت و
ئاوارەی  ئیستامبوڵ  ببنەوە

٩/ ٩/ ٢٠٢٣ ئیستامبوڵ

# هایکۆی نوێ

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

چوومە لای پەیکەرەکەی کاوێس ئاغا
کزو مات بوو
تۆزێک ڕامام و ویستم بگەڕێمەوە
لاوکی شێخ مەحموودی بە ئاوازی نوێ
بۆ چڕیم!!

***

سەرنووسەرەکە
بەڵێنی بە شاعیرەکە دابوو
لە ژمارەی دادێ
چامەکەی بڵاوبکاتەوە
هەرکە چامەکە گەیشت
بوو بە میوانی زبڵدانەکە


***

لەناو ئەم ڕستەدا سەرخەوێک دەشکێنم
لەناو ئەم ڕستەدا کۆرپەی (ناو)
لە ئامێزدەگرم
لەناو ئەم ڕستەدا دەستی (ئاوەڵناو)
دەگرم
لەناو ئەم ڕستەدا (ڕێنووس)
دەلاوێنمەوە
لەناو ئەم ڕستەدا (سەروا)
دەژێنمەوە
لەناو ئەم ڕستەدا (بەرکار) دەڕەتێنم
(کارا) دەبووژێنمەوە

***

لە قاوەخانەیەک لام دا
گارسۆنە لاوەکە هات و
داوای کووپێک قاوەم کرد
ڕۆیشت قاوەم بۆ بێنیت
پاش تاوێک
پەرییەکی دەریایی بەوپەڕی ڕێزەوە
کووپە قاوەیەکی لەپێش دانام و
گەڕایەوە

***



بە شەقامەکانی شاری قەڵاو منارەدا
پیاسەم دەکرد
بیرم لە بووکی شیعر دەکردەوە
لای شوورەکە هەڵوەستەیەکم کرد
گۆرانی شاعیر لەوێ ڕاوەستابوو
کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا
بە گریانەوە
چامەی (بۆ هیوای کوڕم)ی خوێندەوە

***

سەرم بە شاری ناو کتێبێکدا کرد
داتا و زانیارییەکان
لەناو شەقامی زانیندا
لێم گردبوونەوەو
هەر یەکەو بۆ ماڵی خۆی
پەلی ڕاکێشام

***

ڕۆژنامەنووسەکە لەبەردەم لاپتۆپەکەدا
دۆش دامابوو
نەیدەزانی ئەو وشەی بیری لێ دەکردەوە
بە چەند واو دەنووسریت!!

***

کاغەزەکانی هەڵگرت و
یەکە یەکە ماچی کردن
تا چییان لەسەر دەنووسێت
نقەیان لێوە نەیەت!!!

***

تریفەی مانگ بووەتە هاوڕێم
گەر لە شەوە تاریکەکانیشدا
بێزار بم
مەسجی خۆی هەر دەنێرێت

***

لەم ڕستەدا نهێنییەک شاراوەتەوە
لەم ڕستەدا وشەیەک بزرە
لەم ڕستەدا پیتێک قرتاوە

لەم ڕستەدا دالێک قووت دراوە
***
شمشاڵیکم پێیە
چەندە فووی پێدا دەکەم
گوندم بیر دەخاتەوە
بەیانیان ڕانەمەڕ بەرەو لەوەڕ
بەڕێ دەکەوێت و
ئێواران گاگەل
ڕوو لە گوند دەکاتەوە
***
دوو دێڕم لە چامەیەک دیلێت کرد
دێڕەکانی دیکە خۆپیشاندانیان کردو
ئاڵای کێشیان بەرزکردەوە
ناوونیشانیان پیت باران کرد
***
برسێتی شێرێکی دڕندەیە
بۆسەی مەرگە
ڕۆژگارێک دێت
بە چاوەقووڵە زەلامان ڕادەماڵێت
***
ئاگری درۆ دەکوژێتەوە
دووکەڵی درۆ
دەڕەوێتەوە
ئەو پەتە پتورکاوەیش دەپسێت
خۆی پێدا هەڵدەواسێت
لە ئاستی ڕاستی
تا دێت
کورتتر و کورتترو کورتتر
دەبێتەوە
***
پیرەمێردی زستان
بە گۆچانی سەرماوە
لە دەرگەی داین
لە کوێ بێنین
دوو دەبەی نەوتی پێ بدەین
لە سوپای بکات
خۆی پێ گەرم بکاتەوە
***
بەلای قەلاتدا
ئێوارە پیاسەم دەکرد
ئاشوور پانیپاڵم بینی
لەوسەر ڕاوەستابوو
لە پەیکەرەکەی مام گیو
وردەبووەوە
***
دیوانە شیعرەکان
لە بەردەم کتێبخانەیەکدا
گردبوونەوەو دەستیان بەخۆپیشاندان کرد
دانەیەکیان چووە بەردەم مایکرۆفۆن و
هەزار جنێوی بە ڕۆمان داو
پەنجەی بۆ چاوی کتێبی یادوەرییەکان درێژکرد
***
لە تونێلی خەونێکەوە
ڕێم کەوتە ناو باخێکی ڕەنگین
چ باخ
پڕ لە دارگوڵ و درەختی شین
ڕۆژگارێک دەستی بەسەردا گیرابوو
ستەم فەرمانڕەوابوو
خاوەندماڵیش غەمگین
***
خامە گەنجەو پیر نابێت
لەناو هزرو بیردا
دەخەملێت
پیت پیت وشە دەڕوێنێت
چامەی لێ بەرهەم دێنێت
بە ئاواز دەیلێتەوە
تا چاو بیخوێنێتەوە
***
نەخۆش کەوتم
لە نەخۆشخانە
پزیشکەکان پشکنینیان بۆ دەکردم
حەسەن زیرەک لە باخەڵی چەپمدا
گۆرانی دەچمە سەر ناڵەشکێنەی
دەچڕی
کەچی ڕاوەستا
کاتێک لەو باخەڵەکەی دیم
بەلەمێکیان دۆزییەوە
پڕی پەنابەر بوو

دەیانویست بە قاچاغ
خۆیان بگەیەننە ئەوروپا
***
لەگەڵ ژمارەیەک هەمەوەندا
بۆ بیابانەکانی ئەفریقیا
دووریان خستینەوە
ئاویان لێ قەدەغەکردین
دەریایەکمان بینی دەبریسکایەوە
هەر دەڕۆیشتین و دەڕۆیشتین
تراویلکە بوو، دوور دەکەوتەوە
لە تینوواندا بوورراینەوە
نەمزانی چەندمان گەیشتین
***
بیابانەکانی ئەو خوارە
لە ئاستی مێژوو شەرمەزارن
تا ئێستەیش پڕ لە گۆڕی بەکۆمەڵ و
دەنگی شین و واوەیلێ و
گریانی ئەنفالکراو و لە گۆڕنراوو
بریندارن
***
ڕێم کەوتە لای شارەزوور
لەو دەشتە پیرەمێردێکم بینی
دەفی لێ دەدا و چامەی
(قوربانی تۆزی ڕێگەت بم)ی
بە لاوک دەچڕی
گوتیان ئەوە (نالی)یە
هەرکە بیری (خاک و خۆڵ) بکات
بە دەفەکەیەوە پەیدا دەبێت و
ئەو ئاوازە غەمگینەمان بە گوێدا دەداتەوە
***
ئەوێ ڕۆژێ
لەو دەڤەرە ئاسیاوێکم بینی
پیرەمێردێک گەنمی دەهاڕی و
چامەیەکی دەخوێندەوە
باسی بەندیخانەی دەکرد
گوتیان ئەوە (قانع)ەو
تازە لە بەندیخانەیەکی تاران
ئازاد کراوە

***
بەلای (مامە یارە)دا تێپەڕیم
شایی و هەڵپەڕکێ بوو
بڵێسەی ئاگر بەرز دەبووەوە
پرسیارم کرد
گوتیان ئەوە (پیرەمێرد)ـە
شیعری (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە)
دەخوێنێتەوەو
یادی جەژنی نەرۆز دەکاتەوە

٨-١٠ - ٢٠٢٢

***

دیوانە شیعرێکم دەخوێندەوە
هەموو چامەکان
لەبەردەم پێشەکییەکەدا
گردبوونەوە
ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر بە شاعیر
دەربڕی
ئەو هەموو هەڵە ڕێزمانی و
ڕێنووسییەی کردووە
***
یەکەمین لاپەڕەی ڕۆمانێکم
هەڵدایەوە
پاڵەوانی سەرەکی
بەگریانەوە ڕووی تێ کردم
ڕۆماننووس درۆم بە زمانەوە
هەڵدەبەستێت
***
دەستم بە خوێندنەوەی وتارێک کرد
هەر درۆ بوو
سواری ئەسپی شەرمەزاری دەبوو
بەرەو ئاقارو چۆڵەوانی
هەڵدەهات

٢٠٢٢-١٠-٢٧

تێبینی: ئەوانەی پێشەوە لە ٨- ١٠ـ ٢٠٢٢ و ئەو سێیەی خوارەوە لە ٢٧-١٠-٢٠٢٢ نووسراون.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***زمانی کوردیمان لووتکەی شانازییەکانمانە***

فوئادی تایـەر سادق

- ***تیۆری ئەدەبی مارکسیستی***

ک ئەحمەد عەلەم – و: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)




# زمانی کوردیمان لووتکەی شانازییەکانمانە

ئەوەی نایزانێ بابیزانێ، کە زمانی کوردی بە بەڵگە و نموونەهێنانەوە، لە ڕووی وشە و ڕێنووس و ڕێزمانەوە، زۆر لە زمانانی تورکی و عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی و زمانی دی پوختتر و پێشکەوتووتر و بێ نەوازەتر و ڕێسادارترە!

زمانی کوردی زمانێکی ئاری ڕەسەنی دەوڵەمەند و خۆش و ناسکە. سەرەڕای ئەوەی، کە نەک هەروەک پێویست ڕاژە نەکراوە، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەربەرەکانی کراوە و دەکرێ، ئەوجا بە تۆکمەیی و دەوڵەمەندی ماوەتەوە. ئەم زمانە پێشکەوتوو و جێگیرە ناسک و خۆشە بە پیتەکانی، نەوادارە بە وشەکانی.

زمانی کوردی، کە زۆر دەوڵەمەند و پوختە، زمانانی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانانی دی پڕن لە وشەی بیانی،


زۆر نەوازەیی و ئاڵۆزی و بێ ڕێساییشیان لە ڕێنووس و ڕێزمانیاندا هەن. زمانی کوردی بەهۆی داگیرکردنی کوردستان سەدان ساڵە زمانی ڕێیەری و خوێندن و دادگە و بازرگانی نەبووە، لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکان بەربەرەکانی کراوە و دەکرێ، ئەوجاش بەهۆی دەوڵەمەندی و پوختی و ڕەوانبێژی و جوانبێژییەکەیەوە وەک چیاکانی کوردستان جێگیر و خۆڕاگرە، شاڵاو و شەپۆل و پەلامارەکانی بیانی کاریان تێنەکردووە. زمانەکەمان و کوردستانی نیشتیمانمان لووتکەی شانازین بۆ ئێمەی کورد. بە زانینی ئەم ڕاستییانە، پاش ڕوونبوونەوەی بۆ خوێنەری بێئاگا و ناشارەزا دەربارەی زمانی خۆ و زمانە بیانییەکان، حەپەسان و سورمانەکەی دەبنە پەسندکردن و باوەڕهێنان.

تورکەکان خێڵی کۆچەری دواکەوتوو بوون، بە ماوەی سێ سەدە (یانزدەم، دووانزدەم، سێزدەم) ئاسیای بچووکیان (Minor Asia) داگیرکرد زۆر سوودیان لە شارستانێتی و ڕۆشنبیری گەلانی کورد و ئەرمەن و یۆنان و بولگار وەرگرت. دەوڵەتی عوسمانییان بە ناوی عوسمان ئەرتەغلەر سەرۆکی هۆزی ئۆغۆزی تورکی دامەزراند. زمانی تورکی هەژارە، نەک هەر لە بواری وشەی زانست و داناییزانی (philosophy ) بەڵکو هەژاری زۆر وشەی سادە و ئاساییە. هەزاران وشەی بیانییان وەرگرتووە، لەوان زۆر وشەی کوردی

زمانی عەرەبی، کە زمانی پیتی قورس و قورگی و (ضادە) پڕە لە وشەی بیانی لەوان وشەی کوردی وەک ئەندازە (هندسة) ستوون (إسطوانة) گێزەر (جزر) گوێز (جوز) و سەدانی دی.

زۆریش نەوازە و ناڕێکی لە ڕێنووس و ڕێزمان و وشەسازیەکەیدا هەن. عەرەب نەک هەر زۆر وشەی بیانی وەرگرتووە، بەڵکو بە گۆڕینی پیتی وشەی بیانی وەستاییان تێداکردووە، ناشارەزا وادەزانێ عەرەبین. بۆ نموونە «کێبڵ»یان کردۆتە قابلۆ، «ماگنێت» مغناطیس «کەناڵ» قناة «کانوون» قانون «ۆرکشۆپ» ورشة «کۆلێج» کلیة «پەنەدەڵم» بندول، «بەس» باس، «گاز» غاز «تۆباکۆ» تبغ «کۆفی» قهوة «کیرتاس» قرطاسية، «کەلەمۆس» قلم «دراخما» درهم «جوگرافی» جغرافية «فسیۆلۆجی» فسلجة «تۆپۆگرافی» طابو «کەثیتەر» قسطرة «ستێبڵ» إسطبل «دیمۆکراسی» دیمقراطية «کاموس» قاموس «لوگم» لغم «کیرات» قراط «مەگنیسیۆم» مغنسیوم «ئۆکتۆپۆس» اخطبوط و سەدانی ئەوها.

زمانی ئینگلیزیش پڕە لە وشەی لاتینی (بۆ نموونە ناوی ڕۆژانی هەفتە و مانگەکان)



فوئادی تایەر سادق

یۆنـانی (بۆ نموونە ناوی زانستەکان و داناییزانییەکان «philosophies») فەرەنسی (بۆ نموونە پێوانەکان) جێرمانی، ئێرلەندی، سکۆچ، هیندی (وەک وشەی پێجامە، شامپۆ و زۆری دی) لەگەڵ زمانانی دی. ڕێنووس و ڕێزمانیشی ترۆن و پڕن لە نەوازەیی و بێ ڕێسایی

لەم وتارەمدا نامەوێ ناپوختی و نەوازەیی و بێ ڕێسایی وشە و ڕێنووس و ڕێزمانی ئەو زمانانە بخەمەڕوو، کە لە هۆشیاریی زمانەوانی (لاپەڕە ٣٠-٥٢) باسکراون، بەڵکو دەربارەی سێ بابەت دەدوێم: هەڵەی وتن و نووسین، بەکارهێنانی وشەی بیانی لەجێی کوردی، لەگەڵ کۆمەڵێ وشەی کوردی بۆ زانین.

**هەڵەی وتن و نووسین:**

خراپ و ناخۆشە هەڵەی گەورە لە وتن و نووسین لەلایەن نووسـەران و کاربەدەستان دەبیستین و دەبینین. ئەو هەڵانە هاووڵاتی نەزان و ناشارەزا دەیانڵێنەوە. لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو هەڵانە دەخەمەڕوو:

– تێکەڵ نـەک تێکەڵاو. خوێندنگەی تێکەڵ (کچ و کوڕ وەردەگرێ) «تێکەڵاو» بە ئاوێتەیەک دەوترێ، کە ئاوی تێکەڵ بکرێ، وەک ماستاو.

– یەکەم جەنگی جیهانی، دووەم جەنگی جیهانی نەک «جەنگی جیهانی یەکـەم» «جەنگی جیهانی دووەم» جیهانی یەکەم وڵاتە پێشکەوتووەکانە. جیهانی دووەم وڵاتـە دواکـەوتـووەکـانـە. جەنگەکە جیهانییە، یەکەم جەنگی جیهانی بێ یان دووەم جەنگی جیهانی. لە ئەم هەڵە گەورەتر جارێکیان لە بەرپرسێکی ڕێکخراوێکی کوردستانی گوێم لێبوو وتی: «شەڕی جیهانی یەکەم» شەڕ (معرکة : battle) شەڕ بەشێکی بچوکی جەنگە. جەنگ چەندین شەڕی زەمینی و دەریایی و ئاسمانییە.

– سـات نـەک کاتژمێر. «بـۆ نموونە سـاتی ١ی پاش نیوەڕۆ» کاتژمێر ئامێرەکەیە. وشەی «ساعة» سریانییە عەرەبی نییە.

– جواننووس نەک خۆشنووس

– خۆم بەربژێر دەکەم نەک خۆم هەڵدەبژێرم. تۆ خۆت بەربژێر دەکـەی، یان لایەنێک دەتپاڵێوێ. کەسانی دی هەڵتدەبژێرن.

– پێکەر نەک پاڵنـەر (دافع : motive)

– کەسێتی (شخصیة: personality) نەک کەسایەتی. کەسـایـەتـی خزمایـەتـییـە. کـە گـلـەیـی لـە هـەڵـەی، یان کەمتەرخەمی خزمێ دەکەی دەڵێی «کەسایەتی وا دەبێ؟! »

– بنووس (کاتب دائرة او مکتب: clerk لاتینییە نەک نووسـەر ( writer )

– نووسراوە (کتاب: book) نەک کتێب

– نووسراوەگە (library ، bookshop ) نەک کتێبخانە

– هێما نەک (شفرە فەرەنسییە، کۆد لاتینییە)

– ماندووەتی نەزان، نەک ماندوونەناس

– نەتەوانی (أممي: international ) نەک نێونەتەوەیی (نێونەتەوەیی: بين قومي) هەڵەیە.

–دەوڵەتانی (دولي: international) نەک نێودەوڵەتی، کە دەبێتە (بين الدولة) هەڵەیە.

– دادیـار (حاکم : Judge) لەسەر پێوانەی جووتیار، کڕیار، فرۆشیار، ئەندازیار، ژمێریار، وردیار هتد نەک دادوەر (عادل)ـە.

– هات و چوون نەک (ترافیک)

– ورە، وزە، وتە، بوژانەوە، بوژاندنەوە و زۆر لە ئەم وشانە «و» کورتە نابێ بە دوو «و» بنووسرێن. کەی وشەیەک «و» ی تێدابوو و دەم درێژکرایەوە ئەوسا بە دوو «و» دەنووسرێ، وەک سوور، دوور، ژوور، پوور، نووسەر، نووسین .

> **لە سەردەمی عوسمانییەکاندا هەندێ کۆلکە خوێندەواری کورد پێیان هونەر بووە کە هەندێ وشەی تورکی تێکەڵی وتن و نووسینەکانیان بکەن**

– لە خۆیدا، نەک (خۆی لە خۆیدا) یەکەم خۆی پێناوێ، بۆ نموونە: «هۆشیاری لە خۆیدا تێگەیشتنە»

**وشەی بیانی لەجێی کوردی:**

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا هەندێ کۆلکە خوێندەواری کورد پێیان هونەر بووە کە هەندێ وشەی تورکی تێکەڵی وتن و نووسینەکانیان بکەن. نەیانزانیوە کە زمانی کوردی خۆیان زۆر لە زمانی تورکی پوختتر و پێشکەوتووتر و خۆشترە. پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عیر اق و سوریا لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، ئەو نیمچە خوێندەوارە کوردانە لایـان شـانـازی بـوو وشـەی عـەرەبی بزانن و زمانەکەی خۆیانی پێ چڵکن بکەن. لە ئەم سەردەمەشدا پاش ڕوخاندنی پێڕۆی بەعسی فاشی ڕەگەزپەرست، هەندێ لە ڕاگەیاندکار و کاربەدەست و نووسەر بە گرنگی دەزانن لە جیاتی وشەی کوردی خۆش و چاکتر لە هی بیانی وشەی لاتینی، یان ئینگلیزی (کە زۆریان ئینگلیزی نین) بەکاربهێنن. ئەمە چی دەگەیەنێ؟ لە لایەکەوە نەزانییە

دەربارەی زمانی کوردی خۆیان، که چەند دەوڵەمەند و خۆش و ناسکە. لە لایەکی دی خۆیان وا نیشان دەدەن، کە ئەو وشە بیانییـانە دەزانن کەسانی دی نایزانن!

لە خوارەوە هەندێ نموونەی بەکارهێنانی وشەی بیانی لەجێی ئەوانەی خۆمان دەخەمەڕوو:

– (دۆکیومێنت) لەجێی بەڵگەنامە
– (دۆکیومێنتەری)لەجێی بەڵگەنامەیی
– (شایەت، شاهد) لەجێی دیتـە
– (شاشە) لەجێی ڕوو
– (ئێکسپایەر) لەجێی ماوەبەسەرچوو
(پارک) لەجێی بـاخ
(فاکتەر) لەجێی هۆکار
(سمعة) لەجێی ئابڕوو
(سیاسة) لەجێی ڕامیاری
–(سیاسەتمەدار) لەجێی ڕامیار سیاسەتمەدار کوردییەکەی دەبێتە «ڕامیاری خولگە» ئای لە ئەو هەڵە ناشیرینە و نەزانییە!
– (حتما») لەجێی هـەر
– (حتمیة) لەجێی هـەرێتی یان هەربوونێتی
– (سـاید) لەجێی لا
– (جووت ساید) لەجێی دوولا
– (ئۆڤەرپاس) لەجێی بانڕۆ
– (ئەندەرپاس) لەجێی بنڕۆ
– (گێم) لەجێی یاری
– (ئیڤێنت) لەجێی ڕووداو
– (ئۆفـەر) لەجێی خراوەڕوو یان پێشکەشکراو
– (ئەپلیکەیشن) لەجێی داوا
– (پۆند) لەجێی ئەستێڵ
– (لەیک) لەجێی دەریاچە
– (تاون) لەجێی شارچە
– (لقطة) لەجێی گرتە
– (فوار) لەجێی کفە
– (مسکن) لەجێی دامرکێن
– (لزگە، لصقة) لەجێی پێونووس
– (ئەکۆستیک) لەجێی دەنگی، بیستنەکی
– (نۆستالیجیا) لەجێی نیشتمانخوازی، ڕابردووخوازی
– ( ئۆپشن) لەجێی بژاردە
– (سایکۆ) لەجێی دەروون
– (کۆنترۆڵ) لەجێی گرتن، دەستبەسەراگرتن
– (تێرۆر) لەجێی تۆقاندن، کوشتن
– (تێرۆریست) لەجێی تۆقێنەر، بکوژ
– (ترافیک لایت) لەجێی چرای هاتوچوون
– (ڕیکلام) لەجێی بانگەشە
– (داتا) لەجێی زانین، زانیاری
– (مواصفات) لەجێی دیارکراوان، دیارکراو
– (تشخیص) لەجێی دیارکردن
– (عیـادة) لەجێی نۆڕینگە
– (عبرة) لەجێی پەند
– (نۆرماڵ) لەجێی ئاسایی
– (خزمەت) لەجێی ڕاژە
– (خزمەتکار) لەجێی ڕاژەکار
– (قسطرة القلب) لەجێی دڵبینی
– (تلقین) لەجێی پێوتن
– (پریپەید) لەجێی پێشیدان
– (مۆسیقا) لەجێی مۆزیک (خوای هونەری یۆنانی کۆن)
– (واقع) لەجێی داکەوت
– (واقعي) لەجێی داکەوتی
– (الواقعية) لەجێی داکەوتێتی
– (إستنساخ) لەجێی لەبەرگرتنەوە
– (مستنسخ) لەجێی لەبەرگرەوە
– (رفاة) لەجێی ئێسکوپروسک
– (ڤیو) لەجێی دیمەن

ئەم وشانـەی زمانی کوردی، پێچەوانەی زمانانی تورکی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و زمانانی دی، زۆر دەوڵەمەند و پوخت و خۆش و ناسکە. لێرەدا بە مەبەست ڕوونـبوونـەوەی ئـەو ڕاستییانە بۆ نـەزان و بێئاگایان هەندێ وشە وەک نموونە دەیانخەمەڕوو:

ئابڕوو : سمعة، شرف
ئابڕووچوون : فضیحة
ئابڕوومەند : مشرف
ئاواز : لحن (نەک میلۆدی لاتینی)
ئێسک نەرمی، گێڕی : کساح
ئانیشک : مرفق
ئاوڵە : جدری
بەدیهێنەر : خالق
بەدیهێنراو : مخلوق
بەدیهات : خلق
بێزراو : منبوذ
بێتاوان : بريء
بەیار : بور
بڕوادان : بيعة
بەفیڕۆدان : تبذیر
بەسەرچوون : تقادم
بەزاندن : خرق

بەزێنەر : خارق
بێوەژن : ثیب
بەخێوکراو : ربیب
باواننامە : حجة الولاية ( الوصاية )
بەڵەک : أبرص
بەربەست : مانع
بیرۆ : أكزيما ( یۆنانییە )
بوار : مهلة
بواردان : إمهال
بابەک : أمين
بۆڕی هەناسە : قصبة هوائية
بەرگە : مناعة
بنەما : أساس، أصول
بانگەشە : دعاية ( نەک ڕیکلام فەڕەنسییە )
بیبیلە : حدقة
باسک : بازوو : ساعد
باڵ : عضد
بناولێدان : غوص
بناولێدەر : غواص
پل : فص
پێسپاردن : إناطة
پاشەکەوت : توفير
پەنگرە پیسە : جمرة خبيثة
پێڵو : جفن
پاڵە : ذات الرئة
پەراسوو : ضلع
پاژنە : عظم العقب، كعب القدم
پۆرگ : كيس
پاکوتە : لقاح
پاساو : ذريعة، عذر
پاساوهێنان : تبرير
پەلکوتان : تخبط
پاشگەز : متراجع
پاشگەزبوون : تراجع
پشکنین : فحص، تحري
پەرچدانەوە : إعتراض، رفض
پێنەدان : حجب
پانۆک : جدري البقر
پارێزبەندی : حصانة
تیروپشک : قرعة
تاوانکار : مجرم
تاوانلێکراو : مجني عليه

تێزان : إحتقان
تاودان : تعجيل، تسريع
ترازان : إنفصام
تورەکەگون : كيس الصفين
تۆکڵی ئێسک : سمحاق
جێگیر : ثابت
جەو : عصارة
جێگر : نائب
جێگرەوە : بديل
جوانەمەرگ : شهيد
چەواشە : تضليل
چەواشەکار : مضلل
چەسپاو : ثابت
چاو : عين، عدسة
چیتک : قصيبة
چۆڵەمە : عظم الترقوة
حەپەسان : تحير
حەپەساو : متحير
خەڕەک، گوڵەژەن : نول
خرێ : ضرس
خەوش : عيب
خاشاک : زبل
خەڵەفاو : خرف
خوێنگرتن : حجامة
خورێنی : ريق
خوێن تێزان : كدم
خۆکردنە : إنتحال
دەسکاری : تصرف
دەریاگر : قرصان
داخکردن : كي
دوودەکی : مأبون
خاوەن : مالك
خاوەنی : ملك
خاوەنێتی : ملكية
خرۆشان : هيجان، إضطراب
دانەر : مؤلف
دانەری : تأليف
دەردان : إفراز
دنەدان : تحفيز
دەسەڵاتدان : تفويض
دەسەڵاتدراو : مفوض
دادبینی : مرافعة

دۆست : خليل
دڵنيا : مطمئن
دڵنياييكردن : تأمين
دڵنيابوون : إئتمان، إطمئنان
دانان : وضع، إيداع
دروستكراو : بدعة، مختلق
داد : عدل
دڕكە : حصبة ألمانية
داڵان : رواق
دەفەی شان : لوح الكتف
ڕەقەڵە : عظم القوام
ڕەشكێنە : قزحية العين
ڕشانەوە : كوليرا ( لاتينييە )
ڕەوەن : جاري
ڕاپرسی : إستفتاء
ڕوشان : خدش
ڕشانەوە : تقيء
ڕەنگ كوێری : عمى الألوان
زەق : بارز، ( وەک پيتی زەق )
زۆردار : مستبد
زۆرداری : إستبداد
زايين : ميلاد
ژمێرە : حساب
ژمێريار : محاسب
ژمێرياری : محاسبة
ژاژ : عظم العضد
ژێرسپاردەكردن : إنتداب
سێبەند : فقرات قطنية
سورێژە : حصبة
سيكەرۆكە، سيقەتۆرە : حويصلة
سڕی : سبات
سوپاس : حمد، شكر
سوپاسدەر : حميد
سوپاسكراو : محمد، محمود، مشكور
سوپاستر : أحمد، أشكر
سپاردە : وصية، أمانة
سپاردەنامە : حجة الوصاية، وصية
سينگەكوژە : ذبحة صدرية
سووتەڵ : مواد الأشتعال
شەوكوێری : عشو
شەويلە، شەويلاک : فک
شەوكوێر : أعشى
شڵەژان : أضطراب
شەپک : جبيرة
شوورەيی : عـار
شيلە : عصارة
شياوكردن : تأهيل
شەيدا : عاشق
شەيدايی : عشق
كەشتەبناو : غواصة ( نەک ژێردەريايی )
كلێنچكە : عصعص
كالانەی چاو : حجاب العين
كۆسە : أمرد
كەللەسەر : قحف
كاژ : صنوبر
كەلەبەر، دەرچە : منفذ
كووڕ : أحدب
كۆنووس، كارنامە : محضر، ورقة عمل
كوێر : ضرير، أعمى
كۆڵە سينگ : عظم القص
كڕكڕە : غضروف
كاويل، كاژەڵە : قحف
كۆپانە : كزاز
كاكڵ : لب
كەڵبە : ناب
كێل : مسلة
كلۆری : تسوس
كلۆر : متسوس
گرەو : رهان
گزيكردن : غش
گوش : جوت
گڵێنە : خزف
گيرۆ : عدوى
گوێ ڕەپە : نكاف
گەستۆ : فقرات عنقية
گلێنە : قرنية العين
گوشراو : معصور، عصارة
گێچەڵ پێكردن : تحرش، تعرض
گەزندە : حشرة
گولی : جذام
گەڕ : جولة
گەو : ئەڵقە، حلقة
قەڵب : مزور
قەڵبكردن : تزوير

قۆڵ : عضد
قولەپێ : رسخ القدم
لەپ : كف
لوو : غدة
لكاندن : لحيم
لكێنەر : لحام
ليته : غرين
لادەر : جانح، منحرف، ضال
لەش فرۆشی : بغاء
لێگۆڕان : إلتباس
لێشاو : سيل
لێدوان : تعليق
لێدوانيار : معلق
ملدان : إذعان
مەرەزە : شلب
ميزخوێن : بلهارزيا ( لاتينييە )
مێكوتە : جدري الماء
ميتكە، قيتكە : بظر
ميزە چورکێ : سلس البول
مەچەک : رسغ
نەکردن : إمتناع
نەهێشتن : إزالة
ناکام : قاصر
نێرباز : لواط
ناديار : مبهم، غامض
نەفرين، نەفرە : لعنة
نۆڕين : كشف، فحص
نۆڕينگە : عيادة
ناوزڕاندن : تشهير
نەوجەوان : حدث
ناكاو : طاريء، مفاجيء
نوێنەر : مندوب
نوانيار : ممثل ( actor )
نوانياری : تمثيل ( acting )
ناوپەنچک : الحجاب الحاجز
نەورەس، نۆبەرە : باكورة
نۆش : صحة، عافية
نۆشدەر : طبيب
نۆشدەری : طب
نۆشدار : ذو صحة، معافى
ويست : إرادة
ويستراو : مراد
وردیار : مدقق
ورديارى : تدقيق
وشترمل : نعامة
وەرسوڕی : إستدر
وازلێهێنان : إستغناء، ترک
وچان : فاصلة
هۆگر : مدمن
هۆگری : إدمان
هەروا، گوترە : جزافا»
هەوێ : ضرة
هەڵکردن : هبوب
هەناسەسواری : بهر
هێشتنەوە : إحتفاظ
هێڵنج : تقيء، غيثان
هاڕين : سحق
هاڕدراو : مسحوق

ئەوەندە بەسە بڵێم وەک نموونە کە ڕۆژژمێری کوردی (گونجاوی ناو و ناوەرۆکی مانگەکانی و پڕپێستییان لەگەڵ وەرز و سروشت) زۆر زۆر لە ڕۆژژمێرانی سريانی (كانوونی٢ - كانوونی١) و عەرەبی (جەمادی٢ – جەمادی١) و لاتينی (جانيوەری - دێسەمبەر) و ڕۆژژمێرانی دی ڕێک و پێکتر و تەواوترە!

– زمانی كوردی زۆر دەوڵەمەند و پوخت و خۆش و ناسکە

– هۆكاری سەرەكی مانمان وەک نەتەوە، كوردستانی نيشتمان، زمانەکەمانە

– زمانی كوردی وەک وشە و ڕێنووس و ڕێزمان زۆر لە زمانانی داگیرکەرانی كوردستان و ئينگليزی و زمانانی دی پوختتر و پێشكەوتووترە

– كوردی چ بە ئەم پيتانەی پێيدەنووسين يان بە پيتی كوردی لاتينی، وشەكانی چۆن دەوترێن و دەخوێندرێنەوە ئەوها دەنووسرێن نە پيتێ پتر نە پيتێ كەمتر، ئەمە پێچەوانەی زمانە بيانييەكانە لەوان عەرەبی و ئينگليزی

– نابێ ڕێنووسی كوردی لاتينی پيتی پتری بۆ بنووسرێ. ڕێنووسی كوردی تێک مەدەن!

– شەرم و شوورەيی و دواكەوتنە لەجێی وشەی كوردی وشەی بيانی بەكاربێ

**پەراوێزەكان:**

تەماشای فوئاد تايەر سادق هۆشياريی زمانەوانی .. زمانی كوردی و زمانانی دی لاپەڕە ٣٠-٥٢ بكە ، نموونەی سەدان وشەی بيانييە كە وەريانگرتووە ، بێجگە لە نەوازەيی و بێ ڕێسايی ڕێنووس و ڕێزمانيان

تەماشای فوئاد تايەر سادق هۆشياريی زمانەوانی لاپەڕە ٣٠-٥٢ بكە

تەماشای فوئاد تايەر سادق هۆشياريی زمانەوانی لاپەڕە ٣٠-٥٢ بكە

# تیۆری ئەدەبی مارکسیستی

نووسینی: ک ئەحمەد عەلەم*
و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ)

تـیـۆری ئـەدەبـی مـارکـسـیـسـتـی، کـە لـەسـەر بـنـەمـای مارکسیزم دامـەزراوە؛ یەکێکە لە کاریگەرترین تیۆرییە ڕەخنەییەکان بۆ شیکردنەوەی ئەدەب. مارکسیزم ئەو قوتابخانە فیکرییەیە، کە هەریەک لە کـارل مـارکـس (١٨١٨-١٨٨٣) و فریدریک ئەنگڵس (١٨٢٠-١٨٩٥) دایـانـمـەزرانـدووە و تیـۆری ئـابـووریـشـیـان نـاو نـاوە کۆمـۆنـیـزم. مارکس و ئەنگڵس لە نامیلکەی مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا ساڵی ١٨٤٨ هاتنی کۆمۆنیزمیان ڕاگەیاند. مارکسیزم تا ئێستەش گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە بەو پێیەی بۆ تێگەیشتن لە مێژوو و ئەدەب و ڕووداوەکانی ئێستە ڕێگەیەکی مانادارمان پێ دەبەخشێت. مارکسیزم دەست و پەنجە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا، کۆمەڵگە، مێژوو و ئابووریی نەرم دەکات.

مارکسیزم ئابووریی وەک بنەمایەک دەبینێت، کە سەرخانی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئایدیۆلۆژی لـەسـەری بـونـیـاد دەنـرێـت. بـە واتـایـەکـی دی، یەکێک لە پێشمەرجە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم، هەلومەرجی مادديیە، کە ئاماژەیە بۆ هەلومەرجە ئابوورییەکان، کـە وزەبـەخـشـی ئـەتـمۆسفیری کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە، کە پێی دەگوترێت دۆخی مێژوویی. مارکسیزم تیشک دەخاتە سەر دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵایەتی ئابووریی (هەبووەکان بۆرژوازی و نەبوونەکان پرۆلیتاریا) دەبێتە هۆی ململانێی چینایەتی، کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی پێ دەناسرێتەوە. بەنسبەت مارکسیزمەوە ئایدۆلۆژیا بیرۆکەی حوکمڕانی چینی دەسـەڵاتدارە، یان سیستەمی بیروباوەڕە، یان هەموو سیستەمە باوەڕییەکانە، کە بەرهەمی هەلومەرجی کلتوورین.

بۆ نموونە سەرمایەداریی، کۆمۆنیزم، ئایین و هتد سادەنین، بەڵکو بە سروشتی ئەو بناغە ئابوورییەی، کە بە دیتەرمینیزمی ئابووریی ناسراوە، لە قاڵب دراون.

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دیاردەگەلی وەک ژێرخان و سەرخان، دیتەرمینیزمی ئابووریی و ئایدۆلۆژیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێت.

مایکل ڕایان ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەم شێوەیە پێناسە دەکـات (تێگەیشتنە لە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی ئـەدەب لەگەڵ هەستکردن بە ئەنجامە سیاسییەکانییەوە) ئاشکراشە، کە جێوشوێنی چینایەتی کۆمەڵایەتی نووسـەر و ئـایـدۆلـۆژیـای بـاوی کۆمەڵگەکەش لەبەرچاو دەگرێت.

بیرمـەنـدی مارکسیستی فـەرەنـسـیـی، لویس ئاڵتۆسێر (١٩١٨-١٩٩٠) بەشدارییەکی زۆر لە ڕوانگەی مارکسیستیدا دەکات و بیرۆکەکانی بە ڕوونی قەرزاری پێکهاتەگەراییین. لویس تیۆریزەی ئـەوە دەکـات، کە ئەنجام لە کۆمەڵێ هۆکاری جـۆراوجـۆرەوە لـەسـەرووی دیتەرمینیزمەوە سـەرهـەڵـدەدات. لـە چـەمـکـی سـەربـەخـۆیـی ڕێژەییشدا، پێشنیازی ئەوە دەکات، کە سەرەڕای پەیوەندیی نێوان کلتوور و ئابووریی، هونەر تا ڕادەیـەک سـەربـەخـۆیی لە هێزە ئابوورییەکان هـەیـە. ئـایـدۆلـۆژیـا چەمکێکی سـەرەکـیـیـە بۆ ئاڵتۆسێر، وەک هەر مارکسیستێکی دیکە.

ئـاڵـتـۆسـێـر پـێـیـوایـە ئـایـدیـۆلـۆژیـا سیستەمی (خاوەنی لۆژیکی توند و دروستی خۆیەتی) کە نوێنەرایەتی (وێنە، ئەفسانە، بیرۆکە، یان چەمک بەپێی کەیسەکە) دەکات و بەخشراوە بە بوون و ڕۆڵی مێژوویی لەنێو دڵی کۆمەڵگەیەکی

دیاریکراودا. لویس لەکتێبی (نامەیەک سەبارەت بە هونەر) پێیوایە، کە هونەر لە شوێنێک لەنێوان ئایدۆلۆژیا و مەعریفەی زانستیی هەڵکەوتووە. ئەو وای دەبینێت، کە بەرهەمی ئەدەبیی نە تێگەیشتنێکی تەواو لە جیهانی ڕاستەقینە بەدەستەوە دەدات، نە بە سادەیش دەربڕینی ئایدیۆلۆژیای چینێکی دیاریکراوە. بەڵام لەو ئایدۆلۆژیایەی، کە هەم بوونی خۆی و هەم بوونی ئێمەش لە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، ئاگادارمان دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا ئاڵتۆسێر دەستکاری مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکس دەکات. بۆ ئەو لامەرکەزی زاراوەیەکی سەرەکی دیکەیە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو پێکهاتانەی، کە هیچ جەوهەر و فۆکۆس و ناوەندێکیان نییە. کەواتە هونەر ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەیی هەیە و هیچ یەکێتییەکی گشتیی نییە.


ئاڵتۆسێر زیاتر تیۆریزەی دەکات و دەڵێت: ئایدۆلۆژیا لە ڕێگەی ئامێری دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی، وەک سیستەمی سیاسیی، یاسا، پەروەردە، ئایینی ڕێکخراو و تاد کار دەکات. ئەوەی ئێمە دەیکەین، یان باوەڕمان پێیەتی؛ ئایدیۆلۆژییە. تەنانەت کاتێک پێمان وایە، کە ئێمە بەپێی ئیرادەی ئازادی خۆمان مامەڵە دەکەین، بەڕاستی ئەوە بەپێی ئامێری دەوڵەتی سەرکوتکەر پۆلیس، سوپا، زیندان و هتد)کار دەکەین. بەڵام ئایدۆلۆژیاش وەک دیموکراسی وامان لێدەکات لەڕووی تیۆرییەوە هەست بە ئازادیی بکەین، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە دەستوپێمان بەستراوەتەوە. لێرەدا وەک ئاڵتۆسێر دەڵێت: ئینتەرپێلاسیۆن زاڵ دەبێ . ڕۆمانێک وا لە بینەرەکەی دەکات هەست بکات کارەکتەرەکان لەو جیهانەدا کە لە دەقەکەدا وێنا کراون ئازادن، بەڵام لە چنگی ئایدۆلۆژیایەکیشدان.

پێش ئاڵتۆسێر، مارکسیستی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی (١٨٤١-١٩٣٤) بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو سەرنجی لەسەر هەژموون بوو، کە دەبێتە پرسێکی دیکەی جەوهەریی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا.

بۆ گرامشی هەژموون بریتییە لە تەواوی پرۆسەی کۆمەڵایەتی ژیاو، وەک ئەوەی بە شێوەیەکی پراکتیکی بە مانا و بەها و بیروباوەڕی تایبەت و باڵادەست؛ کە بە جۆرێک ڕێکخراوە، دەتوانرێت وەک جیهانبینیی، یان ڕوانگەی چینایەتی ئەبستراکت بکرێت. بۆیە تایبەتمەندی ئاڵتۆسێری ئایدیۆلۆژیایە، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە چەمکی هەژموونییەوە هەیە.

ڕەیمۆند ویلیامز (١٩٢١- ١٩٨٨) لە کتێبی (مارکسیزم و ئەدەب) هەژموونی کلتوور بە گشتیی و ئایدۆلۆژیا بەتایبەتی پێکەوە دەبەستێتەوە. هەژموون وەک فۆرمێکی ناوەکیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وایە، کە هەندێک بۆچوون دروست دەکات، کە پێدەچێت سروشتیی و نەبینراو بن. ئەمە ئەو فێڵەیە، کە ئاڵتۆسێر بە ئینتەرپێلاسیۆن ناوی دەبات، بۆ نموونە سەرمایەداریی و دیموکراسیی و هتد بە پێی ڕوانگەی ئاڵتوسێری ئینتەرپێلاسیۆنن. هونەرمەند دەتوانێت سوود لە کەلێن، یان پێچ و پەنای هەژموون لە نووسینەکەی وەربگرێت.

ڕەخنەگری مارکسیستی چۆن دەقێکی ئەدەبیی دەخوێنێتەوە؟ ڕەخنەگری مارکسیستی ئەدەب وەک بەرهەمی هەلومەرجی ماددی مێژوویی دەبینێت. دەقی ئەدەبیی ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، پەیوەندیی نێوان دەق و



مرۆڤەکان، یان ستەمکار و ستەملێکراو نیشان دەدات. ئەو لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە ئایا دەقەکە ڕەخنە لە سەرمایەداریی، یان هەر ئایدۆلۆژیایەک دەگرێت.

ڕەخنەگر دەبێت لەوە بکۆڵێتەوە، کە ئایا دەقەکە ڕەخنەیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی، یان هاوسۆزە لەگەڵ کۆمەڵگە. کەواتە، ڕەخنەگر هەندێک پرسیار لەبەرچاو دەگرێت، وەک ئەوەی، کە ئایا بەرهەمی ئەدەبیی ڕەخنەیە لە هەر ئایدۆلۆژیایەک؟ مارکسیزم چۆن ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری داهێنەرانە دەبێت؟ جگە لەوەش دەقی ئەدەبیی لە ناوەڕۆک و شێوە پێکدێت. ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبییش دوو جۆرە: ناوەڕۆکی ئاشکرا (دیار) و ناوەڕۆکی شاراوە (نادیار) ڕەخنەگر ناوەڕۆکی شاراوە دەبەستێتەوە بە تەوەرە بنەڕەتییەکانی مارکسیستی، وەک خەباتی چینایەتی، ناوەڕۆکی دەقەکەش بە پێگەی چینایەتی کۆمەڵایەتی نووسەرەوە دەبەستێتەوە. ڕەخنەگر دیسانەوە گرنگیی ژانری ئەدەبیی لەڕووی ئەو

**کۆمەڵگەی فیۆداڵی تراژیدیا بەرهەم دەهێنێت، کە باس لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەکات، وەک شانۆنامەی شا لیری ولیەم شکسپیر**

قۆناغە کۆمەڵایەتییەوە ڕوون دەکاتەوە، کە بەرهەمەکەی تیا هاتۆتە بەرهەم. بۆ نموونە کۆمەڵگەی فیۆداڵی تراژیدیا بەرهەم دەهێنێت، کە باس لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەکات، وەک شانۆنامەی شا لیری ولیەم شکسپیر.


ڕەخنەگری مارکسیستی بە ئاسوودەیی شا لیر وەک نوێنەرایەتی دراماتیکیی ململانێی چینایەتی نێوان دەسەڵاتی پاشایەتی و هاوپەیمانییەکەی و سەرمایەدارە تازە سەرهەڵداوەکان، واتە گۆنەریل و ڕیگان و هاوسەرەکانیان دەبینێت. چینی سەرمایەداریی لەگەڵ گەیشتن بەو زەوییە سەرهەڵدەدات، کە پاشا پێشکەشی دەکات. خاوەندارێتی زەوی بەمانای نوێنەرایەتی دەسەڵات و سەرمایەیە، بۆیە بەهێزبوونی دوو خوشکەکە تەحەدای دەسەڵاتدارانی پاشا دەکەن. ئەوان مافی خودایی پاشایەتی، یان دەسەڵاتی ڕەهای پاشا دەخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام پاشا چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە تەحەدای نەکەن چونکە زلهێزەکان وا بیردەکەنەوە، کە دامەزراوە و ڕێکوپێکییان تەحەدا ناکرێ. بە شێوەیەکی مێتافۆرییانە، لیر بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، تووشی کوێربوون دەبێت. بۆیە ناتوانێت درک بەوە بکات، کە دەسەڵات و موڵک وماڵی خۆی لەدەستداوە، بە ڕادەستکردنی شانشینی خۆی بە هەردوو کچەی، کە بە دڵنیاییەوە دەربڕینی خۆشەویستیان بۆ باوکیان بە کاڵا دەکەن. هەروەها پاشا ناشتوانێت واقیعی دەربڕاوی کچە بچووکەکەی کۆردێلیا ببینێت. لە ئەنجامدا لە ئینگلتەرا، لە زەوی دەسەڵات بێبەش دەبێت.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا گلۆستێر ناتوانێت واقیعەکە ببینێت کاتێک ئینکاری کوڕە گەورەکەی ئێدگار دەکات. دواتر کۆردێلیا کە نوێنەرایەتی ئەرستۆکراسی دەکات ڕووبەڕووی بۆرژوازیی، یان سەرمایەدارەکان (گۆنێریل، ڕیگن و ئێدمۆند) دەبێتەوە. لە ڕاستیدا شا لیر ململانێی نێوان ئەرستۆکراسیی و سەرمایەداریی تازە سەرهەڵدراودا بە وردی دراماتیزە دەکات. نەک هەر ئەمە، بەڵکو قەیرانی ئەرستۆکراسی هاوچەرخیش دەخاتەڕوو، کە بەهۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی ئابووری خاکەوە دروست بووە، دواجاریش ئاشکرای دەکات، کە سیستەمی کۆن و نابینا لەنێو دەچێت، بەڵام لەنێوچوونەکە دەستپێکی دیدگایەکی نوێتر و بەزەییتر و دادپەروەرتر دەخاتەڕوو، کە دەبێت دامەزرێت.

تێری ئیگلتۆن لەکتێبی مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبیی لە ساڵی (١٩٧٦) دەڵێت: ڕەخنەی مارکسیستی؛ ئەدەب لە ڕووی ئەو بارودۆخە مێژووییانەی، کە بەرهەمی دەهێنن، هەڵدەسەنگێنێت. بەڵام تەنیا هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵناسییانەی ئەدەب نییە. ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، بریتییە لە تێگەیشتن لە ئایدۆلۆژیاکان، بیرۆکەکان، بەها و ئەو هەستانەی، کە لە لایەن خەڵکەوە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان و لە کۆمەڵگەکانی خۆیان ئەزموونیان دەکەن، کە شیکردنەوەی هەر کارێکی ئەدەبییە، بەشێوەیەکی تەواوەتی، ئەمەش بە واتای گرنگیدانێکی هەستیارە بە فۆرم و شێواز و ماناکانی دەق.

*** ک ئەحمەد عەلەم پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی نۆرثرین لە بەنگلادیش.**

سەرچاوە :
Marxist Literary Theory K. Ahmed Alam
The Daily Observer website published on Sunday July 5, 2015



# دیدار

# عەباس عەبدوڵڵا یووسف

(ئەمە دوابەشی ئەو گفتوگۆ ئەدەبییەیە، کە بەشەش بەش لەگەڵ عەباس عەبدوڵڵا یووسف-ی شاعیر ئەنجامدراوە، بەباشمان زانی دواین ئەڵقەی گفتوگۆکەی وەک دیداری ژمارە بڵاوبکەینەوە)

# گفتوگۆی ئەدەبیی

## گەنگەشەی ڕۆژانە

گفتوگۆی:
سمکۆ محەمەد لەگەڵ
عەباس عەبدوڵلا یووسف



## گفتوگۆی بیست و دوو

**سمکۆ محەمەد:** لەنێو ئەکادیمیا کێشەیەک هەیە، کە بەرپرسیارێتییە، بۆچی لەو هەموو توێژینەوەیەی، کە بۆ بابەتی ئەدەبیی، مێژوویی و کۆمەڵناسیی دەکرێن، پرسیار ناکرێت، ئەدەب گەیشتە کوێ؟ ئەو هەموو پیاهەڵدانە چییە لەبارەی کەسێکەوە و کەسانی دیش پەراوێز دەخرێن؟

**عەباس عەبدوللا یووسف:** ئەکادیمیا ناوەندێکە تەنیا بۆ کار، کارەکەش بریتییە لە مەعریفەیەکی کورترەهەند، مەبەستم لە کایەی ئەدەبییە، بۆ نموونە بۆچی لەئەدیبەکان ناپرسن کوا ڕامانتان لەبەرانبەر ئەفراندن، کوا جیاوازیتان لەگەڵ دەقی پێشووتر و بیرۆکەی ساڵانی پێشووت، کۆلێژی ئادابی هەموو زانکۆکان دەبوو نامەکانی ماجستێر و دکتۆرا بخەنە بەردەم لێپرسراوێتی، بەتایبەتی شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، تاکو بزانن دابڕانیان لەگەڵ ڕابردوو، یان لێکچوونیان لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ پەراوێزکراوانی وەک خۆم، ئایا ئەدەب گەیشتۆتە کوێ؟

کە ئەم پرسیارە نییە، چاوەڕێ مەکە ئەکادیمیا بەرپرسیارێتی قورسی فەرهەنگیی، ئەدەبیی و هونەریی هەڵبگرێت، چونکە ئەوانیش هەڵقوڵاوی فەزای کۆمەڵایەتی کوردستانن، ئەمە لە بوارەکانی دیش هەروایە، لە دونیای دەرەوەش هەروایە، چونکە سەردەمێک هاتووە لێپرسینەوە لەهیچ شتێک، لەهیچ دیاردەیەک نابینم و زڕدیاردەیی ئەدەبیی باوتر دەبێت، ڕەنگە ئێستە گەنج هەبێت شتی داهێنەرانەی نووسیبێت و بەکەڵکی خەڵات و دەستخۆشی بێت، بەکەڵکی ئەوەبێت توێژینەوەی جددی لەبارەوە بکرێت، مافی خۆی پێ بدرێت، کەچی لەنێو ئەو بوارە بزر بووە، هەقی مانای جیاوازیی، تەنیا بۆ خاوەن ئەزموونەکان نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەشە، کە نەوەی نوێن.

## گفتوگۆی بیست و سێ

**سمکۆ محەمەد:** پۆرنۆگرافی، یان ئەدەبی سێکسی یان ئەدەبی سکانداڵ و ئابڕووچوون، هەدەفی جۆراو جۆری هەیە، یەکێک لەوانە بەئامانج گرتنی کێشە، یان گرێی سێکسییە لە کۆمەڵگەی داخراو، کە هەر دەقێکی زیاتر سیاسیانەی لە پشتەوەیە ئەمە لەسەدەی هەژدە و نۆزدە و تاسەدەی بیستیش، زۆر باوی بوو، ئێستە کە ئۆنلاین و سایتە ناسراوە موشەفەرەکان ئەم کێشەیەیان چارەسەر کردووە، کەچی هێشتە لە ئەدەبیاتی کوردیی ڕۆمان و چیرۆک ناخوێنینەوە ئەو گرێیەی تیا نەبێت؟

**عەباس عەبدوللا یووسف:** پۆرنۆگرافی بابەتێکی زۆر قەدەغە کراو نییە، ئێستە تێکەڵی هەموو ئاستەکانی نووسین بووە، تەنانەت مەیدانی سیاسەتیش، چونکە لەڕووی ناوەوەی سیاسەت، بەمانای ڕیسوایی و ئابڕووچوونە، لەڕووی دەرەوەی سیاسەت، بەمانای گەرمکردنی بازاڕە، چونکە هەم وەکو ئایدۆلۆژیای

> سمکۆ محەمەد:
>
> **دێینە سەر بابەتی کتێب، کە هەمیشە لەگەڵ تۆ باس دەکرێ، ئەویش خەت کێشانە لەژێر ڕستەی ورووژێنەری کتێبە فیکرییەکان، یان ڕستە گرینگ و هەستیارەکان**
>
> عەباس عەبدوڵڵا یووسف:
>
> **ئەو قسەیەم لەسەر هەیە، کە بۆچی خەت بەژێر ڕستەی تیغە تیژەکانی کتێبدا دادێنم، من بیانوویەکی مەعقوولم هەیە، لەوانەیە نزیک بەنیو سەدە دەبێت کتێب دەفرۆشم، کتێب دەناسم و سەروکارم لەگەڵی هەیە**

ڕۆشنبیریی کاری پێدەکرێت، هەم وەکو بازرگانیی، کە بۆتە جیاتێکی (بدیل) نوێی بازرگانیی.

**سمکۆ محەمەد:** شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی لۆزان باس لەوە دەکات چەند کوڕێکی پەناهەندە کچیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە نێو شوقە، بەنیازی ئەوەی شەوێکی نائاسایی بەسەر بەرن، کەچی یەکێک لە کوڕەکان لەبری ئەوەی سێکس بکات لەگەڵ کچە لەشفرۆشەکە، باسی کێشەی کورد و ڕێککەوتننامەی سیفەر و لۆزانی بۆ دەکات، کچەکەش تووڕە دەبێت و دەڵێ ( ئەوە کەی کێشەی منە، من هاتووم کاری

خۆم بکەم) ئەمە ڕوویەکی بەیان کردنی دۆخی سیاسیی کاریکتەرە، بۆچی ئەدەبی کوردیی ئەم دۆخە تێناپەڕێنێت، بۆچی ناتوانێ ئەو گرێیە لەجەوهەری دەق دوور بخاتەوە، یان بەشێوەیەک تەوزیفی بکات.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** لە بەهەند وەرگرتنی ئەدەبی پۆڕن، دەبێت لایەنی ئیستاتیکی لەبەرچاو بگیرێت، بۆ نموونە دەتوانرێت سەدان دیمەن لە جەستەی ژن وەربگریت، کە هەموویان چێژبەخش بن، بەمەرجێک تەنیا جەستەیی نەبێت، چونکە پۆڕن لەنێو ئەدەب و بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمان، تەنیا وێناکردنی کارەکە نییە، بەڵکو ئاوێتەبوونێکی

> سمکۆ محەمەد:
>
> **نەخێر کاک عەباس تۆ بەتەواوی وەڵامی منت نەدایەوە، یان ناتەوێ ئەو گفتوگۆیەی من بکەی**
>
> عەباس عەبدوڵڵا یووسف:
>
> **ئێستە ململانێ هەزار جۆری هەیە، ڕەخنەی کوردیی لەبوارەکانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ، لەئاست ململانێی ناوەوە دەرەوەی دەق دەکرێ**

ئەپستراکتی دوو بابەتە لەنێو یەکدا.

حوسێن مەردان (١٩٢٧-١٩٧٢) لە هۆنراوەیەکی نیمچەچیرۆک (مەمکی دایکی خۆی بە ئەندامێکی بورکانیی و شۆڕشگێڕ وەسف کردووە) ئەمە جورئەتی فیکریی و ئایدیاییە و لە ڕێگەی ئەدەبەوە نیشان دراوە.

**سمکۆ محەمەد:** جاخۆ منداڵی شیرەخۆرەی دابڕاویش هەمان ڕەهەندی هەیە، بەڵام سایکۆلۆژییە و ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە، بەتایبەتی ئەوکاتەی منداڵ گەورە دەبێت و ڕووبەڕووی باوکی دەوەستێت و لایەنگری دایکی دەکات، هەم سیاسییە و هەم سایکۆلۆژییە، کە نووسەر دەتوانێ بیخاتە قالبی پۆڕنەوە.


**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** فرۆید لەڕووی فیسیۆلۆژییەوە تەماشای کردووە، من لەڕووی فۆلکلۆرییەوە تەماشای پۆڕنم کردووە، بەتایبەتی لە تاکدێڕی باسی ژنم کردووە، وەختێک کەڵەباب دەبینن، یان شتێکی وەکو کۆئەندامی نێرینەی پیاو دەبینن، یەکسەر خەیاڵیان بۆلای شتێکی دی دەچێت (لە عەیب نەبێ)یش ڕەت دەبن، هەروەها چیرۆکیشم هەیە ئەو ڕەهەندەی هەیە، بەڵام من لەپەنای ئامانجی سیاسیی، هەوڵمداوە ئیستاتیکای پێببەخشم، بەڵام ئەمە لەفیلم پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە هەندێک جار سێکس دەبێتە کردنەکی مازۆخی، هەندێک ئینسان لەشی ئافرەت بەکۆیلەیی دەبینن، حەزدەکەن لەپەنا سێکس کردن، ئازاری جەستەی ژن بدەن، یان دەیەوێت، هێندە سێکس بکات، تاکو جەستەی شەکەت دەبێت و دەبێتە هۆکاری وەستانی دڵی، ئەمە جۆرێکە لەخۆکوژی، بۆیە ئەدەبی پۆڕن ئەم ڕەهەندانەشی هەیە، نەک تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکی سێکسیی دوو کەس، یان ئابڕووبردنی کاریکتەرێکی سیاسیی لەفەزای سێکسیدا، ئەگەرنا خۆی ئێستە وەکو خۆت گوتت سایتەکانی ئینتەرنێت پڕن لەو فیلم و کورتە فیلمانە، هیچ پێویست ناکات سێکس و پۆڕن لە ڕۆماندا بکرێتە گرێی ئەدەبیی، وەک دیارە لە هەندە جۆر و بابەت خوێنەری ئێستە هۆشیارترن.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام ئەم ئەدەبە خۆ ئێستە نییە تاکو داواکارییەکی نوێی لێ بکرێت، یان جیاوازیی لەشێوەی گێڕانەوەکەی بکرێت، هەروەها لەدەقی (هەزار و یەکشەوە)شدا پڕە لە ئەدەبی پۆڕن، لەسەردەمی عەباسیی پڕ بایەخترین ئەدەب بووە، بەڵام لەسینەما، بەتایبەتی سینەمای خۆراوایی و لە فیلمی دیکامیرۆنی ئیتاڵی، بەپێچەوانەوەی دیڤید هێربیرت لۆرانس-ی ئەدیبی ئینگلیز، تەنیا ڕەهەندێکی ڕۆمانسیی دەدات بەم بابەتە، پاڵەوانەکانیشی هەمان دەوریان هەیە، بەڵام وەکو پێشتر گوتم ئەمە لەسەدەی بیستەم بایەخی هەبوو، دواتر هیچ داهێنان نییە وەکو تێکشکاندنی سانسۆڕی کۆمەڵایەتی تەماشای بکەی، چونکە بۆ سەردەمی هەشتاکان، ئەحلام مەنسور و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و چەندین ئەدیبی دی

ئەمەیان کرد و داهێنان بوو، ئێستا بۆ دەبێ هەموو دەقێکی ڕۆمان ئەم زەینییەتەی تیابێت، تاکو پێی بڵێن نووسەرەکەی چاو نەترسە؟

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** ئاخر بزانە بایەخی پۆڕنۆگرافی بۆ ئەدەب، بۆ کۆمەڵگەیەکە هێشتە تینووی سێکسە و گرێی سایکۆلۆژی ماوە، کە بۆی ناکرێتەوە، ئەوانەی تا ئێستەش گرینگی بەم بابەتە دەدەن، بەلایەنی کەمەوە خوێنەریان هەڵسەنگاندووە، دەزانن هێشتە پۆڕن هەڵبژاردەیەکە، تخوب، یان تابۆی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، خوێنەری زیرەک دەیەوێ بزانێ هۆکار و چێژکارەی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ماوە، یان هەبووە، تاکو وەکو (دیکۆمێنت) تەماشای بکات، هەندە خوێنەر لەم جۆرە ئەدەبە هێشتە تێنەگەیشتوون، ئەگەرنا ئەم بابەتە پێشتر لە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری زیاتر باس کراوە، بۆ نموونە لەمەجلیسی پیاوان، لە دیوەخانەکان، لەچایخانە و نێو بازاڕ، جۆرەها سانسۆڕی کۆمەڵایەتی هەبوو، خەڵک بەدوای پەنجەرەیەکی دی دەگەڕا خەڵک خۆی خاڵی بکاتەوە. ئەو بەرسەرهاتە خۆشانە، کە هەندێک جار بەچیرۆک باس دەکران.

عەلائەدین سەجادی هەمان شتی لە ڕشتەی مرواری نووسیوەتەوە، بەڵام لە ڕێگەی نوکتە و چیرۆکی کۆمیدیی و تراژیدیی و هەندە جار بۆچوونی خۆی، ئێمە باسی دیوەکەی دیکەی پۆڕن دەکەین، ئەویش بەسیاسیی کردنێتی، کە بۆ کاری سیخوڕی سوودی لێ دەبینرێت، یان بە بازرگانیکردنی سێکسە، کە لە دوای بازرگانی چەک و خۆراک و نەوتەوە دێت، پۆڕن لە ئەدەب و هونەر هەمیشە بابەتێکی زیندووە، بەمەرجێک



تەوزیف کردنەکەی چەنبارە نەبێت، بەمانایەکی دی هەمان وێنە و چیرۆک نەبێت، کە خەڵک خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەیان پاڵەوانی سەرەکین.

**گفتوگۆی بیست و چوار**

**سمکۆ محەمەد:** بابەتێکی گرینگ هەیە، لەنێو کورد کەمتر قسەی لەسەر کراوە، ئەویش پەراوێز و پەراوێزخستنی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و کەسی

> سمکۆ محەمەد:
>
> ***لەم دووایە دیاردەیەک پەیدا بووە، کە ناوم ناوە (شەپۆلی ڕۆماننووسی) واتە چۆن لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەرکەس هەڵدەستا شیعری دەنووسی، ئێستە هەرکەس دەستی قەڵەمی گرتووە و چەند ڕۆمانێکی وەرگێردراوی بۆسەر زمانی کوردیی خوێندۆتەوە و ڕۆمانێکی نووسیوە***
>
> عەباس عەبدوڵڵا یووسف:
>
> ***بوونی هەموو مرۆڤێک بە نووسەر، بابەتێکی کۆنە و لەنێو ئەدەبیاتی خۆراوا هەبووە، بۆ نموونە سوریالیزم چونکە بووە بەشێک لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، ئەوان دەیانگوت ڕۆژێک دادێت هەموو کەسێک دەبێتە شاعیر***

چالاکە، بۆیە باسی ئەمە دەکەم، چونکە ئەم تێرمە ڕەهەندی سیاسیی هەیە و بۆمن بابەتێکی گرینگە و زۆرم بەلاوە مەبەستە، کتێبێکی هەمە لایەنەشم لەسەر ئەوە نووسیوە و تۆش ئاگاداری، لەکاتێکدا بابەتی پەراوێزخستن لە ناوەندی ئەدەبیی مێژوویەکی هەیە و لەئەورووپاش هەبووە، بۆ نموونە ئەگەر بابەتی خەڵات وەربگرین، کە لەسەر ئاستی جیهانییش، زۆر قسەی لەسەرە ، لەوانەش (نۆبڵ، پۆکەر و پێن) و هتد، هەندێک جار ناهەقی تیادەکرێت.

بۆ نموونە ئەلبێر کامۆ، کە نۆبڵی ئەدەبیی لەسەر ڕۆمانی (الغریب) وەرگرت، بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری خەڵات وەرگرتنەکەی بۆ کتێبی (مرۆڤی یاخی) دەگەڕێتەوە، کامۆ ئەستێرەیەکی ناسراوی سەدەی بیستەم و خاوەنی تێز و ستایلی ئەدەبی خۆی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا مافی شەرعی و یاسایی (نیکۆز کازانتزاکی) بوو خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێ، ئەمە دەرئەنجامی ئەوەبوو، کە کامۆ لەگەڵ شەپۆلە سیاسییەکە دەڕۆیشت و دەیزانی لەنێو ئەو نێوەندە گەمە بکات، بە کتێبی (مرۆڤی یاخی) نۆبڵی وەرگرت، کە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی چەپ بوو، بزووتنەوەی چەپەکانیش ئەوکاتە زۆربەی هەرە زۆری لایەنگری سۆڤیەت بوون، لەکاتێکدا دۆخەکە لەخزمەتی ئەدەبی واقیعی و سۆسیالیستی دابوو، ئەمەش بۆ مەحفەلی سیاسیی و ئەدەبی جیهانیی کەرەستەیەکی بە نرخ بوو، بۆیە خەڵاتەکە بە ئەلبێر کامۆ درا، هەڵبەت کامۆ خۆشی ددانی پیانا و دەڵێت: مافی نیکۆس کازانتزاکی بوو نۆبڵ وەربگرێت.

لە خۆرهەڵات نەجیب مەحفووز-ی ئەدیب و ڕۆماننوس ساڵی ١٩٨٨ نۆبڵی وەرگرت، ئەم خەڵاتە ئەگەر بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو مافە ئەدەبیەی، کە نەجیب مەحفووز هەیبوو، بەتایەتی لە (کوڕانی گەڕەک)ی خۆمان بەشێکی دیکەی هەیە، کە لەبری لایەنگریی ئەو بوو لە سیاسەتی ئەمریکا لەدژی خۆ مانیفێست کردنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات، کە بەرگرییان لەسۆڤیەت دەکرد. نەجیب مەحفوز بە ڕۆمانی (اولاد حارتنا) گەمەکەی بردەوە، ئەمە مانای ئەوە نەبوو، کە توانای مەحفووز لە هەموو ئەدیبەکانی ئەو سەردەمە زیاتر بوو، بەڵکو ڕۆناکییە سیاسییەکە لەسەر ئەو وەستابوو، نموونەیەکی دیکە ئەوەیە، کە لەجیاتی (یەشار کەمال) کە لایەنگیری بزووتنەوەی چەپ بوو (ئۆرهان پامۆک) ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتەکەی وەرگرت، چونکە لایەنگیری مەسەلەی نەتەوە پەرستی تورکیی و سەرمایەداری بوو، دژی ڕەوتی چەپ و مارکسیەکان بوو.

مارکیز لە وتارێکیدا باس لەوە دەکات، کە بۆرخیس لەبەرانبەر سەردانی بینۆشیتی کردووە و لەوێ وتارێکی ناسەرکەتووانەی پێشکەش کردووە و

گوتوویەتی: (من ئەوە نیم سەرۆکی ئەرجەنتین ئەو شەرەفەم پێ ببەخشێت) لەکاتێکدا لە چیلی، ئەرجەنتین و ئۆرۆگوای، هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی ئازادیی دەدرێت. لەکاتێکدا دوو نووسەری ئینگلیز هەبوون لەبارەری کیبەرکێ لەگەڵ بۆرخیس بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، ئەوانیش ئاژاوەیان دروستکرد و وەریان نەگرت، مارکیز دەڵێ: نهێنی کارەکە ئەوەبوو، کە شوێنی وەبەرهێنانەکە بۆ پوڵ لەبار نەبوو، نهێنییەکی دی ئەوەبوو، کە زۆربەی ڕەش پیستەکان دەیانگوت، سەرمایەداریی وەزیفەیەتی بۆ بەدەستهێنانی زێڕ و زیو، بەرگری درۆینە لە ئەفەریقا بکات و هاوکێشەکە قڵپ بکاتەوە.

کوردستانیش ئەم نەریتە قیزەونە بەئاشکرا دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، تۆ پێت وایە ئەم کردە نائەخلاقییە، چ مانا و ڕەهەندێکی فیکریی و ئەدەبیی هەیە؟ بۆچی خوێنەریش ئەوەندە بە ئینساف نییە تاکو نموونە موزەیەف و ئۆرجیناڵەکان لێک جودا بکاتەوە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** سەرەتا پێناسەیەکی خۆمانەی زاراوەکە دەکەم، کە لەبەشی یەکەمی تێگەیشتنی تۆ هاتووە، پەرواێز، یان وەلانان، یان کەنارخستن دیاردەیەکی جیهانییە و لەهەموو بوارەکان هەیە، خۆشت نموونەت زۆر هێنایەوە، پەراوێزکردنی ڕۆشنبیریی ئەو بابەتەیە، ئەگەر کاغەزی ئەلیکترۆنی بخوێنینەوە (دەرگەی جەهەندەم و نیوەی بەهەشتمان) لێ دەکرێتەوە، (زەنگەزۆرە و هەنگ) لەو گەردەلوولەوە دێن، چیژێکی نوێ دەدات بەو تەقسە، مەگەر بەپێوانەی نایاب بەشێکی کەم سوودبەخش بن ، بەڵام ئەوان دەنگن و حیسابیان بۆ دەکرێت. پەراوێز وشەیەکی دیالیکتیکییە، واتا هەر مانایەک هەڵبگری، دژەکەی، یان نیمچە دژەکەی لەنێو خۆیەتی، جووتڕەوی لێکنەچوو هەڵدەگری، بەخێرایی سەردەم بۆ دوو لای لێک دژ غار دەدات.

پەرواێز و پەراوێزنووسی لەناخی جیاوازیی و کۆمەڵگە و لەنێو تاک مرۆڤیش هەڵدەقوڵێ، ئەوەش هەر ڕاست و باش نییە، بەڵام با کردەوەکە هەناسەیەک بدات. نۆبڵداری ڕۆماننووس و سیناریۆنووسی سینەما نەجیب مەحفووز، لەچاوپێکەوتنێک دەڵێ: من لەچەندین ڕۆمان و قۆناغەکانی نووسینکاریم بوومەتە سانسۆری خۆم، تۆڵستۆی کاتی خۆی پەراوێزخرا، بەڵام ئێستەش چیرۆک و ڕۆمان و وتەکانی دەگوترێنەوە، لەکاتێکدا شایانی (نۆبڵ) بوو، کەچی پێیان نەبەخشی، بۆیە نۆبڵ شوناسی ڕەسەنی نووسەر و داهێنەر دیار ناکات، مەرج نییە ئەوەی نۆبڵ، یان خەڵاتێکی نەبوو، داهێنەر نییە، من لەمێژە ئەو باسەم موناقەشە کردووە و ڕەنگە زۆریش هەبن پێیان ناخۆش بووە، چونکە دەزانن پرسی دیکە دەورووژێنێت، بەهەرحاڵ من کردەی (خەڵاتدار و بەس) بەجوان و ئەخلاقی نابینم، چونکە هەڵخەتێن و پەراوێزسازە، جا هەر کەس و لایەنێک و دەزگایەک بیکەن.

**سمکۆ محەمەد:**

**من باسی کێشەی چاپ کردن و نووسینی ڕۆمان دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی بوون بە ڕۆماننوس، هێشتە نازانن چیرۆک بنووسن**

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:**

**ژیان بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ ڕابردوو جودایە، لە دونیای مەجازیدا ئێستە هەموو کەس بووە بە ڕۆژنامەنووس، نووسەر و هونەرمەند و هتد، هەموو کەس دەتوانێ بنووسێت، پارەی هەبێت کتێب چاپ بکات**

**سمکۆ محەمەد:** واتە تۆ ئەم بابەتە بەهەند وەرناگریت و بەبابەتێکی لاوەکی دەزانی، لەکاتێکدا بەدەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم بابەتە تەنیا پەیوەندی بە خەڵاتەوە نییە، بابەتەکە بزرکردن و پشتگوێ خستن و سڕینەوەی چەند کەسێکە لەسەر حیسابی کەسانی دی، کە لەلایەن گروپێک، یان خەڵکی شارێک، یان سیاسەتێک دەرهەق بەکەسێک دەکرێت، باشە پێم بڵێ چۆن لەلای تۆ ئەم بابەتە ئەوەندە بەهای نییە، لەکاتێکدا تۆ خۆت ئەو ئازارەت هەیە و من دەتوانم ئەگەر ڕێگەم بدەی قسەی زیاتری لەسەر بکەم.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** نا پێویست ناکات وردی بکەیتەوە، هەر کەسێک لەهەر سەردەمێک ژیابێت، سەردەمەکە دەینووسێتەوە، تۆ بۆخۆت بینووسەوە، بەڵام ڕەخنەگرتن لەبارەی پەراوێزخستنەوە، ناچێتە نێو ڕەخنەی بەهادارەوە، با دەقەکە زۆریشی لەسەر نووسرابێت، نەتێدار (نیگەتیڤ) یان تێدار (پۆزەتیڤ) ئەو نووسینانە تەنیا هەڵوێستێکی ئینسانییە و هیچی دی نییە، بۆیە من بە بابەتێکی قورس وەریناگرم،

سمکۆ محەمەد:

***لەنێو ئەکادیمیا کێشەیەک هەیە، کە بەرپرسیاریێتییە، بۆچی لەو هەموو توێژینەوەیەی، کە بۆ بابەتی ئەدەبیی، مێژوویی و کۆمەڵناسیی دەکرێن، پرسیار ناکرێت، ئەدەب گەیشتە کوێ؟ ئەو هەموو پیاهەڵدانە چییە لەبارەی کەسێکەوە و کەسانی دیش پەراوێز دەخرێن؟***

عەباس عەبدوڵڵا یووسف:

***ئەکادیمیا ناوەندێکە تەنیا بۆ کار، کارەکەش بریتییە لە مەعریفەیەکی کورتەهەند، مەبەستم لە کایەی ئەدەبییە، بۆ نموونە بۆچی لەئەدیبەکان ناپرسن کوا ڕامانتان لەبەرانبەر ئەفراندن***

تەنیا ئەوەنبێت، ئەو نووسینانەی خەلاتسێن و نەسێن دەبنە مێژووی بابەتە خۆش و تاڵەکانی نێو ئەدەب، تەنیا ورووژانێک و وەبیرهێنانەوەیەکە، هیچ شتێک زیاد ناکەن، چونکە پاش ماوەیەک نووسەرەکە بەخەبەر دێتەوە و شەرمەزار دەبێت، لەسەر ئەو هەموو نووسینەی لەسەری نووسراوە (میشێل فۆکۆ) وەک پێشبینیەک دەڵێت: لە ئایندەدا سەردەم دەبێتە سەردەمێکی ئاڵۆز (جیل دۆلۆز)یش سۆفستاییەکانی پەراوێزەی ئەفلاتۆنی ئازاد کرد. هەموو ئەمانە لە ڕێڕەوی نوێ جێی خۆیان دەکەنەوە، پاش ئەوانیش بە ڕەخنەی نوێتر کەسانی دی دێن و دەچن، تێکڕای جیهانی هزر و فەلسەفە لەگەڵ یەک دەدوێن و زیندووەکانیش بە هاوزایی و لێزانی دەبنە نووسەر.

قەبرستانەکە ئەگەر ئازادیی و گەڕان بێت، سووڕان و هەڵسانەوەشی بدەنێ، دواجار قەبرستانەکە دەبێتە گوڵستان. لەبیرمە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم بابەتە زیندوو بوو، چونکە جۆرێک لە پەراوێزخستنی ئەدیب هەبوو، بەڵام چونکە سروشتیانە بوو، هیچ کێشەیەک نەبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین زەقتر بوو، پەراوێزخستنی ئەدیب بوو بە دیاردەیەکی سیاسیی، من جەند جارێک بەنووسین گوتوومە: (با هەر لە کرێچیاتی دابم، گرینگ ئەوەیە میللەتەکەم کرێچی نەبێ) واتە لەلای من ئەو ململانێیە نابێتە ڕێگر و دابڕ لەبەردەم ڕەوتی داهێنەرانەی ڕۆشنبیریی و سامانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکی ڕوو لە ئایندە.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام ڕەخنە بەشێکە لەئاشکراکردنی کێشەی گرووپچێتی و شارچێتی و سیاسەت، کەسێک ئەمە نەبینێ، وەکو ئەوە وایە ویژدانی نەبێ، کاری ڕەخنە تەنیا شیکار و خوێندنەوە و دۆزینەوەی مانا نییە، ڕەخنە وەزیفەیەکی دیکەی هەیە، کە بەرگری لە بێ پشت و پەناکان دەکات، لەوێوە توانای نوێ دەدۆزرێتەوە و نادادپەروەرانەی مەحفەلی ڕۆشنبیران ئاشکرا دەکات، بەتایبەتی زەمەنی بەسەرچوو، ئەو زەمەنەی هەندێک نووسەر فریای ناکەون و ڕێگە نادرێت کەڵکی لێوەربگرن.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** تۆ ڕاست دەکەی، ئەوە بابەتێکە هەموو کەسێکی خوو ئازاد هەستی پێدەکات، بەڵام ڕەخنەیەکی تیۆری نییە، بۆیە ڕەخنەگر دەتوانێ پەراوێزخستن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵناسی ببینێ و لەوێوە وەکو (دیاردەناسیی) کۆمەڵگە تەماشای بکات، لەکاتێک من ئاگادارم تۆ خەریکی ئەم بابەتەی، هیوابینم تۆ ڕووکەشانە باسی نەکەیت، هەوڵێکی جیابین بدەیت و ڕەهەندی دیکەی فیکریی پێبدەیت.

**سمکۆ محەمەد:** من ئەمەم کردووە و بەچەند سێکتەر و چەند ڕەهەندێکی جیاواز و بە یەکەوەم گرێ داون،

بۆ نموونە پەراوێزم بە هەژاریی عەقڵ و سیاسەت و فەرهەنگی کۆمەڵگەوە گرێ داوە، هەروەها گرێدانی پەراوێزخستن بە نەمانی بەها و زەمەنی ڕابردوو و زەمەنی ئێستە، بەمانای زەمەنی وەستاو و زەمەنی جوڵاو، کە یەکێکیان بریتیە لە (نۆستالیژیا) و ئەویتریان بریتییە لەزەمەنی (تەکنۆلۆژیا) جگە لەوەش گفتوگۆی ئەوەم کردووە، کە ئەدەب لەبری ئەوەی خەیاڵی خوێنەر فراوان بکات، لێرە بۆتە هۆکاریک، کە ڕێگە لە خوێنەر بگیرێت بیر نەکاتەوە، چونکە نووسەر بێ دەرفەت دان لەبری خوێنەریش بیر دەکاتەوە، من ئەمە بەدژە ئازادیی دەزانم، هەروەک چۆن کەسی ئازادیخواز بە شێوەیەکی گشتیی و هەمیشەیی قوربانی ئارەزووەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە لەلای ئەوان ئازادیی موڵکی گشتە، لەلای تاکیش ئازادیی موڵکی خودی خۆیەتی و بەس، ئەمە هەم کیرگەکارد باسی کردووە، هەم دیکارت و هەم سارتەر تیۆریزەی کرد.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** بابەتەکە زۆر نەچێتە بەرباری سیاسییەوە، کە من ئەم لایەنە زۆر بەپێویست نازانم، هەروەها نامەوێ لەیەک وەخت لەدەرگای چەند بابەتێک بدەم، زۆرجار ئەو گفتوگۆیەم کردووە و جەدوای نەبووە، بۆیە کاتێکی دی ئەو گفتوگۆیە دەکەین، کێشەی ئازادیش فرەمانایە، کە من ناتوانم نە خۆم، نە خەڵک بم، دەبێ نێوانگیریی بۆ بکەین، سەردەم سەردەمی ڕێککەوتنە لەهەموو ئاستەکان، دەبێ هەمووان بەباشی بیر لەم بیرۆکەیە بکەنەوە.

### گفتوگۆی بیست و پێنج

**سمکۆ محەمەد:** بابەتێک هەیە تایبەتە بەئەدەب و خواردنەوە، مەبەستم خواردنەوەی کحول نییە، هەمیشە لەگەڵ تۆ موناقەشەی دەکەم، یان هەست دەکەم تۆ چایی، یان قاوە ناخۆیتەوە، بۆچی؟ لەکاتێکدا من خۆم بەردەوام قاوە دەخۆمەوە، ئەمەشم لەدەرەوەی وڵات و لە ئەوروپا و لە وڵاتانی عەرەبیش بینیوە، کە نووسەر گرینگی بەقاوە داوە، یان گرینگی بەخواردنەوەی کحولی داوە، کەچی تۆ ئەمەت نییە، ئەمە خەسڵەتی خۆتە یان بیانوویەکی دیکەی لەپشتەوە هەیە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** قاوە خواردنەوە نەریتێکی کۆنە و هەر دانیشتنێک بۆ مەبەستێکە، قاوەخواردنەوە هەیە بۆ ڕێککەوتن، هەیە بۆ خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ، هەیە بۆ گفتوگۆی ئەدەبیی و فیکریی، هەیشە مودمینی قاوەیە، وەکو چۆن مودمینی خواردنەوەی کحولییە، موناقەشەکردنیش لەسەر قاوەخواردنەوە گرینگە، بەڵام من تەنیا بەیانیان یەک پرداغ قاوە و ماوە دەخۆمەوە، ئەویش سێ ڕۆژ جارێک و یەک کەوچک قاوە بەکاردەهێنم، هەر لەو تاشتە دوو پەرداغی دی، زەنجەفیل، دارچین چاترە، چایی سەوز، یان شیر، کاکاو و کەپاچینۆ و جۆری دی دەخۆمەوە، لەپاڵ

**سمکۆ محەمەد:**

**شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی لۆزان باس لەوە دەکات، چەند کوڕێکی پەناهەندە کچیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە نێو شوقە، بەنیازی ئەوەی شەوێکی نائاسایی بەسەر بەرن، کەچی یەکێک لە کوڕەکان لەبری ئەوەی سێکس بکات لەگەڵ کچە لەشفرۆشەکە، باسی کێشەی کورد و ڕێککەوتننامەی سیفەر و لۆزانی بۆ دەکات**

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:**

**لە بەهەند وەرگرتنی ئەدەبی پۆڕن، دەبێت لایەنی ئیستاتیکی لەبەرچاو بگیرێت، بۆ نموونە دەتوانرێت سەدان دیمەن لە جەستەی ژن وەربگریت، کە هەموویان چێژبەخش بن، بەمەرجێک تەنیا جەستەیی نەبێت**

ئەوانەش سەوزە و میوە هەر شتێک هەقی خۆی دەدەمێ، یەک ملاک شیویش بۆ ماجوون تەماتە (تەنیا بۆخۆم) دوو بەرداغ (بەژمارەی داخوازی خۆیەتی) بۆ هاوژینەی هاوسەر ئامادە دەکەم، کە لە خەو هەڵسا بیخواتەوە. بە هەمان شێوەی دابەش جگە لە (چا) چونکە لەسەردانی منداڵان و خزمان (چا) پاشای سەر سفرەی بەیانیانە، بیانووشم نییە تاکو بخۆمەوە، نووسەری دیش مافی خۆیانە مەجلیس

چۆن گەرم دەکەن.

**سمکۆ محەمەد:** (قسەکانیم پێ بڕی) جا ئەوە چ پەیوەندی بەئەدەبەوە هەیە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** نەک پەیوەندی هەر بە ئەدەب، بەڵکو بە فۆلکلۆریشەوە هەیە، ئەگەر بەر لە ئەدەب بچینە لای سۆسیۆلۆژیا، دەبینین لە کوردستانی بەر لە ڕاپەڕین تارادەیک ئەو هەموو جۆرەی خۆراک لە بازاڕ نەبوون، قاوە دیاردەیەکی نوێیە لەنێو شار و ماڵان پەیدا بووە، ئەگەر پێشتر هەبوایە نرخەکانیان زۆر گران بوو، بەخەڵکی دەوڵەمەند نەبوایە نەدەکڕدرا، یان لەچایەخانە لەپاڵ کۆکا و پیپسی ساردەمەنییەکانی دی هەبوون، بەڵام لە فۆلکلۆر باسی قاوە کراوە، لە دیوەخان لاوک دەگوترا، کە تێیدا باس لە قاوەی عەرەبیی کراوە، بەتایبەت لە(یەمەن) و حەبەشە و ئەسیوبیا و شام دەچووە ئیستانبۆڵی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانلی



و بە کوردستاندا تێدەپەڕی، ئەوەی بۆ ستران و گۆرانیی میلیی دەمێنێتەوە، باس لەفنجانی قاوە دەکات و مەمکی کچانی پێ دەشوبهێنێ، یان باس لە دەنگی زڕڕەی فنجان دەکرێ، کە بەشێک بوونە لە مۆسیقای کوردیی، بۆیە قاوە تەنیا خواردنەوە نییە بۆ مەبەستێک، بەڵکو لەبارەیەوە چیرۆکی خۆی هەیە، خواردنەوە و خۆراکی دیکە مەبەستی دی هەیە، کە من لێرە ناچمە ئەو بوارەوە.

**سمکۆ محەمەد:** ئەم بابەتە شتێکی نوێ نەبوو چونکە کۆدێکی نوێی تێدا باس نەکراوە، لە ئەوروپا لەمێژە قاوەش هەیە و نەبۆتە جێگەی موناقەشە، ئەگەر موناقەشەش بکرێ، مارکسیستەکان، نوێخوازەکان بەژیانی ڕۆژانەوە گرێی دەدەن، جا باهەر جۆرە خواردنەوەیەک بێت، بابەتەکە گفتوگۆی فیکریی و ئەدەبییە بەدەم خورادنەوەی پێکێک شەراب، یان خواردنەوەی قاوەیەک، دەردەشەی ئەدەبیی دەکەن.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ئەمە بابەتی چینی ئەریستۆکرات بووە، ڕۆشنبیرانی نێو ساڵۆنەکان، بەدەم خواردنەوەی قاوەوە گفتوگۆیان کردووە، نەک نووسەری نەبوو، یان هەژار، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەستەبژێری ڕۆشنبیری بەکاریگەری ئەو نەریتەی خۆراوا فێرە قاوە خواردنەوە و هەڵبژاردنی ستایلی قاوەخورادنەوە بوونە، دەنا پێشتر ئەم نەریتە نەبووە، بۆ نموونە ئەدۆنیس و جەبرا ئیبراهیم جەبرا و فائق حەسەنی نیگارکێش، بەسەبیلی جغارەوە باسیان کردووە، لێرە لە کوردستان ئەو نەریت و دیاردەیە نەبووە، دیاردەیەکی تازەیە. لە ناوەڕاستی شەستەکان دەچوومە چایخانەی عەبۆ، کە لەجێی پارکی ناوشار بوو لەهەولێر، گەر دوای برادەرێکیش گەڕابام، لە جامخانەی لاتەنیشت سەیری ژوورەوەم دەکرد، هەمیشە چاوێکم لەلای دەرەوەی چایخانەکە و چاوێکم لەنێو چایخانەکە بووە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی زەلامەکانی ئەمنی ئەوسەردەم چاودێرییان دەکرد، بەر لە ١١ی ئازار خەڵکی نووسەر تاک تاک دەهاتنە نێو چایخانە و قاوەخانەکان، من ئەمانەم وەکو تێکست نووسیوەتەوە، کە قاوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی سۆسیۆلۆژیای کوردەواریی بەگشتیی و تایبەت بەخۆم هەبووە، لە تاکدێڕییەک نووسیومە (ئەی ڕووبـاری قـاوەڕەنگ، لـە قـاوەڵـتیدا، ئـاوە خۆرەتەوە و ناشڵی قوڕاوە) ئەمە بۆمن نۆستالیژیایە،

چونکە بەشێکی پەیوەندی بەهەژارییەوە هەیە، خەمی ئەوکاتیش جۆرێک شکۆمەندی تێدابوو، ئێستە هیچ کەسێکی نووسەر خەمی نییە بۆ نووسین، واتە بیانووی نییە، کە بۆچی دەنووسێت.

### گفتوگۆی بیست و شەش

**سمکۆ محەمەد:** ناوبەناو لەگەڵ تۆ باسی شتی تایبەتمان کردووە، کە دوورە لەمەعریفە و ئەدەب، بۆ نموونە تۆ لەنیوەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەدەرەوەی هەموو نەریتێکی کوردەواری، بەبێ هیچ مەراسیمێکی ئاهەنگ گێڕان، ژنت بەپاس گواستۆتەوە، پاشان چونەتە هۆتێل بۆ مانگی هەنگوینی، ئەوکات بووک و زاوا زۆر کەم دەچوونە هۆتێل بۆ شەوی زاوا و بووکێنی، بەڵکو دەگەڕانەوە ماڵی باوکی زاوا و ئەو شەوە پێکەوە دەبوون، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بەدابوونەریتی کوردەواری هەبووە و بەشەکەی دی پەیوەندی بە نەبوونی تاکگەراییەوە هەبووە، چۆن ئەو تاکگەراییەت کردە مۆدێل، کەچی ئێستە زۆر نەریتخواز و خۆپارێزی؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** بەڵێ لەکاتی خۆیدا ئەو تخوبەم بەزاند، چونکە حاڵەتی وا نەبووە، یان هەبووە و تایبەت بووە بە دەوڵەمەندی نوێ، نەک کۆنپارێز، ئەوکات ئەمە نامۆبوو، بۆیە ئەمە بۆتە بابەتێکی سەیر لەلای خەڵک و نووسەران، چونکە حاڵەتەکە جۆرێک لە یاخیگەرێتی تێدایە و نەریت شکاندن بوو، بۆیە تۆش بیستووتە، جاران لەبەر ڕۆشنایی فیلمی سینەمایی و چیرۆکی وجودیانە خاوەنی خۆم بووم، ئێستە خاوەنی کۆمەڵێک کەسی دیکەم، کە هەر کردەیەکی نەگونجاو نیشان بدەم، کەسانی دیکەی نزیکم زەرەریان بەردەکەوێت، ملکەچنەبوونی هزرینەم، ئەم جۆرە خۆپارێزییە، عەیبەی تیانییە.

### گفتوگۆی بیست و حەوت

**سمکۆ محەمەد:** ستایلێک هەیە لەرۆماننوسی بەزمانی دیالێکتی لۆکاڵی دەنووسرێت، ئەم ستایلە لە دونیای عەرەبی زۆرە، لەنێو کورد لە ڕۆمانی (کیخوا سێوێ) وە سەری هەڵدا، ئەم ستایلە زۆر تێبینی لەسەرە، ئەویش پەسەندنەکردنی شێوەزار و تۆمارکردنی دیالۆگ و یادەوەرییە بەزمانی کەسی یەکەمی تاک، جاری واهەیە بە زمانی فرە پاڵەوانەوە، دیالێکتی لۆکاڵی دەکرێت، لەئەدەبدا تۆ چۆن ئەم ستایلە جێگە دەکەیتەوە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** زمانی دایک، سەرەڕای ئەوەی لەنووسیندا ستانداردی خۆی هەیە، بەڵام تائێستە نەگەیشتۆتە پلەبەرزی ستانداردی مەبەستکراو، واتە بەهەزاران وشە و ئیدیۆم و دیالێکتیک ماون بێنە نێو ئەو ستانداردەوە، کەواتە ئومێدەوارییە، بۆیە، کە هەندێک کتێب، کۆمەڵێک وشەی نەدیتراو نەبیستراوی لەگەڵ خۆی هێناوە، هەندێک نووسەر ژینگەی کوردەواری دەکەن بەشانۆی ڕۆمانەکانیان، بەڵام لەوان تایبەتتر،

> **سمکۆ محەممەد:**
>
> ***بەڵام ڕەخنە بەشێکە لەئاشکراکردنی کێشەی گرووپچێتی و شارچێتی و سیاسەت، کەسێک ئەمە نەبینێ، وەکو ئەوە وایە ویژدانی نەبێ، کاری ڕەخنە تەنیا شیکار و خوێندنەوە و دۆزینەوەی مانا نییە***
>
> **عەباس عەبدوڵڵا یووسف:**
>
> ***تۆ ڕاست دەکەی، ئەوە بابەتێکە هەموو کەسێکی خوو ئازاد هەستی پێدەکات، بەڵام ڕەخنەیەکی تیۆری نییە، بۆیە ڕەخنەگر دەتوانێ پەراوێزخستن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵناسی ببینێ و لەوێوە وەکو (دیاردەناسیی) کۆمەڵگە تەماشای بکات***

ئەو نووسەرانەن، کە کەسەکان و پاڵەوانی ژینگە تایبەتەکان بەهەمان دیالێکتی ناوچەکان قسە دەکەن و زۆر بایەخم پی داوە.

**سمکۆ محەمەد:** لەلای زۆر لە خوێنەران تێبینییەکە ئەوەیە، بۆچی فرە پاڵەوان بەهەمان دیالێکت قسە دەکەن؟ با نووسەرەکەش مەبەستی بێت کارێکتەرەکان بەئارەزووی خۆی ئاراستە بکات، سەرئەنجام پاڵەوانی سەرەکی ئامانجێکی سیاسیی هەیە، کە مەبەستی نووسەر و دەقنووسە، ئەو

دەقانەی، کە هەموو پاڵەوانەکان و کارێکتەرەکان بەیەک زمان و بەیەک ئاراستەی فیکریی قسە دەکەن، بەدەقێکی ناشایستە ناسراوە، بەو مانایەی دەقنووسەکە نەیتوانیوە فەزا جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەیەک جیا بکاتەوە، ئەمە هەڵەیەکی میتۆدییە، یان بەمانایەکی دی هەڵە تێگەیشتنە لەفرە پاڵەوانی؟

سمکۆ محەمەد:

***لە ئەوروپا لەمێژە قاوەش هەیە و نەبۆتە جێگەی موناقەشە، ئەگەر موناقەشەش بکرێ، مارکسیستەکان، نوێخوازەکان بەژیانی ڕۆژانەوە گرێی دەدەن، جا باهەر جۆرە خواردنەوەیەک بێت، بابەتەکە گفتوگۆی فیکریی و ئەدەبییە بەدەم خورادنەوەی پێکێک شەراب، یان خواردنەوەی قاوەیەک، دەردەشەی ئەدەبیی دەکەن***

عەباس عەبدوڵلا یووسف:

***ئەمە بابەتی چینی ئەریستۆکرات بووە، ڕۆشنبیرانی نێو ساڵۆنەکان، بەدەم خواردنەوەی قاوەوە گفتوگۆیان کردووە، نەک نووسەری نەبوو، یان هەژار، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەستەبژێری ڕۆشنبیری بەکاریگەری ئەو نەریتەی خۆراوا فێرە قاوە خواردنەوە و هەڵبژاردنی ستایلی قاوەخورادنەوە بوونە***

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** دەبێت. ئەگەر ڕۆمانووسی شارنشینی ڕووداوی ڕۆمانەکەی لەگەڵ تەقسی دەشت و چیا بێت، کەسەکانیشی هەر لەوێ بن، کەواتە ڕۆماننوسەکە دەبێت مەعلان بێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانەوە بێت، زەحمەتە بۆ نووسەرێک، کە شارەزای دیالێکتی ناوچەیی و ئیدیۆم و پەند و حەیران و لاوک و مەقام نەبێت، چونکە ئەو شێوە دوانە لە دیالێکت بەمانای بەرجەستەکردنی خوو و ڕەفتار ئاخاوتنیی ئەو کەسانەیە، کە لەڕۆمانەکەدا دەوریان هەیە، ئەگەر ئەمەی پێبکرێ، کەواتە داهێنانی کردووە، پێموایە سەرکەوتوو نەبووە و تەنیا ئینتیمای ناوچەگەرێتی پاڵی پێوەناوە ئەو شێوازە لەدەقەکەیدا ڕەنگبداتەوە، ئەگەر یەکێک ژیانی کارێکتەری نێو مۆدێرن بەرکارە بکات لە کەسەی گوندنشینی و نەشتوانێ بەزار و بنزار، ئەوان گوفتار بکات، کێشەی ڕخنەیی بۆ دروست دەبێ.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام من نەمبیستووە ڕۆمان لەژیان و فەزا و سیستمی گوندنشیشیدا لەدایک بووبێت، بەپێچەوانەوە لەسیستمی سەرمایەداریی و ژیانی شاردا لەدایک بووە، چونکە دەقێک، کە زیاتر لە فەزایەکی هەیە و زیاتر لە فۆرمێکی کارێکتەری هەیە و زیاتر لە دیالێکت، زمان، ئایین، کلتوور و شوێنی کارکردنی تێدایە، جوگرافیاکەی فراوانترە، چۆن ئەمە بەزمانی لۆکاڵی و تاک دیالێکت چارەسەر دەبێت، چونکە لە گوند ئەگەر کەسێکی شاز هەبێت، دیمەنی جیاواز هەبێت، یان تاکە کارێکتەرێک هەبێت بەدیالێکت و زمان و کلتووری جیاواز قسەبکات، بەڵام لە شار وانییە، هەموو ئەوانە فرەیین، ڕەگەزێکی دی ڕۆمان ئەوەیە، کە بوونی هەواڵ و بڵاوبوونەوەی هەواڵ، لەفەزای گونددا مەوداکەی کەمە و بەئاسانی هەموو گوندنشینەکە بەبێ هۆکارەکانی گواستنەوە دەیبیستن، بەڵام لە شار هەواڵ لە ڕێگەی میدیاوە نەبێت ناگات، بەئاسانی ناگاتە هەموو هاوڵاتییەک، ئەمە جیاوازییەکی دیکەیە.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** هەندێکجار ئەوەمان بینیوە، بۆ نموونە ئەو دەقانە بۆ درامای تەلەفزیۆنی دەبن، نموونەی مەرەزەمان هەیە، کۆمەڵگەی کوردیش، با بیرمان نەچێت هەموو یەک هاوڕەفتار، هاوشێواز و هاومیزاج نین، گوندییە و لە شار دەچێ، شارنیشیە و لەگوند دەژی، مانای وایە جارێ کۆمەڵگەی کوردیی نەگەیشتۆتە ئەو سەردەمە، کە بەشی هەرەزۆری ڕۆماننوس بتوانێ جودای بکاتەوە، واتە لای ئەوان دیار نییە کێ شارانییە و کێ گوندانییە، کێ مۆدێرنە و کێ پارێزەی داب و ئادابە، چونکە بۆ خۆت دەزانی گوندنیشیەکانی کوردستان بەهۆی ناچارییە سیاسیی، ئابووریی و حەزکردن بە مەدەنییەت هاتنە شار،

ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەقی ئەدەبیی هەبووە.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام من بیستوومە زمانی ئەدەبیی زمانێکی ناڕاستەوخۆیە، نەک ئەو زمانە ڕاستەوخۆیەی، کە لە ئەدەبی لۆکاڵی دەیخوێنینەوە و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی نییە بەسەر خوێنەری نوێ، چونکە من ئەو جۆرە دەقانە دەخوێنمەوە بە زمانی خەڵک قسە دەکات، کەچی کاریکتەرەکە خاوەنی ئەو کلتوور و زمان و دیالێکتە ڕۆشنبیریی و مەعریفییە نییە، بۆ نموونە کاریکتەرێکی نێو بازاڕە، کەچی بەزمانی (نیچە) قسە دەکات، ئەمە مانای وایە کە نووسەرەکە هەڵەی کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ فەزا کۆمەڵایەتی و کەسییەکان، هەڵەی کردووە لە گواستنەوەی ڕووداوەکان، تانەت ئەو مێژووەش، کە یەکێکە لە ستوونە سەرەکییەکانی دەقەکە، بەتایبەتیش ئەم ستایلە لەلای ئەو شەپۆلە ڕۆماننوسە هاتووە، کە ئێستە خویان داوەتە نووسینی ڕۆمان، بەبێ ئەوەی ڕۆشنبیریی گشتیان هەبێت، یان بنەمای نووسینی دەقی قورسیان هەبێت.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** لەنێو ڕووداوەکان، هەندێک کەسایەتی هەن، نووسەر ئەوها دەنووسی، کە بەتەواوەتی پابەندی دیالێکتی ناوچەکەیتی، یان پابەندی کلتوور، یان شوێنی کارەکەی دەکات، ڕۆماننوس هەیە گوێ بەو مەرجانە نادات، بەڵکو لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکان پابەندی قەڵەمەکەی خۆی دەبێت، چۆنی پێخۆش بێت، وا دەنووسێت، کە ئەمەش زەحمەتە، بۆ ئەم دوو جۆرە نووسەرە (گوند–شار) (خوونووسیی، خۆنووسیی و بەرچانووسیی) ئاسان نییە.

**سمکۆ محەمەد:** چۆن ڕۆماننووس پشت لەمیتۆد دەکات و بەئارەزووی خۆی کاریکتەر و فەزا و فیکرەکە ئاراستە دەکات، ئەمە لە کوێی دونیا قەبوڵ کراوە، لە کاتێکدا ڕێچکە شکاندن، واتە قالب شکاندنیش سنووری دەقێک ناشکێنێت، کە خوازەی ستایلی جیاواز بێت، ئەمە لەکاتێکدا ئێستە ستایلێک لە ڕۆمان هەیە، کە دژی ئەو ئاراستانە کاریکتەر ئاراستە دەکات.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** هەیە بەبێ سوورەی قەڵەمەکەی خۆی، کار بۆ کەسەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەمە چەند ئەگەرێکی هەیە، بەڵام ئەنجامدانی کارەکە بەپێی کاریکتەرەکە هەڵەیە، بۆیە ڕۆمانەکە بەو شێوەیە دەردەچێت کە ناکامڵە، یان هەڵەی میتۆدی تێدەکەوێت، ڕەنگە بڵێم دەقێک هەبێت دوو ڕەنگ دەبێت، بەهەرحاڵ ڕۆمان ئەگەر کوردەواری بێت، واتە فیکرەکەی موڵکی فەزای کۆمەڵایەتی کوردی بێت، یان مۆدێرن بێت، یان هەرە نوێخواز بێت، داهێنانێک تۆمار دەکات، هەموو ڕۆمانێکی گوندیانە سەرکەوتوو نییە، شارستانیانەش بەهەمان شێوە، جاربەجار سەرکەتوو نابێت، ئەگەر ڕەخنەی ڕۆمان بەهێز نەبێت، بۆیە تەنیا دەتوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر دەقەکە.

سمکۆ محەمەد:

***نەمبیستووە ڕۆمان لەژیان و فەزا و سیستمی گوندنیشیدا لەدایک بووبێت، بەپێچەوانەوە لەسیستمی سەرمایەداریی و ژیانی شاردا لەدایک بووە***

عەباس عەبدوڵلا یووسف:

***هەندێکجار ئەوەمان بینیوە، بۆ نموونە ئەو دەقانە بۆ درامای تەلەفزیۆنی دەبن، نموونەی مەرەزەمان هەیە، کۆمەڵگەی کوردیش، با بیرمان نەچێت هەموو یەک هاوڕەفتار، هاوشێواز و هاومیزاج نین، گوندییە و لە شار دەچێ، شارنیشیە و لەگوند دەژی***

لەپاریس ڕۆمانی نوێ لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەدایکبووە، سارتەر ناوی لێناوە ڕۆمانی (دژ) بۆ نموونە ڕۆمانەکانی ناتالی ساروت و ئالان ڕۆب گریێ و ڕۆبێرت پەنجێ و میشیل بۆتۆر، بەرانبەریش لە ئەمریکای لاتین جۆرە ڕۆمانێک پەیدا بوو، کە پێکهاتەکەی بەرووداو و گێڕانەوە و هزریی، بەکەڵک وەرگرتن لە کەلەپووری ئەمریکای لاتین، ئەم جیهانە ئەم دوو ئاراستەیەی تێدابووە و تائێستەش هەیە، سەرباری ئەمانەش ڕێچکەی سێهەم، ڕۆمانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە ئەورووپای خۆرهەڵات

(سۆڤیەت) سەری هەڵدا.

**سمکۆ محەمەد:** بۆچوونێکی گشتیی هەیە دەڵێت: لە گفتوگۆدا بابەتی کەسی ناکرێ باس بکرێت، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە دەمەوێ بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی خۆتەوە گرێی بدەم، تۆ بەشێکی زۆری ژیانت کێشەی هەژاریی خێزانی بووە، بەهۆی نەخۆشی کارەسات

> **سمکۆ محەمەد:**
>
> ***کۆمەڵگەی بیرکەرەوە چارەسەری بۆ قەیرانی ئابووریی خۆی هەیە، بەڵام کە بیرکەرەوە نەبوو، کە هەموو شتێکی بردەوە بۆ ئابووریی و ژیانی سادەیی و بێ بەرپرسیارێتی، ئەگەر موڵکی دونیاشی هەبێت هەر هەژارە، بۆ نموونە کوردستان خۆ نەوتی هەیە، ئەی بۆچی هەژاریی پێوە دیارە؟***
>
> **عەباس عەبدوڵڵا یووسف:**
>
> ***تۆ خۆت بەشێکی پرسیارەکەت وەڵام داوەتەوە، چونکە زاراوەکە لەمانا فرە ڕەهەندە: هەژاری ئابوریی، هەژاری مەعریفیی و هەژاری کلتووریی و هتد، ئەم حاڵەتەی کورد بەو شێوەیە نییە، کورد هەموو ئەوانەی هەیە، بەڵام کێشەی گەورەتری هەیە، کە نەبوونی دەوڵەتە***

چەند کەسێکی ئەندامانی خێزانەکەت لە دەست داوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری بەشێک لە فەزای ئەدەبیی تۆ، بۆیە ماوەیەک لەدەرەوەی خێزان ژیاویت و ژووری تایبەتیت گرتووە لەگەڵ خێزانێکی کەم دەرامەت، بەقسەی خۆت و قسەی برادەرە کۆنەکانیشت، ژوورەکەت بریتی بووە لە مونتەدا و شوێنی خوێندنەوە و مونافەشە و شوێنی حەوانەوەی برادەر و ئەوانەی، کە بەتۆ سەرسام بوون، ئەمە مەبەستی لەپشتەوە بوو، یان فەزایەکی خۆڕسک بوو، یان خۆ دەرخستن بوو؟ من ئەم قسەیە دەکەم خۆشم یەکێکم لەو خاوەن ستایلانە، کە هەمیشە لەماڵی من موناقەشە هەبووە و ڕۆژنامە دەرکراوە و سیاسەت و ڕێکخراو و حزب دروستکراوە.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** هەژاریی، ئاخ هەژاریی! بەتایبەتیش ئی بیست و پێنج ساڵەی سەدەی ڕابردوو، کە زۆر قورس بوو، کرێچیاتی و دڵۆپەی باران و تەقوتۆق و تیری ناگەهان، نەخۆشی زۆربوو، دەوا و دەرمان کەم بوو، خەڵک نەک لەڕووی مادییەوە هەژار بوون، لەڕووی فێربوونەوەش، نەخوێندەواریی تاڕادەیەک باوبوو، بۆیە ئەو بابەتەی، کە باس دەکرێت ترس دام دەگرێت، ڕاستە من بە ناچاریی ماڵم بەجێهێشت و بەتەنیا دەژیام، بەڵام بەشێکیشی یاخی بوون بوو لە دابونەریتی کۆمەڵگە، هەندێک جار لە جیاتی ململانێی نەریتی کۆمەڵگە، کە مەحاڵە، باشترین جیات (ئەلتەرناتیڤ) ئەوەیە بەتەنیا بژیت، ئەو تەنیاییە، هەم بۆخۆت، هەم بۆ هاوڕێکانت، کە وەک خۆت حەزیان لە ڕۆشنبیریی و ئازادییە، دەبێتە تەقسێکی ساماڵ و بە پیت و کراوە.


**سمکۆ محەمەد:** تۆ تێرمی هەژاریی زۆر لە ئابووریدا کورت دەکەیتەوە، لەکاتێکدا هەژاریی چەمکێکی کۆمەڵناسییە و پەیوەندی بە نەگەیشتنی کۆمەڵگەوە هەیە بەئاستی بەرز، بۆ نموونە هەژاریی لەلای من بریتییە لەهەژاری فیکریی، واتە بیرنەکردنەوە لەئایندە، نەک هەژاریی ئابوریی، هیندییەکان دۆخی ئابورییان خراپە بەرانبەر بەو ڕێژە مرۆییەی هەیانە، بەڵام ڤیگۆر و کارێکتەری مەزن و دیاریان هەیە لە دونیای ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیا و سینەما و تەسەوف، هەروەها لەبواری تەکنۆلۆژیا و شتی دیش، بۆ نموونە گاندی، کە نموونەی باڵای لێبوردن بووە بەرانبەر بەداگیرکاریی، تاگور بۆ خواناسیی و ئێستەش دەلایلاما، کە بەرهەمی مێژووی کلتووری ئەوانە، ئەمە خۆ وەڵامی ئەو ئارگومێنتە نەگونجاوەیە بۆ پرسێکی تیۆریی، یان فەلسەفی، چونکە کۆمەڵگەی بێ تموح و بێ ئاسۆ و تاکڕەهەند لەهەموو شتەکان و کایەکان، هەمیشە خۆی بەبابەتی بچووک و بێ بەهاوە خەریک دەکات، هەمیشە وەکو سواڵکەر تەماشای خۆبەڕێوەبردن و

بیرکردنەوە و مومارەسەی ژیان دەکات، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی بیرکەرەوە چارەسەری بۆ قەیرانی ئابووریی خۆی هەیە، بەڵام کە بیرکەرەوە نەبوو، کە هەموو شتێکی بردەوە بۆ ئابووریی و ژیانی سادەیی و بێ بەرپرسیاریتی، ئەگەر موڵکی دونیاشی هەبێت هەر هەژارە، بۆ نموونە کوردستان خۆ نەوتی هەیە، ئەی بۆچی هەژاریی پێوە دیارە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** تۆ خۆت بەشێکی پرسیارەکەت وەڵام داوەتەوە، چونکە زاراوەکە لەمانا فرە ڕەهەندە: هەژاری ئابوریی، هەژاری مەعریفیی و هەژاری کلتووریی و هتد، ئەم حاڵەتەی کورد بەو شێوەیە نییە، کورد هەموو ئەوانەی هەیە، بەڵام کێشەی گەورەتری هەیە، کە نەبوونی دەوڵەتە، هەروەها لەگەڵ یەک ئاراستەی فیکری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەیاری ڕووبەڕوو نەبۆتەوە، فریای ئەوە نەکەوتووە بیر لەتمووحی فیکریی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی ئەدەبیات، کەلەپوور و بەشێکی زۆری مێژووی خۆیەتی، ئەمانە دەبێت بنووسرێنەوە و کۆبکرێنەوە، لابچێ، چونکە بە درێژی تەمەنی فاهینم قسەی وەهام نەکردووە، کەی مەسەلەی هەژار تەئجیل دەکرێت؟! بابەتی بەکارهێنانی تیۆریش بۆ خوێندنەوەیە، ئەمە بەشێکی نەتەوەکانی ناوچەکە لە کورد باشتر نین، چونکە تیۆر پێویستی بە سەلماندن هەیە، بەراوردکردنی کورد بەهیندییەکان، بەراوردێکی نائاسایی و نەگونجاوە، ئەوان بە دایکی نەتەوەکان و شارستانیەت ناسراون، هەم لە ڕووی جوگرافی، هەم ڕێژەیی و هەم بوونیشیان وەکو مێژووی نووسراو، دەکرێت ئێمە خۆمان لەگەڵ نەتەوەی لەچەشنی خۆمان بەراورد بکەین، بەڵام دیسان بەو مانایە هەژار نین، کە نەتوانین بیر بکەینەوە، بەڵام بمانەوێ وەکو عەرەب و فارس بین، ئەمە لە ئەمڕۆدا نەختێ کاتی دەوێت.

**سمکۆ محەمەد:** هەندێک نووسەر هەن کە فرە بەهرەن، هەم شاعیرن، هەم شێوەکار و مەعریفین، تۆ هەم شیعر و هەم شێوەکار و هەم خۆشنووس بوویتە، ئەم هەموو کایەیەت چۆن پێکەوە گرێداوە، دەڵێن پێشانگایەکت کردۆتەوە، چۆن بوو؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** پێموایە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٥ بوو لەبن دیواری دادگای ئەوکات پێشانگەیەکی پۆستەرم کردووە، کە هەموو تابلۆکان ڕەخنەیی و دەلالاتی قووڵیان هەبوو، هەروەها ناونیشانی خەمخۆرانەیان هەبوو، یەکێک لەوانە ناونیشانەکەی (ئاشی خوێن لە شیلی) بوو، هاوهەڵوێست لەگەڵ گەلی شیلی و سیستەمی دیموکراسی سلڤادۆر ئەلندی-ە و کوژرانی چەند هەزار کەس، لەوانە گۆرانیبێژێکی جیهانیی، فیکتۆر گارا، ئەمە ئاماژەیەکی ڕەمزییە بۆ نشوستی شۆڕشی کورد، کەوابوو ئەو ناونیشانەی سەرەوە، بەمانای لە شیلی ئاش ئینسان دەهاڕێ و کەللەسەر بەر ئاشەکەیە، ناونیشانی دووهەم (گوڵ نییە، ئەتۆمە ئەتۆم) ئەم ناونیشانانە ڕەشە کۆمیدیایەکی خوێناوییە مانای ئەوەیە، ژیان هەمووی گوڵ نییە و کێشەیەکی گەورەتر هەیە ئەویش ئەتۆمە، ئەوکات هەموو کەس هەستی بەهەڕەشەی ئەتۆمی نەدەکرد، بۆیە من پۆستەری ئەتۆمم کرد، چونکە ئەوکاتی جەنگی سارد لە ئارابوو، مەترسی ئەتۆم هەبوو، بەتایبەتی لە جەنگی جیهانی دووهەم، کە بە ئەتۆم لە هێرۆشیما و ناکازاکی درابوو، وەکو ئەوەی



ئێستە لە ئۆکرانیا هەیە، کە قەومانی جەنگی ئەتۆم لەنێوان ئەمریکا و ڕووسیا کارەساتێکی گەورەیە.

**سمکۆ محەمەد:** پێشانگاکە لەکوێ بوو. کێ پێشانگاکەی کردەوە و چەند تابلۆ بوو؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ئافرەتێکی تێکۆشەری حیزبی شیوعی کردییەوە، تابلۆکان بریتی بوون لە ١٨ تابلۆی فەیبەر، بە بۆیاغی ئاوی (هەمووش) کێشرابوون لەبن دیواری دادگا بوو لەسەر زەوییەکە بە هەڵپەسێردراوی نمایشم کردبوون، ئێوارانیش دەمبردنەوە بن دیواری قوتابخانەی ئەیوبییەی کچان،

**سمکۆ محەمەد:**

**واتە تۆ ئەم بابەتە بەهەند وەرناگریت و بەبابەتێکی لاوەکی دەزانی، لەکاتێکدا بەدەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە**

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:**

**نا پێویست ناکات وردی بکەیتەوە، هەر کەسێک لەهەر سەردەمێک ژیابێت، سەردەمەکە دەینووسێتەوە، تۆ بۆخۆت بینووسەوە، بەڵام ڕەخنەگرتن لەبارەی پەراوێزخستنەوە، ناچێتە نێو ڕەخنەی بەهادارەوە**

من بەشێوەیەکی عەفەوی نمایشم کردبوون، بڕوام نەدەکرد خەڵک بەو شێوەیە پێشوازی لێ بکات، لە ڕۆژانی پاشتر زۆر بینەر هاتن بۆ دیدەنی، لە گۆڤار و ڕۆژنامە لەسەریان نووسی (نازم دلبەند)ی ڕۆژنامەنووس، لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ شتێکی لە بارەیەوە بڵاوکردەوە.

**سمکۆ محەمەد:** ئەی باشە مادام تۆ خۆت بەخاوەنی چەند بەهرەیەک دەزانی، بۆچی لەبواری شێوەکاری بەردەوام نەبووی، چونکە کەسانێک هەن، کە لەپەنای ئەدەب، هونەری شێوەکارییان کردووە بەبیرۆکەی بەردەوامی کار، ئەمە لە دونیادا هەیە، لەنێو کوردیش هەیە، وەک ئەدۆنیس کاندنسکی و هتد، لەنێو کوردیش ڕەنگە هاوڕێی خۆت بن، کە من ناویان ناهێنم تاکو نەبێتە ڕیکلامی ڕۆشنبیریی، چونکە ئەمەش کێشەیە وەختێک ناوی کەسێک دێت، بیر لەوە ناکرێتەوە وەکو نموونەیەکی ئاسایی وەرگیراوە، نەک وەکو ئایکۆنێکی ڕۆشنبیریی، ئەم جۆرە بیرکردنەوانەیە، کە ڕێیان لەموناقەشەی جددی گرتووە.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ڕاستە منیش خۆم بەدوور گرتووە لەریکلام کردن و ناوهێنانی کەس، هەر بۆ نموونە من کە عەلاگەی نایلۆنیش بەکاردەهێنم وەکو جانتا، دیواودیوی دەکەم و ناهێڵم ڕیکلامەکەی ببینرێت، ئەمە بەشێکە لە هەڵوێستی ڕۆشنبیریم، لەوەوە دیارە ڕیکلامیچی نیم، بەهەرحاڵ دیمەوە سەر تێبینیەکەت، من هەر شتێکم کردووە لەهەر بوارێکدا، وەکو سەفەرێکی کاتی بووە و نەگەڕاومەتەوە سەری، بۆ نموونە خۆشنووسیم کردووە وەکو هونەر و وەکو کار کردوومە، وەکو جۆرێک لە چێژوەرگرتن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەو ڕستە فیکریانەی پێویستیان پێی هەبووە، بۆ نموونە خاوەن تاکسی هەبوو داوای دەکرد تێکستیان بۆ بنووسم، ئەوکات ئەو نووسینانەی پشت جامی سەیارەی باو بوو، منیش بەهەگبەیەکەوە کە پڕبوو لە فڵچەو بۆیاغ و ئەو شتانە، ئیدی ئیدیۆم و پەندی شاز و کۆمێدیم بۆ دەنووسین، یان لەسەر جامی پشتەوەی پاسەکان بۆم دەنووسین، گەنجێکی شوفێری تاکسی داوای کرد قسەیەکی خۆشی بۆ بنووسم، سیاسی نەبێت، منیش بە خەتی ڕوقعە و بۆیاغ (خۆشەویستی پیرەژنان)م بۆ نەخشاند، زۆر کەیفی هات، کە لێم پرسی، گوتی: جەنگە با لەو بێزاریەی نەختێ پێبکەنین! من زۆربەی بابەتەکانم وەکو بەشداری فەرهەنگیی و هونەریی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کردووە، دەنا دەمتوانی بەردەوام بم، بەڵام هەر لەسەر شیعر نووسین بەردەوام بووم، چونکە لەهەموویان زیاتر بڕوام بەگوتاری شیعریی هەبووە، بۆیە تائێستەش بەردەوامم لە شێوازگۆڕکێی شیعریی.

# هونەر

- ***ڕۆڵی سیناریۆی فیلمی قەرەچ لە بونیادنانی فیلمی کوردیی دا***

داستان بەرزان



# ڕۆڵی سیناریۆی فیلمی قەرەج لە بونیادنانی فیلمی کوردیی دا

داستان بەرزان

**فیلمی قەرەج لەنێوان ئێستە و ڕابردوودا**

سیناریستی ئەم فیلمە لە نووسینیدا سوودی لە چامە شیعرییەکەی شاعیری ڕووسی (ئەلێکساندەر پۆشکین) وەرگرتووە، کە هەمان ناوە، بەڵام لە کۆنتێستێکی کوردییدا و لە میانی پرۆسەی (بە کوردییکردن و بە ئێرەکردن)دا، کە لێهاتووانە ئەدابتی بکاتەوە و گیانێکی کوردیی بە بەردا بکات و کەشێکی تەواو کوردیی تێدا بسازێنێت، کۆی ئەمانە لە ئاگاییەکی وردی کولتووریی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی دێن، کە نووسەر خستوونییەتە کۆنتێستی سیناریۆیەکی تۆکمە لەسەر ئاستە جیاوازە ڕەگەزییەکانی فیلمێکی خاوەن ناسنامەیەکی کوردیی. کە خاڵێکی بنچینەییە بۆ هەرکەسێک، کە مەبەستی بێت، کار لە دروستکردنی فیلمی کوردییدا بکات، بە تایبەتمەندییە هەمەچەشنەکانییەوە.

لایەنەکانی (تەکنیک و کامێرا و دەرهێنان، دەرهێنانی هونەریی و ... هتد) لەم فیلمەدا سەرنجی زۆر هەڵدەگرن و کەمترین دیمەن لە فیلمەکەدا هەن، کە لەسەر ئاستێک لە ئاستەکانی دروستکردنی فیلمی سینەمایی سەرنج هەڵنەگرن، دواجار بەلاوازی کۆی فیلمەکە دەگەڕێت، بەڵام ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە فۆکەس لەسەر ڕەگەزی سیناریۆ بکەین و لە بایەخی ئەو ڕەگەزە گرنگەی فیلمەکە بگەین، چونکە مەرج نییە فیلمێک لەسەر هەندێک لایەنی وەک ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن باش نەبوو ئیدی لایەنێک، یان چەند لایەنێکی دیکەی فەرامۆش بکرێت و جێگەی ڕامان و قسەکردن نەبێ، بەپێچەوانەوە ئێستە کێشەی ئەو بۆچوونانەی لە هەمبەر بەرهەمە هونەرییەکان دەکرێن ئەوەیە، ناتوانرێت هەر ڕەگەزێک و بە جیا قسەی تایبەتی لەسەر بکرێت و لێکبدرێتەوە، بەڵکو لە ئاکامی لاوازیی هەر کام لە ڕەگەزەکانم سەرجەمی فیلمەکە دەخرێتە کەنارەوە و زۆرجار بە فیلمێکی خراپ دادەنرێت.

فیلمی قەرەج بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغ و سەردەمی دروستکردنیشی ناکرێت وەک فیلمێکی تەواو لە ڕووی سەرجەم پێکهێنەرەکانییەوە وەربگیرێت، چونکە هاوسەردەم و زۆر لە پێشتریش کاری زۆر باش و سەرکەوتووی فیلمسازی کراون، کە لەو بوارانەی لەم کارەدا بە لاواز دەردەکەون توانیوویەتی دەرەنجامی گرنگ بخاتەوە، تەنانەت بەشێک لەو فیلمانە تاکو ئێستەش کاری درەوشاوەی نێو ئەو مێژووە کورتەی ئێمەن، لە دروستکردنی فیلمی سینەماییدا، هۆکاری خراپی ئەم لایەنانەی فیلمەکە هەرچییەک بن، ناکرێت بیبێنە هۆی چاوپۆشی لە نزمی ئاستی زۆرینەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی فیلمەکە، هەڵبەت لەنێو ئەوانەدا ڕەگەزی نواندن کەم و زۆر و بە پلەی جیاواز لای ئاکتەرەکان ئامادەیی هەیە، لە هەندێک دیمەندا سەرباری نەبوونی چەند ڕەگەزێک بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی نواندن، کە لە تایتڵ و تەنانەت کۆی فیلمەکەشدا درکیان پێ دەکرێت، بەڵام هێشتان ئاکتەرەکان خەریکن ڕیزبەندییەک بۆ ئاستەکانی نواندنیان دروست دەکەن و بە ئەندازەی جیاواز بەرجەستەی ڕۆڵەکانیان دەکەن.

> ئەم فیلمنامەیە بە دیدێکی کۆمەڵناسیانەی سینەما مامەڵەی لەگەڵ کلتوورێکی خۆماڵیدا کردووە و ئەوەی کردۆتە کەرەستە و بابەتی سەرەکی فیلمەکەی

## سیناریۆ وەک خاڵی درەوشاوە

خاڵی گرنگ لەم ئیشەدا چیرۆکی فیلمەکە و سیناریۆکەیەتی، کە بەسەرهاتی کوڕێکی گەنجی شار دەگێڕێتەوە لەدەست دەستەڵاتی ئەو سەردەمە هەڵهاتووە و ڕێکەوتی کەسێکی قەرەج دەکات، ئەویش دەیباتەوە نێو هۆزەکەی و پاش ئاسایی بوونەوەی دۆخی نالەباری، بڕیار دەدات لە ناویاندا بمێنێتەوە و هاوسەرگیریی لەگەڵ کچەقەرەجێکی هۆزەکەدا بکات، بەڵام ئەو وەک مرۆڤێک، کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی شارستانییەتە، هەستێکی توندی ئیرەیی دایدەگرێت لەبەرانبەر کوڕێکی نێو هۆزەکەدا، کە پێشتر نیازی هاوسەرگیریی هەبووە لەگەڵ هەمان ئەو کچەدا، کە ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردووە. لە ئاکامدا ئەم هەستە سەردەکات بۆ ئاستێکی مەترسیدار و لە دیمەنێکی پڕ لە بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتندا.

لە یەک کاتدا هەم کوڕی هۆزەکە و هەم ژنەکەیشی دەکوژێت، ئەگەرچی زۆر تێناپەڕێت پەشیمانی دەردەبڕێت، بەڵام کاتێک کە کارلەکاترازاوە و ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات، ڕوویداوە، هۆزە قەرەجەکەش بەوپێیەی کوشتن وەک کارێکی نەکردە و مەحاڵ تەماشا دەکەن هیچی لە بەرانبەر ناکەن، لە جێهێشتنێکی هەمیشەیی زیاتر لەسەر گۆڕی هاوسەر و گەنجە کوژراوەکەیان زیاتر!

ئەوەی وەک چیرۆکێکی کورت لێرەدا خستمانەڕوو گێرانەوەیەکی کورتی سیناریۆیەکی ورد داڕێژراوە، کە نووسەر بە سەلیقەیەکی سینەمایی و لە زنجیرەیەک دیمەندا ئامادەی کردووە، ئەو لەم کارەیدا بە جۆرێک سەرکەوتوو بووە، هەرگیز بۆ چرکەیەکیش بیرمان لای ئەو تێکستە بنچینەییە نییە، کە بەرهەمەکەی لێوە ئامادەکردووە، بەڵکو دیمەن لە پاش دیمەن زیاتر دەمانخاتە نێو کەشێکی کلتووریی پەیوەست بە نەریتەکانی هەردوو دونیای کوردیی و ئەو دونیا تایبەت و سادە مرۆییەی، کە قەرەجەکان لە ژیانی خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن!

لەم فیلمەدا نووسەر و سیناریست لێهاتووانە کاری لەسەر بەستنەوەی چیرۆکەکەی (پۆشکین) کردووە، بە مەبەستی بەستنەوەی بە دونیای کوردییەوە، لەو ڕێگەیەوە ژیانی شار و ژیانی قەرەجەکان دەخاتە نێو ململانێیەکی درامییە و بەو هۆیەوە بەشێک لە کلتوور و نەریتەکان نیشان دەدات و وردەکاریی هەندێک لە دابەکانی ئەو دوو دونیایە بەرجەستە دەکات. لەوێدا دیدی مرۆیی ئەو دوو جیهانە دەردەخات و هۆشیاریی ژیاریی هەرکامیان لەلای ئەوی دیکەیان دەکاتە مایەی قسەوباس و لە کۆمەڵێک دیالۆگدا بەیانیان دەکات، چەمکەکانی وەک پارە و ئیرەیی و دەوڵەمەندیی و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە مایەی سەرنجی کاراکتەرەکان و خولیای مرۆیی قەرەجەکان بۆ




ژیان و مامەڵە بێگەردیان لەگەڵ ژن و سەربەستیدا بەیان دەکات.

نووسەری ئەم فیلمنامەیە بۆی گرنگە پاڵپشت بە دیدی و ڕوانگەی قەرەج گوتارێک بۆ ژیانێکی

> «لەم فیلمەدا نووسەر و سیناریست لێهاتووانە کاری لەسەر بەستنەوەی چیرۆکەکەی (پۆشکین) کردووە، بە مەبەستی بەستنەوەی بە دونیای کوردییەوە»

بێخەوش و دوور لە سانسۆرەکانی ئایدۆلۆژیا و دوورتر لە گیانی پڕ لە گرێ و گۆڵی مرۆڤی نێو شارستانییەت بونیاد دەنێت و بانگەشەی مۆراڵێکی مرۆڤدۆستانەی بێ جیاوازیی لە نێوان تاکەکان و نێر و مێدا دەکات و بە ئاشکرا پێمان دەڵێت: ئێمەی مرۆڤ بە تێکەڵبوونمان بە ژیانی شارستان گیانی مرۆڤانەمان گەردباران دەبێت و لە بنچینە خاوێنەکەی خۆمان لادەدەین و خۆمان دەخەینە بەردەم ژەهرە کوشندەکانی دونیایەکی سەرڕێژ لە ڕق و دزێوی و خولیای ناپاکیی و خەونی تۆڵەسەندنە، کە سەرئەنجام هەر ئەو دونیایە دەمانکاتە دڕندە و بەرمان دەداتە گیانی یەکدی، ئەگەرنا لە دەرەوەی ئەو دونیایە دەکرێت ژیان پاکتر و ڕەسەنتر و بێ ئازارتر بێت، ئەو ئازادیی و یەکسانیی و دادپەروەرییەی باوەڕەکان و ئایدلۆژیاکان لە جیهانی شارستاندا وەک خەون و بەڵێنی درۆزنانە بۆمانی دەسازێنن، لەوێدا بەبێ هیچ ئاستەنگ و بەربەستێک ببنە ڕێسا و نەریتێکی ئاسایی و سروشتی نێو ژیان و هەمووان بەبێ جیاوازیی لە چین و ئاست و پلە و...هتد لێیان بەهرەمەند ببین.

### فیلمی کوردیی، یان فیلم بە کوردیی


ئەم فیلمنامەیە بە دیدێکی کۆمەڵناسیانەی سینەما مامەڵەی لەگەڵ کلتوورێکی خۆماڵیدا کردووە و ئەوەی کردۆتە کەرەستە و بابەتی سەرەکی فیلمەکەی، کە بەشێکە لە ژیانی مرۆڤی کۆمەڵگای کوردیی، نەک وەک بەشێکی زۆر لە فیلمەکانی ئەمڕۆ، کە دەبینین ئەوە دەکەنە فیلم، کە لە فیلمەکاندا دەیان بینن و هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلانی دیکەن، بۆیە سەرئەنجام نامۆ و بێ گیان دەکەونەوە و نابنە بەشێک لە خەمی بینەرەکانیان! کە بێگومان لەم فیلمنامەیەوە ئەو کەمی و لاوازییانە باشتر پەی پێ دەبەین، کە بۆتە گرفتی سەرەکی زۆرێک لە فیلمە سینەماییەکان و دەردەکەوێت ئەوانەی ئێستە خەریکی سینەمان لە چ بێئاگاییەک دان بەرانبەر کەیس و کێشەکانی نێو ژیانی ئێستە و ڕابردووی خۆیان، ئەمەش بۆتە گرفتێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانیاندا

دواجار ڕەنگە بەهەند وەرگرتنی ئەم کارە لە ڕووی ڕەگەزی سیناریۆوە وانەیەکی پێویست بێت بۆ ئەو کەسانەی بیر لە نووسینی جۆرە سیناریۆیەک دەکەنەوە، کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە و نەریت و مێژووی کورد بێت، بە واتایەکی دیکە ڕەسەن بێت و لە لایەنی چیرۆکەوە هەڵگری ناسنامەیەکی کوردیی بێت بۆ بونیادنانی سینەمایەکی کوردیی. بە مەرجێک هێزی قووڵبوونەوەیان هەبێت بۆ هەڵێنجانی بابەت و بیرۆکەی فیلم لەنێو کلتووری ئێستە و ڕابردوودا و بە مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەکەیاندا ڕۆبچن و مەبەستیان دروستکردنی شوناسێکی تایبەت بێت بە سینەمای کوردیی، واتە ئامانجیان بونیادنانی سینەمای کوردیی بێت، نەک تەنیا مەبەستیان فیلم دروستکردن بێت بە زمانی کوردیی.



یمەنێک لە فیلمی قەرەج

- ناوی فیلم: قەرەج
- ساڵی بەرهەمهێنان: ١٩٩١
- نووسین و سیناریۆ: شێرزاد حەسەن
- دەرهێنان: سەرکەوت مەجید
- نواندنی: نیاز لەتیف، فەرهاد محێدین، ڕووبار ئەحمەد
- کامێرا: شەماڵ ئەحمەد ڕەشید



# خوێندنەوەی کتێب

- **کتێبی .. ڕەنگڕێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا**

ڕۆستەم خامۆش

- **هەوڵە هونەرییەکەی خدر عومەر کۆیی لە کتێبی حاجی قادری کویی**

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

# کتێبی .. ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا

(ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا) فازیل شەورۆ، بە سوود وەرگرتن لە پەنجا و پێنج سەرچاوەی کوردیی، عەرەبیی و ئینگلیزیی، ئەو کتێبەی نووسیوە.

کە سەیری بەرگی پێشەوەی کتێبەکە دەکەی، وا هەست دەکەی، کە بۆ منداڵان نووسراوە، چونکە وێنەی منداڵێکی کچ دەبینی، کە بە ڕوویەکی خۆشەوە خەریکی بۆیە کردنە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ گەورە ساڵان نووسراوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەبارەی ئەدەبی منداڵان، زانیارییەکانیان زیاتر بکەن. زۆرجار گلەیی ئەوە دەکەین و دەڵێین، کتێبمان بە زمانی کوردیی لەبارەی ئەدەبی منداڵان نییە، کە لە ڕاستیشدا وایە، ئەوەی هەمانە، لە پەنجەکانی دوو دەست تێناپەڕن، بۆیە هەر کەم و کوورییەک هەبێ لە نووسینی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، یەکێ لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکان، نەبوونی کتێب و توێژینەوە و سەرچاوەی زانستییە لەو بارەیەوە، بۆیە کاتێک کتێبێک، چ دیمانەی شاعیر و نووسەرانی ئەو بوارە بێت، یان لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، دڵخۆش دەبین و دیدەمان ڕۆشن دەبێتەوە بە ناوی نوسەر، لاپەڕە و ناوەڕۆکی کتێبەکە، چونکە بە لای من و زۆرێک لە شاعیر و نووسەرانی دڵسۆزی ئەدەبی منداڵان، ئەوە وەک پێویستییەک دەیبینین و بە گرنگ لێی دەڕوانین.

کتێبی (ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا) یەکێکە لەو کتێبانەی، دەکرێ وەک سەرچاوە لێی بڕوانرێ و شاعیران و نووسەرانی بواری منداڵان، کەڵک و سوودی لێببینن، چونکە بە شێوەیەکی زانستییانە نووسراوە و ئەوەی پێوە دیارە، کە نووسەر فازیل شەورۆ وەک خەمخۆرێکی ئەو بوارەیە، شارەزای ئەدەبی منداڵانە.

فازیل شەورۆ، لە لاپەڕە (٣)ی کتێبەکەیدا نووسویەتی: (پێشکەشە بە: خەمخۆرانی ئەدەبی منداڵان) بۆ وای نووسیوە؟ چونکە تەواو درکی بەوە کردووە، کە ئەدەبی منداڵانی کورد، جگە لە هەندێک خەمخۆر و دڵسۆز، ئەوانی دیکە لە سایەی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوە، بە ئاسانی بەرهەمەکانیان بۆ چاپ دەکرێ و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەقەکانیان بڵاودەکەنەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوانە وەک پێویست شارەزا نین، بۆیە «فازیل شەورۆ» لای خۆم باسی کردووە و گوتوویەتی: ئەدەبی منداڵان وێرانە، لە کۆڕ و جێگەی دیکەش باسی کردووە، بۆیە ناوەڕۆکی کتێبەکەی بریتییە لە ڕەخنەی ئەدەبیی.

ئەو دەیەوێت پەیامی ڕاستەقینەی ئەدەبی منداڵان، بە ڕێگەی ڕەخنەیەکی بونیادنەر، بگەیەنێتە خوێنەرانی ئارەزوومەندی ئەو بوارە.

بابەتی ژینگە بووەتە کرۆکی کتێبەکە، بۆیە توێژینەوەکە لەڕێی ئەدەبی منداڵانەوە، گرینگیی ژینگە دەخاتەڕوو، یان دەتوانین بڵێین ژینگە و ئەدەبی منداڵان، بە هاوبەشی بوونەتە ناوەڕۆکێکی سەرنج ڕاکێش.


فازیل شەورۆ، کەسێکی فرە بەهرەیە و دەستی بۆ زۆر بابەت و بواری جیا جیا بردووە و تێیدا سەرکەوتوو بووە.

وەک شاعیر، کۆمەڵێک شیعری ناسک و جوانی نووسیوە، یان وەک نووسەر و ڕەخنەگر، سەدان وتار و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی پێشکەش کردووە، لە بواری هونەرییش کەسێکی دەست ڕەنگینە، ئەگەر باسی پەروەردەش بکەین، ئەوا قسەی زۆر هەڵدەگرێ، چونکە وەک مامۆستایەک، کە لە هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتی لیبیا وانەی گوتوەتەوە و پیشەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە و دڵسۆز بووە.

جگە لە چەند بوارێک، ئەو کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای پەروەردەیە، لە ئێستەدا خاوەنی چەندان کتێبی بە نرخە لە بوارەکانی: ئەدەبیی، ڕۆشنبیریی، کلتووریی و پەروەردەیی... هتد.

نووسەر لە لاپەڕە (٥)دا دەڵێ: ((گەیشتمە ئەو قەناعەتە، کە ژینگە، وەک بابەت و چەمک و بایەخ، حزووری گەرمی لە شیعری منداڵانی کوردیدا هەیە)).

لە لاپەڕە (١٠)ی کتێبەکەشدا، دەڵێ: لەتیف هەڵمەت یەکەم شیعری بۆ منداڵان لە ساڵی (١٩٧٥) نووسیوە



ڕۆستەم خامۆش




و لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق) بڵاوی کردووەتەوە و یەکەم کۆبەرهەمی بۆ منداڵان لە ساڵی (١٩٧٩) بە ناوی (جوانترین دێ) چاپ کردووە. بێگومان ئەوانەش دوو زانیاری باشن لەبارەی لەتیف هەڵمەت و ئاوڕدانەوەی لە ئەدەبی منداڵان.

هەرچەندە زۆرن ئەو شاعیرانەی، کە شیعریان لەبارەی ژینگە بۆ منداڵان نووسیوە، بەڵام نووسەر، تەنیا ئاوڕی لە بەرهەمی (٣٢) شاعیر داوەتەوە، کە ئەمانەن:

(گۆران، لەتیف هەڵمەت، عەزیزی مەلای ڕەش، ئەسعەدی لوڕزادە، ئەمین محەمەد، ع.ع. شەونم، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، کەمال ئەسعەد چەرمەگا، ئەلند مزووری، خالید عەبدل، محەمەد بەرزی، گوڵاڵە ستاوەند، ئازاد عەبدولعەزیز مزووری، هاوژین سلێوە، ئەمین سەپان، محەمەد داریاس، ئیبراهیم ئەحمەد شوان، تەها بیلال، دایکی سۆلاف، لەیلا مستەفا خۆشناو، زەکی ئەحمەد هەناری، فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، ڕۆستەم خامۆش، مەدحەت بێخەو، ئیبراهیم باڵدار، بڕوا موحەممەدی، ڕەئوف جەمیل، ئەحمەد محەمەد چاوشین، مام هەژار، ئەحمەد حسێن ئەمین، نەجیبە ڕەحمانی، جەمال گردەسۆری) کە بەشێکیان شاعیری ناسراون و بەرهەمی زۆریان بۆ منداڵان هەیە، وەلێ چەند شاعیرێکیان وەک پێویست ناسراو نین، ئاوڕدانەوەشی لەو چەند شاعیرە، ڕەنگە بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە:

یەکەم: دوای خوێندنەوەی شیعری زۆرێک لە شاعیرانی ئەو بوارە، لای پەسەند نەبوونە، بۆیە بە شایستەی ئەوەی نەزانیوە لەو کتێبەیدا تۆماریان بکات.

دووەم: ڕەنگە کات و دەرفەتی ئەوەی نەبووبێ زیاتر بە دوای بەرهەمی چاپ کراوی شاعیرانی بواری منداڵاندا بگەڕێت، کە شیعریان بۆ ژینگە نووسیوە، چونکە نووسەر ژیانی لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێرلەندا، دەگوزەرێنێ.

سێیەم: هەموو شاعیرانی بواری منداڵان، شیعریان نییە تایبەت بێ بە ژینگە.

خاڵێکی دیکەش، ڕەنگە نەیویست بێت قەبارەی کتێبەکەی لەوەگەورەتربێ، جالەبەرهەرهۆکارێک بێ.

پەیام و ناوەڕۆکی کتێبەکە، بریتییە لە ڕەخنەی ئەدەبیی، کە دەکرێ ئەویش بۆ سێ خاڵ دابەش بکەین، کە نووسەر بەم شێوەیە مەبەستەکەی گەیاندووە:

یەکەم: بەرهەمی ئەو شاعیرانەی ئاماژە پێکردووە، کە زۆر بە دڵی بووە و پێی وایە دەقەکانیان زۆر جوان و ناسک و پەیامدارن، بەو پێیەی، کە زۆر بە وردیی لەسەر دەقەکانیان دواوە و زیاتری لەبارەوە نووسیون.

دووەم: کۆمەڵێک شیعری جێکردووەتەوە و کەمتر لەوەی یەکەم لێکۆڵینەوەی لەبارەیانەوە کردووە، بەڵام ئەو تێکستانەشی پێ باش بووە، کە ئاوڕیان لێبداتەوە.

سێیەم: بە توندی ڕەخنەی لە چەند دەقێکی شیعریی گرتووە، کە دەقنووسەکان وەک پێویست نەیان توانیوە بچنە نێو ناخی منداڵان، چونکە ئەو شیعرانە دوورن لە زمانی منداڵ.

لەبارەی مافی منداڵانەوە، لە لاپەڕە (١٧) نووسیویەتی:

((جارنامەی «مافی منداڵ»یش لە گاڵتەجاڕییەکی پووچ بەو لاوە، هیچی دیکەی تێدا نییە بۆ منداڵ. داتاکانی جیهانی لە (٢٠٢٣) دەڵێن پتر لە (١٦٠) ملیۆن منداڵ کاری قورسیان پێدەکرێت، پتر لە (١١٨) ملیۆن کەس ئاوارە و دەربەدەرن لە جیهان، پتر نیوەیان منداڵن، ئەوە دەرد و نەخۆشی و برسیەتیی منداڵان هەر مەپرسە!))

وادیارە پەیوەندی نێوان شیعر و ژینگە، زۆر لەوە دێرینترە، بەڵام وەک پێویست لە بارەیەوە نەنووسراوە، بۆیە لە لاپەڕە (١٩)دا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکات و دەڵێت:

((وتوویژکردن دەربارەی ئاوێتەیی نێوان شیعر و ژینگە زۆر دێرینە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتون و هیپۆکرات و ئەرستۆ، وە تیوفراستوس، کە شاگردی ئەرستۆ بووە و توێژینەوەی دەربارەی پەیوەندی نێوان بوونەوەرەکان کردووە))

ناوەڕۆکی کتێبەکە دەوڵەمەندە، بەڵام ناوی کتێبەکە زۆر درێژە و هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی بۆی لەبەر ناکرێ، لە جیاتی ناوی (ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا) دەکرا کورت و ئاسانتر بوایە، بۆ نموونە: (ژینگە و شیعری منداڵان، یان

**“ لەتیف هەڵمەت یەکەم شیعری بۆ منداڵان لە ساڵی (١٩٧٥) نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق) بڵاوی کردووەتەوە و یەکەم کۆبەرهەمیشی بۆ منداڵان لە ساڵی (١٩٧٩) بە ناوی (جوانترین دێ) چاپ کردووە ”**

ژینگە لە شیعری منداڵانی کورد)

لەبارەی کتێبی (نەوبووهارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانی، نووسیویەتی: (لە ساڵی ١٦٨٢ چاپ کراوە) ڕاستییەکەی لە ساڵی (١٦٨٣) نووسراوە و چەند جارێک چاپ کراوەتەوە. لە ماڵپەڕی (ویکیپیدیا)شدا هاتووە: (نووبەهارا بچووکان، ١٦٨٣، فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی، کە بە شیعر، بۆ منداڵانی کوردی داناوە، کە فێری زمانی عەرەبی ببن کە ئەو سەردەمە زمانی دین و زانست بووە. یەکەم جار لە ١٩٢٦ لە ڕەواندز چاپکراوە)

ئەوەی تا ئێستە زانراوە دوو جاری دیکەش چاپ کراوەتەوە. وا دیارە بەپێی ماڵپەڕی (ڤەژینبوکس) لە (ناوەندا وەشانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی (انتشارات صلاح الدين ايوبي) لە شاری ورمێ لە ساڵی ١٩٨٨ چاپکراوەتەوە. جارێکی دیکەش لە شاری بەغداد، لە ساڵی ١٩٩٠ لە چاپخانەی ئەلڕەشید چاپکراوەتەوە.

لە ماڵپەڕی (سپی میدیا) نووسینێکی «ڕەزا شوان» بەناونیشانی (ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان) بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێ: ((کتێبی نووبەهارا بچووکان، چەندین جار و لە چەندین شوێندا، دووبارە و چەند بارە، جار لە دوای جاریش باشتر و جوانتر چاپ کراوەتەوە. ئەمانە ناوی هەندێ لەو شوێنانەن لەگەڵ ساڵی چاپکردنی کتێبی نووبەهارا بچووکان: (ئەستەمبوڵ: ١٨٩٢) (بەرلین: ١٩٠٣) (دیمەشق: ١٩٤٥) (بەغدا: ١٩٧٩) بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی (١٩٢٦)دا، لە باشووری کوردستان، لە چاپخانەی (ڕەواندوز) لە لایەن «حوسێن حوزنی موکریانی»یەوە چاپ کرا، لە ساڵی (١٩٣٦)دا لە لایەن شاعیر و فەیلەسوفی گەلەکەمان «پیرەمێرد» لە چاپخانەی (ژین) لە شاری سلێمانی چاپکرایەوە لە چەند شوێنی تریشدا چاپکراوەتەوە))

لە ڕووی ڕێنووس و زمان و خاڵبەندیی، کەمترین هەڵەی تێدایە، پێم وایە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ وردبینی و جوان خوێندنەوەی هەمزە عەباس فەقێ، کە هەڵەبڕی بۆ کتێبەکە کردووە.

لە پەراوێزی لاپەرە (٥٩) نووسراوە ژینگەی کوردستان، هاوبەش، شیعر بۆ منداڵان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢٠، ڕاستە بەرهەمی (١٦) شاعیرە، بەڵام کۆکردنەوە و ئامادە کردنی «ڕۆستەم خامۆش»ە.

لە پەراوێزی لاپەرە (٧٩) نووسراوە: ڕۆستەم خامۆش، هاوڕێی پێنووس، چاپخانە؟ نیشانەی پرسیار دانراوە، وەک ڕاست کردنەوە لە کتێبەکە نووسراوە: چاپخانە: تاران.

**سەرئەنجام:**

- کتێبەکە ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند و بە پێزی هەیە لەبارەی بونیادی ژینگە لە شیعری منداڵاندا، لەکاتی خوێندنەوەدا کۆمەڵێک زانیاری باش دەکەونە پێش چاو، هەست دەکرێ، کە نووسەر بە ڕۆح و دڵ ئەو کتێبەی نووسیوە و دڵنیا دەبی، کە خەمخۆر و دڵسۆزی ئەدەبی منداڵانە.
- هەرچەندە ژمارەی ئەو شاعیرانەی، کە شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە لە بواری ژینگە، زۆر لەوە زیاترن، کە لەو کتێبەدا ناویان هاتووە.
- کارێکی زۆر باشی کردووە، لە هەڵبژاردنی شاعیرەکان، لە ڕووی جیاوازیی تەمەن و شوێنی نیشتەجێ بوونەوە.
- نووسەر، نەهاتووە بزانێ کێ ناو و ناوبانگی هەیە لە کتێبەکەی جێی بکاتەوە، بەڵکو ئەو کتێب و سەرچاوانەی دەست کەوتووە و بوونەتە ئاسانکاری بۆ نووسینی کتێبەکەی.
- بۆیە پێم باشە «فازیل شەوڕۆ» زیاتر گرنگیی بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بدات لەبارەی ئەدەبی منداڵانی کورد، چونکە ئاستی ڕۆشنبیریی و دونیابینی و توانای قەڵەمەکەی و خۆشویستنی ئەو بوارە، ئەوە لە فازیل شەوڕۆ دەخوازێ.

* ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا، بابەتێکی ڕەخنەیی ئەدەبییە، فازیل شەوڕۆ نووسیویەتی و هەرخۆشی پیتچنینەکەی کردووە. هەمزە عەباس فەقێ، هەڵەبڕی کردووە. دیزاینی بەرگەکەشی لە لایەن عادل زرار خەتی کراوە. بەرگ: نەوزاد موحەممەد کۆیی. توانا ئەحمەد-یش دیزاینی ناوەڕۆکەکەی کردووە.

بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپکراوە. وەک نووسەری کتێبەکە دەڵێ: ئەم کتێبە بە سوپاسەوە لە بەرکی (سامان سەمەد- سامانە ڕەش) چاپ کراوە.

**سەرچاوە:**

کتێبی (ڕەنگرێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا) فازیل شەوڕۆ، چاپخانەی پاندا، سلێمانی ژمارەی سپاردنی (٨١٨) ساڵی ٢٠٢٣ ماڵپەڕی کوردیپێدیا، ماڵپەڕی ویکیپیدیا- ماڵپەڕی ڤەژینبوکس، ماڵپەڕی سپی میدیا.

"

**بابەتی ژینگە بووەتە کرۆکی کتێبەکە، بۆیە توێژینەوەکە لەڕێی ئەدەبی منداڵانەوە، گرینگیی ژینگە دەخاتەروو، یان دەتوانین بڵێین ژینگە و ئەدەبی منداڵان، بە هاوبەشی بوونەتە ناوەڕۆکێکی سەرنج ڕاکێش**

"

## هەوڵە هونەرییەکەی خدر عومەر کۆیی

# لە کتێبی حاجی قادری کۆیی

بیرمەندی کورد مسعوود موحەممەد لە بەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) دەربارەی کۆیە و لایەنە گەش و دیارەکانی ئەو شارەی نووسیوە و پەردەی لەسەر زۆر لایەن هەڵداوەتەوە و لە زۆر بواران دواوە.

لەو چوارچێوەیەدا کاتێک هاتۆتە سەر ژیانی هونەری لە کۆیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کتێبخانەی جەلیزادان دەستنووسێک بە ناونیشانی (الاذکار للامام النواي) بوونی هەبووە و بە خامەیەکی ڕەنگین و هونەرێکی جوان نووسراوەتەوە و بۆ ئەو جێگەی سەرنج بووە.

لەبارەی نووسەری دەستنووسەکەش نووسیویەتی: «لە کۆتایی کتێبەکە مێژووی نووسینەوەی هەیە و ساڵی ٧٧٦ی کۆچی تۆمار دەکات کە دەوەستێتەوە بەرانبەر ساڵی ١٢٧٤ی زایینی ... خاوەنی دەسنووسەکە، خۆشبەختانە ناوی خۆی و نشیمەی بەتەواوی و ڕەوانی بەیان کردوە و دەنووسێ خضر بن عمر الکویسنجقلي موطنا»

مەسعوود موحەممەد لە بابەتەکەیدا لە لایەک ناوەرۆکی دەستنووسەکەی کردۆتە بەڵگەی ئەوەی لە سەدەی سێزدەهەم هونەرمەندێکی خۆشنووس لە کۆیە بوونی هەبووە، لە لایەکی دیکەش کردوویەتییە بەڵگەی ئەوەی، کە ناوی




کۆ بەرهەمی مەسعوود موحەممەد، کە بەم دواییە چاپ و بڵاوکرایەوە



د. ئەحمەد حەمەدئەمین

(کۆیسنجق) بەر لە حوکمی عوسمانییەکان بوونی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی نووسیویەتی: «لە لایەنی زانیاری مێژوویی ڕوتیشەوە ئەوەمان تێ دەگەیێ [مەبەستی دەستنووسەکەیە – ئەحمەد] کە ناوی کۆیسنجق کۆنترە لە حوکمی عوسمانی، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیلخانی وایا لەویش کۆنتر بۆ دەوری فەرمانڕەوایی نەوەکانی هۆلاکۆ ... لەو سەردەمە کۆنانەدا سنجق هەر واتاییکی ڕاگەیاندبێ، کۆیی ئەوسا هەو بوە».

مەسعوود موحەممەد لەبارەی دەستنووسەکە و خانەوەکەی، ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە لەسەرەتادا تەنیا تاکە لایەنی هونەری خەتخۆشی لە کۆییی بۆ ڕوون بۆتەوە، بەڵام ئەوەی لە دواتردا بۆی بۆتە جێگای بایەخ پێدانی زیاتر بڵاوبوونەوەی وتارێکی دکتۆر مستەفا جەواد بووە لە ڕۆژنامەی (الثورة) کە تێیدا بابەتێکی دەربارەی مەقامی عێراقی نووسیوە، دکتۆر مستەفا جەواد بەبێ ئاگاداری ئەوەی دەستنووسێکی وابوونی هەبێت گرنگی و بایەخی بە دەستنووسەکە و خاوەنەکەی و شاری کۆیە داوە، کاتێک هاتووە باسی دوو مۆسیقاری گەورەی کردووە، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە زارەوە (اصطلاح)ی فارسیی ناو مەقامەکان بەرەو خۆراوای وڵاتانی عەرەبیی بڵاوبۆتەوە. مەسعوود موحەممەد بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی یەکەم مۆسیقارەکە بکات دەڵێت: «دەخلیکم بەسەر یەکەمیانەوە نیە، بەڵام بە نیسبەت دوەمەوە دەڵێ [مەبەستی دکتۆر مستەفا جەوادە – ئەحمەد] الجمال المشرقي خضر بن عمر الكردي». ئەوە ئەو خدر عومەر کۆییە و هەمان خەتخۆش و نووسەری دەستنووسەکەی (الاذكار للامام النواي)یە، لەم بارەیەوە مەسعوود موحەممەد نووسویەتی: نەک هەر کورد، کۆییشە. پێی ناوێ بڵێم خضر بن عمر الكردي کەسێک نیە غەیری ئەو خضر بن عمر الكويسنجقلي –یە، هەڵبەتە ئەو لە نووسینی خۆیدا ناڵێ الجمال المشرقي چونکە عادەت نیە، جوانیش نییە نووسەرەوەی کتێب وەیا دانەرەکەی خۆ هەڵداتەوە بەلەقەبان، بەڵکو بە پێچەوانە خۆی هەڵدانەوە، جاران خۆشکاندنەوە باو بوو، زاتەن ئەمیش لە پێش ناوەکەی دەنووسێ الراجي لطف ربه الاكبر».

ئەگەر بێت و سەیری ئەو بابەتەی مەسعوود موحەممەد بکەین، بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە یەکێک لەو دوو مۆسیقارە گەورەی جیهانی ئیسلامی لە سەدەی سێزدەهەم بوونیان هەبووە و کورد و خەڵکی کۆییە بووە، ناوی خدر عومەر کۆیی بووە.

خدر عومەر کۆیی لە سەردەمی خۆیدا توانیویەتی کتێبێک لەسەر مۆسیقا دابنێت، پاشان کتێبەکەی بە جیهانی عەرەبی بڵاوبۆتەوە، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە ڕێگەی کتێبەکەی توانیویەتی ڕۆشنبیریی مۆسیقا بۆ ناوچەکانی دیکە بگوازێتەوە و پێی گوتراوە (الجمال المشرقي) لەبارەی بایەخی کارەکەی خدر عومەر کۆیی مەسعوود موحەممەد دەڵێت: «لەم ڕۆژگارەی ئێمرۆمان کە پلەی جیهانگەردییە و مۆسیقا و گۆرانی گوێچکەی گوێگر کەڕ دەکەن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و هۆڵی مۆسیقا و شانۆ، بگرە سەر شەقامی شارە گەورەکان تێکڕایان وەک خانەی مۆسیقای وان، ئا لەم سەردەمەی گۆرانی و مۆسیقا و سەما و هەڵپەڕکێیەدا لە هەموو کوردستان، بە نائازادییەوە، هاوتای ئەو مام خدرە کۆییەی پێش ٦٠٠ ساڵی نییە، شاگردێکی ئەویشامان نیە».


ئەگەر واباوبێت پەیدابوونی مۆسیقاری گەورە لە جەرگەی زێد و ناوچەیەکی خوێندەوار و گەشەسەند و دەوڵەمەند هەڵدەکەوێت، ئەوە کۆییە لەوەدا ئەو شانسەی هەبووە، یەکێکی وەک خدر عومەر کۆیی لە سەدەی سێزدەهەم وەک دانەری کتێبی مۆسیقا تێیدا هەڵکەوتووە و ناو و ناوبانگی بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاوبۆتەوە.

*** وەرگێراوە لە کۆبەرهەمی مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیریی (بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٣) ل ٢٠٨ – ٢١٠.**

# لەبری بیرەوەریی

- لەگەڵ ڕووداوەکان - بەشی (٣)

دکتۆر جەمیل عیسا






دکتۆر
جەمیل عیسا

بەشی
سێیەم

## ژن هێنان

لە (١٩٧٨/١١/١٧) هاوسەرگیریم لەگەڵ (جولیت توما عیسی) کرد، ئەو ماڵی لە کەرکووک بوو، پێش ئەوەی بیگوازمەوە حەفتەی جارێک سەردانیم دەکرد، ئەو لەهەموو شتێک هاوکارم بووە، لەخۆشی و ناخۆشیدا بەشداری ژیانی کردووم، زۆرجار بیرم لەوەکردووەتەوە ماڵەکەم هەراج بکەم و ڕوو لەشاخ بکەم.

ژن هێنانی ئەو سەردەمانە زۆر ساکار و سادە بوو بە چەند ئۆتۆمۆبیلێک ژنمان گواستەوە بۆ گوندی هەرمۆتە و لەوێ شایی و ڕەشبەڵەک دەبەستراو من مامۆستای دواناوەندیی کچان بووم لەکۆیەو زۆربەی مامۆستاکانیش ئامادە بوون لەئاهەنگەکەدا.

دابونەریتی لادێ وابوو زۆربەی خەڵک لەسەربانەکان ڕایەخیان بۆ ڕادەخستن و خواردن لەسەربانەکان دەخورا، کە بووکیان دەبردە ژوورەوە، لەسەربان بەقامیش لەسەری بووکێیان دەدا و هەندێک دانەوێڵەی تێکەڵ بە پارەو پوول و عانە و چوکلات بەسەر بووکێیان دادەباراند بەومانایەی پێی و

قەدەمی بەخێر و بەرەکەت بێت.

پێش ئەوەی بێمە هەولێر، هەر لەکۆیە خانووێکم لە مام (همزەی پەنیر فرۆش) بەکرێ گرت، ئەوکات پشتیوان مام هەمزە کوڕێکی چالاک بوو، زۆر وریا و کوردپەروەر بوو، ناوە ناوە پەرتووکمان دەگۆڕیەوە دەربارەی نیشتمانپەروەریی کورد و کوردستان.

دواتریش هەر لەتەنیشت ئەوان چوومە ماڵی (مامۆستا عبدە یووسف جبلی) لە گەڕەکی (جمعیە) تاوەکو گواستنەوەی ماڵەکەم بۆ شاری هەولێر، لەهەولێر لە (شارۆچکەی عەنکاوە) خانووێکم لەگەڕەکی (جمعیە) بەکرێ گرت، بەڵام پێش هاتنی بەعسیەکان بۆ سەر حوکم.

خەڵکی عەنکاوە زۆربەیان شیوعی بوون، هەر بۆیە چاودێری هەموو ماڵێکیان دەکرد. من ماڵەکەم لەتەنیشت مامۆستا (پولص یعقوب عسکر) بوو پیشەی مامۆستا بوو لەهەمان خوێندنگەی ئامادەیی کوردستان. تا بڵێی پیاوێکی خۆشەویست و زیرەک و نیشتمانپەروەر بوو، برایەکی بەناوی مرقس لەلایەن بەعسەوە لەسەر شیوعیەت لەسێدارە درابوو، بۆیە زۆر وریا بوو لەهەڵسوکەوت و هەرچی دەنگ و باسی عەنکاوە هەیە ڕۆژانە پێی دەدام، باش دەیزانی، کە ئاراستەی فیکری من چییە، بۆیە بەدڵنیاییەوە قسەمان لەگەڵ یەکدی دەکرد و خەم و هەگبەی دڵی بۆ هەڵدەڕشتم.

لەماوەی ژیانمدا هەموو کاتێک پەرۆشی گەل و نیشتمان بووم، هەوڵی زۆریشم لەگەڵ هاوڕێکانم ئەوەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ ببینم و ئەو حەسرەتە نەبەمە ژێر گڵ.

لەرۆژانی سەختی (٣١)ی ئابی (١٩٩٦) و بەدواوە لەگەڵم دابوو، ماڵەکەم لە عەنکاوە

بەتەواوی تاڵان کرا و لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە داگیر کرابوو، ئەوەی جێی داخە پەرتووکخانەکەم بەگشتیی دزراو تاڵان کرا، بەشێکیان ساواریان پێکوڵاندبوو، لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە نەوت و گاز (غاز) بەچەنگ نەدەکەوت، لەنێو پەرتووکخانەکەم کۆمەڵێ یادگاریی ڕەنگین و جوانم هەبوو، کەشکۆڵێ شیعریم دانابوو، کە زیاتر لە سێسەد لاپەڕە بوو، هەر لەتەمەنی هەرزەکاریی و عاشقایەتی نووسیبوونم، کە لە شەڕی براکوژی نەگریس، هەر هەمووی بووە خۆڵەمێش، بەسەدان وێنەی ژیانم لە کولێج و بەغدا و شارەکانی دی، بۆنە و ئاهەنگەکان هەر هەمووی لەناوچوون، بەدەیان پێنووسی گران بەهاو جوان لەنێوچوون (پاندانی پارکەر و شیفرس و جۆری دی).

ئەوەی کە هەمبوو لەو ماڵەدا هەر هەمووی بەتاڵان بردراو هیچم بۆ نەمایەوە، تا دوای ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەردەستی (مادلین ئۆلبرایت) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەواشنتۆن و مۆرکردنی لەلایەن مام جەلال و کاک مەسعوود، لەدوای ئارام بوونەوە و تێکەڵکردنەوەی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر و گەڕانەوەمان بۆ هەولێر، خانووەکەم کاولکرابوو، لەدوای چاک کردنەوەی نەهاتمە نێو خانووەکەم، بەڵکو بەنرخێکی هەرزان فرۆشتم، بەڵام هەر لە عەنکاوە دانیشتم و خانوویەکم بەکرێ گرت.

ئومێدەوارم کورد دەرس و پەند لەڕابردوو وەرگرێت و بەهیچ جۆرێک شەڕی براکوژی ڕوونەدات و باجە قورسەکە فەقیر و هەژارانی میللەت و دڵسۆزەکانی نەیدەن، هەموویان ڕێبازی کوردایەتی بگرنە بەر، نەک حزبایەتی تەسک و کوشتن و بەهەدەردانی خوێنی هەزاران شەهید، کە هەر هەمووی سەرکردەی حزبەکان لێی بەرپرسن و ئەوەی سوودمەندیشە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستانن.

### گواستنەوەم بۆ ئامادەیی کوردستان لە هەولێر

لە ساڵی (١٩٧٩ - ١٩٨٠) گواسترامەوە بۆ ئامادەیی کوردستان لە هەولێر، کە دوو دەوام بوو، ناوەندیی (المظفریە)یەشی لەگەڵ بوو.

من لەهەردوو قوتابخانەکە وانەم هەبوو، وانەی کۆمەڵایەتی، کە بریتی بوو لەمێژوو، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتمانی، بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندیی.

**دابونەریتی لادێ وابوو زۆربەی خەڵک لەسەربانەکان ڕایەخیان بۆ ڕادەخستن و خواردن لەسەربانەکان دەخورا**

بابەتەکانی ئامادەییش بریتی بوون لە مێژوو، جوگرافیا، ئابووریی و کۆمەڵناسیی، ئەوسەردەمە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر بەیەکێک لەباشترین ئامادەییەکان دادەنرا، هەرچی مامۆستای بە توانا و زیرەک هەبوون لەو ئامادەییە بوون.

ئەم ئامادەییە، نەک هەر قوتابخانەی عیلم، مەعرفەت، زانست و پەروەردە بوو، بەڵکو قوتابخانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی و پێگەیاندنی کادیری هۆشیار و بەرهەڵستکاری نەیارانی گەل و نیشتمان بوو.



جولیت توما عیسای هاوسەری و جەمیل عیسا

ڕژێم بۆیە ناوەندیی موزەفەریەی لەگەڵ دانابوو، بۆ ئەوەی ناوی کوردستان بسڕێتەوە و شوێنی ئامادەیی کوردستان بگرێتەوە.

لەو قوتابخانەیەدا ڕۆژانە ڕووداوی سەیر و سەمەرە ڕوویان دەدا، زۆربەی شەوان دیواری ئامادەیی کوردستان بە دروشمی پێشمەرگە و کوردایەتی دەنووسرا.

بەیانییەک لەگەڵ مامۆستا پولص یەعقووب عەسکەر چووینە قوتابخانە، سەیرمان کرد هەرچی دروشمی دژ بەحکومەت هەیە نووسراوە (جەلیل سابر سلتان) کە بەڕێوەبەری ئامادەییەکە بوو چاوی بەم هەموو نووسینە کەوت، لە ترسان وەخت بوو بتۆقێ. پێمانی گوت چی بکەم، خەبەری ئەمن و پۆلیس بدەم؟

**لەنێو پەرتووکخانەکەم کۆمەڵێ یادگاریی ڕەنگین و جوانم هەبوو، کەشکۆڵی شیعریم دانابوو، کە زیاتر لە سێسەد لاپەڕە بوو، هەر لەتەمەنی هەرزەکاریی و عاشقایەتی نووسیبوونم، کە لە شەڕی براکوژی نەگریس، هەر هەمووی بووە خۆڵەمێش**

گوتمان نەخێر بەهێمنی ئەوانەی، کە ڕوویان لە جادەیە بیانسڕەوە، تۆ ئەگەر خەبەری حکوومەت بدەیت ئەوا (ئەمن) و (پۆلیس) دێنە قوتابخانە و مامۆستا و خوێندکارەکان ڕاپێچ دەکەن و دەیانخەنە بەر لێپرسینەوە، ئەشکەنجەدان و بەندکردن، بەردێکی لەسەر دابنێ باشترە، خوا هەڵناگرێ بەگوێمانی کرد و زۆر بە ئاسایی دەوامەکە کرا.

بۆ تۆڵە سەندنەوە لە (١٩٨٢/٤/١٥) لەکاتی بەرزکردنەوەی ئاڵا، کە ناسراو بوو بە (تحية العلم) و هەموو ڕۆژانی پێنجشەممە سازدەکرا، نارنجۆکێکی دەستی فڕێ درایە نێو ئاپوورەی قوتابیان، لەئەنجامدا خوێندکارێک شەهید بوو، زیاتر لە شەست قوتابی و مامۆستاش بریندار بوون، شار خرۆشا بە ئەمبولانس و ئۆتۆمۆبیل، بریندارەکان گوازرانەوە نەخۆشخانەی جمهوری.

بەڕاستی ڕۆژێکی ڕەش بوو، خۆشبەختانە هیچ پڕوشکێکمان بەرنەکەوت و سەلامەت بووین، ئەو قوتابییەی، کە شەهید بوو ناوی (نەوزاد خدر) بوو، دواتریش بەیاننامەیەک لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەرکراو، کە بە ڕۆنیۆ چاپکرابوو لە هەموو شار بڵاوکرایەوە، لەڕۆژی سێیەم خوێندکاران چوونە سەر قەبری شەهید (نەوزاد خدر) و پارچە شیعرێکی بەندە لەوێ لەلایەن (خوێندکار یاسین موحەممەد) خوێندرایەوە.

**مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤**

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەساڵی (١٩٨٤) مفاوەزاتیان کرد و لەگەڵ حکوومەتی عێراق خەریکی ڕێککەوتن بوون، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە ڕێکەوتنەکە ئیمزا بکرێت، بەڵام هەندێک هۆکار هەبوون (دەرەکی و ناوخۆ) بوونە هۆی ئەوەی ئەم گفتوگۆیە بە بنبەست بگات

**هۆکارەکانیش بەکورتی بریتی بوون لە:**

١. هەڵوێستی تورکیا بۆ دژایەتی کردنی کورد و ئەم پەیمانە، کە لەسەر کەرکووک دەکرێت.

٢. حکوومەتی عێراق لەو ماوەیەدا هەوڵی تیرۆرکردنی چەند سەرکردەیەکی دا.

٣. ڕژێم نەخشەی گڵاوی داڕشتبوو بۆ پاکتاوکردنی کورد لەکەرکووک.

٤. کرداری تەعریب و تەهجیر و تەبعیس بەردەوام بوو.

٥. ماندوبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ عێراق و شەڕەکانی ناوخۆ.

٦. سەختی ژیان و گوزەرانی خەڵک.

٧. هەندێک هۆکاری سیاسیی و ئابووریی و دەوری دەوڵەتە ئیقلیمیەکان و خراپی هەڵوێستیان لەدژی کورد.

لە بەرانبەر نەورۆزی ساڵی (١٩٨٤) کە لە (سورداش) سازکرا، حکوومەت زۆر سەخڵەت بوو، لەبەر ئەوەی زانی هەموو کوردی لە گەڵە و شاری سلێمانی

بەگشتی ڕژابووە ئەو ناوچەیە.

من لەگەڵ (کاک ئەرسەلان بایز) بەیەکەوە نانمان خوارد، بە دوور و درێژی باسی مفاوەزاتەکەی کرد، دیاربوو پێی خۆش بوو بە ئاشتیانە لەگەڵ حکوومەت پێک بێین، لەدوای ئەوەی مفاوەزاتەکە شکستی هێنا، ڕۆژێک لەنێو پۆلی شەشەمی وێژەیی یەکێک لە خوێندکارەکان گوتی مامۆستا تۆ لە (سورداش) بووی، خوێندکارەکانی دیش هەموویان لەدژی وەستان، منیش گوتم مەرج نییە قسەکانت ڕاست بن، ئیدی هەموو خوێندکارەکان کەوتنە بەرەی من و زیاتر منیان خۆشویست، لەبەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەریم، بەڵام دەستم هەر لەسەر دڵم بوو تووشی کارەساتێکم نەکات.

**ئامادەیی کوردستان و هەڵوێست**

ئامادەیی کوردستان لەهەولێر جگە لەوەی مەڵبەندی پەروەردە و زانست بوو، لانکە و پەیمانگەی پێگەیاندنی کادیرانیش بوو، شوێنی نیشتمانپەروەر و ڕەش و ڕووت و خەڵکی هەژار بوو، پێگەی شۆڕشگێڕان

**لە بەرانبەر نەورۆزی ساڵی (١٩٨٤) کە لە (سورداش) سازکرا، حکوومەت زۆر سەخڵەت بوو، لەبەر ئەوەی زانی هەموو کوردی لە گەڵە و شاری سلێمانی بەگشتی ڕژابووە ئەو ناوچەیە**



جەمیل عیسا لەگەڵ پۆلێک لە مامۆستانی هاوڕێی لە ئامادەیی کوردستان

بوو، کە لەخەمی خاک و وڵاتەکەیاندا بوون. هەربۆیە حکوومەتی دڕندەی بەعس لە بەرانبەر ناوەندی جمهوری کوڕان و نزیک لە ئامادەیی کوردستان بارەگایەکی ئەمنی دانابوو، ناوەناوە دەهاتن یەک دوو خوێندکاریان ڕاپێچ دەکرد و دەیانخستنە بەندیخانە، بەمەبەستی تۆقاندن و ترساندنی خوێندکاران و مامۆستایان.

ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو، کە ئەم خوێندنگایە لە لایەن ڕژێمەوە زۆر بە چڕی چاودێری دەکرا، چونکە شوێنی پێگەیاندنی پێشمەرگە و کادیری بەتوانا و خاوەن هەڵوێست بوو، زۆربەی خۆپێشاندانەکان دژی ڕژێمی بەعس لەو خوێندنگایەوە ڕێک دەخران.

ئەو خۆپێشاندانانە لەو سەردەمانەدا زیاتر جۆش و خرۆشی دەخستە ناو دڵ و دەروونی خوێندکارەکان، ئەویش لەبۆنەکاندا بوو بەتایبەتی لەمانگی ئازارو نیسان چونکە زۆربەی ڕووداوو بۆنەکان لەو دوو

> **لەگەڵ کاک ئەرسەلان بایز بەیەکەوە نانمان خوارد، بە دوور و درێژی باسی مفاوەزاتەکەی کرد، دیاربوو پێی خۆش بوو بە ئاشتیانە لەگەڵ حکوومەت پێک بێن**

مانگە زەق دەبوونەوە هەروەکو (١١)ی ئازارو، ڕۆژانی (٢١)ی ئازار (نەورۆز) و (٢٤)ی نیسان ڕۆژی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی لەو شارە.

بەندە زیاتر هاندەری خۆپێشاندانەکانی دەکرد و بە لێپرسراوی ئەو خۆپێشاندانانەی هەولێر دادەنرێت، پێش بۆنەکان ئامادەباشیمان دەکرد و لەگەڵ خوێندکارەکان ڕێکخستنەکانمان جۆش دەدا، خوێندکارەکان دەیانکرد بەشایی و هەڵپەڕکێ و جلکی کوردییان لەبەر دەکرد و حەماسەت دەیانگرت و جۆش و خرۆش دەبوون، زۆر جاریش ئێمە لەگەڵ خوێندکارەکان شاییمان دەکرد.

هەڵوێستی خوێندکارەکان زۆر بەهێز و بە توانا بوو، کە دەچوونە دەرەوە، خوێندکارانی خوێندنگاکانی دیش دەهاتنە سەر شەقام و شار دەخرۆشا، خوێندکارانی ئامادەیی ڕزگاریش لەگەڵیان یەکدییان دەگرتەوە و دەبووە هۆی ئەوەی بەعسیەکان و ئەمن و پۆلیس بکەونە گیانی خوێندکارەکان، بەڵام ئەم خوێندکارانە لەدژی ڕەفتارە چەوتەکانی بەعسییەکان چاکتر و بەهێزتر بەگژیاندا دەچوونەوە، لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ و گشت خوێندکارانی ناو شاری هەولێر شاریان لە بەعسییە دڕندەکان هەراسان کردبوو، چالاکییەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی نێو شاریش هاندەر بوون، جاری واش هەبوو پێشمەرگە گورزی کوشندەی لەدەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس دەدا، زۆرێک لە پێشمەرگەکانی نێو شاری هەولێر حکوومەتیان هێنابووە لەرزین، هەروەکو لێدانی پارێزگاری هەولێر و لێپرسراوە بەعسییەکان، شەهید سەردار سەعید سۆفی و شەهید سۆران و هەندێک پێشمەرگەی دی ناو و ناوبانگیان دەرکردبوو، بەعسیەکانیان تۆقاندبوو.

خۆپێشاندانەکانی هەولێر کاری کردە سەر سەرهەڵدانی ئەو چالاکیانەی خوێندکاران لەگشت شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بۆیە حکوومەت بە ئاگر و ئاسن و بێ ڕەحمانە کەوتبووە گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە و تەقاندنەوەی خانووەکانیان و دوورخستنەوەیان بۆ ناوچەکانی باشوور و خۆراوای عێراق.

## شەڕی ئێران و عێراق

دوای ئەوەی، کە پەیمانی نێوان شای ئێران و سەدامی دکتاتۆر لە جەزائیری پایتەختی کۆماری جەزائیر واژوو کرا، بەسەرپەرشتی (هەواری بومدیان) سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە لەرۆژی (٦)ی ئازاری (١٩٧٥) و دواتر هاتنی سەددام حوسێن بۆ سەر تەختی سەرۆکایەتی و لابردنی (ئەحمەد حەسەن بەکر) لەساڵی (١٩٧٩ ـ ١٩٨٠) سەدام حوسێن بەشی زۆری ئاوی (شط العرب)ی لەدەست دابوو، بەپێی پەیماننامەکە (خط التالوك) کە ناوەڕاستی (شط العرب)ی دەگرتەوە، لەگەڵ لە دەستدانی هەندێک ناوچەی وشکانی دی لە سنووری نێوان عێراق لەگەڵ ئێران.

لەلایەکی دیش لەو ماوەیەدا حکوومەتی عێراق لەهەلێک دەگەڕا بۆ ئەوەی لەمۆرکردنی پەیماننامەی

جەزائیر پاشگەز بێتەوە.

لەساڵی (١٩٧٩) شۆڕشی ئیسلامی لەئێران بە (ڕابەرایەتی) ئیمام خومەینی هەڵگیرسا و سەرکەوت و ئیمام خومەینی-یان لەفەڕەنسا هێنایەوە و دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیێنرا.

لەوساوە هەموو ڕۆژێک خۆپێشاندان دەکرا و هەڵیان دەکوتایە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپا. سەددام، ئەم ئاژاوە ناوەخۆییەی ئێرانی قۆستەوە و کەوتە خۆ ئامادەکردن و خۆ پڕ چەک کردن و کڕینی فڕۆکە و تانک و زرێپۆش و کەلوپەلی جەنگ و بانگهێشت کردنی سەربازانی یەدەگ و دروستکردنی جەیش شەعبی و خۆ ڕێکخستن بۆ جەنگ. تا سەرئەنجام لەساڵی (١٩٨٠) جەنگ لەنێوان ئەو دوو وڵاتە هەڵگیرسا و تا (١٩٨٨/٨/٨) بەردەوام بوو،

عێراق هێرشی کردە سەر خورەم شەهر (المحمره) و سنوورەکانی سیف سعدو زین القوس و شەت عەرەب، کە بووە هۆی کاولکردن و بۆردومانکردن و کوشتنی هەزاران سەرباز و خەڵکی ڕەش و ڕووت و کاولکردنی شارە سنوورییەکان و ساڵی (١٩٨٠) بووم بەسەرباز، یەکسەر ئێمەیان برد بۆ مەشق کردن، دواتریش بۆ سەربازگەی مدفعیەی محاویل و دواتریش بۆ ناوچەی قورنە و شەت عەرەب دوای ماوەیەک بە ئینتداب گەڕێنرامەوە سەر کارەکەی خۆم، لە ئامادەیی کوردستان.

لەو شەڕەدا هەموو دەوڵەتانی عەرەبیی، بەتایبەتی وڵاتانی (کەنداو) بەهەموو توانایەکیانەوە یارمەتی عێراقیان دەدا. ناوە ناوە (شا حوسێن) شای ئوردن دەهاتە عێراق و لەگەڵ سەددام حوسێن دەچوونە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ و مووشەک بارانی ئێرانیان دەکرد، موشەکی دوور هاوێژی بالستی بەکاردەهێنرا، کە زۆربەیان (ڕووسی) بوون.

بەهەزاران شەهید و کوژراو، بە هەزاران کەم ئەندام و بریندار و بێ سەر و شوێن ئەنجامی ئەو جەنگە بوون، هەر لەئەنجامی ئەو جەنگە بە ملیارەها دۆلار زەرەر و زیانی ئابووری بەو دوو وڵاتە کەوت، شارەکانی سەر سنووری ئێران هەموویان تاڵان کران، داروبەردیان بەسەریەکەوە نەهێشت.

هەر لەهەمان کاتدا کە شەڕی ئێران و عێراق هەبوو،

**لێپرسراوەکە پێی گوتم بۆ ڕاتکرد؟ تۆ حاقدی لەسەر حزب و شۆڕش، دەتخەمە بەندیخانە و دەتڕزێنمەوە، منیش پێک گوت (لا تقصر)**

شۆڕشی کوردیش بەردەوام بوو پێشمەرگەش چالاکی خۆی دەکرد، بەڵام حکوومەتی عێراقی بەرنامەی ئەوەی هەبوو، کە هەموو کوردستان لەژێر ناوی (سێکوچکەی بەعس، تەعریب، تەهجیر و تەبعیس) بخاتە ژێر سێبەر و هێز و توانای خۆیەوە.

سەرەتا لە شارەکانی خانەقین، توزخورماتو،



جەمیل عیسا لەگەڵ خانەوادەکەی

کەرکووک، مەخموور و مووسڵ دەستی پێکرد، عەشیرەتەکانی عەرەبی دەهێنا بۆ ئەو ناوچانەی کوردستان و دەوروپشتی، کەرکووکی لەکوردەکان چۆڵ دەکرد و ڕەوانەی ناوچەکانی دیکەی کوردستانی دەکردن

چەندین کۆمەڵگەی تایبەتی بۆ دروستکردبوون، لەسنووری پارێزگای هەولێر، لە جەژنیکان و بنەسلاوە و دارەتوو.

دواتریش بەدەیان کۆمەڵگەی زۆرە ملێی لەهەموو پارێزگا و شارەکانی دیکەی کوردستان دامەزراند و کەوتە گیانی خەڵک بەهەموو جۆرە سیاسەتێکی توندوتیژیی، هەر لە کوشتن، دەرکردن، بەندکردن و ڕاوەدونانەوە بگرە تا دەگاتە دامەزراندنی دەیان (فەوجی سووک) بۆ سەرۆک عەشیرەت و خەڵکی

**لەکاتی بەرزکردنەوەی ئاڵا، کە ناسراو بوو بە (تحية العلم) و هەموو ڕۆژانی پێنجشەممە سازدەکرا، نارنجۆکێکی دەستی فڕێ درایە نێو ئاپوورەی قوتابیانی ئامادەیی کوردستان، خوێندکارێک شەهید بوو، زیاتر لە شەست قوتابی و مامۆستاش بریندار بوون**

دێ، کە پێیان دەگوترا جاش. ئەمە جگە لە دامەزراندنی دەیان (مەفرەزە خاصە) و سەدان سیخوڕ و ئەڵقە لەگوێ. موختارەکان هەموویان سیخوڕییان بەسەر خەڵکەکەدا دەکرد، گیان و ژیان و ماڵی هەموو میللەتی کورد لە مەترسیی دابوو.

ئەو جاسوس و سیخوڕانەی، کە لە گەڕەکەکاندا بوون خەڵکیان دەترساندن و ڕاپێچی سەربازگەکانیان دەکرد، بۆ جەیشی شەعبی، چەندان جار لە کەمینەکانی ئەو بەعسییە چڵکاو خۆرانە ڕزگارمان بووە.

جارێکیان بەندە و مامۆستا پولص یەعقوب، بەیەکەوە دەچووینە ئامادەیی کوردستان، بەیانیەکی زوو بوو (تاریک ڕوون) ئێمە بەیەکەوە بە پیادە ملمان لەڕێگە دەنا، لە ڕێگە ڕێیان پێگرتین و هەردووکمانیان گرت، ناسنامەی مامۆستایەتیمان پێبوو، گوتیان وەرنە نێو سەیارە، خەریک بوو ڕابکەین، میلی کلاشنکۆفیان لێ ڕاکێشاین و ئێمەیان بردە بارەگای بەعس لە عەنکاوە، لێپرسراوەکە پێی گوتم بۆ ڕاتکرد؟ تۆ حاقدی لەسەر حزب و شۆڕش، دەتخەمە بەندیخانە و دەترزێنمەوە، منیش پێک گوت (لا تقصر) هەندێک لەعەنکاوەییەکان سەریان سوورمابوو لەوەڵامەکەم.

ئێمەیان بردە قاتعی جیش شەعبی، لەسەر ڕێگەی عەنکاوە، کە دوای ڕاپەڕین کرایە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، هەر دە و پازدە کەسێک بەیەکەوە ناویان دەنووسین، من لەهیچ شوێنێک ناوی خۆم تۆمار نەکرد، دەمویست دەرفەتێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ڕابکەم.

ئەو ڕۆژە گرووپ گرووپ ناونووسی خەڵکیان کرد و گوتیان بۆ سبەینێ کاتژمێر (٨) ئامادە دەبن، من یەکسەر چوومە ماڵی مامۆستا سخریای برام لە هەولێر لەوێشەوە بۆ کۆیە و تا دوو هەفتە خۆم بزر کرد.

ناسنامەکەم لەبارەگای بەعس حجز کرابوو بە (مودیر شورتەی عەنکاوە) کە ئەوکات (یووسف ئەحمەد) بوو خەڵکی کۆیە بوو، کوڕێکی باش بوو، کۆنە برادەر بووین، لەدواناوەندیی کۆیە بەیەکەوە خوێندکار بووین، لەڕێکخستنی ساڵانی شەستەکانیش لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پێکەوە بووین.

داوام لێ کرد ناسنامەکەم بۆ وەربگرێتەوە، کە داوای کردبوو هەزار جوێن و هەڕەشەیان کردبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی ئەوە چیت کردیە ئەمانە دەڵێن:

(هذا حاقد على الحزب والثورة) و دەبێت بەسزای خۆی بگات.

دواتر لەدانیشتنێک لەگەڵ چەند برادەرێک باسی بابەتەکەم بۆ کردن یەکێکیان گوتی دوو بتڵ عارەقمان بۆ بێنە ناسنامەکەت بۆ دەدۆزینەوە. بەم شێوە ئەوجارەش دەرباز بووم لە (جەیش شەعبی).

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (گۆران سەباح)
- دیوانی هەولێر (شێمە قەساب-ی شیوعی)

نازم دڵبەند

- لە زمانی خۆیانەوە (سەهەند موحەممەد ئەحمەد)
- سالۆنی لاپەڕە (٩)

پرسیار

(١)

# بۆچی بەختیار عەلی-ت کردووەتە ئامانج؟

بەختیار عەلی-م نەکردووەتە ئامانج . من ڕەخنە لە ڕۆمان دەگرم. هەر ڕۆمانی وی نا، ئی زۆربەی ڕۆماننووسانی کورد. تکایە کتێبی (چۆن ڕەخنە لە ڕۆمان بگرین) بخوێننەوە، ئەو دەمە تێدەگەن، پڕۆژەی من چییە. چەند سەیرە تاکی کورد؟ بێ ئەوەی بتخوێنێتەوە، دێ قسەت لەسەر دەکات، جا قسەی ناشرین و ئاست نزم. ئەوەی پڕۆژەکانی منی نەخوێندبێتەوە، بێ شک بە سەهوو دەچێت و پێی وایە من ڕکم لە بەختیارە و بۆ وروژاندن ڕەخنەی لێ دەگرم. بۆیە هەموو دەم دەڵێم نەزانین بەڵایە. ئاستی هۆشیاریی تاک هێندە نزمە، هەرچی بڵێی دەیخاتە قاڵبی بوغز و کینە. بریا لەباتی کاردانەوەی نامرۆییانە و ئاستنزم، موریدانی بەختیار عەلی و ڕەهەندییەکان دەهاتن بە دایەلۆگ وەڵامی ڕەخنەکانی منیان دەدایەوە. بەداخەوە، ڕەفتار و گوفتاری ئەوان قسەکانی منیان سەلماند، کە دەڵێم بەختیار و ڕەهەندییەکان نەوەیەکی جنێوفرۆش و ئاستنزمیان پێگەیاند. بریا وا نەبا. پێم ناخۆشە ئەو بیرمەندانەی کورد (مەبەستم بەختیار و ڕەهەندییەکانە) ئەم جۆرە تاکەیان بەرهەم هێناوە.

قسەکردن لەسەر بەختیار، قسەکردن نییە لەسەر کەسایەتی و ژیانی تایبەتیی وی، بەڵکوو قسەکردنە لەسەر دەقەکانی، کە موڵکی گشتیین. ئەوە ئاستی هۆشیاریی تاکی کوردە بابەتەکە دەخاتە بازنەی کەسیی، هیچ نووسەرێک بە ڕەخنە کەم نابێتەوە و ون نابێت. نووسەر بە ڕەخنە گەورە دەبێت. نووسەرانی کورد، ئەگەر بەڕاستی ڕۆشنبیرن، دەبێ سوپاسی ڕەخنەگر بکەن، ببنە نموونە بۆ تاکی ناهۆشیاری کورد، بۆ قبووڵکردنی ڕەخنە و زەویخۆشکردن بۆ ڕەخنە. میتۆدی ڕەخنەی من میتۆدێکی ڕاستەوخۆ و هەق و ڕەقە، بێ شکاندن و بێ ستایشە. ئەوەی پێی هەرس ناکرێت، خەتای ئاستی هۆشیاریی خۆیەتی، خەتای ڕەخنەی من نییە.

ئەگەر قسەش لەسەر ئەوەیە، کە من بۆ بەم درەنگەوە ڕەخنە لە بەختیار دەگرم، دەڵێم: نەخێر هیچ درەنگ نییە، ئێستەیش ڕەخنە لە هاملێتی شکسپیر، یولیسیسی جەیمس جۆیس، ڕۆبنسن کرۆسۆی دانیال دێفۆ، هاری پۆتەری ڕاولینگ، هتد، دەگرن)

من لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، ڕەخنە لە دەقی بەختیار عەلی دەگرم: (بەختیار عەلی کراوەتە بتێکی پیرۆز و دێتە پەرستن. من دژی بت پەرستنم و هەموو بتێک دەشکێنم. لای هەندێک، شێرزاد حەسەن و کاروان کاکەسوور و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو-یش کراونەتە بت، من ئەو بتانەیش دەشکێنم. ئامانجی من شکاندنی بەختیار و ناوەیلی تر نییە وەک مرۆڤ، نەخێر. شکاندنی ئەو بتانەیە، کە لێیان داتاشراون. لە ڕێی ڕەخنەکانمەوە دەمەوێ تاکی کورد هۆشیار بکەمەوە، تا لە مێگەل بێتە دەرەوە و نەبێتە مەڕ و کوێرانە دوای هیچ کەسێک نەکەوێت.

- زمانی نووسینی بەختیار عەلی و ڕەهەندییەکان، تا بڵێی خراپە. سێ شت گەلی کورد زیندوو دەهێڵێتەوە: نەخشە (خاک) جلوبەرگ، کولتور و زمان. من وەک تاکێک و ڕەخنەگرێک، لەهەر شوێنێک خاک و کولتور و زمانی کوردیی بکەوێتە ژێر هەڕەشە، بە دەنگی بەرز و بێ ترس هاوار دەکەم و دێمە گۆ، هەڵبەت بەپێی توانا. توانای منیش وشەیە. زمانی نووسینی بەختیار عەلی و ڕەهەندییەکان هەڕەشەیە بۆ سەر زمانی کوردیی. وێڕای کارتێکەری دی، دوو شت زمان بەرەو پێش دەبەن: ئەدەب و میدیا. سندان لە زۆربەی میدیای کوردیی بدات، کە زمانی کوردییان وێران کرد، وەک ڕووداو، کوردستان٢٤، ئێن ئاڕ تی، کوردسات، هتد. هەر کەسێکیش (نەک هەر بەختیار) ڕۆمان بە زمانێکی سەقەت بنووسێت، من دێمە دەنگ چونکە نامەوێ زمانی کوردیی تێک بدەن. هەر وایشم کردووە. موریدانی بەختیار عەلی و ڕەهەندییەکان لاسایی ئەوان

دەکەنەوە، بۆیە ئێستە لێشاوێک نووسەری سەقەتی گەنج لە مەیدانەکەن، کە زمانی نووسینیان یەکجار خراپە. وەرە با گرەوێک بکەین: دەچینە کتێبفرۆشییەک و سەت کتێبی کوردیی دێنین، هەر لە لاپەڕەی یەکەم، بێزت لە زمانەکە دەبێتەوە. قەت بەسەرت نەهاتووە، ڕۆمانێکت کڕی بێ و دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک، بێزت لێی بووبێتەوە؟ هەرکەسێک کوردییەکەی باش و ڕەوان بێت، ئەوەی بەسەر هاتووە. من نامەوێ گەنجانی دی بەو شێوەیەی بەختیار و ڕەهەندییەکان بنووسن. ڕەنگە پرسیار بکەی، ئەی کێ بخوێننەوە. ئەمانە چەند نموونەیەکن: مامۆستا حەمەسەعید حەسەن، فەرهاد موستەفا، شوکر موستەفا، عەزیز گەردی، فەرهاد شاکەلی، کاروان کاکەسوور، میران ئەبرام، کەریم کاکە، سەباح ئیسماعیل-وەرگێڕە، کوردییەکەی نایابە) و یووسف عزەدین. ئی دیکەش هەن.

– ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی پڕن لە وتار و دایەلۆگی درێژ و ناپێویست. من دەمەوێ ڕۆمانی کوردیی لە وتار و ئەو جۆرە دایەلۆگانە دەرباز بکەم. وتار و دایەلۆگی خراپ ڕۆمان تێک دەدەن. وەک زیوان وان بۆ ڕۆمان. ئەو ڕۆماننووسانەی لاسایی بەختیار دەکەنەوە لە نووسین، ئەوانیش ڕۆمانەکانیان پڕە لە وتاری بێ مانا و بێزارکەر و دایەلۆگی بێ سەروبەر. هەر ڕۆمانێکی بەختیار بێنی (ئەوانەی لە پێنج سەت لاپەڕە زێترن) سێ سەت لاپەڕی زیادە. ئەگەر، تەنیا وتارەکانی لابەم و دایەلۆگەکان ئێدیت بکەم، سێ سەت لاپەڕی لێ قوت دەکەم.

– هەڵەکانی بەختیار لە ڕۆماننووسین هەموو ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان دەگرنەوە: کافشین (کات و شوێن) کارەکتەر، گۆشەنیگا و دایەلۆگ، هتد. تکایە کتێبی (چۆن ڕۆمان دەنووسرێ) بخوێننەوە، بۆ ئەوەی خۆتان بزانن ئەو ڕەگەزانە چین و بەختیار چۆنی تێکداون. بە وردی ڕەخنەم لەو ڕەگەزەیلە گرتووە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی، تکایە ئەویش بخوێننەوە. کاتێک ڕۆمانێکی دەکرێت بە زمانێکی وەک ئەڵمانیی یان ئینگلیزیی، سەرلەبەری بەو زمانە دێتە دارشتنەوە و سێ سەت لاپەڕەی لێ قوت دەکرێ، ئەوەش قسەکەی من دەسەلمێنێت.

– پلێیجەریزم (plagiarism) واتە دزینی ئەدەبی. بەختیار وەستایە لەوە. موریدەکانی پاساو دەهێننەوە بۆ دزینەکانی، ئەمەیش ڕێ خۆش دەکات بۆ ڕۆماننووسانی دی، کە بیرۆکە لە ڕۆماننووسانی دونیا بدزن و بە ناوی خۆیان بڵاوی بکەنەوە. چەند نموونەیەک لە دزییە ئەدەبییەکانی بەختیار:

* جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، وەرگیراوە لە کورتە چیرۆکێکی ئینریکی ئاندەرسن ئیمبێرت (Enrique Anderson Imbert) کورتە چیرۆکەکە لە ساڵی ١٩٧٦دا بڵاو کراوەتەوە بە ناوی (فڕینی پێدرۆ)

**“قسەکردن لەسەر بەختیار، قسەکردن نییە لەسەر کەسایەتی و ژیانی تایبەتیی وی، بەڵکوو قسەکردنە لەسەر دەقەکانی، کە موڵکی گشتیین”**



گۆران سەباح



بەختیار عەلی

یووسف عزەدین کردیتییە کوردی.

* بەندەر فەیلی لە چیرۆکی نووسەری کوەیتی یەعقوب یووسف عەمر، ڕۆمانی ١٩٠٠ وەرگێڕاوە.

* میوانێکی دوور، دوا شانۆنامەی بەختیار، لە چیرۆکی (کارمەن)ی نووسەری فەرەنسی (پرۆسپێر مێریمێ) وەرگێڕاوە، موزیکژەنی ناوداری فەرەنسی (جۆرج بیزێ) کردوویەتی بە ئۆپێرا، هێندە بەناوبانگە.

* شاری مۆسیقارە سپییەکان لە ڕۆمانێکی عەباسی مەعرووفی وەرگێڕاوە (تکایە کتێبەکەی شارام قەوامی بخوێننەوە، بە ناوی شاری دەستە و تاقمەکان).

* ئێوارەی پەروانە لە ڕۆمانی (سالی بەلوا)ی عەباسی مەعرووفی وەرگێڕاوە.

* چیرۆکەیلی نێو داگیرکردنی تاریکیش شکیان لەسەرە.

**" ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی پڕن لە وتار و دایەلۆگی درێژ و ناپێویست. من دەمەوێ ڕۆمانی کوردیی لە وتار و ئەو جۆرە دایەلۆگانە دەرباز بکەم "**

– دیاردەی پفدانی هەر نووسەرێک و زێدەڕۆیی لە ئاستیی، خەریکە دەبێتە مۆدیل لە ئەدەبی کوردیدا. من ڕەخنە لە بەختیار دەگرم بۆ ئەوەی تاکی ناهۆشیاری کورد هیچ کەسێکی دی وا پف نەدات و گەورەی نەکات (جا ڕۆماننووس، سیاسیی و مەلا، هەرچی بێت ئەو کەسە) پفدان و زێدەڕۆیی تووشی درۆت دەکەن. درۆکردن لە خەڵات وەرگرتن، درۆکردن لە ژمارەی تیراژی ڕۆمانەکان، درۆکردن لە وەرگێڕانی ڕۆمانەکان بۆ چەندان زمانی دونیا، کۆمەڵێک درۆی دیش. دەڵێن ڕۆمانەکانی بەختیار کراونەتە ئەڵمانیی و ئینگلیزیی. هەر دەقێکی کوردیی بکرێتە هەر زمانێک، من پاڵپشتی دەکەم و کەیفم پێ دێ، بەڵام نابێ دۆڵی درۆی بۆ بکوتین و لە قەبارەی خۆی گەورەتر بکرێت. ئەو ڕۆمانەی، کە کراوەتە ئەڵمانیی، دەستکارییەکی یەکجار زۆری کراوە، ئەگەر ئەڵمانیی و کوردییەکەی بەراورد بکەی، ئەڵمانییەکە کتێبێکی دیکەیە، هەر ناشیناسیتەوە، لەبەرئەوەی هەمووی دەستکاری کراوە و سەرلەنوێ بە فۆرمی زمانی ئەڵمانیی داڕێژراوەتەوە. ئەوەیش هەر باشە. تەنانەت ڕۆمانێکی کراوەتە ئینگلیزیی و لەلایەن ڕێکخراوێکەوە چاپ کراوە لە ئەمریکا. ئەوەیش مایەی خۆشحاڵییە، بەس دیسان شاخ و باڵ و درۆی پێوە دەکرێت. مایەی خۆشحاڵییە، بەختیار، یان هەر نووسەرێکی دیکەی کورد، هەر خەڵاتێک وەرگرێت، بەڵام موریدان و ناهۆشیارەکان موزایەدەی پێوە دەکەن و دەڵێن خەڵاتی نێودەوڵەتی بردەوە، هیچ یەکێک لەو خەڵاتانە نێودەوڵەتی نین. لەسەر ئاستی شارۆکەیەک، شارێک، یان هەرێمێک بووە، بەڵام من ئەوەیش بەرز دەنرخێنم. کاتێک لە ئەمریکا دەژیام، ١٢ خەڵاتم وەرگرتووە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا، بەڵام لەسەر ئاستی شارەکە. قەتیش باسم نەکردوون چونکە شایەنی باس کردن نین.

هەر لێرەش بۆ هەمووان ڕوونی دەکەمەوە: من بەختیار عەلیم خۆش دەوێ. مرۆڤێکی جوانە. لە ٢٠٠٨، ماوەیەک لە ئەڵمانیا بووم، هەوڵم دا لە ڕێی بەکر شوانی و سیروان ڕەحیم بیبینم، بەڵام ڕێک نەکەوت.

**گۆران سەباح**

*** (تێبینی: لە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و مەدەنیدا، ئەم ڕوونکردنەوەی من پێویست نییە. تاکی هۆشیار و مەدەنی دەزانێت ڕەخنە چییە و نایباتە نێو ململانەی کەسیی)**

نازم دڵبەند

# شێمە قەساب ـی شیوعی

دەروێشێکی سەرسەختی (مارکسیەت) بوو، بەبێ ئەوەی یەک حەرفی لە (مارکسیەت) خوێندبێتەوە. بەو نەخوێندەواری و کۆڵەوارییەی، نقومی نێو ژیانی کەسابەتی قەسابی ببوو. پیاوێکی بوو، ئەوەندە شیوعیەتی خۆش دەویست، کار گەیشتە ئەوەی، کە هاوسەرگیریی کرد، نۆبەرەی، کە کورێکی ژیکەڵە بوو ناوی لێنا (فەهد) وەک ڕێزلێنانێک لەگیانی شەهید (فەهد)ی سکرتێری حزبەکەی.

هەر زووش پێشبینی ئەوەی کردبوو، کە حزبەکەی دەکەوێتە تەنگژە، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی پێویستدا، ئەو یەکەم کەس دەبوو، کە دەچووە بەردەم بارەگەی حزبەکەی.

ئەو پیاوە هەرگیز بەبێ چەقۆ و مەورەد نەدەسوڕایەوە، چونکە ئەم دووانە ژیان و گوزەرانیانی مەیسەر دەکرد، چەکی چوونە ژوورەوەی شەوانە و بەیانیانی زووی ئەوبوون، بۆ چوونە قەسابخانە.

من ڕۆژانە ئەو پیاوەم لەلای چایخانەی (شیرین) لەگەڕەکی (عارەبان) دەدی، ئەم چایخانەیە، بە چایخانەی شیوعیەکان ناسرا بوو. زۆر جاریش لەسەر کورسییە گچکەکەی بەردەمی تۆمارگای مشکۆ دادەنیشت، یان لەگەڵ مشکۆ، نوری مەلا نادر و وەستا ئەنوەر ڕادەوستاو. زۆر جاریش لەگەڵ ئەوان ڕێگەی پشت (عەنکاوە)ی دەگرتەبەر.

شەرە خۆش و جوێنەکانیشی لەگەڵ (شەلال)ی بۆیاخچی تەواو نەدەبوو. هەر یارییەکی تۆپی پێی نێوانی هەولێرو شارێکی دی هەبوایە، ئەو لەسەر مەدرەجەکانی سەرەوەی یاریگەی ئیدارەی مەحەلی لەپاڵ حاجی کانەبی، مەزۆ و هادی عەباس دادەنیشت و بە جۆشوخرۆش و هوتاف لێدانەوە هانی تیپی هەولێریان دەدا، خەڵکەکەش بەتامەزرۆییەوە لە دەوریان کۆدەبوونەوە، بەڵام هەرگیز لەپێشبڕکێیەکانی تۆپی پێی نێوان یانە و تیپەکانی هەولێر پشتی (یانەی هێرش)ی بەرنەدەدا و دەبووە هاندەری ئەم یانەیە، چونکە ئەم یانەیە، بە یانەی شیوعیەکان ناسرابوو.

لە ژیانیدا دەیان بوتڵە خوێنی بەخشییە، بەشێوەیەک هەر کەسێک لەو هەولێرە پێویستی بە نەشتەرگەریی بکردایە و پێویستی بە خوێن هەبووایە هانای بۆ شێمەی دەبرد

ئەو پیاوە مەزنە، هەقبوو ناوی بچێتە مەوسوعەی جینیس، کە یەکێکە لە خوێنبەخشە دیارەکانی کوردستان، بەبێ ئەوەی یەک فلس لەکەس وەربگرێت.

زۆر شەوانیش پێش ئەوەی بچێتە قەسابخانە بۆ کاسبی، لەگەڵ (کاکێ قەساب) و یاریزانی دێرینی هەولێر (شێرۆ خەلیل) لە یانەی (ڕاگەیاندن) مێزێک کۆی دەکردنەوە.

باوەڕ ناکەم شێمە قەساب ڕۆژێ لەرۆژان دڵی کەسی زویر کردبێ، هەولێرییەکان ئەوەندە بەڕۆحی خۆشەویستییەوە لێیان دەڕوانی، کە بۆ ئەو سەروەریی و سەربڵندییەکی زۆربوو.



شێمە قەساب، شێرۆ خلیل، بەڕێز اکرم حسین

# لە زمانی خۆیانەوە

## سەهەند موحەممەد ئەحمەد:

# یەکەم کتێب، کە خوێندمەوە، شەوانی بەرئاگردان بوو، بە ناوی دز و قازی

**ئامادەکردنی/ یووسف ئیسماعیل**

ماڵمان لە گوند بوو پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بووم، باوکم ئارەزوویەکی زۆری هەبوو بۆ خوێندن و خوێندنەوە، چونکە خۆی شوفێر بوو لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، کاتێک منی بردە مزگەوتی گوند بۆ لای مامۆستای ئایینی مزگەوتەکە تا ئێواران دوای قوتابخانە وانەی فێربوونی قورئان بخوێنم، کاتێک بوومە فەقێ مامۆستا ئاینییەکە کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو، بۆیەکەمجار کە چوومە ژوورەوە چاوم بە کتێبەکان دەگێڕا کە کرابوونە نێو ڕەفەوە، دوای ئەوەی بوومە فەقێ مامۆستا ئاینییەکە کتێبی پێدام دەمخوێندەوە، یەکەم کتێبیش شەوانی بەرئاگردان بوو بە ناوی (دز و قازی) بە داخەوە ناوی نووسەرەکەم بیر نەماوە، بەڵام چێژێکی زۆرم لێ بینی ئەم کتێبە وای کرد کە من خولیای خوێندنەوە بکەوێتە بیر و هۆشمەوە.

دواتر باوکیشم گۆڤار و ڕۆژنامەی لە فەرمانگەکەی خۆیان بۆ دەهێنام دەمخوێندەوە، دەتوانم بڵێم هاندەری سەرەکیم بۆ خوێندنەوە باوکم بوو.

هەستم کرد کتێب هاوڕێیەکی گرنگە و بەبێ دەنگی زانیاریت پێ دەبەخشێ، کتێبەکە هەقایەت بوو، تەنانەت هەقایەتەکە وێنەداریش بوو، بۆیە تاکو ئێستە ئەو هەقایەتەم لەبەر کردووە و بیرم ماوە چونکە زۆر زۆر چێژم لێ بینی و ئەمە وای کرد ڕوو لە خوێندنەوەی کتێب بکەم.

ئێستە بە هۆی ئەوەی خەریکی کرێکاریم و زۆربەی کاتەکانم بە کارەوە خەریکم و کاتی بۆشاییم زۆر کەمە، ئەو کاتەی هەشم بێ بەشی پشوو دەکات، بەڵام ئەوەندەی دەرفەتم هەبێ دەخوێنمەوە.

زیاتر ڕۆمان و کتێبی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەخوێنمەوە، ماوەیەکیشە ڕووم لە فیکری ئیسلامییە خولیاشم بۆ بابەتی سیاسیی هەیە.



## پرۆفایل

سەهەند موحەممەد ئەحمەد (پشتیوان شوانی) پێشتر بە نازناوی (پشتیوان شوانی) بابەتەکانم لە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر و هەنگی منداڵان و گۆشەنیگا) بڵاو دەکردەوە، لە ڕادیۆی (دەنگی ئیسلام) بەرنامەی منداڵانم ئامادە دەکرد، لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی بەشداریمان لە ئامادە کردنی کتێبی (تێرنەخۆرە) کرد بە سەرپەرشتی (د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن) کتێبەکە پرۆژەیەکی دکتۆر مەولوود بوو بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەمەبەستی پاراستنی ئەو سامانە نەتەوەییە، ئەم پرۆژەیە ئەوەندەی ئاگادار بم چوار کتێبی لێ ئامادە کرا، ئەوانش (هێلکەی نامێ بەرگی یەکەم / بەشی (١—٢) تێرنەخۆرە، زیاتر لە عیشقێک).

دەرچووی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانم لە زانکۆی سەلاحەدین، لە ئێستادا خەریکی کارکردنم و هیچ وەزیفەیەکم نییە.

# سالۆنی لاپەڕە (٩)

ئا: ڕەوەست نەوزاد

**لە درێژەی کۆڕەکانیدا سالۆنی لاپەڕە ٩ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی ٢٠٢٣/١٠/٢٨ تا ٢٠٢٣/١١/١٨ ئەو کۆڕانەی ڕێکخست:**

## ٢٠٢٣/١٠/٢٨

### کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە هونەرمەند (مستەفا ئەحمەد )ناسراو بە (وەستا عەلی)






لەپای نیو سەدە داهێنان و ئەزموون، سالۆنی لاپەڕە نۆی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن مەڕاسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ هونەرمەند (مستەفا ئەحمەد) ناسراو بە (وەستا عەلی) سازکرد.
لە مەڕاسیمەکەدا بەشێک لەو فیلمە دۆکیۆمێنتاریە پێشکەش کرا، کە پێشتر کەناڵی کوردسات لەسەر ژیانی هونەرمەند ئامادەی کردبوو. دواتر نووسەر و ڕەخنەگر حەمەسوار عەزیز کورتە باسێکی لە بارەی ژیانی هونەری هونەرمەند خستەڕوو.
پاشان خەڵاتی ڕێزلێنانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی-ش لەلایەن هەردی سەڵاح ڕاوێژکاری هونەری مەکتەبی سیاسی یەکێتیی پێشکەش بە هونەرمەند کرا، کە هونەرمەند خەلیل یابە، لەجیاتی ئەو خەڵاتەکەی وەرگرت، بەهۆی ئەوەی هونەرمەند مستەفا ئەحمەد لەبەر خراپی باری تەندروستی نەیتوانی ئامادەی مەڕاسیمەکە بێت

## ٢٠٢٣/١١/٤









کۆڕێکی بۆ نوسەر (حەجی عەلۆ) بەناونیشانی (بناغەی ئیزیدیایەتی و کورد و ئایندەمان)
هەر لە کۆڕەکەدا کتێبەکەی (المنتظر) بەسەر ئامادەبووان دابەشکرا

## ٢٠٢٣/١١/١١




کۆڕێکی بۆ نوسەر و شاعیر (نازم دڵبەند) بەناونیشانی (دوێنێی زەمەنێکی جوانی هونەر و شیعر لەهەولێر)




بەئامادەبوونی دکتۆر مەجید حەمەدئەمین لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ ی هەولێری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی دێرین، مەڕاسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (دیوانی جەمیل ڕەنجبەر) لەئامادەکردنی سەعادەت محەمەد ساڵح سازکرا.

نوسەر و رۆژنامەنووس محەمەد گۆران لەکۆڕەکەدا باسی لەناوەرۆکی کتێبی (دیوانی جەمیل ڕەنجبەر) کرد. دواتر دکتۆر مەجیدحەمەدئەمین چەپکەگوڵی ڕێز و وەفای پێشکەش بە سەعادەت خان هاوسەری شەهیدی شاعیر، پێشمەرگە و زیندانی سیاسیی جەمیل ڕەنجبەر کرد

هەر لەکۆڕەکەدا قەڵغانی ڕێزلێنانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی، لە لایەن جەمیل عیسا پێشکەش بەهاوسەری شەهید کرا، کتێبەکەش بەسەر ئامادەبووان دابەشکرا .

هەریەک لە سەعدی عەلی، هەرەوەز جەمیل ڕەنجبەر، سمکۆ عەبدولکەریم، سابیر گۆران، سەردار بەرزنجی و ڕزگار عومەر، باسیان لەخەبات و تێکۆشان و ژیانی ئەدەبیی شەهید جەمیل ڕەنجبەر کرد.











# گۆڤاری دیوان چۆن دەبینم؟

فەرەیدوون سامان

وێـــڕای پـیـرۆزبـایـیـم لـە بـەردەوامـی دەرچـوونـی ئـەو گـۆڤـارە و دەسخۆشیم لە برای سەرنووسەر و ستافی نووسینەکەی، هەرچەند جارێک ویستبم ڕووبەڕوو تێبینییەکانم لەسەر ئەو گۆڤارە بخەمەڕوو، لێ کاک سمکۆ دەڵێت تێبینییەکانت بکە بە نووسین، دیارە هەڵسەنگاندنیش، وەک هەر پرۆسەیەکی هزری و مەعریفیی، لە هەر بوارێکدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەتیش بۆ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەک دیوان برستێکی پڕ و هەنگاوی جددی گەرەکە.

لە پێشدا دەبێت بزانرێت، هەڵسەنگاندن، هەر تەنها ئەرکی منی خوێنەر نییە، بە تایبەت بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان، کە هەڵگری پەیامێکی ڕاستگۆیانەیە، هەروەها ئەوەی بۆ منی خوێنەر جێی سەرنجە کوالیت و دیزاینی بەرگ و ناواخنی لاپەڕەکانی ئەوگۆڤارەیە، کە ڕاستەوخۆ لە ڕووی دەروونی و ئاوەزییەوە کاریگەری لەسەر وەرگرتنی بابەتەکان دەکات و دواتر تێگەیشتن و چێژ لێوەرگرتنی، کە دیارترین، سیمای ئەو خەسڵەتانەش بریتین لە:



١٤٤

– نرخاندنی وتار و بابەتەکانی، بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەو بوارانەی کە گۆڤارەکە کاری بۆ دەکات. گەرەکە بە تێڕوانێکی ڕەخنەگرانەی بێلایەن بێت.

– ئـامـاژەکـردن لـەسـەر هـەر بابەتێک لـە لایـەنـی هـونـەری و دیزاینی ئەو گۆڤارە، گەر هەبێت، پێویستی بە شۆپاندن و چاوپێداخشاندنەوەیە، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکە بۆ خوێنەران و ڕاستکردنەوەی کەموکورییەکانە ئەگەر هەبێت، کە پێشتریش چەندجار بە کاکی سەرنووسەرم وتووە، هەوڵ بدەن ئەم گۆڤارە لە گوتاری ڕۆژنامەوانی رزگار بکەن، هەروەها وێنەکان ئەوەندە بە گەورەیی بڵاومەکەنەوە، باشتریشە ئەو تایتلە فەرعییانە هەر نەهێڵن، کە لە ئەمڕۆدا هەر باوی نەماوە. هەروەها هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکان، لە گەڵ پەیامی ئەو گۆڤارە هاوتەریب بن. بە بەراوردکردنی لە هەر ژمارەیەکی نوێی ئەو گۆڤارە، لەگەڵ ژمارەکانی پێشتری، چونکە گۆڤارەکە، ڕۆشنبیری گشتییە، ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانی لە بابەتی جیاواز لەخۆ گرتووە، ئەمەش بەرپرسیارەتیی ئەو گۆڤارە و بەرپرسەکەی قورستر دەکات.

– زمان کۆڵەگەی سەرەکی ئەفراندنی هەر دەقێکی ئەدەبییە، گەرەکە لەو ڕووەوە سەرجەم بابەتەکان لە ڕووی خاڵبەندی و ڕێنووسەوە ستاندارد بکرێن.

– تایبەتمەندی و جیاوازی ئەو گۆڤارە خۆشبەختانە تاڕادەیەکی باش، ئاوڕدانەوەیە لە کەسایەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەولێر و دەوروبەری و بایەخدان بەو کەسایەتییانەش خەسڵەتی جیاوازی سەرکەوتنی ئەم گۆڤارەیە.

*** سەرنووسەری گۆڤاری زمانناسی زمان و زار**